# ساڵەکانی خەون

**ڕۆمان**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**2010**

**بابەت: رۆمان**

**نووسینی: فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**تیراژ:**


**ژمارەی سپاردن:**

**چاپخانە:**

**پێشکەش بە باران**

**بە هەورەتریشقە**

**... بە تەڕبوونەکان!**



**ناوەڕۆک:**


- کۆڵانی رووداوی زەردەواڵە ... 9
- خەتێنە ............................... 13
- پیاوە کەڵەگەتەکە ..................22
- گۆڤارەکە ...........................31
- عەلی سەیزادە .....................36
- شانازی .............................43
- براکان ...............................54
- ماڵی باوکی بارام ................ 67
- خەستەخانە ........................ 75
- بیری مێژوو ...................... 85
- حەز ................................ 93
- سینەما ............................. 99
- ئانتینەکان .........................108
- داڵغە .............................. 117
- حەز و شەڕ ..................... 126
- رۆژەکانی بێتاقەتی ............. 136
- هاوڕێ ............................ 145
- هەواڵ ........................... .154
- بڕوانەکردن .................... .159
- کوشتن ........................... 168
- هەوڵ ............................. 175
- شەوی تەقەکە .................. 184
- سەفەر ....................... ...193
- وەڕەزی ...................... ..202

## کۆڵانی رووداوی زەردەواڵە

شارێکی چکۆلەی بەرز، بەڵام نزم، یەکجار نزمتر لە کێوەکانی دەورووبەری خۆی لە بەر هەتاوی هاوینێکی گەرمی یەکێک لە ساڵەکاندا راکشاوەو خەریکی پشوودانە. یەکێک لە رۆژەکانی ناوەڕاستی هەفتەیە. هەتاو ئاگای لێیە شار خەریکی ژەمی نیوەڕۆیە و هەربۆیە کۆڵان و جادەکانی چۆڵ و بێ سرتە و بێدەنگ دێنە بەرچاو. هەموو شتێک ئارام و دڵڕفێنە. هەتاو هەمیشە حەزی بەم دیمەنە بووە. پێی وایە کە هاوینانی ئەم شارە یەکێک لە هاوینە جوانەکانی دنیایە. لێرە هەتاو حەزی بە گەشیەتی خۆیەتی. بۆ ئەوەی جوانتر شار ببینێ، تا دەتوانێ تیشکەکانی گەشتر و روونتر دەکات. لە یەکێک لەم کاتانەدایە رۆژێک دیمەنێک لە کۆڵانێکەوە سەرنجی رادەکێشێ.

کۆڵانەکە، لە گەڕەکێکی نزیک بە گردەکەی شارە. کۆڵانێک بە خانووە گڵی و ئاجوریەکانیەوە کە خۆڵ بەرگی ڕێگایەتی. پۆلێک منداڵ خەریکی یارین. هەتاو ئاگای لێیە جاری وایە لە یەک دەئاڵێن و جاری وایشە لە یەک یاخود لە شوێنێک دوور دەکەونەوە. هەتاو تیشکی گەشتر دەکا.

منداڵەکان بە دەم یارییەوە کتوپڕ تێدەگەن شتێک لە کۆڵاندا گۆڕاوە. سەرەتا نازانن چیە، بەڵام ڕووداوەکە وەها نیە کە مرۆڤ خۆی لێ نەبان بکا و گوێی نەداتێ. منداڵەکان تێدەگەن کۆڵان لە چاو جاران زەردەواڵەی زیاترە. زەردەواڵەکان نە تەنیا زۆرتر، گەلێک زۆرتر، بەڵکو گەورەتر و سامناکتریش دێنە بەرچاو. ئەو منداڵانەی وا بچوکترن بە پەلە لە ترسانا دەچنەوە ماڵی خۆیان. دەرگاکان دادەخەن و خۆیان بە ژوورەکاندا دەکەن. بەڵام ئەوانەی وا کەمێک گەورەترن، ناچنە ژوور، دەست لە کایە کردن هەڵدەگرن، ڕادەوەستن و بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو دیمەنە دەگمەنە دەکەن. ئەوسا تێدەگەن کە هەموو زەردەواڵەکان لە شوێنێکەوە لە بن یەکێک لە میچەکانەوە دێنە دەر. زەردەواڵەکان لە کۆڵانەکە و ئاسمانی کۆڵانەکە دوور ناکەونەوە. بەرە بەرە ڕوو لە زیاد بوونن. لە گەڵ زیادبوونی ژمارەیان، دەنگیشیان تا دێت زیاد دەکا. منداڵەکان حەپەساون. کتوپڕ لە دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکانەوە، گەورەکان پەیدا دەبن. بە پەلە و بە پڕتاو منداڵەکانیان دەبەنە ژوورەوەو دەرگا و پەنجەرەکان لە سەر خۆیان دادەخەن. بە پەڕۆ و بە تەلیس و بە هەر شتێک کە لەبەر دەستیاندایە و دەست دەدات کونەکانیش دەگرن. ئاسمانی کۆڵان ئیستا ئیدی پەڵەیەکی هەوری زەردی گەورە کە ئەم سەر تا ئەو سەری داگرتووە، داپۆشیووە. ترس و سامێکی سەیر لە نیگای ئەو دیوی پەنجەرەکاندا دەبینرێ. تۆ بڵێی ئەمە خەون بێ؟ تۆ بڵێی ئەمە هەموو شار بتەنێتەوە؟ کتوپڕ یەکێک لە منداڵەکان هاوار دەکا و دەڵی:

ـ "من بۆ خۆم بینیم لە بن ئەو میچەوە هاتنە دەر، لە بن میچی ماڵی ڕەسووڵ باڵابەرزەوە. درۆ ناکەم بۆخۆم بە چاوی خۆم بینیم!"

گەورەکان سەیری یەکتر دەکەن. نیگاکان، تەنیا پرسیار. ئەوسا پەڵەزەردەکە دەبینن کە لە کۆڵان دەترازێ و بە سەر ئاسمانی شاردا دەکشێ. ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن. دەنگیان لە نزیکەوە وزەوزێکی سامناک و لە دوورەوە گرمەیەکی ترسناک کە دیوار و بان و سەقفەکانی هێناوەتە لەرزین. یەکێک لە گەورەکان هاوار دەکا:

ـ "فریا نەکەوین شار لەناو دەچێ! یاڵلا دەبێ شتێک بکەین. تۆزێکی تر هەموو خانووەکانمان بەسەردا دەڕوخێ و زەردەواڵەکان لێمان دەئاڵێن. دەی، دەبێ فریا کەوین!"

بەڵام کەس ناجوڵێ، نە لەم خانووەدا و نە لە خانووەکانی تردا. کتوپڕ شتێکی سەیر دەبینن. لە ناو کۆڵان کەسێک ڕاوەستاوە و خەریکە لە زەردەواڵەکان دەڕوانێ. کەسێک کە یەکجار ئارام و دڵنیا دێتە بەرچاو و، دەڵێی ترسی لەو هەموو زەردەواڵە گەورەو بچووکانە نیە. زەردەواڵەکانیش دەڵێی ئەو نابینن. ئەوسا کەسەکە دەجوڵێ. لە دەستیدا شتێک دەبینرێ. هەموو کەس پێی وایە کە هەر ئیستا دەکەوێتە بەر هوروژمی زەردەواڵەکان و لە ناوی دەبەن. بەڵام زەردەواڵەکان دەڵێی بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵن. دەڵێی سەرقاڵی داگیرکردنی شارن. نایبینن. کەسی ناو کۆڵانەکە لە دیواری ماڵی ڕەسوڵ باڵابەرز نزیک دەکەوێتەوە. بن میچەکە زۆر بەرز نیە و بە کەمێک زەحمەت دەست دەیگاتێ. دەست ڕادەکێشێ و گوڵەکەی دەستی، کە تا ئیستا کەس نەیبینیبوو، لە پەنای هێلانەکە لە بن میچەکەدا دەچەقێنێ. پاشە و پاش بە ئارامی دەگەڕێتەوە. دیسان لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا ڕادەوەستێ. ئەوسا ڕووداوە گەورەکە ڕوودەدات، بە سەرسووڕماوییەوە، نیگاکان دەبینن هەموو

زەردەواڵەکان بەرەو هێلانەکەیان دەگەڕێنەوە. ئەوەندەی پێ ناچێ ئاسمانی شار چۆڵ دەبێ. ئەوسا ئاسمانی کۆڵان. نیگا نیگەرانەکانی پشت پەنجەرەکان بزر دەبن و هەتاو بۆ جارێکی تر هەموو شار دەبینێتەوە. خەڵکی گەڕەک ئەوەندە بەم دیمەنەوە سەرقاڵن کە کەسەکە نابینن، نازانن کەی و چۆن رۆیشت. ئەوان تەنیا ئەوەندە دەزانن کە ئەو رۆیشت،... رەنگە لە کاتی گەڕانەوەی یەکەم زەردەواڵەکان بۆ هێلانەکەیان، یان لە کاتی گەڕانەوەی دوواهەمینیان.

لەم کاتەدا باوەگەورەی کەیوان کە بە دەسبێحێک بە دەستەوە لە خودا دەپاڕایەوە، بە ونبوونی زەردەواڵەکان دووایین دوعای ئەو رۆژەی دەخوێنێ، هەر لەو کاتەیشدا بە پەرۆشێکی سەیرەوە بیری "تەیرەن ئەبابیل" دەکەوێتەوە کە ناویان لە قورئاندا هاتووە. دەستنوێژی هەیە؟ نازانێ. لە بیری نیە، بەڵام گرینگ نیە، لە کاتی کارەساتدا دڵی خودا لە جاران گەورەترە، بەخشندەترە. قورئانەکە لە تاقی سووچی ژوورەکەی خۆی دادەگرێ و دەیکاتەوە. لە کاتێکدا بە دانیشتنەوە جەستەی بە ئاستەم پێش و دوا دەکا، دەست دەکا بە خوێندنەوەی قورئان. قورئانەکە وەک بۆ خۆی دەڵێ لە باوکییەوە بۆی بەجێماوە، ئەو قورئانەی وا چەتەکان لە سەر مەیتەکەی جێیان هێشتبوو و لە گەڵ خۆیان نەیانبردبوو. رەسوڵ باڵابەرز بە پەلە سەردانی حەوزی ئاوەکەی دەکا. ئاوەکە وەک جاران روونە و هیچ زەردەواڵەیەک تێی نەکەوتووە. رەسوڵ مشتێک ئاو هەڵدەگرێ و لە دەم و چاوی دەپڕژێنێ. لادەکاتەوەو سەیری ژووری کوڕەکانی دەکا. ئەو ژوورەی وا گەر بچیتە بەر پەنجەرەکەی، یەکەم شت کە سەرنجت لێیەوە رادەکێشرێ حەوزێکی گچکەیە کە شینایی ئاسمان تێیدا گەمە دەکا.

## خەتێنە

به پەلە پێڵاوەکانی هەڵدەکێشێ، دوواپارو به دەم رێگاوە قوت دەدا و لە پلیکانەکانەوە خلۆردەبێتەوە. دایکی دەنگی دەدا، بەڵام چار نیە. لە دەرەوە چاوەڕوانین. دەبێ بڕوا. لەوێ لە کۆڵان ئەوی دی راوەستاوە. به پانتۆڵ و کراسێکەوەو جوتێ پێڵاوی چینی، لەو پێڵاوانەی کە دەڵێی بۆ راکردن دروستکراون. سووک و سپی و چەسپ. ئەم کەوشەکانی لە لاسیقە. هەر تاکەی دوو کونی تێدایە بۆ ئەوەی قاچ ئارەق نەکاتەوە. بەڵام هەر گەرمە. کە هەتاو لێی دەدا وەها داغ دەبێ کە جاری وایە ناچارە بە بەر سێبەرەکاندا بڕوا. جاری وایشە پێڵاوەکان سەرپێ دەخا و بە هەر گۆلەئاوێکی بەردەم شیلینگە رێکەوتەکانی هەر دەرگایەکی ئاوەڵا کە دەگا، قاچی تێ وەردەدا. ئاو لە کونەکانەوە دەچنە ژوورەوە و پەنجە و پاژنە و بن پێ و سەرپێ فێنک دەکەنەوە. لەم کاتانەدا ئیدی هەنگاو

دەنگێکی سەیری لێ پەیدا دەبێ. جلْقە جلْقی ئاوی گوشراوی نێوان لاسیق و پێ، هاوڕێکەی دەهێنێتە پێکەنین. بە پێڵاوە چینییەکانیەوە لا لەم دەکاتەوەو دەڵێ:

ـ باشە هەتیو بۆ جووتێ لەم کەوشانەی من ناکڕێ؟

ئەم وەڵامی ناداتەوە، تەنیا لە کەوشە چینییەکانی ئەو دەڕوانێ. ئەوەندەی پێ ناچێ کە تەپ و تۆز و خۆڵی وشکی کۆڵان و لاکۆڵانەکان جلْقەو فێنکایی ناو پێڵاوەکانی دەمرێنن و ئەم جارە تۆزو گەرما پێکەوە لێی دەئاڵێن. بارام رقی لە هەنگاو و لە قاچەکانی خۆیەتی!

چەند کۆلانێکیان ماوە. هاوڕێکەی پێی دەڵێ:

ـ بارام لاق هەڵبێنە! دەبێ زوو بگەین، ئەگینا جێمان نابێتەوە.

راست دەکا جێیان نابێتەوە. بێگومان هەموو خەڵکی گەڕەک لەوێن!

ـ پەلەم لێ مەکە! لە بیرم چوو گۆرەوییەکانم لە پێ کەم. پێڵاوەکان قاچم دەگرن. پشت پاژنەم دەکزێتەوە. هەتیو کەیوان وادیارە نانیشت نەخواردووە!

کەیوان نانی خواردووە، بەڵام کەمێک زوو. ئەمڕۆ رۆژێکی تایبەتەو کەواتە دەبێ هەموو شتێ تایبەت بێ. بۆ ئەوەی باشتر ئامادە بن، بڕیاریان دابوو زووتر نان بخۆن. باوکی لە کاتێکدا کۆت و شڵوارەکەی لە بەر دەکرد و کراواتەکەی لە سەر سینگی رێک و پێک دەکرد، بە دایکی گوتبوو کە ئەمڕۆ دەبێ نانی نیوەڕۆ زوو بخۆن.

نانی نیوەڕۆیان ئیدی زوو خواردبوو. لە حەوشێ لە بن کەپری دارمێوەکەدا هەرهەموویان کۆبووبوونەوەو ژەمی نیوەڕۆیان کردبوو. دۆڵمە و سەوزی و دۆی ترشی گوندەکانی سەرشیوی سەقز. هاوینێکی یەکجار خۆش بوو. دنیا ئەوەندە گەش و روون و جوان بوو کە زوو زوو باوەگەورەی کەیوان لە بەر لێویەوە سرتەیەکی

لێوە دەهات. کەس نەیدەزانی چی دەڵێ. بەڵام شوکری نێعمەتی خودای دەکرد و لە خودا دەپاڕایەوە کە ئەم نیعمەتەی خۆی لەوان ون نەکا.

بە دەم ڕێگاوە چەند جار کەیوان ڕاوەستاو بەردی لەو چۆلەکانە گرت کە بە لقی درەختە تاک و تەراکانی سەر ڕێگاوە خەریکی پشوودان بوون. هیچیان نەپێکا. جارێکیان یەکێک لە بەردەکان لە ناو لق و پۆپەکانی درەختێکەوە گوزەرا و بەر دەرگای تەنەکەی یەکێک لە ماڵەکان کەوت. دەنگی یەکجار زل بوو. پێش ئەوەی خاوەن ماڵ فریای دەرەوە بکەوێ، ئەمان بە هەڵاتن خۆیان دوور خستەوە. بەڵام گوێیان لەو جوێنانە بوو کە لە دەنگێکی ژنانەوە دەهات و هەموو کۆڵانەکەی تەنیبوو.

ـ دەزانی دوێنێ پاسەبانەکانی شارەبانی لە گەڕەکی باغی داربییەکان هەرچی سەگە کوشتویانە؟ ژەهرخواردوویان کردوون.

بارام ڕاوەستا. بیری عەلی سەیزادە کەوتەوە کە دەیگوت هەموو ئەم سەگانە هی منن! عەلی سەیزادە بە خێری خۆی و لە هیمەتی بەرزی خۆی زۆربەی سەگەکانی بە سەر منداڵانی گەڕەکدا دابەش کردبوو و گەر مەیلیشی لێبایە دیسان لێی وەردەگرتنەوە. بۆ کەس دەیوێرا قسە بکا! عەلی جارێکیان لە شەڕە سەگی دەورووبەی سەربازخانە گەورەکەی شاردا سەگی پادگان گرتبووی و قاچیان بریندار کردبوو. ئەمە ئەوەندەی تر بەناوبانگی کردبوو. ئێستا ئیدی نە تەنیا منداڵانی ئەو گەڕەکە بەڵکو هەموو منداڵانی گەڕەکەکانی دیکەش دەیانناسی و بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکرد. هەروەها لێیشی دەترسان. ئاخر هەموو کەس نەیدەتوانی تا ئەو ڕادەیە لە سەگی پادگان نزیک بکەوێتەوە!

پادگانی شار کە لە بەشی ڕۆژئاوادا هەڵکەوتبوو، پانتاییەکی یەکجار بەرفراوان بوو کە بە تێڵ دڕوو دەوری گیرابوو. ئەم سەربازخانەیە،

سەربازخانەیەکی کۆن و قەدیمی بوو کە دامەزراندنەکەی بۆ سەردەمی رەزاشا دەگەڕایەوە. پادگانێک کە لێیەوە سەربازە دوولنگ لەپێیەکان دەهاتنە دەرەوەو روویان لە بازار یان حەمامی شار دەکرد. لە گەڵ دامەزراندنی ئەم پادگانە بوو کە شار بۆ یەکەم جار حەشیمەتێکی بەرچاوی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی بە خۆیەوە بینیبوو. لەوە پێش تەنیا بازرگان و تاجر و قاچاقچییەکانی شار بوون کە هاتوچۆی شوێنەکانی دیکەیان کردبوو. ئەوان دەهاتنەوەو ئەوەی کە لە ناوچەکانی دیکە دیتبوویان بۆ بنەماڵە و خەڵکی دیکەیان دەگێڕایەوە.

کەیوان دەنگی دا. بارام سەری بەرزکردەوەو لە کەیوانی پرسی:

ـ دڵنیای؟

ـ ئەیچۆن؟ بۆ خۆم لەوێ بووم.

ـ زووکە ئەگینا فریا ناکەوین؟

گەیشتنە ماڵی کەیوان. دۆخی ماڵەکە نائاسایی دەهاتە بەرچاو. هەرکەسەی بە شتێکەوە خەریک و سەرقاڵ بوو. هێشتا بۆنی دۆڵمە، حەوش و ناو ژوورەکانی جێ نەهێشتبوو. بارام بە حەزەوە هەڵیمژی. هەموو خێزان وێکڕا و تێکڕا خەریکی رێک و پێک کردنی ناو ماڵ بوون. میوەو ئاو و شەربەت و شیرینی لە ئاشپەزخانە لە سەر یەک و لە پاڵ یەکتردا هەڵچندرابوون. کەس سەری ئەمی نەدەپرژا. تا کتوپڕ براگەورەکەی کەیوان کە ناوی ئازاد بوو رایگرت و پێی گوت:

ـ مەرحەبا بارام، بە راستی کاری چاکت کرد هاتی. پێم وابوو نایەیت و خەریک بوو بە شوێنتدا بنێرم. لە بیرت نەچێ، ئەمڕۆ کەیوان بە جێ ناهێڵی! باشە!

بارام لەمە سەری سووڕما. یەکجار بۆی خۆش بوو کە ئاوا لێیان دەپرسییەوەو و سەرنجیان دەدایە. ئەوەندە سەری سوڕمابوو کە خەریک بوو داوای

دۆڵمە بکا. بەڵام کتوپڕ لە بیری چووەوە. ئەو ڕۆژە بە گشتی چاوێکی لە سەر کاک ئازاد بوو.

دەیزانی کە ئیمڕۆ قەراربوو هەم کەیوان خەتێنە بکەن و هەم ئەو تەلەفزیۆنەی کە کڕیبوویان، بیهێنەوە ماڵێ و دایمەزرێنن. کەیوان لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بوو و کەچی هێشتا خەتێنە نەکرابوو. لەم تەمەنە گەورەیەدا بۆ بنەماڵەکەی یەکجار دژوار بوو کە بەم کارە رازی بکەن. هەرچییان کردبوو بۆیان سەرنەچووبوو. تا کتوپڕ تەلەفزیۆن بۆ یەکەم جار هاتە شارەکەیان. باوکی کەیوان کە یەکەم کارمەندی ئەم شارە بوو، بڕیاری کرینی دابوو. بەڵام دواتر بیری لەوە کردبووەوە کە ڕۆژی کڕین و هێنانەوەی تەلەفزیۆنەکە لە گەڵ خەتێنەکە یەک بخا. کەیوان لە خۆشی تەلەفزیۆن بیری ئازاری خەتێنەی لە بیر چووبووەوە. بە دەم ڕێگاوە بە بارامی گوتبوو کە باوکی گوتوویەتی هەر سەیری فیلمەکە بکەی ئازارەکە ون دەبێ! ئەسڵەن هەر لە سەرەتاوە هەست بە ئازار ناکەی!

ماڵی کەیوان، هەموو پیاوانی گەڕەک و هەندێک لە ژنانیشیان دەعوەت کردبوو. جگە لەمە خزم و قەوم و، ئاشنا و ڕۆشناکانیش لە گەڕەکەکانی دیکەوە. ژوورێک بۆ تەلەفزیۆن و میوانەکانی و ژوورێکیش بۆ خەتێنە و میوانەکانی تەرخان کرابوو. دەورتادەور باڵنج و پشتی چنرابوون و ژوورەکان بۆن خۆش کرابوون. لە ژووری خەتێنەکە جێگایەک ڕاخرابوو. کەیوان بە تامەزرۆییەوە ئەمەی پیشانی بارام دا و گوتی:

ـ لێرەدا خەتێنە دەکرێم!

بارام بە حەپەساوییەوە سەیری کرد.

لە دەرەوە لە کۆڵان هەرچی منداڵی گەڕەک بوو کۆبووبوونەوە. لە دەرگاو پەنجەرەکانەوە هەوڵیان دەدا ئاگای تەواویان لەو شتەی بێت کە لە ژوورەوە لە ماڵی

کەیوان دا رووی دەدا. بەڵام هەر کە گەورەیەک پەیدا دەبوو بە پەلە دوور دەکەوتنەوە. ژنان و کچانی گەڕەکیش لە بەردەم دەرگاکانی خۆیان دا دانیشتبوون و باسی تەلەفزیۆن و خەتێنەیان دەکرد. حیلکەی پێکەنینێک جاروبار هەوای دڕدەدا. دایکی کەیوان ژنێکی میهرەبان بوو. بە کەیوان و بارام دا دۆلکەیەک شەربەتی بۆ منداڵانی دەرەوە بەڕێ کرد. هەر منداڵێک توانی نیو پەرداخ لەو شەربەتە مێوژە بخواتەوە کە کاتێک بە قەراخی دۆلکەکەدا دەچۆڕایەوە، لە خوێنێکی تراوی دەکرد.

کتوپڕ کۆڵان بوو بە هەڵا. منداڵان هەر هەموو رایانکرد. لەوسەری کۆڵان حەماڵێک بە گاریيەکەوە دەرکەوت. لە سەر گاریيەکە کارتۆنێکی گەورە راکشابوو. لە پاڵ گاریيەکەشدا باوکی کەیوان کاک رەسوول کە بە رەسوول باڵابەرز ناوبانگی هەبوو، بە هەنگاوە درێژ و بەرزەکانییەوە، ئارام دەڕۆیشت. کۆڵانەکە کەمێک، هەروا بە ئاستەم سەرەوژوور بوو. حەماڵەکە ئارەقی دەڕشت. بە گەیشتنی منداڵەکان، بارەکەی لێ سووک بوو و ئیدی نەیزانی چۆن گەیشتە بەر ماڵی رەسوول باڵابەرز. وەها قەرەباڵغییەک بە دەوری گاریيەکەدا ساز بووبوو کە حەماڵەکە بۆ دوورخستنەوەیان بە تووش کێشەوە بوو. هەر هەموو دەیانویست یارمەتیی هەڵگرتنی بدەن. رەسووڵ باڵابەرز چەند جار بە نەرمی هەوڵی دا سوپاسیان بکات، بەڵام فایدەی نەبوو. بۆیە بە ناچار قیراندی. وەها قیڕاندنێک کە هەر هەموو گەڕەک مات و کپ راوەستا و منداڵەکانیش بە پەلە کشانەوە. ئەمە یەکەم جار بوو کە رەسوڵ باڵابەرز لەم شارەدا دەنگی بەرزدەکردەوە. ئەوسا حەماڵەکە کارتۆنەکەی بە یارمەتیی گوریسێک بە کۆڵدا دا و وەژوور کەوت. ئەوەندەی پێنەچوو دەعوەت کراوەکان هەر هەموویان بەرە بەرە گەیشتن. دوا کەس کە لە گەڵ کوڕێکی گەنج خۆی بە ماڵەکەدا کرد، ئەحمەدی دەلاک بوو کە کار و پیشەی خەتێنە کردن بوو. هەموو منداڵانی شار دەیانناسی، بۆیە هەر کە لەوسەری

کۆڵانەوە دەرکەوت، منداڵەکان کشانەوەو بە تەواوەتی لە خانوەکە دوور کەوتنەوە. کوڕە گەنجەکەی هاوڕێی جانتایەکی بە کۆڵەوە بوو کە هەموو کەس دەیزانی چی تێدایە!

بارام لە قەرەباڵغیی ماڵەکە هەراسان بووبوو. نەیدەزانی چی بکا. ئیستا ئیتر کەس ئاگای لەو نەبوو و سەرنجیان نەدەدایە. هەر دوو ژوورەکە لە میوان پڕ بووبوو. بە تایبەت ژووری تەلەفزیۆنەکە. تەلەفزیۆنەکە لە کارتۆنەکەی دەرهێنرابوو و لە گۆشەی سەرەوەی ژوورەکە وەک کومێدێکی رەنگ قاوەیی تۆخ خۆی پیشانی میوانەکان دەدا. بارام هەوڵی دا لە بەردەرگای ژوورەکەدا راوەستێ و نەڕوات. چاوی بەردەوام لە سەر تەلەفزیۆنەکە بوو. بەڵام دەرفەت نەبوو. نیگای تیژی رەسووڵ باڵابەرز تاراندی. لە ژوورەکەی تر زۆرتر گەنجەکان دانیشتبوون. کەیوان دوو برای هەبوو و رفیقەکانیان ئەمڕۆ هاتبوون. خەریکی قسە و باس بوون. بارام گۆڤارێکی بە دەستیانەوە بینی کە سەرنجی راکێشا. بارام وشەیەکی بینی "ڤیتنام". وشەکەی زۆر بە لاوە سەیر بوو. قەت نەیبیستبوو. ئەوسا وێنەکانی بینی. وێنەی شەڕ. وێنەی بۆمب و تفەنگ و سەرباز و خەڵکی ترساو. ئەو خەڵکانەی وا لە شتێک هەڵدەهاتن. دواتر مەیت. بەڵام ترسەکە نەیتاراند، بە پێچەوانەوە زیاتر سەرنجی قۆستەوە. ئارام بە بێ ئەوەی ئەوانی دی زۆر پێی بزانن خۆی خزانده ناو ژوورەکەوە. ئیستا ئیتر تەواو لە ژوورەو بوو. باس باسی ئازایەتی بوو. گەنجەکان بە تامەزرۆیی و مەیلێکی سەیرەوە باسی ئازایەتی ڤیەتنامییەکانیان دەکرد. باسی ئەوانەی وا تەنیا بە تفەنگەوە لە بەرامبەر تەیارە و جبەخانەی زەبەلاح و مەزندا شەڕیان دەکرد. عەشقێکی سەیر لە کەلامیاندا بەدی دەکرا.

ئەوەندەی پێ نەچوو مۆنیتۆر پەیدا بوو. لە گەڵ هاتنی مۆنیتۆر، ئەحمەدی دەلاک چووە ژوورەکەی تر. لێرەدا بوو کە رەسوڵ باڵابەرز بۆ یەکەم جار تێگەیشت دەبێ خەتێنەکە لە هەمان ژووری تەلەفزیۆنەکە ئەنجام بدرێ و هەڵەیان کردووە کە جێگاکەیان لە ژوورەکەی تر راخستبوو. بەڵام نەشدەکرا، هەرچی پیاو ماقوڵ و پیاوی بە تەمەنی گەڕەک بوو لە ژووری تەلەفزیۆنەکە بوون. دوای کەمێک گێنگڵ دان و بیرکردنەوە کە ئیدی سیمای تورە و جیددیتر دەنواند، بڕیاری دا کە تەلەفزیۆنەکە دامەزرێنن و دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک میوانەکان سەیریان کرد، بیکۆژێنێتەوە و خواحافیزیان لێبکەن. دواتر دۆشەکەکە بێننە ئەم ژوورە و کاری خەتێنەکە تەواو بکەن.

لە کاتێکدا میوانەکان خەریکی میوە و چاخواردنەوەو جگەرەکێشان بوون، مۆنیتۆرەکە دەست بەکار بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو تەسویرێک هاتە سەر شاشەکە. تەلەفزیۆنی ئێران هێشتا نەکرابووەوە. خەڵک داوای تەلەفزیۆنی عێراقیان کرد. تەلەفزیۆنی کەرکووک. ئەوەندەی پێ نەچوو وێنەیەکی لاواز لە منداڵێک کە ئاوازی بە سەر جووتە ماسییەکەی حەوزەکەی بۆکاندا دەخوێند، پەیدا بوو. بێدەنگییەکی سەیر ژوورەکە و هەموو گەڕەکی داگرتبوو.

کات بە خێرایی تێدەپەڕی، بەڵام هەموو وەها غەرقی تەلەفزیۆنەکە بوون کە کەس سەودای رۆیشتنی نەبوو. رەسوول باڵابەرز بەرە بەرە بێ ئۆقرەیی رووی تێکرد. نەدەکرا راستەوخۆ بە میوانەکان بڵێ و نەشدەکرا خەتێنەکە لەو دیو بکرێ. چ بکا چ نەکا، بڕیاری دا بچێتە سەر بانی و سیمەکە لە ئانتینەکە بکاتەوە، بەڵام نەیوێرا. ئەی دواتر چۆنی چاک بکاتەوە؟ بە ناچار دانیشت و تەحەمولی کرد. لای ئێوارە بوو کە میوانەکان دانەدانە خواحافیزیان کرد و لە ماڵ وەدەرکەوتن. لەم ماوەیەدا ئەحمەدی دەلاک چەند جار بە چاو گلەیی کردبوو، بەڵام بە خۆشییەوە

ئاشنایەتیی کۆنی نێوان رەسوول باڵا بەرز و ئەو، هەروەها ئەزموونی فراوانی سەبارەت بەم جۆرە دۆخانە، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم گلەییانە هەڵنەداتە وشە. ئەحمەدی دەلاک بە تاقەت و ئارام جگەرەی دەکێشا و چاوەڕوانی قسەیەک لە لایەن رەسوڵ باڵابەرزەوە بوو.

کاتێ کەیوانیان لە سەر دۆشەکەکە راکێشا، بۆ یەکەم جار وێنەی تەلەفزیۆنی ئێران هاتە سەر سەفحەکە. بەرنامەی مندالان بوو. ژنێکی جوانی قژ رووت بە دەم و گفتێکی شیرین لە گەڵ منداڵەکان و بینەرەکانی دەدوا. کاک ئەحمەدی دەلاک چەند جارێک راوەستا و لە تەلەفزیۆنەکە راما. کەیوان وەها مەحوی کارتۆن بووبوو کە ئاگای لێ نەبوو چلۆن شاگردەکەی ئەحمەدی دەلاک شتە تیژەکەی دایە دەستی وەستاکەی. کاتێک کە قیژەیەکی یەکجار ترسناک لە گەرووی کەیوان هاتە دەرێ، نە خۆی و نە کەسی دیکە نەیانزانێ کە داخۆ قیژەی ئازارە یا خود قیژەی خۆشی و لەززەتە!

## پیاوە کەڵەگەتەکە

ڕەسول باڵا بەرز ئەگەرچی خەڵکی شارێکی دیکەیە، بەڵام یەکەم کارمەندی شارە. بۆ خۆی گەلێک شانازی بەمەوە دەکا. کە یەکەم ئیدارە لەم شارە چەند ساڵ لەمەبەر دامەزرا، ئەو لە شارەکەی خۆی لە لایەن حکومەتەوە بانگ کرا و بەرپرسایتی ئیداری سەبتی ئەحواڵی درایە دەست. هەربۆیە جانتا و باروبنەی کۆکردەوەو و بە مینی بووسێکی گازاوڵی رووی لەم شارە سنوورنشینە کرد. لە ناو ڕێگادا گەلێک لە جادە خۆڵینە و پڕ پێچ و دەست ئەندازەکە ناڕازی بوو. بە دەم ڕێگاوە بیری لەوە دەکردەوە کە بە گەیشتنی، یەکەم کار کە دەیکا ئەوەیە لە گەڵ بەرپرسانی پەیوەندی دار بە ڕێگاوبانەوە پەیوەندی بگرێ و ئاگاداریان بکاتەوە و وەزعی ڕێگاکە بۆ هەمیشە چاک بکا. کە بیری لەمە دەکردەوە زەردەخەنەیەک دەنیشتە سەر لێوی. بێ گومان ئەمە دەبێتە هۆی ناوبانگی لەو شارەو خەڵک ئیدی

بە رێزێکی زیاترەوە سەیری دەکەن! لە ناو پاسەکەدا لە ریزی هەرە پێشەوە لای شۆفیرەکە دانیشتبوو. بە دەم رێگاوە رەپ لە سەر شوێنی خۆی دانیشتبوو و بەو قاتە رێک و پێکەوەی کە لە بەریدا بوو لە گەڵ کەس نەدەدوا. بەردەوام سەیری پێشەوەی خۆی دەکرد و جاروبارەش لە کێو و دەشت و بەری دەورووبەری. ئەو رۆژە دنیا یەکجار جوان بوو. یەکێک لە بەهارەکانی ژیان کە سروشت سەرتاپا گۆرانی و رووان بوو. هەموو موسافیرەکانی دیکە کە لە دوواوە دانیشتبوون، بە رێز و ترسێکی سەیرەوە سەیری ئەو پیاوە کەڵەگەتەیان دەکرد کە لە پێشەوە دانیشتبوو و لە گەڵ کەس نەدەدوا. شۆفیرەکە کە قەت موسافیری لەم چەشنەی بە خۆیەوە نەدیتبوو چەند جارێک بە لاچاو سەیری کرد. لە بەر خۆیەوە چەند جار لە خۆی پرسیبوو داخۆ لە گەڵی قسە بکا یان نەیکا. سەری قسە بکاتەوە یان نا. بێ گومان قسەکردن لە گەڵ پیاوێکی وا دەیتوانی رێزی ئەو لە لای موسافیرەکان زیاد بکا. سەرئەنجام کاتێک لە تەنیا گەردەنەی سەختی رێگا وەسەردەکەوتن، ئەو گەردەنەی وا ساڵانی دوواتر هەموو ئانتینەکانی شار روویان لێکردبوو، رووی لە موسافیرە سەیروسەمەرەکەی خۆی کرد و گوتی:

ـ لە سەرەوە لە سەر ئەو گەردەنە کانیاوێکی خۆشی لێیە، لادەدەین و کەمێک دەحەسێینەوە. دیمەنێکی یەکجار جوانی هەیە لەوێوە!

رەسوڵ باڵا بەرز تەنیا بە لاچاو نیگایەکی شۆفیرەکەی کردبوو، بە بێ ئەوەی وشەیەک لە زاری بێتە دەر. شۆفیرەکە تەریق بووبووەوە. هەربۆیە لە ئاوێنەکەوە سەیری دوواوەی کردبوو. بە خۆشییەوە زۆربەی موسافیرەکان ئاگایان لێنەبوو. بەڵام ئەوەی پشتەوەی خۆی بینی کە بە زەردەخەنەیەکەوە لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکا. یەکجار پەست بوو. لە رقا دەندەکەی خستە گێرێکی قورسترەوە و هەر لەو

کاتەدا مۆڕەیەکی لە موسافیرەکەی پشت سەری خۆی کرد. بەڵام ئەو لە مێژبوو کە چاوی لە سەر ئاوێنەکە هەڵگرتبوو و لە دەشت و دەری دەڕوانی.

رەسوڵ باڵا بەرز (کە لە شارە نوێیەکە ئەم ناوەیان لێنابوو و هێشتا لە مینی بووسەکەدا هەر رەسووڵ بوو) لە راستیدا خەڵکی گوندێکی دەورووبەری شارەکەی خۆیان بوو، ئەو شارەی وا بە چەند سەعات لێرە دوور بوو. لە زەمانی کۆندا باوەگەورەی مەلایەکی بەناوبانگی ناوچەکە بوو کە بە دەستی چەتە کوژرابوو. لە دەمی باوکی بیستبوو کە چەتەیەکی بەناوبانگی ناوچەکە شەوێک لە گەڵ چەتەکانی هاوڕێی دێن و لە گەڵ خۆیان دەیبەن. چەتەکان داوای پارەیەکی زۆریان لێکردبوو، بەڵام باوەگەورەی نەک تەنیا ملی نەدابوو، بەڵکوو زۆر ئازایانە بە گژیاندا چووبووەوەو هەر بۆیە چەتەکان رقیان لێ هەڵگرتبوو و لە گەڵ خۆیان دەیانگێڕا. سەرۆکی چەتەکان کە پیاوێکی چەتوونی کەلەرەق بوو، گوتبووی تا پارەکەمان نەدەیتێ، وازت لێ ناهێنین. باوەگەورە کە مەلایەکی بەساڵاچووی پیر بوو، تاقەتی نەگرتبوو و سەرئەنجام برسیەتی و تینوویەتی و گەڕانی زۆری بێ حەسانەوەیەکی پێویست نەخۆشی خستبوو و، مردبوو. چەتەکان شوێنی مەیتەکەیان بە خەڵکی یەکێک لە ئاواییەکانی دەورووبەر راگەیاندبوو و خەڵکی ئاوایی بۆ رۆژی دواتر مەیتەکەیان بۆ گوندەکەی خۆی بەڕێ کردبووەوە. رەسوڵ باڵابەرز قەت لای هیچ کەس باسی ئەم بەسەرهاتەی نەگێڕایەوە، بەڵام رقێکی ئەستوور لە دەروونیدا سەبارەت بەو چەتانە هەبوو. باوکی گوتبووی هەڵبەت دواتر حکوومەت ئەو چەتانەی کوشتبوو،بەڵام رەسوڵ ئۆقرەی نەدەهاتێ. پێی وابوو پێش مردن دەبا ئەو چەتانە بیانزانیبا کە دەکوژرێن! حەزی دەکرد کە ماوەیەک لە زینداندا بان و ئەوسا لە سێدارەدرابان. لە زەین و بیرو بۆچوونی رەسوڵ دا ئەمە تاوانێکی گەورە بوو کە تازە نەدەکرا قەرەبوو بکرێتەوە. لای ئەو لە زەمانی کۆن مەلا نموونەی

ڕۆشنبیرێک بوو کە دەبا حورمەتیان بە جوانی پاریزرابا. چەتەکان بەم کارەیان تەنیا مەلایەکیان نەکوشتبوو، بەڵکو زانیاری و زانستیان لەناوبردبوو. تاوانەکە لای ئەو یەکجار گەورەتر دەهاتە بەرچاو.

بە هاتنی بۆ شاری نوێ، یەکەو ڕاست لە ماڵی دەوڵەمەندێکی شار کە ناسیاوی باوکی بوو، بنەی خستبوو. دوای چەند ڕۆژ ماڵێکی بەکرێ گرتبوو و ئیدی بەرە بەرە بە کڕینی شت و مەک دامەزرابوو. یەکەم کەسی ناو ئەم شارە بوو کە بۆ یەکەم جار کۆت و شڵواری لەبەرکردبوو. ئەسڵەن هەر بە جل و بەرگی عەجەمییەوە پێی نابووە ناو شار. خەڵکی شار وەک خەڵکی ناو مینی بووسەکە بە حورمەت و ڕێز و هەرلەوکاتەدا بە ترسەوە سەیریان دەکرد و سڵاویان لێ دەکرد. کە دەردەکەوت لە دوورەوە بە یەکتریان نیشان دەدا. یەکەم شوێن ڕەسوڵ سەردانی کرد شارەبانی شار بوو کە لە یەکێک لە کۆڵانەکانی ناوەندی شاردا هەڵکەوتبوو. ڕەسووڵ ساڵانی ساڵ ئەم پەیوەندییە خۆشەی لە گەڵ سەرۆکی شارەبانی پاراست و هەمیشە وەک وێردی سەر زبانی دەیگوت کە "شارەبانی وەک شارستانیەت لە شارەوە هاتووە و کەواتە شارەبانی بڕبڕەی پشتی پێشکەوتن و ئاسوودەیی و ئاشتیە!"

ڕەسوول پیاوێکی یەکجار کات ناس و ڕێک بوو. ڕۆژانی ئیش و کار سەعاتی حەوت لە خەو هەڵدەستا. ڕیشی جوان دەتاشی و دوای ناشتا و گۆڕینی جل و بەرگ دەچوو بۆ سەر کارەکەی. دوای کاریش یەکسەر دەچووەوە ماڵەوە. کە نانی نیوەڕۆی دەخوارد، نیو سەعاتێک دەخەوت و ئەوسا پیاسەیەکی ناو بازاڕی دەکرد. کەمتر لە شوێنێک لای دەدا. شەوانەیش کەس نەیدەزانی کە لە خانووکەی خۆیدا بە تەنیا خەریکی چییە. خانووکەیشی کە خانوویەکی کرێی ئاسایی ناو شار بوو، کەم کەم وەک خۆی لە ناو خەڵکیدا سامێکی دروست کردبوو. ئیستا ئیدی خەڵکی پێیان

دەگوت "خانووکەی ڕەسوڵ باڵا بەرز!" خانووکە کە بە قەدپاڵ تەنیا گردی ناوەندی شارەوە بوو، بەرز و کشاوە دەینواند، هەر وەک خۆی. خەڵکی ئەم ڕێکەوتەیان وەک ڕووداوێک لێکدەدایەوە کە لە خۆیدا هەڵگری مانایەک بوو. ماڵێک کە هەمیشە پەردەکانی دادرابوونەوە و تەنیا سێبەری پەیکەری ڕەسوڵ بوو کە جاروبار دەکەوتە سەر پەردەکانی و درێژ درێژ ئەوەندەی تر ترسی دەخستە ناو دڵی ئەو ڕێبوار و مێرمنداڵانەی کە بە شەودا لەوێوە تێدەپەڕین.

ڕەسوڵ چەند جارێک لە لایەن بنەماڵەکەیەوە خرابووە ژێر فشار بۆ ئەوەی ژن بهێنێ. بەڵام قەت کۆڵی نەدابوو. هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە بە پێی ئەو بڕوا قوڵەی کە بە "ڕێکەوت" ی هەبوو، پێی وابوو جارێکە کاتی نەهاتووە. کەس نەیدەزانی چلۆن پیاوێکی ئاوا بە دیسپلین و بە بەرنامە دەکرا بڕوای بە ڕێکەوت هەبێ. بۆ خۆی دەیگوت "ڕێکەوت، بەشێکی دیسپلینە. دەیگوت ژیانی ڕابردوو ئیدی ڕێکەوت نیە بەڵام ژیانی داهاتوو ڕێکەوتە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێکەوت نەمێنێ دەبێ ڕابردوو بۆ داهاتوو پەلکێش کەی! بۆ وێنە هەموو بەیانییەک زوو ڕیش دەتاشم بۆ ئەوەی لە ڕێکەوتی ڕیشی ئەو ڕۆژە ڕزگارم بێت!"

خانووەکەی سێ ژوور بوو، ژوورێ بۆ خەو، ژوورێ بۆ نان خواردن و دانیشتن، ژوورێکیش بۆ کتێبخانەکەی. کتێبخانەکەی زۆر گەورە نەبوو، بەڵام کیفایەتی دەکرد. زۆر حەزی لە مێژوو بوو. شەوانە تا درەنگان دادەنیشت و کتێبی مێژوویی دەخوێندەوە. لای ئەو یەکەم قۆناغی مێژوو لە هەزار دووسەد و نەوەد و نۆوە دەستی پێدەکرد و لە هەزارو دووسەد و بیستیشدا تەواو دەبوو. دووهەم قۆناغیش لە هەزار و دوو سەد و سی و دووەوە دەستی پێدەکرد کە هێشتا هەر بەردەوام بوو. بۆ خۆی دەیگوت: "مێژوو ئەم دوو قۆناغەیە و بەس. قۆناغی یەکەم ڕاهێنانێک بوو کە بە فیتی بێگانەکان کۆتایی هات، بەڵام قۆناغی دووهەم

هەتاهەتایە دەمێنێ. ئێمە بۆ هەمیشە لەم قۆناغەدا دەژین!" کە مەبەستیشی لە ئێمە هەموو نەسڵ و نەوەکانی دووای خۆیشی بوو. رەسوڵ ئەگەرچی باوەڕی بەهەردووکی ئەم قۆناغانە هەبوو، بەڵام لای ئەو قۆناغی یەکەم سەرەکیتربوو. قۆناغێک کە قەت دووپات نەدەکرایەوە. لەو قۆناغانەی کە دایکن.

سەرئەنجام ئەو رێکەوتەی باوەڕی پێی هەبوو، هات و ئیتر ژیانی پیاوە باڵا بەرزەکەی خانووە بڵیندەکەی گردەکەی شاری بۆ هەمیشە گۆڕی. ئەو رۆژەی کە لە ناو مینی بووسەکەدا بوو و بۆ ئەم شارە دەهات و لە گەردەنەکە سەردەکەوتن، دڵی بەرایی دابوو کە لەم شارە ژن دێنێ. گەلێک لەو پاشایانەی لە ژیانی خۆیاندا خەریکی لەشکرکێشی و داگیرکردنی وڵاتان بوون، لە غوربەت ژنیان هێنابوو. هەڵبەت ئەم ئیزنی ئەوەی بە خۆی نەدەدا کە خاوەن حەرەمسرا بێت! پێی وابوو ئەوە ئیشی سەردەمی کۆن و پاشا قەدیمییەکانە. پاشا نوێیەکان ملکەچی بنەماڵەی تاک هاوسەرین، یاخود ئەوپەڕەکەی سێ تا چوار ژن. ئەمە نەریتێک بوو کە بە لای رەسوڵەوە یەکجار پەسند بوو. ئەمەی بە نیشانەی پێشکەوتن و مودێرنیەت لە قەڵەم دەدا. کەس نازانێ چۆن ئەو ژنەی هەڵبژارد. کەس نازانێ چۆنی دیتبوو. هەر کاتێک بە شەقامدا دادەگەڕا و بە رێکەوت بە تووش ئافرەتێکەوە دەبوو قەت سەرنجی نەدەدایە. هات و چووی کەسی وەهایشی نەدەکرد. کە دەشچوو بۆ زەماوەند تەنیا نانی دەخواردو دووایی دەستبەجێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵ. ژنەکەی ئافرەتێکی باڵا کورتی سپیکەلەی قژ کاڵی چاوسەوزی خۆش ئەندام بوو کە دوو کۆڵان واوەتر لە خۆی دەژیا. تاقە کچی ماڵ بوو. باوکی تەونکەر بوو و دایکێکی نەخۆشیشی هەبوو. رەسوڵ باڵابەرز، خاوەن ماڵەکەی خۆی بۆ خوازبێنی ناردبوو. شەوێک دووای نانی شەو چووبووە سەر بۆ لای. بە دەم خواردنەوەی تەنیا چایی ئەو شەوەوە زۆر وشک و ئارام داواکەی خۆی بۆ باس کردبوو. خاوەن ماڵەکەی

کە کچێکی گەورەی دەمی بەختی هەبوو سەرەتا پێێ وابوو کە رەسوڵ بۆ خوازبێنی ئەو هاتووە. ئەگەرچی زۆر حەزی بە شێوەی هەڵس و کەوتی رەسوڵ نەدەکرد، بەڵام لە دڵەوە یەکجار پێی خۆش بوو کە ئەم پیاوە باڵا بەرزە سەیر و سەمەرە ببێ بە زاوای. دوای تەواو بوونی قسەکان، رەسوڵ بەستەیەکی بچوکی بە ئارامی خزاندبووە بەردەمی. چونکە درێژ بوو لەوە کورتی نەهێنابوو کە دەستی بگاتە بەردەمی خاوەن ماڵەکەی. پارە بوو. ساحیب ماڵ یەکجار پێی ناخۆش بوو، بەڵام رەسوڵ وەها بڕیاردەرانە و قورس و قایم دەهاتە بەرچاو کە نەیتوانی دەستی بگێڕێتەوە. بەڵام تا رەسوڵ رۆیشت دەستی لە بەستەکە وەرنەدا. دواتر قەت لای هیچ کەس تەنانەت هاوسەرەکەیشی باسی ئەو پارەیەی نەکرد.

عەبەی تەونکەر سەرەتا باوەڕی نەدەکرد. حەزی دەکرد لە خوازبێنی کەرەکەی بپرسێ کە داخۆ چی وایکردووە کە پیاوێکی لەم چەشنە داوای کچی ئەو بکا. بەڵام هەستی کرد کە باش نیە. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت خۆی راگرێ. لە گەڵ ئەوەی یەکجار پێی خۆش بوو، بەڵام یەکسەر وەڵامی ئەرێی نەدابووەوە. وەعدی چەند شەوی دیکەی دابوو. رۆژی زەماوەندەکە لە کەس و کاری رەسوڵ باڵابەرز تەنیا باوکی لەوێ بوو!

سەڵتەن، کە رووی لە ماڵی مێردەکەی کرد تەنیا هەفدە ساڵی تەمەن بوو. پازدە ساڵ لە رەسوڵ گچکەتر بوو. کە لە پاڵی رادەوەستا تا سەر سینگی دەهات. پەیکەری گەورەی مێردەکەی تەواو هەستی متمانەی تێدا پێک دێنا. هەمیشە بە هەستێکی لەخۆباییانەوە، بە بزەیەکەوە لای دەستەخوشکەکانی دەیگوت: "سێبەرەکەی، سێبەرەکەم دادەپۆشێ!" یەکەم شت کە زۆر سەیر هاتە بەرچاوی سەڵتەن، ئەو رەسم و وێنە سەیرو سەمەرانە بوو کە بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو. وێنەی ئەو پیاوە سەیر و سەمەرە وا بە جل و بەرگی عەسکەرییەوە بە تفەنگ و

شمشێرەوە لێتی دەڕوانی. ئەم پیاوە لە وێنەکانیدا تەنیا نەبوو، جاری وابوو بە کۆمەڵ خەڵک بە دەورییەوە بوون. ئەوسا کتێبەکان. سەڵتەن خوێندەواری نەبوو. بەڵام دەیزانی کە پەیوەندێک لە نێوان ئەو عەکسانە و ئەم کتێبانەدا هەیە. سەڵتەن کە بۆ خۆی لە ماڵی باوکی هەمەکارە بوو و کەس قسەی لە قسەیدا نەدەکرد، دەست بە جێ زانی لێرە دەبێ لانیکەم تا ماوەیەکیش بێت دەبێ چاوەڕوان بێ. چاوەڕوان مایەوە. زۆر خێرا تێگەیشت کە مێردەکەی بە پێچەوانی رواڵەتی توند و وشکی، پیاوێکی نەک تەنیا تووڕە نیە، بەڵکو یەکجار گوێڕایەڵێشە. گوێڕایەڵ و میهرەبان و دڵ ناسک. ئەو تەنیا ماڵێکی رێک و پێک و ژەمی حازر و راحەتیی ناو جێگای شەوانەی دەویست. ئیدی ئەوەندە دەربەستی ئەوە نەبوو کە هاوسەرەکەی لە کار و بیر و مەشغەڵەکانی خۆیەوە بگلێنێ. ژنەکەیشی چونکە بۆ خۆیشی لە هەمان تیپ و رەگەزی رەسووڵ بوو، هەموو ئەمانەی بۆ دەکرد. ئەوەندەی پێ نەچوو بە هاتنی یەکەم منداڵ کە کچێکی خشپیلانەی جوان بوو، سەڵتەن بوو بە یەکەم بڕیاردەری ماڵ. رەسوڵ تەنیا گوێ دەگرت و قەت لە قسەی ژنەکەیدا قسەی نەدەکرد. ئەمە بەلای خەڵکییەوە یەکجار سەیر بوو. سەرئەنجام یەکێک پەیدا بوو کە دەیتوانی بە رەسوڵ باڵابەرز، رەسوڵی غەریبە و خۆش جل و بەرگی شار بلێ نا!

رەسوڵ گەلێک حەزی بەم قسەیە بوو کە دەیگوت لە نێوان ژیان و مردن دا تاڵە موویەک نێوان هەیە. ئەم گوتەیەی بۆ شوێنەکانی دیکە رادەگواست و دەیگوت لە نێوان ون بوون و ناودار بوونیشدا تەنیا تاڵە موویەک مەودا هەیە. ئەوسا بۆ سەلماندنی قسەکەیشی رووداوێکی لە مێژوو دەهێنایەوە. دەیگوت:

ـ "دوای ئەوەی رەزاشا لە شەش مانگیی تەمەنیدا باوکی دەمرێ، دایکی بڕیاردەدا کە لە مازندەرانەوە بچێ بۆ تاران. رێگای نێوان مازندەران و تاران لەو سەردەمەدا یەکجار دژوار و سەخت دەبێ. رەزاشا نەخۆش دەکەوێ، وەها کە

دایکی و ئەو کەس و کارەی لە گەڵیدا بوون پێیان وایە مردووە. هەربۆیە لە لای ئەسپ و ئەو وڵاغانەی کە پێیان بووە بە جێی دێڵن تا بۆ سبەی کاتێک رۆژ دەبێتەوە، بێنەوەو ببیەن بینێژن. بەڵام سبەی کە دەچنەوە سەری، بە سەرسووڕمانەوە دەبینن زیندووە! رەزاشاە بە هۆی گەرمای ژووری وڵاغەکانەوە دووبارە زیندوو دەبێتەوە. دواتر دەبێ بەو رەزا شایەی کە ئیستا هەموو دنیا دەیناسێ و ناوی لە مێژوودا هەیە."

کە لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە دەبوویەوە، ئەوسا دەستبەجێ دەیگوت:

ـ "مەرگ یانی بێ ناوونیشانیی و ژیانیش یانی بەناوبانگ بوون!"

کە منداڵی دووهەم لە دایک بوو، رەسوڵ خانووەکەی قەدپاڵی تەنیا گردەکەی شاری جێ هێشت و ئەم خانووەی ئیستای کڕی و دەستبەجێ گواستیەوە. خانووەیەکی گەورە کە ئەگەرچی وەک ئەوەی پێشوو بەرز نەبوو و بە تایبەت لە دیوی پشتەوەی کە لە سەر کۆڵانێکی درێژی خۆڵین بوو (ئەو کۆڵانەی وا هەمیشە پڕی منداڵ بوو) بانەکەی یەکجار نزم بوو، بەڵام بە دیوی پێشەوەی دا خاوەن حەوشێکی گەورە بوو کە لەوبەرییەوە بینایەکی بچووکی دیکەش هەبوو. دوو ژوور بە سەر تەنوورێکەوە. رەسوڵ یەکجار دڵی بەم ماڵەی خۆش بوو. دەستبەجێ حەوزێکی گچکەی بە فوارەیەکەوە تێدا سازکرد و خەونی بەو رۆژگارەوە دەبینی کە بە پیری بە گۆچانێکەوە بە عابایەکی درێژ بە سەر شانیەوە لە باغەکەیدا خەریکی پیاسە بێت.

دووای چەند ساڵی تر تا لایکردەوە بینی کە بووە بە خاوەنی سێ منداڵی دی،... سێ کوڕ. کچەکەی کە لە کوڕەکانی گەورەتر بوو ناوی ئەشرەف بوو و، کوڕەکانیش بە نۆرە بریتی بوون لە ئازاد، باقی و کەیوان.

## گۆڤارەکە

کەیوان دوای خەتێنە چەند رۆژێک بە فۆتەیەکی سوورەوە دەچووە دەر. دەبا هیچی دیکەی لەبەردا نەبێ. فۆتەکەی لە خۆی دەئاڵاند و لیناولینگ بە شوێن بارام دا کۆڵانە و کۆڵانی دەکرد. یاخود لە حەوشەی مەدرەسەکەی تەنیشتیان بە بەرد راوە چۆلەکەیان دەکرد. برینەکەی ئەوەندە ئاسان خۆش نەدەبووەوە. دایکی رۆژ تا ئێوارە دوعای لە ئەحمەدی دەلاک دەکرد. دەیگوت "دەستی قورس بوو، هەر نەبێ رەنگە لەو کاتەدا لەشی پیس بووە!... ئاخر چۆن پیاو بە خەڵکی ئارەق خۆر کوڕی خۆی خەتێنە دەکا؟" بەڵام راستیەکی ئەوە بوو کە تەلەفزیۆنەکە سەری لێ شێواندبوو. ئەحمەدی دەلاک لە سەقز کە بۆ خەتێنە چووبوو، لە ماڵێک تەلەفزیۆنی دیتبوو، بەڵام بە خامۆشی. تەلەفزیۆنەکە هەڵنەکرابوو. هەر لەو کاتەوە مەراقێک لە دڵیا بوو کە داخۆ ئەم قاپوڕە دارینە چلۆنە. پێی سەیر بوو کە مرۆڤ لەو سندووقەوە

قسە بکا و لە گەڵ خەڵکی دیکە بدوێ. کە ڕەسوڵ باڵابەرز لە پلانی خۆی ئاگاداری کردبوو، هەر چەند نەیدرکاندبوو، بەڵام خۆشیەکی سەیر بە دڵیدا گەڕابوو. سەرئەنجام دەیتوانی تەلەفزیۆن بە هەڵکراوی ببینێ. ئەو هەموو حاجیە دەوڵەمەندە لە شار هەبوون، کەچی کەسیان دڵیان نەدەهات تەلەفزیۆن بکڕن. پێیان حەرام بوو. ئەحمەدی دەلاک چەند جار ویستی بۆخۆی بیکڕێ، بەڵام لە بەر قسەی خەڵکی نەیدەوێرا. هەر ئیستاش ئەوەندە خۆش ناو نەبوو تا بیر لە دۆزینەوەی بیانووی دیکە بۆ خەڵکی بکا. کەسابەتەکەی گرینگتر بوو. کچەکانی گەورە بووبوون و دەبا ئیتر زیاتر ئاگای لە ناو وناوبانگی خۆی بایە. ئەو ڕۆژە لە کاتی خەتێنە کردنەکەدا زۆر ئاگای لە خۆی نەبوو. چاو و گوێیەکی هەر لەلای تەلەفزیۆنەکە بوو. کە دەنگ و ڕەنگ لە سندووقە جادوییەکەوە هات و ناو ماڵەکەی تەنی، ئیتر ئەحمەدی دەلاک هەستی لەسەر خۆی نەما. چەقۆکە پیستەکەی جڕدابوو و ئیدی دەنگی هاواری کەیوان کۆڵانەکەی پشتەوەشی گرتبووەوە. بۆ خۆی زانی چ کارێکی لێ قەوماوە. بەردەستەکەیشی ئاگای لێبوو. هەر ئەوەندەی پێکرا کە بە پەلە برینەکەی بپێچێتەوەو تەنانەت نەیداتە دەستی بەردەستەکەیشی. زۆری حەز لێ بوو کە ئەو شەوە میوانی ڕەسوڵ بێت. بەڵام ڕەسوڵ سەرقاڵتر لەوەی بوو ئاگای لە نیگاکانی ئەحمەدی دەلاک بێت و بیانخوێنێتەوە. نیو سەعات دواتر دوای وەرگرتنی پارە، کاکی دەلاک خانووەکەی جێ هێشتبوو. دوای خەتێنە یەکەوراست چووبوو بۆ چایخانەکەی قەراغ شار، کانی مەڵاحمە، بۆ ئارەق خواردنەوە. ئەو شەوە یەکجار مەستی کردبوو. سەرخۆش، یەکجار سەرخۆش سوێندی خواردبوو گەر پیاوێکی تر لەو شارەدا تەلەفزیۆن بکڕێ، ئەوا ئەو سێهەمین کەس دەبێ. لەعنەت لە دەمی پیسی خەڵکی!

دیواری قوتابخانەکە بەرز بوو، هەربۆیە پەڕینەوە لێی ئاسان نەبوو. بارام بە دەستەکانی پلیکانەیەکی بۆ کەیوان ساز دەکرد و یارمەتی سەرکەوتنی دەدا. بە رووی ئەودیویشدا دیسان بارام دەبوو بە پلیکانە، بەڵام ئەمجارە بە شانەکانی. کەیوان بە جووت لاق دەچووە سەر شانی و لە کاتێکدا دەستی بە دیوارەکەوە دەگرت، بارام ئارام ئارام دادەنیشت، وەها کە ئیتر دەیتوانی قاچ بخاتە سەر زەوی. ئەو رۆژە بارام شتێکی پێ بوو. بە کەیوانی گوتبوو کە لە حەوشەی مەدرەسەکە پیشانی دەدا. شتێک کە لوول کرابوو و لە گیرفانی خنیبوو. سێبەرێکیان دۆزییەوە. دانیشتن. هەوا ئەوەندە گەرم بوو کە چۆلەکەکانیش هەڵنەدەفڕین. ئەوسا بارام بە ئارامی کاغەزە لوول کراوەکەی دەرهێنا. کردیەوە. گۆڤارێکی بچوکی رەنگە بیست لاپەڕە، کە وێنە و رەسمی یەکجار جوان جوانی تێدا بوو. ئەو وێنە رەنگیانەی کە تەواو سەرنجڕاکێش بوون. گۆڤارەکە چەند لاپەڕەیەکی دڕابوو و شوێن شوێنی زەردهەڵگەڕابوو، بەڵام رووبەری بەرگی یەکەمی هەروا بە ساغی مابووەوە، لەسەری نووسرابوو "کیهان بچەها". لە لاپەڕەکانی ناوەڕاستدا چیرۆکێکی وێنەیی تێدابوو کە باسی کەسێکی بە ناوی "تارزان" دەکرد. تارزان تەنیا بە شۆرتێکەوە و بە چەقۆیەک بە کەمەرییەوە لە ناو دارستانە چڕەکاندا. چیرۆکەکەیان خوێندەوە، یەکجار بەلایانەوە خۆش بوو. کەیوان کە "فۆتەخەتێنە" ی لە بیرچووبووەوە، زوو زوو بە دەست گۆڤارەکەی بە لای خۆیدا رادەکێشا بۆ ئەوەی باشتر وێنەکان ببینێ. لە خوێندنەوەی بوونەوە. هەر دوو بێدەنگ. حەوشی قوتابخانەکەیش ئەمڕۆ گەلێک بێدەنگ بوو. منداڵی دیکە نەدەبینرا. کەیوان پرسی کە بارام ئەمەی چۆن دەست کەوتووە. بارام گوتی دوێکە لە کۆڵانی نزیک باغی داربییەکان پەیدای کردووە، لە سەر زەوی کەوتبوو. کەیوان داوای کرد جارێکی دیکە چیرۆکەکە بخوێننەوە. خوێندیانەوەو بە تێر و پڕی جارێکی تر سەیری وێنەکانیان کردەوە. تارزان یەکجار

جوان و ئازا دەینواند. پیاوێک کە دارستانی دەستەمۆ دەکرد و بە هاوارێک هەموو دڕندە و حەیوان و ئاژەڵەکانی کۆدەکردەوە. پیاوێک کە نەیدزانی سەرما، گەرما، باران، برسیەتی و ترس چییە و، هەمیشە بە تەنیا دەژیا. ئەو پیاوە تەنیایەی کە هەموان پێویستیان پێی هەبوو. ئەو پیاوەی دوژمنەکان یەکجار لێی دەترسان و دۆستەکانیش یەکجار خۆشیان دەویست. کەیوان هەستایە سەرپێ. ماوەیەک راوەستا. کتوپڕ بیرێک بە مێشکیدا هات. بە دیوی پشتەوەی بینای مەکتەبەکەدا گچکە باغێک هەبوو کە ماڵی سەرایداری مەدرەسەکەش لە تەنیشتیدا بوو. جاری وابوو لە ماڵ نەبوون. لەم کاتانەدا منداڵەکان بە ترس و حەزەرەوە روویان لە باغەکە دەکرد. ئەو باغەی کە داری میوەیشی تێدابوو. کەیوان و بارام ئارام بەرەو باغەکە وەڕێ کەوتن. لە سووچی بیناکەوە سەرەتا بە جوانی لە باغەکەو خانووی سەرایدارەکەیان روانی. کەسی لێ نەبوو. سەرایدارەکە کە پیاوێکی پیربوو و لە گەڵ ژنەکەی و دوو کوڕی گەورە لەم خانووەدا دەژیان، لەوێ نەبوو. بیریان کردەوە رەنگە هی گەرما بێت کە بە دەرەوە نیە. بەڵام جاری واش بوو کە لە ماڵ نەبوون. هاوین بوو و جاروبار بەم لاولادا دەڕۆیشتن. قەدەرێکی دی رامان. دڵنیا لەوەی لە ماڵەوە نین بەرەو باغەکە وەڕێ کەوتن. بارام لە کەیوانی نەپرسی بۆچی دەبێ واوە بڕۆن. لەم کاتاندا پرسیار زۆر یارمەتی نادا. چوونە باغەکەوە. لێرەوە دەنگی سەیارەکانی سەرجادەکە جوانتر دەهاتە گوێ. درەختەمیوەکان کورتە باڵا بوون و بە راحەتی دەستیان دەگەیشتێ. دارسێو و قۆغ بە لق و گەڵا سەوز و گەشەکانیانەوە لە ژێر تیشکی هەتاوی هاویندا. کەیوان بە بارامی گوت کە لە شوێنی خۆی راوەستێ. بارام راوەستا و ئەوسا کەیوان لینگاو لینگ دوور کەوتەوە. دوو سێ مەترێک لەولاترەوە لە تەنیشت دار قۆغێکدا راوەستا. ئەوسا کراسەکەی داکەند. دواتر دەستی بۆ فۆتەکەی برد، ویستی هەڵیکێشێ کە لە پڕ گرێکەی کرایەوە و داکەوت. بارام

پێکەنین گرتی. کەیوان بە پەلە فۆتەکەی کۆ کردەوەو لە خۆی ئاڵاندەوە. تووڕە لە ڕووداوە نەخوازراوەکە، فۆتەکەی ئەمجارە توندتوند لە کەمەری گرێ دا. ئەوسا دەستی بۆ داوێنی برد و فۆتەکەی کۆکردەوە، وەها کە وەک شۆرتێک بنوێنێ. ڕێک لە تارزان دەچوو! بەڵام شتێکی کەم بوو، چەقۆیەک! بە خۆشییەوە دەست کەوتنی ئاسان بوو. چیلکەیەک لەولاوە کەوتبوو. دەستی برد، لە ناوقەددا شکاندی و لەتێکی وەک چەقۆکەی تارزان لە کەمەری، لە بن فۆتەکە خست، ئەوجار بە چاوی پرسیار و شەوقەوە لە بارامی ڕوانی.

## عەلی سەیزادە

عەلی سەیزادەیش هەر لەم شارە دەژیا. منداڵیکی چواردە ساڵان، کە لە هەموو منداڵانی گەڕەکی خۆی گەورەتر بوو. نەک لە تەمەندا بەڵکو بە هەیکەلیش. هەر کلاسەی بە دوو ساڵ تەواو کردبوو، بۆیە هێشتا هەر لە قۆناغی سەرەتاییدابوو. هەمیشە لە دوواوە دادەنیشت. ئەوەندە لەوانی دیکە بەرزترە کە بە راحەتی دەبینرێ. هەربۆیە کۆنترۆلکردنی بۆ مامۆستاکان ئاسانە، بەڵام ئیدی ئەوەندەش گەورەبووە کە ترسی لە هیچ مامۆستایەک نەماوە. چی پێ خۆش بێ دەیکا و بۆیە هەمیشە لە بەردەم ژووری مودیر یان لە دەرەوەی کلاسەکەی خۆی کەوتووە. مامۆستاکانیش تاقەتیان لێی نەماوە. بێ گومان ئەم ساڵ دوا ساڵی خوێندنی دەبێ!

عەلی سەیزادە ئەگەرچی تەمەنێکی وای نیە، بەڵام هەموو خەڵکی شار دەیناسن. شەڕەکانی نێوان دایک و باوکی لە شاردا لە ناو خەڵکیدا بەناوبانگن. کە شەڕیان دەبێ باوکی تێر و پڕ لە دایکی دەدا و کەچی دواتر ئەوە باوکیەتی کە لە

خانووەکە وەدەردەکەوێ و تا دووسێ شەو نایەتەوە! هەندێک دەڵێن دەچێ بۆ ماڵی خزمەکانی لە دێهات، هەندێک دەڵێن دەچێ بۆ سەقز، هەندێکیش دەڵێن لە مزگەوت دەخەوێ. لەم کاتانەدا عەلی سەیزادە لە ماڵ دێتە دەر، دەچێتە باغی داربییەکان و لەوێ لە گەڵ سەگەکان دەبێ. جاری وایە سەگەکان کە بە پۆل لە تەنیشت کەلاوەیەکدا بە یەکەوە دەخەون، عەلیش وەک سەگێک لە ناو خۆیاندا قەبوڵ دەکەن و جێگای دەکەنەوە. ئەویش لە ناویاندا وەک سەگێک دەخەوێ. لەم کاتانەدا کەس ناتوانێ عەلی لە سەگەکانی جودا بکاتەوە.

عەلی قارەمانی ناو منداڵانە. ئەو قارەمانەی وا لە سەگ ناترسێ و هەموو سەگەکان بە قسەی دەکەن. ئەو قارەمانەی بە ئاسانی لە کاتی شەڕە گەورەکاندا سەگەکان کۆدەکاتەوەو بە هەمان ئاسانیش لەشکرکەشییان پێدەکا. لە کاتی لەشکرکێشییەکاندا ئەوە تەنیا ئەو خۆیەتی کە لە پێشەوە، یان لە ناو سەگەکاندا رێ دەکا و هەنگاو بەرەوپێش هەڵدێنێ. منداڵەکانی دیکە جورئەتی شتی وایان نیە. هەمیشە لە قەراغ یان لە دواوەن. هیچ کەس نەیدەزانی کە کاتی شەڕەسەگ کەی دێت. کتوپڕ، یان لە گەڕەکەکانی ترەوە رەوە سەگ لە گەڵ منداڵی دیکە پەیدا دەبوون، یان عەلی وەک بڵێی ئیلهامێک پێی گەیشتبێ، سەگەکانی کۆدەکردنەوە و دەیبردن. عەلی بە فیکە کۆی دەکردنەوە. بە فیکە و مچە مچ. سەگەکان بە عەشقێکی سەیرەوە سەیریان دەکرد، کلکە سووتەیان دەکرد، گەڕێک بە ناو خۆیاندا دەکەوتنە جوڵە و ئەوسا لە گەڵی وەڕێدەکەوتن. رێک وەک شەڕەکانی زەمانی قەدیم. هەموو کەس دەیتوانی لە چاوی عەلی و سەگەکانی ریزی پێشەوەدا بریسکەی ئازایەتی و بە بەرەوپیرەوەچوونی رووداوە نەخوازراوەکان ببینێ.

بەڵام تەنیا ئەمە نەبوو کە ببووە هۆی ناوبانگی عەلیی سەیزادە. عەلی هەروەها قەت لە بەر سەگ هەڵنەدەهات. لە هیچ شەڕەسەگێکدا لە گەڕەکەکانی

دیکە لەو کاتەیدا کە سەگی دیکە هوروژمیان هێناوە، هەڵنەهاتووە. ئەم راوستان و هەڵنەهاتنە، سەگە هەڵمەتبەرەکانی دەترساند و رایدەوەستانن. بەڵام هەتا هێزیان تیا بوو لە عەلی دەوەڕین. عەلیش وەک سەرکردەیەکی ئازا بە فیکە سەگەکانی خۆی کە دوچاری ترس و پاشەکشە هاتبوون کۆدەکردەوە و فرمانی هەڵمەتی دوبارەی دەدا. ئای کە منداڵان چەند بە رێزەوە سەیری "عەلی " یان دەکرد. عەلی سەیزادە بە راستی قارەمان بوو!

یەکەم جار کە باسی سەگی پادگان هاتە گۆڕێ، ئێوارەیەکی درەنگ وەخت بوو. باوکی عەلی تازە دوای چەند شەو بزربوون هاتبووەوە ماڵ. کە دەهاتەوە سڵاوی نەدەکرد. دوای ئەوەی لە تاقە شێرەئاوی حەوشەکە دەم و چاوێکی دەشۆرد، جا چ زستان بایە و چ هاوین، لە حەوشەکە دادەنیشت، یاخود بە پێوە رادەوەستا و جگەرەیەکی پێچراوەی دادەگیرساند و لە بێدەنگی و چاوەڕوانیەکی نهێنیدا بە بای دەکرد. ئەو رۆژە بە دەم کێشانی جگەرەوە چەند جار لە عەلی رووانی، لە جل و بەرگی کۆن و پیسی، لە دەست و دەم و چاوە نەشۆردووەکانی. ئەوسا کتوپڕ گوتی:

ـ "ئا وەرە رۆڵە، تا ئێرە وەرە کارم پێتە!"

عەلی بە سەرسوڕماوییەوە سەیری کرد. قەت ئاوا سەیری باوکی نەکردبوو. کەواو پانتۆڵێکی خەت وردی کۆن بە پشتێنێکی رەشی رەنگ سواوەوە و بە جامانەیەکی بێ تەقیلەوە. بنە ردێنە سپیەکەی باوکی بۆ یەکەم جار جۆرێک هاتە بەرچاوی. سپیتر لەجاران.

ـ "رۆڵە گیان ئەوە پێت دەڵێم، ئاگات لە خۆت بێت. خۆت لە سەگەکانی پادگان ببوێری. قەت نەچی بۆ ئەوێ. سەگی ئەوێ فەرقیان هەیە. دڕن، یەکجار دڕن!"

عەلی کە ئەمەی بیست گەردنی کێشا. شەوقێک یاخود بریسکەیەک لە چاویدا گەڕا. باوکی ئەمەی نەبینی. سەگەکانی ئەو ئازاترین سەگەکانی ئەم شارە بوون. لە

هیچ شوێنێک سەگی هیچ گەڕەکێک دەرەقەتیان نەدەهاتن. بە تایبەت ئێستا کە "بۆربۆر" ی هەیە. سەگێکی بەرزی درشتی شێرئاسا کە لە هیچ شتێک ناسڵەمێتەوە. عەلی بزەیەک بە ئاستەم بە لێوەکانیدا گوزرەی کرد.

ـ "سەگی ئەوێ فەرقیان هەیە. خواردنیان باشترە. بەرماوی سەربازەکان دەخۆن. سەربازیش خواردنی لە ئێمەو مانان باشترە. هیچ نەبێ رۆژی دوو جار خواردنی گەرم دەخۆن. جگە لەوە باریان هێناون. سەگەکانیشیان بە جۆرێک سەربازن! دەزانن ئەوێ پادگانە و دەبێ تەنیا بۆ ئەوانەی بێت کە لەوێن!

عەلی کە لە بن سێبەری گوێسبانەکەدا بە ئاستەم جێێ دەبووەو بە زەحمەت دەیتوانی خۆی لە تیشکی گەرمی هەتاو ببوێرێ، هەنگاوێک لە باوکی هاتە پێش. سەرتاپا گوێ بوو. باوکی هەستی بە سیحری کەلامی خۆی کرد. دڵنیا لەوەی کە بە درێژەدانی قسەکانی دەتوانی کوڕەکەی بە قەناعەت بگەیەنێ، سەرەداوی بۆ ساتێک ونبووی قسەکانی دۆزییەوەو گوتی:

ـ "بە رۆژدا دەیانبەستننەوەو لە ژووری تاریکیان دەکەن، تەنیا بە شەودا بەڕەڵایان دەکەن. سەگەکانیان رۆژ نابینن. رەنگە تەنیا بە مندالی زانیبێتیان کە هەتاو و رووناکایی چییە، ئێستا نازانن. شەویش هەموو گیانلەبەرێک تەنانەت ئینسانیش ترسی لە خۆی هەیە و هەستیارتر و دڕترە، ... من پێم وایە چیتر سەگ نین، گورگن!"

عەلی ئەو عەسرە زووتر لە جاران چووە دەر. یەکەوراست بەرەو باغی داربییەکان. دنیا یەکجار گەرم بوو. لە باغەکە منداڵ چییە بە دەرەوە نەبوو. گەورەکانیش خەریکی حەسانەوە بوون. سەگەکان لە تاو گەرما تەواو خۆیان لە بن دیوارەکان خزاندبوو و خۆیان فێنک دەکردەوە. بە بینینی عەلی بە ئاستەم جوڵەیەکیان تێکەوت. بەڵام هەوا لەوە گەرمتر بوو کە بوێرن ببزوێن، یاخود تاقەتی

بزوانیان هەبێ. عەلی ئەمڕۆ هیچی پێ نەبوو. هەمیشە کە دەهات بۆلایان هەوڵی دەدا لە تاقە قەسابخانەی شار ئێسکەکانیان بۆ کۆ بکاتەوەو بۆیان بهێنێ. توورەکەیەک کە چەوری و خوێن و تووکی حەیوانی سەربڕاو، ڕەنگی بزرکاندبوو، کەرەسەی ڕاگواستنی ئێسکەکان بوو. عەلی لە بەردەمیان لە ژێر تیشکی تاقەت پڕوکێنی هەتاودا دانیشت. قەت ئاوا سەیری سەگەکانی نەکردبوو. وەک بڵێی ئەوانیش ئەمەیان دەزانی. سەگەکان، نیگایان دەدزییەوە. عەلی لە تاکە تاکەیانی ڕووانی. ڕاحەت بیست دانە دەبوون. لە چاوی مەزڵومیان، لە پێستیان، لە زمانی دەرکشاوەیان، لە قاچی بریندار ی "شێرە" کە لە دوا شەڕە سەگدا بە سەختی بریندار بووبوو. لە لەشی ڕووتەڵە و لاوازیان. عەلی دەیزانی کە برسین. دەیزانی کە قەت تێر ناخۆن. بۆیە زۆر خێرایش لە کاتی شەڕدا ماندوو دەبوون. هەستا سەرپێ. کەمێک ئەم سەراوسەری کرد. حەزی کرد پێیان بڵێ لەوێ لە ڕۆژئاوای شار، لەو شوێنەیدا شار دەگاتە کۆتاییەکانی خۆی، شوێنێک هەیە کە سەگەکانی فەرقیان هەیە. لێرەدا کتوپڕ هەر لەخۆوە ڕقێکی سەیر بەرامبەر بە سەگەکانی پادگان سەرتاپای داگرت. ڕقی لە تێر و تەسەلیانی بوو. ڕق لەوەی لەودیو تێل دڕووەکانەوە دەژین و تەنیا بە شەو ئەم دیوی دەکەون. ئەو سەگانەی وا قەت گەرمایان نەدەبوو و ئارەقەیان نەدەکردەوە. ڕاوەستا. دیسان سەگەکانی خۆی بە نیگا بەسەرکردەوە. بڕیاری دا. ئەمشەو دەچوو بۆ پادگان. دەبا یەکجار بۆ هەمیشە ڕووی کەم کردبان.

هێشتا هەوا تەواو تاریکی نەکردبوو کە لە گەڵ منداڵانی گەڕەک سەگەکانی کۆکردەوە. سەگەکان نیگا و ئاکاری عەلییان دەناسی. دەیانزانی کە ئەمشەو دەبزوێن. لەم کاتانەدا زیاتر لە یەکتر نزیک دەکەوتنەوەو زیاتر بە پێوە ڕادەوەستان. کە وەڕێکەوتن، هەتاو بە دواتیشکی بە نووکی داربییەکاندا دەخشاو دوا گوتەکانی

ئەو رۆژەی بە گوێدا دەچرپاندن. رێگا کەمێک دوور بوو. رەوە سەگ و رەوە منداڵ بە هەر کوێیەکدا گوزەریان دەکرد، هەرای دەنایەوە. سوپا لە کۆڵانەکان گوزەرا، شەقامێکی تێپەڕاند و بە سەر پردێکی گچکەی سەرروبارێکی گچکەشدا پەڕییەوە. دنیا ئیدی تاریک بووبوو کە گەیشتنە پادگان. عەلی لەوە پێش نەهاتبووە ئێرە. بۆخۆیشی نازانێ بۆ. هەمیشە شتێک لە دەروونەوە بە بێ ویستی خۆی بەری دەگرت. رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە رقی لە تێل دڕوو بوو. بە منداڵی جارێکیان بە سەر تێڵ درووا کەوتبوو و هەموو بەدەنی زۆر خراپ بریندار بووبوو. جێ برینەکانی یەکجار ناخۆش بوو. یان رەنگە ئەوەی کە ئیتر لێرە مافی ئەوەت نەبوو زیاتر بەرەوپێش بڕۆیت. لێرە شتێک رایدەگرتی. عەلی رقی لەم راگرتنەبوو. جگە لەوە، لە دەروونەوە شتێک پێی دەگوت کە باوکی کاتێک لە ماڵ دەتۆرێ، لە یەکێک لە مزگەوتەکانی قەراغ ئەم پادگانەیە. بۆیان باس کردبوو. باوەڕی نەبوو بەوەی کە باوکی روو لە شوێنی دیکە دەکا. شوێنی دیکە پارە و پوڵی دەویست.

کە دواکۆڵانیان تێپەڕاند، ئەگەرچی شەو بوو بەڵام عەلی بە جوانی هەستی بە دەشتی پان و بەرینی سەربازخانەکە کرد. هەوایەکی فێنکی خۆش لەوێوە بەرەو ناو شار هەڵیکردبوو. ئەم هەوا فێنکە گرژیی جەستەی بۆ ماوەیەک کوشت. بۆ یەکەم جار هەستێکی دیکە لێرە و سەبارەت بە ئێرە رووی لە عەلی کرد. پێی سەیر بوو. لە بەر خۆیەوە گوتی: "شەوی ئێمە دەبێ!" لە دواکۆڵانەوە تا تێل دڕووەکان مەودایەکی بەرچاو بوو. عەلی سوپاکەی راوەستان. لەوبەر، لە ناوتارمایی ئەو دەشتە کاکی بەکاکییەوە عەلی هیچ شتێکی نەدەدی. دەبا تەنیا چاوەڕێی حەپە و وەڕینی سەگی کردبا. کەمێک چاوەڕوان مایەوە، بەڵام هیچ دەنگ و رەنگێک نەبوو. ئەوسا بە ئارامی بەرەو پێش جوڵان. وەها کە دوواکۆڵانی شار وەک

دەشتەکەی پادگان بزر بوو. شوێنێک لە نێوان دوو تارماییدا. منداڵەکان ترسان. هەندێکیان بەرەو کۆڵانەکە بایان دایەوە. هەندێکی دیکەشیان تەواو خۆیان لە عەلی نزیک کردەوە. "بۆربۆر" خۆی لە عەلی خشاند. ئەوسا گەردنی پتر کێشاو چەند هەنگاوێک بەرەو پێش غاری دا. هەر لەو کاتەدا دەنگی پێی رەوەیەک هاتە گوێ کە غاری دەدا. دەنگی هەناسە. ئەمە و کتوپڕ دەنگی وەڕینی ئەو سەگە تووڕانەی کە لە ناو تاریکییەوە جەستەیان وەک سپییەکی خەوناوی دەرکەوتن. عەلی بۆ یەکەم جار هەنگاوێکی بەرەودوا نا. بەلام چیدی دەرفەت نەمابوو. سەگەکان بە یەکداهەڵپژان.

## شانازی

رەسوڵ باڵابەرز ئیستا ئیتر زیاتر لە جاران حەزی بە خۆیەتی. ئەگەر نە لە ناو شار، بەڵام لانیکەم لە گەڕەکی سەروو، ئەم یەکەم کەسە کە تەلەفزیۆنی کڕیوە. گەڕەکی سەروو لە گەڕەکی خواروو دەوڵەمەندی زۆرتر تێدایە، کەچی کەسیان تەلەفزیۆنی هێشتا نەکڕیوە. رەسوڵ رقی لەو حاجیە کەشیە زلە لەسەرانەیە کە رۆژ تا ئێوارە لە دووکانەکانیاندا دادەنیشن و وەک گورگی ناو کون لە نێچیری رێبواران دەڕوانن، بە بێ ئەوەی لەو دیوی دوکانەکەیان و مشتەریەکانیانەوە شتێکی دیکە ببینن. پێی سەیرە کە ئەم شارە دوای "کەشفی حیجاب" هێشتا ژنەکانیان جل و بەرگی مۆدە لەبەرناکەن و پیاوەکانیان بە کەواوپانتۆڵەوە دێن و دەچن. هەمیشە لەم بارەیەوە حکومەتی لە بەرخۆیەوە سەرکۆنە دەکرد، بەڵام زۆر خێرایش بەو ئاکامە دەگەیشت کە گۆڕان کاتی دەوێ. جارێکیان لەبەرخۆیەوە گوتی: "رەنگە شارە

سنوورییەکان قەت نەگۆڕدرێن، یان ڕەنگە دوای هەموو شارەکانی دیکە بگۆڕدرێن." چەند جارێک کە بۆ سەردان چووبووە لای ڕەیس شارەبانی و ئەم مەسەلەیەی لا باس کردبوو، بەو هیوایەی کە شارەبانی ناچار بکا وەک زەمانی ڕەزاشا بە زۆر خەڵکی ناچار بە گۆڕینی جل و بەرگەکانیان بکەن؛ بەڵام ڕەیس شارەبانی تەنیا سەیری ڕەسوڵ باڵابەرزی کردبوو. ئەوسا بە دەنگی بەرز داوای چایی کردبوو، دەنگێک کە ڕەسوڵ تەواو لە لای وەک سوکایەتی دەهاتە بەرچاو. ڕەسوڵ لە رقا چاییەکەی نەخواردبووەوە. لە کاتی خواحافیزی کردنیشدا بە پێچەوانەی جاران لە ناو درگاکەوە جارێکی تر خواحافیزییەکەی دووپات نەکردبووەوە. سەرۆکی شارەبانی لە گەڵ بنەماڵەکەی لە کۆلانێکی قەدیمیی شاردا دەژیان،... لە ناو خەڵکیدا. جا چلۆن دەیتوانی زۆر لەو خەڵکە بکا! ژنی خاوەن ماڵەکەی نەبایە، ژنەکەی لەم شارەدا لە بێ تاقەتیدا شێت دەبوو. دراوسێکان یەکجار ڕێزیان دەگرت. نەیاندەهێشت ژنەکەی بۆ هیچ شتێک پەکی بکەوێت. جگە لەمە "کەشفی حیجاب" باسێکی یەکجار کۆن بوو. هی لانیکەم پەنجا ساڵ لەوە پێش. پێی سەیربوو ڕەسوڵ باڵابەرز هێشتا بەم باس و خواسانەوە مەشغوڵە. بەڵام ڕەسوڵی خۆش دەویست. بە پیاوێکی سادەی لە قەڵەم دەدا کە ئازاری بۆ کەس نەبوو. لەو پیاوانەی تا ئەمری پێ نەکرابا، هیچ شتێکی نەدەکرد. سەرۆکی شارەبانی تەنانەت پێی وابوو کە ڕەسوڵ ئەگەر دەستووریشی پێ درابا، هێشتا هیچی لە دەست نەدەهات. جاری وابوو لە دڵەوە بەزەیی بە داماویی ئەم پیاوە دەهات. پێی خۆش بوو ڕەسوڵ سەردانی دەکرد. ئارام دادەنیشت و بە وردی گوێی لە قسەکانی دەگرت. لە خەونەکانی ڕەسوڵ دا نوقم دەبوو. بۆ ئەو ڕەسوڵ چەندە لە ڕابردوودا بوو، هەر ئەوەندەش لە داهاتوودا. لە عەشقی ئەو بۆ ڕەزاشا سەری سووڕ دەما. ئەو پیاوەی وا خاوەنی بنەماڵەیەکی باش و کار و ژیانێکی باشیش بوو، لە خۆوە بە هۆی

پیاوێکەوە کە لە مێژبوو مردبوو، دەروونی خۆی یەکجار ئاڵۆزکردبوو. سەرۆک، یان نەیدەوێرا یاخود حەزی نەدەکرد سەری ئەم باسە لای ڕەسوڵ بکاتەوە. دەیزانی کە ڕەسوڵ سەری بە هیچ شوێنێکەوە نیە و لەو کەسانە نیە پیاو لێیان بترسێ، بەڵام شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت کە ورد و لەسەرەخۆ هەنگاو هەڵبێنێ. کێ چووزانێ قسە چۆن دێت و دەڕوات! وشەکان هەر ئەوەندەیە لە دەم ترازان، ئیدی کەس خاوەنیان نیە. هەموو کەس دەتوانێ کۆیان بکاتەوەو لە گیرفانی خۆی هاوێ. بۆ سەرۆک ئەوە گرینگ بوو لە شارێکدا دەژیا کە کێشەیەکی وەهای تێدا نەبوو و ڕۆژەکان زۆر هێمنانە و ئارام و ئاسایی یەک بە دووای یەکدا تێدەپەڕین. سەرێک نەیەشێ، بۆ پەڕۆی لێ دەبەستی! هەموو جارێک کە ڕاپۆرتی خۆی ڕەوانەی سەرەوە دەکرد، بە هەستێکی لەخۆباییەوە کە لە ڕەزایەتەوە دەهاتە دەرێ، کارەکەی ئەنجام دەدا. لەم کاتانەدا لە بەر پەنجەرەی ژووری کارەکەیدا ڕادەوەستا و، تێر و پڕ سەیری کێوەکەی بەرامبەر و خانووەکان و سەر شەقامەکەی دەکرد. لە دڵەوە سوپاسی بۆ خەڵکی بێوەی ئێرەی دەنارد. ئەو خەڵکەی وا بە جوانی ڕێزی ئەو هەتاوە گەشەیان دەگرت کە بە سەر ئاسمانی شارەوە دەدرەوشایەوە. سەرۆک پێی وابوو ئەم هەتاو و ئاسمانە هەموو کەس ئارام دەکاتەوە، تەنانەت دەروونی ئاڵۆزی ڕەسوڵ باڵابەرزیش.

ڕەسوڵ، چەند ڕۆژێک لە زەماوەندەکەی نەگوزەرابوو کە هەوڵی ئەوەی دابوو هەموو وێنە هەڵواسراوەکانی ناو ژوورەکەی بۆ سەڵتەنەی ژنی شی بکاتەوە. باسی مێژوو و ڕۆژگارانی زوو. یەکێک لە وێنەکان، وێنەیەکی لە کەمەربەرەوژووری ڕەزا شا بوو بە جل و بەرگی سەربازی و کڵاوێکی سەیر بە سەریەوە. ڕەزاشا ئەگەرچی لەم وێنەیەدا پیر دەینواند، بەڵام مەحکەم و بڕیاردەرانە دەهاتە بەرچاو. چاوەکانی دەڵێی لە بینەریان دەڕوانی و نەیاندەڕوانی. نیگاکانی

تێدەپەڕین، بەڵام لە تۆوە. سمێڵە سپییە قنج و بابڕەکانی ئەوەندەی دیکە ئەم سیمایەی پیاوانەتر دەنواند. زنجیرێک بە سەر شانی چەپیدا و نەوارێکی سپی لە قوماش بە سەر شانی راستیدا یەکتریان لە سەر سینگی پانی دەقرتاند. ئەو سینگەی وا پڕی میدالیای جۆراوجۆر بوو. رەسوڵ کە هاتە باسی میدالیاکان، کەوتە باسی شەڕەکانی سەردەمی رەزاشا. ئەو شەڕانەی وا یاغی و حوکمدارە ناوچەییەکانی لە وڵات بۆ هەمیشە کۆکردەوەو، کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشاگەردانانەی ئەوان هێنابوو. رەسوڵ تەعبیری خۆی بۆ ئەم میدالیایانە هەبوو. ئەو تەعبیرانەی کە ئەمڕۆش لە لای ژنەکەی دووپاتی دەکردنەوە. دەیگوت:

- "ئەم میدالیایانە بەرهەمی چوار شەڕی گەورەن. ئەو شەڕانەی کە چارەنووسی وڵاتی گۆڕی و ئێمەی کرد بە وڵاتێک وەک وڵاتانی ئۆرووپایی. میدالیای یەکەم، بەرهەمی سەرکوتی شێخ خەزعەلی فیودال و عەشیرەت باز، میدالیای دووهەم، کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میرزا کووچکی جەنگەڵی کە بە فیتی رووسە سوورەکان حکوومەتی بۆ خۆی درووست کردبوو، میدالیای سێهەم، بەرهەمی سەرکوتی خیابانیی ئاژاوەگێڕ و سەرئەنجام میدالیای چوارەم هی سەرکوتی سمکۆی کۆنەپەرستی تاڵانچییە."

سەڵتەن کە سەری لەم قسانە سووڕمابوو و تێیان نەدەگەیشت، تەنیا سەیری دەکرد و هەوڵی دەدا وا نیشان بدا کە قسەکان وەردەگرێ. سەلتەن کە تاقە کلاسێک چییە دەرسی نەخوێندبوو و بە نەخوێندەواری گەورە بووبوو، لە بەرامبەر ئەم قسانەدا هەستی بە لاوازییەکی یەکجار گەورە دەکرد. هەستێکی وەک تەریق بوونەوە سەرتاپای لەشی داگرتبوو.

لە رەسمی دووهەمدا کۆمەڵێکی زۆر سەرباز دەبینران کە تفەنگ بە دەست راوەستابوون و سێ کەس کە یەکیان رەزاشا بوو، بە بەردەمیاندا خەریکی تێپەڕین

بوون. لێرەدا رەسوڵ باڵابەرز بە هەردوودەستی یەخەی کۆتەکەی خۆی گرت و دوای گەروو سافکردن گوتی:

- "ئەمە یەکەم سوپای نوێ و مودێرنی ئێرانە. سوپا بە مانای وڵاتە. بە بێ سوپا هیچ دەوڵەتێک مانای نیە. رەزاشا وەک رێبەرێکی گەورە لەمە گەیشت و هەر بۆیە گرینگییەکی یەکجاری بە سوپا دا."

سەڵتەن زیاتر لە وێنەکە وردبوویەوە. پێی سەیر بوو کە بۆچی دەبێ ئەوهەموو خەڵکە لە بەر سێ نەفەردا ئاوا رەق و تەق راوەستن. هەوڵی دا بە ئەزمونی خۆی لێکی بداتەوە. بیری ماڵی خۆیان کەوتەوە کاتێک باوکی دەهاتەوە، لەبەری هەڵدەستان. زانی ئەمەش جۆرێک رێزلێگرتنە. رەسوڵ کە تەواو چووبووە جیهانی خۆیەوە، درێژەی بە قسەکانی دا:

- "بۆ ئەوەی بنەماڵەیەکی خۆشبەخت بین، دەبێ بزانین لە چ وڵاتێک دەژین. دەبێ لە مێژوومان ئاگادار بین. وەک دەڵێن رابردوو رووناکی بەخشی رێگای داهاتووە! دەبێ بزانین ئیستا کە من و تۆ ئاوا بە دوور لە هەر چەشنە مەترسییەک دەژین، چ قارەمانەتییەک لە پشتیدا راوەستاوە. پیاوێکی وەک ئەم و بە هەزاران قارەمان و پیاوی دیکەی ئازا، ژیان و سەروماڵی خۆیان لەم پێناوەدا داناوە. ئەوان ئەمەیان کرد بۆ ئەوەی ئێمە خۆشبەخت بین، ئێمەیش دەبێ ئەوان لەبیر نەکەین. جا لەبەر ئەمەیە من ئەم وێنانە هەمیشە لە گەڵ خۆم هەڵدەگرم و لە دیواری ماڵەکەمی دەدەم. لێرەوە هەروەها تێدەگەم کە دەبێ بزانم منیش وەک ئەوان ئەرکێکم لە سەرشانە، ئەرکی پاراستنی وڵات و خۆشگوزەرانییەکەی!"

سەڵتەن کتوپڕ بیری کردەوە ئەو مەنجەڵە ئاوەی لە حەوشە سەر ئاگری خستبوو، ئیستا ئیتر ئاوی تیا نەماوەو جل شوردنەکەی پەکی دەکەوێ. رەسوڵ خەریک بوو لە درێژەدا باسی ئەوە بکا چلۆن رەزاشا لە کەسێکی گومناو و

نەناسیاوەوە بە پاشایەتی وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران گەیشت، کە سەڵتەن بە پەلە و خێرا بە بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک دەرپەڕییە دەرەوە. رەسوڵ لە پشت پەنجەرەکەوە ئاگای لێ بوو چلۆن سەڵتەن بە پەرۆشەوە دار و چیلکەی تری بە دەم ئاورەکەوە داو چلۆن بە تەنەکە، ئاوی دیکەی کردە ناو مەنجەڵەکەوە. رەسوڵ لە بەرخۆیەوە بیری کردەوە کە "مرۆڤە گەورەکانی مێژوو هەمیشە بە نەناسیاوی بۆ خەڵکی دەمێننەوە!"

دیسان هەر لە یەکەم رۆژەکانی دوای زەماوەندەکەی بوو کە رەسوڵ بیری لەوە کردبووەوە وەک یەکەم بنەماڵەی ناو ئەم شارە بچووکە "کەشفی حیجاب" بکا و سەڵتەنی ژنی بگۆڕێ. بۆیە زۆر خێرا و بە پەلە چووبوو بۆ سەفەر و لە گەڵ خۆی کڵاوێکی ژنانەی فەرەنگی، پاڵتویەکی درێژ، هەروەها دامەن و بلوزێکی لە گەڵ خۆی هێنابووەوە. سەڵتەن بە بینینی دیارییەکان یەکجار خۆشحاڵ بووبوو، بەڵام دوای ئەوەی زانی چییە، تەواو پەشۆکا. رەسوڵ سەرەتا ویستی بە لێکدانەوەی ئەو وێنەیەی بە دیوارەکەوە بوو و تێیدا ژنی رەزاشا بە پاڵتویەکی درێژەوە لە ناو سەیارەیکدا دەستی لە خەڵکی رادەوەشاند، ورە بداتە بەر ژنەکەی. رەسوڵ باسی دواکەوتوویی ژنانی ئەو سەردەمەی کرد. ئەو ژنانەی تەنیا لە ماڵەوە بوون و دەرفەت و رێگای چوونە دەرەوەیان نەدەدرایە. ئەو ژنانەی کە تەنیا بۆ ناو ماڵ دروست کرابوون. سەڵتەن ئەمجارە هەڵنەستایە سەرپێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەم سەیری وێنەکە بکا و هەم گوێ لە مێردە عەجاییەکەی راگرێ. تەنیا بە دانیشتنەوە لە کاتێکدا لەم دیارییە سەیرانەی دەڕوانی، بەو ئاکامە گەیشت گەر ئاگای لە خۆی و ماڵ و حاڵی نەبێ و فکرێکی بۆ نەکا، دەبن بە قەشمەجاڕی خەڵکی. بە وردی لە مێردەکەی ڕووانی، لە باڵای بەرزی، لە شێوەی قسەکردنی بەرز و مەحکەم و یەکجار پیاوانەی. لە شانی راستی کە هەمیشە تەکانێکی بە ئاستەمی خۆبەخۆی تیا

بوو. وەک بڵێی شتێک مێردەکەی ئەزییەت دەکا. شتێک وەک مێروولە کە بە ناو شاندا سەردەکەوێ و تۆیش دەرفەتی ئەوەت نیە کە جل و بەرگەکەت داکەنیت و مێروولەکە لە کۆڵ خۆت کەیتەوە. یان رەنگە شوێنەکەی، شوێنی خۆ رووت کردنەوە نیە. تەکانێک وەک دەسپێکردنی کارێکی گەورە کە قەت دەست پێناکرێ. سەڵتەن نازانێ بۆ، بەڵام کتوپڕ هەستێکی بەزەیی سەیر بەرامبەر بە مێردەکەی دایگرتبوو. زانی گەر ئاگای لێ نەبێ، بەوە نیە باڵای بەرز و دەنگی یەکجار نێرانەیە، بەڵام یەکجار داماوە و ئەم داماوییەی کاری دەداتە دەست. هەر ئەو رۆژە بە دەم دەست لێدانی بەردەوام و نەخوازراوانەی شەبقە ژنانە فەرەنگییەکەیەوە، بڕیاری دا کۆتایی بەم شێوازە لە ماڵەکەیدا بێنێ. بەڵام خێرا و دەستبەجێ ئەمەی نەکرد، راوەستا تا یەکەم منداڵیان پێ بنێتە دنیاوە.

شتێک کە دوای ماوەیەک سەرنجی سەڵتەنی راکێشا، ئەوە بوو کە مێردەکەی یەکجار شەرمن بوو. ئەوەندە شەرمن کە جاری وابوو ترسنۆکی دەنواند. هەستی دەکرد لە نێوان باڵای بەرز و قەڵافەتی پیاوانە و یەکجار سامبەخشێنەری رەسوڵ و دڵ و دەروون و رۆحیاتی، جیاوازییەکی فراوان هەیە. خەڵکی ئەمەیان نەدەزانی، چونکە رەسوڵ زۆر تێکەڵ بە خەڵکی نەدەبوو و لە گەڵیان نەدەدوا. سەڵتەن، هەم لەم حاڵەتە ترسا و هەم بە غەنیمەتی زانی. بە غەنیمەتی زانی چونکە دەبووە هۆی ئەوەی خەڵکی قەت مێردەکەی نەناسن و، لێی دەترسا چونەک پێی وابوو سەرئەنجام رۆژێک دەردەکەوێ و راستی بۆ خەڵکی ئاشکرا دەبێ. جا درەنگ و زوو کەوتبوو.

سەڵتەن دوای قسەکانی مێردەکەی، بە ئارامی جل و بەرگە نوێیەکانی پێچابووەوەو لە یەغانە جوان و قەدیمییەکەی خنیبوو. بۆ ئەوەی بە بۆن خۆشی بمێننەوەو دەستی زەمەن بەدبۆنیان نەکا، گوڵە مێخەکیشی تێوە پێچابوون. ئیدی تەنیا

بە رێکەوت نەبایە سەری ئەم جل و بەرگانەی نەدەدایەوە. رەسوڵ باڵابەرزیش دوای ئەو رۆژە ئیتر قەت باسی جلی مۆدێرنی نەکردەوە. جل و بەرگەکان کە تۆزی رێگایان بە ئاستەم لێ نیشتبوو، هەر بەم تۆزەوە چوونە خەوێکی چەندین و چەندین ساڵەوە. سەڵتەن هەر بەمە رەزایەتی نەدا. دوای چەند مانگ کە بوون بە خاوەنی یەکەم منداڵیان، ئەوەندەی پێ نەچوو رۆژێک لە کاتی هاتنەوە ماڵدا رەسوڵ بینی کە وێنەکانی چیدیکە بە دیوارەکانەوە نەماون. سەرەتا بە قەڵافەتی بەرز و هەیکەلی گەورەیەوە ماوەیەک لە ناو ژوورەکەدا راوەستابوو. دەیزانی کە رەزاشا لە بەرامبەر تورەبوونەکانی ژنی یەکەمیدا گەلێک بە حەوسەلە بووە. پیاوێکی گەورە کە خۆی بە شتی بچووکەوە خەریک نەدەکرد. بەڵام رەسوڵ ئیستا باش دەیزانی کە بوونی وەها کەسێک لە ماڵدا یانی چی. رەسوڵ بیری لە شەرەگەورەکانی رەزاشا لە دەرەوەی ماڵدا کردەوە، ئەو شەرانەی کە نەیاندەهێشت ناکۆکییەکانی نێو ماڵ ببن بە شەر،... شەرێک وەک شەرەکانی دەرەوە. کەمتر سەردارێکی لێهاتوو و براوە لە دووبەرەدا شەری کردووە. رەسوڵ یەکجار لەوە دڵنیا بوو کە هۆکاری شکانی هیتلەر ئەمە بوو. هیتلەر پیاوێکی ئاقڵ نەبوو. هەم پەلاماری رۆژئاوای ئەورووپای دا و هەم پەلاماری رۆژهەڵات. گەورەیی رەزاشا لەوەدا بوو کە لە دووبەرەدا شەری نەکرد. هەربۆیە سەرئەنجام توانی شەر بباتەوە و وڵاتێک بە ناوی ئێران بکا بەو وڵاتەی کە ئیستا لە سەر نەخشەی دونیادا هەیە. رەسوڵ تەنانەت قەت لە ژنەکەی نەپرسییەوە کە داخۆ وێنەکانی لە کوێ داناوە. پێویست نەبوو پرسیار بکا. دەیزانی لە ناو یەغانەکە لە تەنیشت، یاخود لە سەر جل و بەرگەکانن. لە بەر خۆیەوە گوتبووی: "گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە لەوێ لە ناو یەغانەکەدا هەر هەن و هەر دەژین. ئەم شتانە قەت نافەوتێن. رۆژێک لە بنی یەغانەوە دێنە دەر و دەچنەوە سەر جێگای خۆیان!" لە دوای ئەم بیرە، ئارام جل و

بەرگەکانی داکەندبوو و دوای نان و چاخواردن لەو گەرما بێبەزەییەدا، کەمێک خەوتبوو. ئەو عەسرە خەونی بە باوەگەورەوە بینیبوو. لە خەویدا باوەگەورەی دەبینی کە لە گەڵ چەتەکان بە لاپاڵێکدا خەریکی سەرکەوتنن. چەتەکان کە ماندوو بووبوون، هەوڵیان دەدا بە گاڵتە پێکردنی باوەگەورەی، تۆزێک حەسانەوەیەکی رۆحی بۆ خۆیان دروست بکەن. یەکیان دەستی بە عەباکەیەوە گرت و لە خوا پرسیاری کرد کە نەدەکرا لە جیاتی ئەم پیاوە مۆن و گرژ و تەبیعەت توونده بەم عابا درێژەیەوە، کەرێکی رەشی کورتان نەرمی دروست کردبایە، وەها کە ئەو ئیستا دەیتوانی سواری بێ و لەم سەرەوژوورییە نەگبەتە نەجاتی بایە. بەم حاڵەتە هەموو چەتەکان کەوتنە پێکەنین. بەڵام باوەگەورە خۆی گرژ نەکرد. لەم کاتەدا سەری هەڵبڕی و لە ئاسمان و لە ئاسۆی روانیبوو. لەوێ هەورێک خەریکی حەشاردانی هەتاوی ئێوارە بوو، بەڵام لەوە گچکەتر بوو کە بتوانێ. رەسوڵ کە بە ئاگاهات، هەموو دەوری گەردنی ئارەق بوو. دەستی برد، لە دۆلکە ئاوەکە کەمێکی خواردەوە. دڵنیا لەوەی هیچ پەڵە هەورێکی بچوک ناتوانێ هەتاو ون کا، بە بزەوە چوو سەروچاوی شۆرد و لە حەوشە لە بن سێبەری دارتووەکەدا چایەکی خواردەوەو دوواتر چووە دەرەوە.

ئەو رۆژە رۆژێکی جوانی هاوینی بوو کە هێشتا تەواو مەیلی فێنکیی ئێوارانی نەبوو. رەسوڵ بە نیازی سەردانی هیچ شوێنێک نەبوو. ئیستا ئیدی شارەبانیی وەک شوێنێکی دیکە دەبینی. شوێنێک کە تەنیا ناوی شارەبانی بوو. دەیزانی کە هەمیشە کەسانی وەک ئەم رەیس شارەبانییە بوونەتە هۆی کەوتنی پیاوە مەزنەکان. چاریش نیە. ئەمانە لە هەموو شوێنێک هەن. پیاو کە بۆخۆی ویژدانی نەبوو و هەستی بە بەرپرسیارەتی نەکرد، هیچ کەسێک تەنانەت خوداش ناتوانێ بەری پێبگرێ. بێخود نیە خودا شتێکی بە ناوی ئەخلاق داناوە. پیاوە بچووکەکان

هەمیشە رقیان لە پیاوە گەورەکانە و بۆیە هەمیشە لە دەرفەت دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیانخەن. جا هەر کامە و بە شێوازی خۆی. بێگومان گەر سوپای ئێران لە کاتی هێرشی رووس و ئینگلیزدا شەڕیان کردبا، رەزاشا ئاوای بەسەر نەدەهات. سەردارەکانی رقیان لێی بوو، چونکە بچوک چاوی بە گەورە هەڵنایە. رەسوڵ حەسرەتێکی گەورە لە دڵیا بوو کە بۆچی لەوسەردەمەدا نەژیابوو. قەدو باڵا و دڵ و دەروونی ئەم بۆ ئەو کاتە و هی ئەو کاتە بوو، نەک ئیستا! ئەو دەبا لە یەکێک لەم وێنانەدا بایە کە ئیستا لە ناو یەغانەکەدان. سەری هەڵبڕی و سەیری شاخەکەی بەرامبەری کرد. ئاربەبا. چەند کێوێکی جوان بوو! بێگومان دایکی رەزاشا کاتێک لە مازندەرانەوە چووە بۆ تاران لە کێوێکی لەم چەشنەی داوە. ئەو کێوەی کە خەریک بوو رێبەرێکی مەزن بۆ هەمیشە لە وڵات بستێنێ. کێ دەزانێ چارەنووس چی بە دەستەوەیە! پیاو لە سەرە مەرگ دەگەڕێتەوە و دواتر دەبێ بە مێژوو. دونیا چ سەیرە. بەڵام رەسوڵ هەست دەکا ئەم شتە سەیرانە زۆر لە ژیانی ئەودا روو نادەن. ئەمیش یەکجار حەزی بەوە بوو کە ببێ بە سوپایی،... بە سەربازێکی وڵات، بەڵام قەت نەبوو. لە جیاتی ئەوە لە ئیدارەی سەبت و ئەحواڵەوە سەری دەردێنا. بۆ خۆیشی نازانێ چۆن و بۆ. رقی لە ئیدارەکەیەتی. کاتیك لە پشت مێزەکەی دادەنیشی، ئەوەندە بەرزترە کە رقی لە خۆیەتی. ئەو دەبا لە سەر پشتی ئەسپ دانیشتبا، نەک لە سەر کورسی و لە پشت مێز. قەڵافەتی ئەو هی مەیدانی شەڕ و هی حیلەو نرکەی ئەسپە هەڵچووەکان بوو. سیمای ئەو دەبا بۆنی دووکەڵ و باڕووتی تفەنگی لێوە هاتبا. ئاخ ژیان چەند هەندێک جار بێ رەحمە!

لە مەیدانی ناوشار تێپەڕیبوو. دووکاندارەکان دووکانەکانیان کردبووەوە بە کەسابەت و مەعامەلەوە سەرقاڵ بوون. دێهاتییەکان بەرە بەرە بە تەمای گەڕانەوە بۆ ئاواییەکانیان بوون. جیپ و لەندوێرە کۆنەکان لە مەیدانێکی بچوکی تەنیشتی

یەکێک لە مزگەوتەکان خەریکی بارکردنی بار و بنەی ئەوان بوون. رەسول بیری لە لادێیەکان کردەوە. لە ژیانیان و لە سیمایان. ئەو مرۆڤانەی وا هەمیشە بۆنی ئارەقەیان دەدا. بۆنی گیا، بۆنی دەشت و بۆنی کێو و مەڕ و ماڵات. رەسوڵ رقی لێیان نەبوو، چونکە رەزاشایش کوڕە فەقیر و هەتیو بوو. بەڵام رەسوڵ رقی لەوە بوو کە ئەوان ئیستا زۆر ئاگایان لەو پیاوە مەزنە نەبوو. بێگومان ئەمانە قەت وێنەکانی ناو یەغانەکەیان نەبینیبوو. رەسوڵ ئەفسووس و حەسرەتێکی سەیر دایگرت. لە مەیدانەکەی شارەوە بایدایەوەو بەرەو سەیرانگای داوێنی چیای بەرامبەر خانووەکەی وەڕێکەوت. لەوێ چایخانەیەکی خۆشی لێبوو. چایخانەیەک کە بە سەر شاردا دەیڕوانی و دیمەنێکی یەکجار خۆشی هەبوو. بە دەم رێگاوە بە سەر سەرەژووریەکەوە کتوپڕ بزەیەک دایگرت. جاری وایە مرۆڤ دەبێ واز لە بیرەکان بێنێ. تەنانەت بیرە مەزنەکانیش!

## براکان

کەیوان خاوەنی دوو برا بوو. هەردووکیان لە خۆی گەورەتر. ئازادی برا گەورەی هەموویان خەریکی خوێندنی دواساڵی دەبیرستان بوو. گەنجێکی باڵابەرزی سمێڵ رەش کە ئەگەرچی زۆر حەزی بە دەرس خوێندن نەبوو، بەڵام هیچ ساڵێکیش لە مەکتەب نەمابوویەوە. بە نمرەی مامناوەندی هەموو ساڵەکانی خوێندنی تێپەڕکردبوو. ئیستایش کە لە دواساڵەکانی خوێندنیدا بوو، هەر وەک جاران بە بێ هیچ چەشنە نیگەرانییەکی تایبەت خەریکی تێپەڕینی قوتابخانە بوو. رسوڵ باڵابەرزی باوکیان ئەگەرچی پیاوێکی کات ناس و بە دیسیپلین بوو و لە دەرەوە لە بەرچاوی خەڵکیدا گرژو توند دەینواند، بەڵام هیچ کاتێک سەبارەت بە دەرس و دەور، زەبری بە سەر منداڵەکانییەوە نەبوو. تەنیا زۆر ئارام و بە بێ هیچ پەلە و دەنگ حەوادانێک باسی باشییەکانی دەرس خوێندنی بۆ دەکردن. دەیگوت پیاوە گەورەکانی جیهان هەر هەموویان خوێندەوار، یان بیرکەرەوەیەکی باش بوون.

ئەو ئەم پیاوانەی بە دوو بەش دابەش دەکرد: بەشی یەکەم ئەوانەی کە بۆخۆیان خوێندەواری چاک بوون و، بەشی دووهەم ئەوانەی گرنگییان بە خوێندن دەدا. ئەم دەستەیە ئەگەرچی نەیانتوانیووە لە بەهرەی خوێندن وەک دەستەی یەکەم بەهرەمەند بن، بەڵام بیرتیژ بوونە و بە کارەکانیان رێگایان بۆ کەسانی دیکە خۆش کردووە. نموونەی زەق و بەرچاوی ئەم جۆرە کەسانەیشی بە رەزاشا دەزانی. ئەو پیاوەی کە سیستەمی خوێندنی لە وڵات چێکرد و بەم شێوەیە دەرفەت بۆ بە میلیۆن مرۆڤ رەخسا بۆ ئەوەی بخوێنن. دەیگوت ئەگەرچی ئێمە ناتوانین وەک ئەومان لێ بێت، بەڵام بە کەڵکی باش وەرگرتن لە کارەکانی دەتوانین لەم پرۆسە گەورەیەی ئەودا بەشداری بکەین. رەسوڵ باسی شارەکانی دیکەی بۆ منداڵەکانی دەکرد. ئەو شارانەی وا زانکۆی لێبوو و دەکرا لەوێ وەک خوێندکار درێژە بە خوێندن بدەن. شەوانە دوای نان خواردن زۆرجار رەسوڵ باسی ئەمەی بۆ دەکردن. تەلەفزیۆنەکەیش بە بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی جۆراوجۆر، بە وێنە و دەنگ ئەوێی نیشان دەدان. ئازاد یەکجار حەزی لەوە بوو کە رۆژێک روو لەوێ بکات. بینینی ئەو کچە شۆخانەی ناو تەلەفزیۆن تەواو دنەی دەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر تاقەتی دەرس خویندنی نەبوو. ئازاد زۆرتر بە لای گۆرانیەکانەوە دادەنیشت و سەیری سەمای ئەو کچە جوانانەی دەکرد کە پیاو لە بینینیان تێر نەدەبوو. هەوڵی دەدا وەک گۆرانی بێژە پیاوەکان خۆی برازێنێتەوە، بنە ردێنێکی قەڵەمی بە قژێکی تایبەتەوە و بە شەڵوار و کراسەوە. کەمتر گەنجی شار رووی ئەوەی هەبوو کە لەم شەڵوارانە لە بەر بکا. ئازاد لە قسە و تانە و تەشەری خەڵک نەدەترسا. ئەسڵەن کەس نەیدەوێرا تانەو تەشەری لێبدا. باڵای بەرز و هەیکەلی رەشید و جوان و پیاوانەی ئەو ئیزن و جورئەتەی بە کەس نەدەدا. ئێواران خۆی جوان دەکرد و دەچوو بۆ کۆڵان گەڕی. ئێوارانی ئەم شارە لە کاتی بەهار و هاوین و بەشێکی

پاییزدا، خۆشترین کاتەکانی ژیان بوون. هەرچی کچی جوان بوو دەهاتنە دەرەوەو لەبەر دەرگای ماڵی خۆیاندا رادەوەستان. ئازاد تا پێی بکرایە هەموو گەڕەکەکانی بەسەر دەکردەوە. دەیزانی کوێ کچی جوانی لێیە! لە کاتی تێپەڕینیشدا تەنیا تێدەپەڕی. لێدەگەڕا تەنیا ئەوان سەیری ئەم بکەن. دەیزانی کە گەلێک لەوان خوازیاری ئەمن. نیگاکان هەموو شتێکیان دەگوت. رەسوڵ بە جوانی ئاگای لە کوڕەکەی بوو. ئەگەرچی لە شێوەی دەرس خوێندنی زۆر رازی نەبوو، بەڵام کە دەیبینی کوڕەکەی لە کوڕی شارە گەورەکان دەکا و جیاوازیی هەیە لە گەڵ ئەوانی دی لەم شارە بچوکەدا، خۆشحاڵ دەبوو. دەیزانی زۆر لە خۆی دەچێ، چ لە رواڵەت و هەیکەل دا و چ لە شێوەی جل و بەرگ لەبەر کردنیدا. تەنیا دوو شت لەوی جیا دەکردەوە: مۆدێلی قژی و ئەوەی کە ئاگای لە رەزاشا نەبوو. رەسوڵ زۆرجار هەوڵی دابوو بە بیانوی کتێبی مێژوو سەری ئەم باسە بکاتەوە. کتێبی مێژووی کوڕەکەی دەهێنا و رێک ئەو بەشەی دەکردەوە کە پێوەندی بەم باسەوە هەبوو، ئەوسا لێی دەدوا. بە حەماسەت و حەزو شەوقێکی سەیرەوە باسی دەکرد. ئازاد گوێی دەگرت، بەلام تەنیا چاوەکانی لەوێ بوون. ئازاد لە شوێنێکی دیکە بوو. زەینی لای گۆرانی و لای کۆڵانەکانی شار بوو. رەسوڵ باڵابەرز ئیدی بەرەبەرە وازی لەم کارە هێنا و بە شەوقەوە بوو بە چاوەدێرێک کە حەزی دەکرد سەرئەنجامی ژیانی کوڕەکەی بێتە دەست. دڵنیابوو لەوەی کە ئازاد تازە جۆرێکی دیکەیە، لەو جۆرەی رەزاشا خەونی پێوە دەبینی. بە دەم ئەم خەیاڵەوە بزەیەک دایدەگرت و دەچووە حەوشێ و لە کاتێکدا لە ئاوی حەوزەکەی دەڕوانی، سوپاسی مێژوو و پیاوەمەزنەکەی دەکرد!

ئازاد تەنیا بەمەوە سەرقاڵ نەبوو. فیلمە کاوبۆییەکانی دوانیوەڕۆیان، فیلمی "زۆرۆ" و ئەو فیلمە پۆلیسیانەی کە شەوانە بڵاو دەبوونەوە، تەواو سەرنجی

رادەکێشان. عەشق و ئازایەتی، دوو واتای یەکجار سیحراوی بوون کە لەم فیلمانەدا پیشان دەدران. ئاشقی ئەو پیاوانەی بوو کە لە عەینی خۆشەویستیی لە رادەبەدەریان بۆ خۆشەویستەکەیان، گەلێک بۆیان ئاسان بوو کە بەدەم مەرگ و رووداوە ترسناکەکانەوە بچن. ئازاد نەیدەزانی لای ئەم جۆرە کەسانە عەشق گەورەترە یان ئازایەتی. جیاکردنەوەی گەلێک زەحمەت بوو. یان رەنگە هەردووکیان وەک یەک وابوون. عەشق بۆ کچێک، تۆی بەرەو ئەوە بانگ دەکرد کە تەنیا بۆ ئەو کچە بمێنیتەوە و بژی و، حەزەربکەی لە هەموو ئەو شتانەی کە رەنگە دەبوونە هۆی لە ناوچوونت و، ئازایەتیش بەرەو گەمەی نێوان ژیان و مەرگ بانگهێشتی دەکردی، گەمەیەک کە دەکرا بە مەرگ کۆتایی بێت. بەڵام بە خۆشییەوە فیلمەکان وەها بوون کە هەمیشە مەرگ دەدۆڕاو ئازایەتی بە بردنەوەی ژیان دەگەڕایەوە لای عەشق. چ چیرۆککگەلێکی خۆش و سەرنج راکێش و رۆمانسی بوون. بە بینینی ئەم فیلمانە ئازاد رۆح و جەستەی پڕ دەبوو لە عەشق و ئازایەتی و ئومێد. خەونێک دەیبرد. خەونێک کە بە جۆرێک لە خەونی باوکیشی دەکرد. رەسوڵ باڵابەرز ئەم تایبەتمەندییانەی لە کوڕەکەیدا بە جوانی دەبینی. دەیزانی کە لەمەشدا لە خۆی دەچێ. تەنیا دەبا راوەستابا بۆ ئەوەی کوڕەکەی کەمێک گەورەتر بایە بۆ ئەوەی لە باوکی تێبگا و بۆ مێژوو بگەڕێتەوە. رەسوڵ دڵنیا بوو لەوەی کە داهاتووش هەر هی پیاوە مەزنەکانە. ئەسڵەن پێی وابوو بە بێ پیاوە گەورەکان ژیان لە بنەڕەتدا بێ مانایە. ئەوە ئەوانن کە مانا بە ژیان دەدەن. لەم کاتانەدا بە هێنانەوەی بەڵگەیەک کەمێک دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە و دەیگوت: "رەنگە گوناحی کات و زەمەن بێت. هیچ شتێک وەک کات نیە، بەرەبەرە شت لە بیر پیاو دەباتەوە. بەڵام هەر کاتیشە کە پیاو ناچار دەکا بۆ زەمەن بگەڕێتەوە. کە تەمەن دەچێتە سەر، رابردوو زیاتر خۆی دەنوێنێ!"

ئازاد لە گەڵ براکەی دیکەی کە ناوی "باقی" بوو پێکەوە لە ژوورێک دا دەژیان. رەسوڵ لەم دوواییانەدا دوو تەختی بۆ کڕیبوون. ژوورێکی گەورەی گەنجانە کە دیوارەکانی پڕی وینەی جوراوجۆر بوون. دیوارەکەی تەنیشت تەختەکەی ئازاد پڕ لە وێنەی ئەو ئەکتەرانەی بوون کە لە تەلەفزیۆنەوە نیشان دەدران. هەروەها گۆرانی بێژەکان. زەبتێکیش لە سەر مێزێکی گچکەی نێوانی دوو تەختی خەوەکە. لە چەمەدانێکی ژێر تەختەکەی ئازاددا ئەو نامانەی کەڵەکە کرابوون کە بەرهەمی کۆڵان گەڕییەکانی چەندین ساڵ بوون. چەمەدانەکە قفڵێکی پێوە بوو. نامەکانی خۆی و نامەکانی ئەوان. ئەو نامانەی کە قەت نەنێردرابوون و ئەو نامانەی کە هاتبوون و فەرامۆش کرابوون و، سەرئەنجام ئەو نامانەی کە لە بیردا دەمانەوە. ئازاد گەلێک جار دادەنیشت و بە شەو یان بە رۆژ کاتێک خەون و خەیاڵ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دەیبردوە، سەیری نامەکانی دەکرد. نامە خەت خۆش و ناخۆشەکان. نامە نیوەڕۆک سادەکان. ئەو نامانەی کە دەڵێی یەک نەفەر نوسیبوونی. ئەگەرچی هێشتا زۆر گەنج بوو، بەڵام جاری وابوو بیری لەو تەمەنەی دەکردەوە کە چیدی نەیدەتوانی ئەم نامانە بە خۆیەوە ببینێ. چ تەمەنێکی ناخۆش و دژوار و بێ مانا! لەم کاتانەدا بیری باوکی دەکردەوە. چلۆن دەژێ؟ چلۆن کاتەکانی تەمەنی تێپەر دەکا؟ یان بیری دایکی. بەڵام دایکی جۆرێکی دیکە بوو. ژنێک کە تەنیا بیری لە ژیانی راستەقینە دەکردەوە. دایکێک کە یەکجار بە ژیانی ناو ماڵ و مێرد و منداڵییەوە سەرقاڵ بوو. ئازاد بڕوای نەدەکرد بۆ جارێکیش بووبێت تەنانەت لە تەمەنی گەنجیەتیشدا، دایکی بیری لە رۆمانسیەت کردبێتەوە. ئەم ژنە ئەندام رێکە چاوکاڵە کە دەکرا بە دەیان کوڕ بۆی بمرن، تەنانەت بۆ جارێکیش بیری لەم شتانە نەدەکردەوە. دایکی ئەسڵەن تاقەتی سەیرکردنی تەلەفزیۆنی نەبوو. هەمیشە شتێکی ناو ماڵ یاخود منداڵ و مێردەکەی هەبوو کە خۆی پێوە سەرقاڵ کا. کە

منداڵەکان زۆر بە دیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشتن، تورە دەبوو و هەوڵی دەدا بە دۆزینەوەی کارێکی ناو ماڵ لە بەر تەلەفزیۆنەکە دووریان بخاتەوە. لەم کاتانەدا هەمیشە دەبووە دەمەقاڵە. رەسوڵ تەحەمولی ئەمەی نەدەکرد، یان دەچووە ژوورەکەی دیکە، یان حەوشێ و بە دیار حەوزی ئاوەکەوە ماوەیەکی بەسەردەبرد. لەم ساڵانەی دواییشدا کە باوکی هێنابووە لای خۆی، دەرفەتی ئەوەی پەیدا کردبوو کە بە بوونی هاودەمێکی دیکە لە ماڵدا جیهانێکی دیکە بۆ خۆی چێبکا. باوکی ئەگەرچی پیاوێکی کەم دوو بوو، بەڵام گوێگرێکی باش بوو.

ئازاد زۆر حەزی لە باوەگەورەی نەبوو. پێی وابوو زیاد لە رادە لە بیری جاراندایە و زیاد لە رادەیش لە دڵەراوکێدا دەژی. باوەگەورەی نەیدەتوانی ئەو هەموو ئومێد و گۆڕانکاریانە ببینێ کە لە دەرەوە، دونیای تەواو بە لایەکی دیکەدا خستبوو. باوەگەورەی هێشتا چەتەکان هەر لەبەر چاویدا بوون. دەیگوت ئەم وڵاتە ئەوەندە پان و بەرینە کە بتوانێ جارێکی دیکە لەم جۆرە کەسانە لە خۆیدا حەشار بداتەوە. لەمەدا باوەگەورە خۆی لە کوڕەکەی و کوڕی کوڕەکەی جیا دەکردەوە. دەیگوت تەنیا شتێک کە لەم دونیایەدا زۆر لێی دڵنیام گۆچانەکەی دەستمە. تەنیا شتێکە کە دەتوانم دڵنیابم لەوەی کە یارمەتی هەستان و راوەستانم دەدا. ئازاد پێکەنینی دەهاتێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا بیری دەکردەوە گەر باوەگەورەی بیتوانیبایە وەک ئەم ئاشق بێتەوە و کۆڵانگەڕی بکا، بێ گومان ژیان لە بەرچاویدا جۆرێکی دیکەی لێدەهات.

رەسوڵ بالابەرز لەو پیاوانەی نەبوو لە منداڵی بدات. هەربۆیە منداڵەکانی لە ترسی لێدان بەری بوون. جورئەت و رەقیی دایکیشیان لە لایەکی ترەوە کاریگەریی لە سەردانابوون، وەها کە ئەوانیش جۆرێک لە ئازایەتیان تێدا بوو. یەکەم جار کە ئازاد بە منداڵی لە گەڕەک بە توش شەڕەوە بوو، زۆر ئاسان توانی بە سەر

دۆخەکەدا زاڵ بێت و لە منداڵەکەی بەرامبەری بدات. قەڵافەتی کەمێک بەرزتر و یەکەم شەڕی سەرکەوتووانەی بە تەواوی وێنەیەکی دیکەی لە دەروونی منداڵانی گەڕەکدا جێگیر کرد. هەموو لێی دەترسان. ئەم ترسە بەرەبەرە کۆڵانە و کۆڵان رۆیشت و ئیتر ئازاد بوو بە یەکێک لە کوڕەکانی شار کە حسێبیان لە سەر دەکرد. دواتر چەند شەڕێکی دیکە لە گەڵ چەند شەقاوەی گەڕەکەکانی تر، تەواو دۆخەکەی بۆ سەقامگیرکرد. کوڕێکی ئاشق پیشەی ئازا کە رەسوڵی باوکی نەیدەزانی کە سەرئەنجام کامیان دەبێ بە خەسڵەتی سەرەکیی کوڕەکەی. رەسوڵ بە ئەزموونی خۆی دەیزانی هەر مرۆڤێک لەم دونیایەدا تەنیا یەک خەسڵەتی بەرجەستە و بەرچاوی هەیە، خەسڵەتێک کە ئەوانی دیکە دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. رەسوڵ لەوە دەترسا کە ئاشق پیشەیی کوڕەکەی سەرئەنجام لە تەمەنی گەورەتردا بێتە هۆی ئەوەی خانم بازی لێ دەربچێ و، ئازایەتیش ببێتە هۆی شەقاوە بوونی. رەسوڵ بە دڵەراوکێیەوە سەیری گەورەبوونی ئازادی دەکرد. رەزاشایش پیاوێکی بە جەربەزە و ئازا و نەترس بووە، بەڵام ئەم نەترسییە رێگای راستەقینە و شیاوی خۆی دۆزیبووەوە کردبووی بەو پیاو مەزنەی ناو مێژوو. رەسوڵ زۆر جاران حەزی دەکرد بارودۆخی وڵات جارێکی تر وەهای لێ بێت کە رێگا بۆ پیاوە مەزنەکانی دیکە خۆش بکات، کە رەنگە یەکێک لەوان کوڕەکەی خۆی دەبوو. ژیان ئەوەندەش ئارام و بێ قڕە و دەردەسەر بێت، دەکرێ خۆی ببێتە دەردەسەر و مرۆڤەکان دوچاری نەهامەتی و بەدبەختی و سەرلێشێواوی بکات! رەسوڵ جاری وابوو بەو ئاکامە دەگەیشت کە ئازایەتی لە دۆخی ئارامدا دەبێ بە بەڵا بۆ ژیانی خاوەنەکەی. بەڵام چلۆن دەکرا دونیا جارێکی تر وەهای لێ هاتبا کە وەک سەردەمی رەزاشا پێویستیی بە گەورەپیاوێکی دیکە هەبا؟ مەگەر رەزاشا بۆ خۆی ئەم دونیایەی ئێستای لە دڵ و دەروونندا نەبوو؟ مەگەر ئەم ژیانەی ئێستا بەرهەمی خەونی رەزاشا

نەبوو؟ لێرەدا ئیتر رەسوڵ دەگەیشتە قەراغ و سەر پێچێکی وەها، کە تێیدا دەمایەوە. سەرێکی بادەدا و بیری لە ئاڵۆزیی مرۆڤ دەکردەوە.

ئازاد کاتێک بچوک یاخود مێرمنداڵ بوو لە گەڵ باوکی دەچوو بۆ سەرچاککردن. سەرتاشخانەکە لە پاساژێکدا بوو لە نزیک مەیدانی ناوەڕاستی شاردا. کە دەچوون، سەرتاشەکە لە کاتێکدا سەری بۆ ئەم و براکەی و باوکی چاک دەکرد، بەردەوام لە گەڵ رەسوڵ باڵابەرزیش قسەی دەکرد. باسی هەموو شتێکیان دەکرد. ئازاد قەت گوێی لێنەدەگرتن. بە دونیای خۆیەوە مەشغول بوو. لەم کاتانەدا زۆرجاران لە گەڵ براکەی "باقی" دەچوونە دەرەوە و لە بەر دوکانەکە خۆیان بە شتێکەوە سەرقاڵ دەکرد،... تا نۆرەیان دەهات. ئازاد رقی لە نیگای سەرتاشەکە بوو. وا دەهاتە بەرچاو کە لە گەڵ باوکی یەکجار نێوانیان خۆش بێت. پێی سەیر بوو بۆچی لە گەڵ باوکی هات و چۆیان نیە. بەڵام باوکی بە گشتی لە گەڵ کەس هات و چۆیەکی وەهای نەبوو. پیاوێکی دوا ئەو هەموو ساڵە هێشتا غەریب لە شار، کە تەنیا بە هۆی شایی و سەرەخۆشی، یان بە هۆی کاری ئیدارییەوە هات و چۆی هەبوو. ئەمە کارێکی کردبوو کە ناوماڵەکەی هەمیشە بە جۆرێک وەک رازێک بێتە بەرچاوی خەڵکی، بەتایبەت خەڵکی گەڕەک. ناوماڵێک کە لە ماڵەکانی دیکە نەدەکرد. ماڵێک بە کەل و پەلی رێک و پێکترەوە، بە کورسی و تەختی خەو و مۆبلەوە. ئەو کورسیانەی کە بە دەوری حەوزەکەیاندا چنرابوون و دراوسێکان بە حەسرەوتەوە لێیان دەڕوانی. ئەو ماڵەی وا هەمیشە بە کاتی نیوەڕۆ و ئێوارەیاندا لە تاقە گچکە پەنجەرەی سەرکۆلانکەوە بۆنی خۆشی چێشت لە کاتی چێشت لێناندا دەهاتە دەر و منداڵانی گەڕەکی شێت دەکرد. لەم کاتانەدا هەندێک لە منداڵەکان کە ئازاتربوون یاخود وڕتربوون، لە پەنجەرەکە نزیک دەکەوتنەوەو هەوڵیان دەدا سەرنجی کەدبانووی ماڵەکە بۆ خۆیان راکێشن تا بەڵکوو شتێکیان بەرکەوێ، بەڵام

سەڵتەن لەو ژنانە نەبوو. نە پێی دەکرا جوابی ئەو هەموو منداڵە بداتەوە و نە سەری ئەوەیشی دەپژا. لێدەگەرا منداڵەکان لێی بڕوانن و تێر بۆنی چێشتی خۆش بکەن. بۆنی مریشک و گۆشتی سوورەوکراوە کە تا ئەوسەری کۆڵان جاری وابوو دەڕۆیشت.

کە کەمێک ئازاد باڵای هەڵکشا، باوکی رۆژێک بە تەنیا بۆ سەرچاکردنی نارد. پێی گوت هەمان دوکان و هەمان کەس. نیوەڕۆ بوو. نزیک ساعەتی دوانزە. باوکی گوتی ئیستا چۆڵترە و بێگومان ئەوەندەت پێ ناچێ. ئازاد بە قسەی کرد و رۆیشت. کە گەیشتە ئەوێ بینی کە هیچ مشتەرییەک لە دوکانەکەدا نیە. لە سەر کورسییەکە دانیشت. سەرتاشەکە پارچەیەکی سپیی چوارگۆشی گەورەی لە شان و سینگ و پشتی ئاڵاند و ئەوسا دەستی کرد بە سەرچاکردنی. سەرەتا هیچ نەدوا. دواتر بەرەبەرە کەوتە قسە کردن لە گەڵ ئازاد. باسی دەرس خوێندنی لێ پرسی، باسی رفیقەکانی. پرسیارەکانی جۆرێک بوون. ئازاد یان وەڵامی نەدەدایەوە، یان زۆر کورت وەڵامی دەدایەوە. ئەوسا سەرتاشەکە هاتە سەر باوکی. باسی رەسوڵ باڵابەرز. لە ئازادی پرسی باوکی کەی دەچێ بۆ حەمام و داخۆ ئەوان لە گەڵ خۆی دەبا یان نا. ئازاد دیسان کورت وەڵامی دایەوە. سەرتاشەکە پرسیاری ئەوەی کرد کە داخۆ کیسەکێش دەیانشوا یان بۆ خۆیان خۆیان دەشۆن. ئازاد گوتی کیسەکێش. باوکی هەمیشە منداڵەکانی بە کیسەکێش دەشۆرد. دواتر ئەنعامێکیشی بە کیسەکێشەکە دەدا. سەرتاشەکە ئەمەی دەزانی. چونکە لەم شارە هەموو کەس دەیزانی کە تەنیا رەسوڵ باڵابەرزە هەمیشە و هەموو جارێک بە کیسەکێش منداڵەکانی دەشوا. خەڵکی ئەمەیان کردبووە بیانوو و هەرچۆنێکیان پێ خۆشبا، لێکیان دەدایەوە. دوو کوڕەکەی رەسوڵ لە باڵادا لە باوکیان دەکرد و، لە چاو و رەنگی قژدا لە دایکیان. سەرتاشەکە پرسی کە داخۆ کیسەکێشەکە لە کاتی شۆردندا

ئازاریان نادا. ئازاد هیچی نەگوت. لەم کاتەدا سەرتاشەکە دەرگاکەی خاڵی کرد و سەرنجێکی دەرەوەی دا. پاساژەکە چۆڵ بوو. دوکاندارەکان زۆربەیان بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ روویان لە ماڵەوە کردبوو. دڵنیا لە چۆڵیی و بێدەنگیی پاساژەکە، سەرتاشەکە دەرگاکەی پێوەدا و پەردەکانی راکێشا و دایدانەوە. ئازاد، برووسکەیەک بە لەش و جەستەیدا گەڕا. بەڵام نەجوڵا. دووبارە سەرتاشەکە کەوتەوە پرسیارکردن. گوتی گەر پێی خۆش بێت ئەمجارە ئەم بۆ خۆی دەتوانێ بیشوا، بەڵام بە مەرجێک بە تەنیا بچی بۆ حەمام، ئاخر ئیتر گەورە بووەو چیدی پێویست بەوەناکا لە گەڵ باوکی بچێ، هەر وەک چۆن ئەمڕۆ بۆ خۆی هاتووە بۆ سەرچاککردن. لێرەدا مەقەست و شانەکەی دانا، پارچە سپییە چوارگۆشەکەی کردەوەو تەکاندی و لە سەر کورسییەکەی دیکەی تەنیشتی خۆی داینا. دواتر بە بڕۆسێکی نەرم وردە مووەکانی دەوری گردن و ناو گوێ و بن گوێی ئازادی رەواندوەو ئەوسا گوتی گەر بێیت دەتوانم زۆر باشت بشۆرم. من وەک کیسەکێشە زاڵمەکە نیم! لێرەدا ئیدی دەنگی تەواو گۆڕاو زیاتر لە هەناسەی دەکرد. ئەوسا دەستی بە پشتی ئازاددا هێنا. دیسان گوتی چونکا کوڕی چاکی پارەی ئەمجارەشت لێناسەنم. ئازاد کە تەواو ترسابوو، نەجوڵا. نەرمە ئارەقێکی سارد جەستەی داگرت. لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد، سەیری سەرتاشەکە کە دەیویست بە کلیل لە ناوەوە دەرگاکە دابخات. ترس لە پیاوێکی گەورەی دەم و چاو کونجاوی کە هەوەسەێکی سەیر دایگرتبوو، تەواو ئیرادە و توانای کپ کردبوو. پیاوە دەم و چاو کونجاوییەکە جارێکی تر نزیک کەوتەوە. ئەمجارە ئیتر تەواو دڵنیا لەوەی کە منداڵەکەی ترساندووەو رازی کردووە و بەر تەمەعی پوڵی خستووە، دەمی برد کە ماچی بکات. لەو بێدەنگییە کاس و کڕەی نیوەڕۆدا کە تەنانەت دەنگی وزەوزی مێشەکانی سەر جامخانەی دوکانەکەش دەبیسترا، لە سەر شەقامەوە کتوپڕ دەنگی هۆڕنی

ماشینێک هاتە گوێ. دەنگێک کە ئازادی داچڵەکاند. ئازاد کتوپڕ ڕاچەنی و دەستی برد بۆ ئەو مقەستەی لە سەر میزی نێوان خۆی و ئاوێنە گەورەکەدا بوو. ئەو مشتەرییە تازەی کە گەیشتبووە بەر دووکانی سەرتاشخانەکە، هێشتا دەستی بە دەستگیرەکەوە بوو و هەوڵی کردنەوەی دەرگاکەی نەدابوو کە هاوارێکی ترسناک لە ناو دووکانەکەوە هاتە گوێی. مقەستەکە گۆشتی ڕانی سەرتاشەکەی دڕیبوو و خوێن دەست و پانتۆڵەکەی سوور کردبوو. ئازاد بەو کلیلەی کە هێشتا بە درگاکەوە مابوو، دەرگاکەی کردەوە و بە پەلە ڕایکرد.

ڕەسوڵ لەوە بەدوا نەچووەوە بۆ ئەو دووکانە. سەربەرز لە جەسارەت و ئازایەتی کوڕەکەی، بۆ هەمیشە تەنانەت وازی لە چاک و چۆنیی سەرتاشەکەش هێنا. هەوڵی دا کە بە جۆرێک نموونەیەک لە مێژوو لە چەشنی ئەم جۆرە ڕووداوانە لە ژیانی گەورەپیاواندا ببینێتەوە. بێگومان ڕەزاشا وەک تازە سەربازێک یان خود وەک ئەفسەرێک لە ساڵەکانی سەرەتای خزمەتیدا، یان بۆ خۆی ئەم جۆرە ڕووداوانەی ئەزموون کردووە، یان بە کەسی دیکەوەی بینیووە، بەڵام قەت باسی لێ نەکردووە. ئەسڵەن ئەم جۆرە ڕووداوانە شیاوی باس کردن نین. هەرە شتە بچکۆلەکانی ژیانن! بەڵام ڕەسوڵ لە هەمان کاتدا لە دەروونەوە لە شوێنێک لە ڕۆحیدا هەستی کرد کە خەونەکانی ڕەزاشا بە ڕاستی لە بیرکراون، نەک تەنیا لە بیرکراون، بەڵکو برینداریش کراون.

ئەم ڕووداوە بۆ هەمیشە "ئازاد" ی گۆڕی. متمانە پێکراوتر بە خۆی ئەمجارە لە پیاوانیش سڵی نەدەکردەوە. جۆرێک لە هەستی لەخۆبایی بوون بوو بە بەشێک لە کەسایەتییەکەی. ئیستا ئیتر تەواو لە نێوان خۆی و منداڵانی گەڕەک دا هەستی بە جیاوازی و مەودایەکی بەرفراوان و قوڵ دەکرد. زووتر گەورە بووبوو. ڕەسوڵ کە ئەمەی بینی بیری لەوە کردەوە کە ئیدی پێویست ناکا بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێ بە

مرۆڤێکی گەورە، حەتمەن دەبێ لە رووداوە گەورەکاندا بژیت، هەر رووداوێکی بچوک دەیتوانی بۆ خاوەنەکەی رووداوێکی گەورە بێت و ببێ بە هۆی گەورەیی خاوەنەکەی لە ئاستی خۆیدا. ئیستا دەیزانی کە مەبەستی رەزاشا چی بووە. رەزاشا رێگای بۆ ئەم پیاوە گەورە ـ بچوکانە خۆش کردبوو! بێگومان ئەو رۆژەی کە لە باوەشی دایکیا بە سەر ئەو شاخە بەرزەی نێوان تاران و مازندەراندا تێپەڕیبوو و تا سەرەمەرگ چووبوو، شتێکی گەورە لە رۆح و دەروونیدا بۆ هەمیشە هێلانەی کردبوو. گەورەیی تەنیا ئیرادە نیە، بەڵکو دۆخیشە، بەختیشە. رەسوڵ ئەم دۆخە سەختەی لە ژیانی ئازاددا بینیبوو و بۆیە تەواو خۆشحاڵ بوو.

باقی، بەڵام جۆرێکی دیکە بوو. هەڵبەت ئەمیش وەک ئازاد بە دیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشت و فیلمە کاوبۆییەکان و زۆرۆ و سریاڵە پۆلیسییەکان بە تەواوی سەرنجی ئەویشی رادەکێشا، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا ئاوێتەی کتێب خوێندنەوە بوو. رەنگە یەکەمین گەنجی شار بوو کە عەینەکی لە چاو کردبوو. شەرمی دەکرد و رووی نەبوو لە چاوی بکا. بەڵام دکتۆر سەرئەنجام ناچاری کردبوو. چاوی لەوە کزتر بوو کە بتوانێ خۆی لێ قوتار کات. بە پێچەوانەی ئازاد بە سەیرکردنی فیلمەکان، هەڵنەدەچوو. دوای تەواو بوونی فیلمەکە بە ئارامی هەڵدەستا و دەچووە ئەو دیو. لەوێ کتێبی دەخوێندەوە. باقی رەنگە یەکەم منداڵی شاربووبێت کە رۆژێک باوکی دەستی گرتبێ و بردبێتی بۆ ناونووسکردن لە کتێبخانە. هەر لە یەکەم رۆژەوە فەزای کتێبخانە بە تەواوی سەرنجی راکێشا. پێی وابوو خۆشترین شوێنی دونیایە. تەنیا منداڵی گەڕەکیش بوو کە زۆر نەدەهاتە دەر و کاتە بەتاڵەکانی لە حەوشەکەی خۆیان دەگوزەران. حەزی لە شێوەی دانیشتنی باوەگەورەی و شێوەی بەڕێدا رۆیشتنی باوکی بە دەوری حەوزەکە و بە ناو حەوشەکەدا دەکرد. زۆر جار درەختە تووە بەرزەکەی ناو حەوشەکەی وەک گۆچانێک دەهاتە بەرچاو کە ئاسمان

وەک باوەگەورەی قورسایی لەشی خۆی داوەتە سەری و پێیەوە بە پێوە راوەستاوە. رەسوڵ بەم کوڕەیشی دڵخۆش بوو. ئەگەرچی لەوی دیکە نەدەچوو و منداڵێکی سەرکز بوو، بەڵام دەرس خوێن بوو. شتێک کە لەم دەور و زەمانەدا کەم منداڵ خۆی پێیەوە دەناساند، بەڵام یەکجار خەفەتی چاوەکانیشی دەخوارد. بە بیری نەدەهات پیاوەگەورەکانی ناو مێژوو ئاوا چاویان کز و کورت بین بووبێت. دەیگوت: "چاوی زەعیف، پیاو لە کردە دەهێڵێتەوە و گۆشەنشین و دوورەپەرێزی دەکا. ئەمەش باش نیە!" تا رۆژێکیان کە راوەستابوو و لە حەوزەکەی دەڕوانی، کتوپڕ بەو ئاکامە گەیشتبوو کە سەردەم سەردەمی زانستە و ئیتر جەستە گرنگیی جارانی نەماوە. بە دەم ئەم بیرەوە بە خۆشحاڵییەوە سەیری باوکە پیرەکەی کردبوو و هەناسەیەکی قوڵیی پڕ لە خۆشیی هەڵکێشابوو.

دیواری تەنیشتی تەختەکەی باقی پڕی وێنەی سروشت و ئەو وێنە ئاساییانە بوو کە لە کتێبەکان دەری هێنابوون. لەبەردەمی تەختەکەیشیدا کومۆدێکی گچکە کە پڕی کتێب بوو. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە هەم ئازاد و هەم باقی ئەوەندەی کە دەیانتوانی وێنەکانی سەر دیوارەکانی یەکتر ببینن، بە هۆی نزیکیی لە رادەبەدەری تەختەکانیان بە دیوارەکانی تەنیشتیانەوە، وێنەکانی سەر دیوارەکانی خۆیانیان نەدەبینی. شەوانە هەر کامیان بە سەیرکردن و خەیاڵی وێنەکانی ئەوی دیکەوە خەو دەیبردنەوە. ئازاد گوێی نەدەدایە، بەڵام باقی ئەمەی زۆر پێخۆش نەبوو.

## ماڵی باوکی بارام

خانووەکەی ماڵی بارام بە هۆی بەرزیی شوێنەکەیانەوە بە سەربانەکەی ماڵی سەلاح باڵابەرزدا دەیڕوانی، بەڵام خانووەکە کۆنتر و گچکەتربوو. لە پشت سەرتەنوورەکەیان کە لە حەوشەی پشتەوەدا بوو، ژێرخانێکی لێ بوو کە بارام زۆری حەز پێدەکرد. ژێرخانەکە لە بنەرەتدا تەویلە بوو، یەکێک لە تەویلەکانیان. شوێنێک کە تا چەند ساڵ لەوە پێش مەڕ و ماڵاتی تێدا بوو، بەڵام دوای ئەوەی لە لایەن حکومەتەوە بڕیاری قەدەغەکرانی هەبوونی حەیوان لە شاردا درا، بە ناچار مەڕ و ماڵاتیان فرۆشت و دایکی بارام بە بێ هیچ چەشنە کار و بارێکی تایبەت لە ماڵدا مایەوە و باوکیشی رووی کردە قاچاخچیەتی. خوشکەکانی کە لە بارام گەورەتر بوون ناویان جەمیلە و فریشتە بوو. یەک دوو ساڵێك باوکی ناردنیە کلاسی ئەکابیر و ئیتر چیدی نەیناردنەوە. دایکی بارام رۆژ تا ئێوارە دوعای لە حکومەت

دەکرد. ڕۆژی سەدجار حکومەتی بە قوربانی مانگا و مەڕە لە کیس چووەکانی دەکرد. جاران تا ئەو حەیوانە بەستەزمانانە لە ماڵدا بوون پەکیان لە سەر پێخۆر نەدەکەوت. هەمیشە ماست و شیر و پەنیر و بە بەهاریشدا فرۆ لە سەر سفرە ئامادەبوو. جگە لەوە بە هۆی ئەوانەوە کچەکانیش سەرقاڵ بوون. دوای ئەوەی حکومەت هەبوونی حەیوانی لە شاردا قەدەغە کرد، ئەوان یەکسەر ماڵاتی خۆیان نەفرۆشت، بەڵکو دوای ماوەیەک ناردیاننە دێهات بۆ ئەوەی خزم و کەس و کار لەوێ رایانگرن و بۆیان بەخێو بکەن. بەڵام ئەمەش زەحمەت بوو. تازە حەیوانە بەستەزمانەکان لە شار ترازابوون و چیدی وەک جاران خێر و بێریان بە خێزان نەدەگەیشت. سەرئەنجام بە ناچاری بۆ هەمیشە وازیان لێ هێنان و لە گەڵ ئەمە کەم کەم باوکی بارام رووی لە ئیشی قاچاخچیەتی کرد. ئیستا ئیتر باوکیان جاری وابوو بە مانگ ماڵەوە نەدەکەوت و سێ زەعیفە لە گەڵ مێرمنداڵێک بە دەوری یەکەوە و لەگەڵ یەکتر ڕۆژان و شەوانیان تێپەڕ دەکرد. دایکی بارام بە تەواوی دۆخی ژیانی گۆڕابوو.

لە کۆنە تەویلەکەی پشت سەرتەنوورەکەدا بارام هەمیشە دەیتوانی شتی تازە بدۆزێتەوە. لە تاریک و رووناکیی ژوورەکەدا کە پڕی چیلکە و چەوێڵ و سندووق و تەلیس بوو، بە کەمێک تاوتوێ کردنی شتەکان و ئەم لاولا پێکردنیان دەیتوانی شتی نوێ بدۆزیتەوە. بزمار لە ئەندازەی جۆراوجۆردا، حەڵقەی ئاسنی، گوریس، چەرم، قاپی جۆراوجۆر و زەنگۆڵە و سەرئەنجام تەختەی رێک و لووس نموونەی ئەم شتانە بوون. بارام کە دەیدۆزینەوە بە سەعات لێیان رادەما. هەمیشە هەوڵی دەدا شتی تازەیان لێ دروست بکات. بەڵام قەت ئەمەی نەدەکرد، دوای ئەوەی تێر سەیری دەکردن لە جێی خۆی دایدەنانەوەو لە تەویلەکە دەچووە دەرێ. تەویلەکە بۆنێکی غەریبی تێکەڵی لێوە دەهات: بۆنی پاشماوەی مەڕو ماڵات، بۆنی چیلکە و

چەوێڵ و بۆنی ئارد. ئێرە شوێنی ئەو فەردە ئاردانەیش بوو کە ناوە ناوە نانیان پێدەکردن. لە دوای فرۆیشتنی حەیوانەکانیان، نان کردن یەکەم ئەرکی قورسی ژنەکان بوو. رۆژی نانکردن بۆ بارام رۆژێکی یەکجار خۆش و بە لەزەت بوو. بارام بە هەویر دەیتوانی شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر دروست بکا.

جەمیلە و فریشتە یەکجار جوان بوون. یەکەمینی ئەو کچانەی بوون کە ئازاد لە کۆڵان گەڕییەکانیدا بیری لێدەکردنەوە. هەر لە دەرگای ماڵ کە دەترازا، ئەوانی دەبینی. بە لای ئازادەوە جەمیلە یەکجار لە فریشتە جوانتر بوو. بەڵام ئەشقی ئازاد بۆ کچان بێ سنوور بوو، بەشی هەموویانی دەکرد! هەر کە لە کۆڵانی خۆیان دەترازا، ئیدی بیری لەوانی تر دەکردەوە. لەو کچانەی تر کە لەولاترەوە چاوەڕوان بوون! جەمیلە و فریشتەیش ئەمەیان دەزانی. هەستی ژنانەیان پێی دەگوتن کە ئازاد پیاوێکی حوری بە دەمارە کە حەزی بەوەیە هەموو شتێکی هەبێت. دەیانزانی کە چاوەکانی لە کاتی سەیرکردنی ئەواندا، بیریان لە سەیرکردنێکی دیکە دەکردەوە. چاوەکانی دەڕۆیشتن، یەکجار دەڕۆیشتن. جەمیلە و فریشتە لە گەڵ کچی رەسوڵ باڵابەرز بەهۆی دراوسێتییەوە دۆستایەتییان هەبوو. ئەگەرچی کچەکەی رەسوڵ کە ناوی "ئەشرەف" بوو، لە یەکەم کچە خوێندەوارەکانی شار بوو، بەڵام ئەمە لە خۆبایی نەکردبوو و لە راستیدا مرۆڤێکی خۆش مەشرەب و تێکەڵ بوو. ئێوارەیانی هاوین زۆربەی جار لە گەڵ جەمیلە و فریشتە پێکەوە لە کۆڵان رادەوەستان و، تا درەنگان سەبارەت بە هەموو شتێک گفتوگۆیان دەکرد و دەدوان.

رەسوڵ باڵابەرز زۆر حەزی بە ماڵی باوکی بارام نەدەکرد. ماڵی باوکی بارام لەو بنەماڵانە بوون کە یەکجار درەنگ بە پیر داواکەی حکوومەتەوە بۆ فرۆشتنی ئاژەڵەکانیان چووبوون. بە هۆی ئەوانەوە ماوەیەکی درێژتر کۆڵانەکەیان هەر بۆنی شیاکەی لێهاتبوو. ئیتر لە مێش و مەگەز و مێشولەکانیش گەڕێ، کە کۆلان یەکجار

لێیان وەڕەز بوو. جگە لەوە باوکی بارامی وەک یاساشکێنێک دەهاتە بەرچاو کە بە مەبەستی پەیداکردنی پارە هەموو شتێکی دەکرد و سەری بە هەموو کونێکدا دەکرد. پێی سەیر بوو کە چلۆن کەسی وا هەن جورئەتی ئەوە دەکەن لە بەرچاوی حکوومەتدا سنوور ببەزێنن و شت و مەکی قاچاغ ئەم دیو و ئاودیو بکەن. دەیگوت: "رەزاشا بە زەحمەت ئەم سنوورانەی ساغ کردەوە، کەچی هێشتا هەندێ کەس هەن کە لە لایان سنوور هیچ مانایەکی نیە." بەڵام دڵنیا لەوەی کە رۆژێک پای ئەم جۆرە کەسانە بە تەڵەوە دەبێ، درێژەی بە بیرکردنەوەکانی خۆی نەدەدا و پاشماوەی کارەکەی دەسپاردە دەست داهاتوو و ژیان. بەڵام رەسوڵ هیچ کاتێک نە دەستی هێنایە سەر رێی کچەکەی لە هاوڕێیەتی لە گەڵ کچەکانی باوکی بارامدا و نە دەستی هێنایە سەر رێی هاوڕێیەتی کەیوانی کوڕی و بارامیشدا. تەنانەت بگرە هەندی جار منداڵەکانی گەلێک شیرین دەهاتنە بەرچاو و لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، گەر توشیان بایە بە موحیبەتەوە وەڵامی سڵاوەکەیانی دەدایەوە. هەندێ جار بە لایەوە سەیر بوو کە چلۆن دەکرا ئەم منداڵە مەعسووم و شیرینانە منداڵی پیاوێکی ئاوا یاساشکێن و مەترسیدار بن. دەیزانی کە پیاوە گەورەکانی مێژوویش تەنانەت لە بنەماڵەی خۆیاندا کەسایەتی جۆراوجۆریان هەبووە. رەسوڵ لەمەدا غەم دایدەگرت و پێی ناخۆش بوو کە هەندێ شت هەن کە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا وەک یەک وان. پێی وابوو کە خودا لێرەدا غەدرێکی گەورەی کردووە. دەبا جیاوازییەک هەبایە! کاتێک بە توشی باوکی بارامەوە دەبوو، بە پێی حوکمی دراوسێیەتی سڵاویان لە یەکتر دەکرد، بگرە سڵاوی رەسوڵ باڵابەرز زۆربەی کاتیش پێش دەکەوت. تەنانەت ئەو رۆژەی تەلەفزیۆنەکەی کڕی، ئەویشی وەک هەموو پیاوەکانی گەڕەک دەعوەت کرد، ئەگەرچی باوکی بارام درەنگ هات و زوویش رۆیشت. رەسوڵ تا بۆی کرابایە خۆی لە باوکی بارام دەبوارد. باوکی بارامیش

وابوو. رەسوڵ باڵا بەرزی وەک پیاوێکی لە خۆبایی دەهاتە بەرچاو کە هەمیشە بە چاوێکی سووکەوە لە ئەوانی دیکەی دەڕوانێ. پیاوێک کە لەم شارەدا هەنگاوی غەریبیی کرابوویەوە و خەڵکیش بە راستی رێزیان بۆ دانابوو و بۆ دادەنا، بەڵام ئەو بە دوورەپەرێزییەکانی، جۆرێکی دیکە وەڵامی دەدانەوە. هەمیشە دەیگوت: "سەیرکەن تەنانەت هات و چۆی ماڵە خەزووریشی زۆر ناکات. هەر دەڵێی خەسوویەکی نەخۆشیشی نیە. پیاوی وا کەی پیاوە!"

رەسوڵ رەنگە لە هەموو شتێک زیاتر رقی لە عادەتێکی خراپی باوکی بارام بوو. شەڕ! باوکی بارام یەکجار شەڕانی بوو. لەوکاتەوەی فێری هات و چۆی ئەودیوی سنوور بووبوو، کردار و ئەخلاقی یەکجار زیاتر گۆڕابوو. تۆسەنتر و تووڕەتری لێدەرچووبوو. بە جوانی دیاربوو دەخواتەوە، کە دەیشیخواردەوە لە گەڵ ئەو کەسانە بە شەڕدەهات کێشەی کۆنی هەبوو لە گەڵیاندا. جارێکیان لە سەر چوارڕیانی ئەوسەری کۆڵانەکە، بوو بە شەڕێکی وەها کە نموونەی لەم شارەدا کەم بوو. نەک خەڵکی گەڕەک، بەڵکوو لە گەڕەکەکانی دیکەشەوە خەڵکی هاتبوون. باوکی بارام پیاوێکی شەڕکەر و لێهاتوو و کردە بوو کە لێ نزیک کەوتنەوەی بۆ هەموو کەس دەستی نەدەدا.

بە پێچەوانەی باوکییەوە ئازاد یەکجار رێزی بۆ باوکی بارام هەبوو. وەک پیاوێکی یەکجار ئازا دەهاتە بەرچاوی، بەڵام حەیف و مخابن لە رواڵەت و جل و بەرگدا زۆر کۆن بوو. بە کەواو پانتۆڵ و پاڵتاوێکی نیوەدرێژ و جامانە و کڵاشەکانیەوە لە هەموو شتێک دەچوو لە پیاوە ئازاکانی ناو فیلمەکان نەبێ. ئازاد پێی وابوو باوکی بارام دەبا خۆی گۆڕیبا. رەنگە هەر ئەم رێزەیش بوو کە ئازادی سەرەڕای جوانی جەمیلە و فریشتە، لەوان دوورەپەرێز رادەگرت. لە دڵی خۆیدا

هەمیشە حسێبێکی بۆ باوکی کچەکان دەکرد و دەیزانی کە تەنانەت ئەو کوڕانەیش کە لە گەڕەکەکانی دیکەوە دەهاتن، خاوەنی ئەم و ڕێزە ترساوییە بوون.

بارام بۆ خۆیشی نەیدەزانی بۆچی ئەوەندە حەزی بەو تەویلە کۆنە بوو. تەویلەیەک کە لێیشی دەترسا. جارێکە بە شەودا قەت نەیدەوێرا بچێتە ناوی، تەنانەت بە چرا فانووسیشەوە. تەویلەکە تەنیا پەنجەرەیەکی یەکجار بچوکی هەبوو کە بە زەحمەت ژوورەکەی روون دەکردەوە. بەڵام رەنگە هەر ئەمە بوویێت کە سەرنجی بارامی بە تەواوی راکێشابوو، "ژوورێکی کۆن بە بۆنێکی غەریب و ئەشیا و شتومەکی جۆربەجۆرەوە کە بە رۆژدا تیشکێکی غەریبیش بە ئاستەم روونی دەکردەوە." بارام یەکجار پێی خۆش بوو لە تاریک و روونیی ناو ژوورەکەدا بە ناو شتە غەریب و نامۆکاندا بگەڕێ، بیاندۆزێتەوە و ئەوسا لە جێی خۆی دایانبنێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیاندۆزێتەوە. بارام لەم گەمەیە ماندوو نەدەبوو. شتەکانی هەڵدەگرت، بە جوانی و ورد ورد سەیری دەکردن، بۆنی پێوە دەکردن، دەستی پێدا دەهێنان و سەرئەنجام لە شوێنی خۆی دایدەنانەوە. شتەکان هەمیشە بە دیوی لای ئەمدا تاریک و لێڵ و بە دیوی پشتەوەیاندا بە هۆی رۆچنەکەوە روون دەهاتنە بەرچاو. چ دنیایەکی سیحراوی! تا ئیستا هیچ رفیقێکی، تەنانەت کەیوانیشی بۆ ئێرە نەهێنابوو. ئێرە تەنیا، شوێنێکە بۆ خۆی. دەزانێ دایکی و خوشکەکانی تەنیا بۆ هێنانی ئارد روو لەوێ دەکەن و ئیدی کاریان بە شتەکانی دیکەوە نیە. ژوورەکە تەنیا هی ئەوە و بەس!

بارام، رەسوڵ باڵابەرزی زۆر خۆش دەوێ. رەسوڵ باڵابەرز هەر ئەو هەستەی تێدا دروست دەکا کە ژوورکەی پشت سەرتەنوورەکە! رەسوڵ لای ئەو لە باوکەکانی دیکەی گەڕەک ناچێ. یەکجار جیاوازیی هەیە لە گەڵ ئەوان. کە رەسوڵ ئێوارەیان لەو سەرکۆڵان دەردەکەوێ، بارام رادەوەستێ و سەیری دەکا. سەیری

دەکا تا لە دەرگای ماڵەکەیان دەچێتە ژوورەوەو ون دەبێ. جاری وایە بە هەڵاتن دەچێتە سەر ڕێی بۆ ئەوەی سڵاوی لێبکا. کەیوان لای ئەو تەنیا منداڵی گەڕەکە کە ڕۆژانە جیرەی هەیە و دەتوانێ لە تاقە دوکانی گەڕەک خواردەمەنی بۆ خۆی بکڕێ. ئەم زۆربەی کات کاتێک لە کاتی یاریکردندا ماندوو دەبێت، دایکی بابۆڵەی نان و ڕۆنی دەداتێ. جاری وایشە کەیوان شتێکی بەش دەدا. بارام لەم کاتانەدا هەستێکی تاڵی هەیە.

ڕەسوڵ باڵابەرز یەکجار کچەکانی خوشکی بارامی بەدڵە. شتێک لە دەروونەوە پێی دەڵێ کە بۆ بوکیەتی ماڵەکەی دەشێن. بەڵام نەخوێندەوارییەکەیان یەکجار پەکەری دەکەن. جارێکیان کە لە لای حەوزەکە لە گەڵ باوکی دانیشتبوو، باسی ئەمەی کرد. گوتی: "کچەکان جێی دایکیان دەگرنەوە و ئیتر تەواو. خەونی داهاتوو بۆ ئەوان یەکجار زوو تەواو دەبێ." باوکی بە گۆچانەکەیەوە تەنیا سەیری کوڕەکەی کرد. دوانیوەڕۆی هاوینێکی گەرم بوو کە تەنیا بۆ حەسانەوە دەبوو!

باوکی بارام ئاگای لێیە کچەکانی لە گەڵ کچەکەی ڕەسوڵ و کوڕەکەیشی لە گەڵ کوڕە گچکەکەی ڕەسوڵ دۆستایەتی و هاوڕێیەتیان هەیە. نە پێی خۆشە و نە پێی ناخۆشە. بەڵام دواتر دەزانێ کە پێی خۆشە. ڕەسوڵ پیاوێک بوو کە هەموو کەس لە شارەکەدا بەخیلی پێ دەبرد. ئەو پیاوەی وا جل و بەرگی سەیری لەبەر دەکرد، یەکجار باڵابەرز بوو، خوێندەوار بوو و لەم دووایانەشدا شتێکی سپیی سەیریش بە سەر بانەکەیەوە پەیدا بووبوو. ئەو شتە سەیرەی کە لە ژوورەوە، دەدوا و دەینواند! پیاوی وا باشتر وابوو کە ئینسان نە تەواو لێی دابڕێت و نە تەواو تێکەڵی بێت. باوکی بارام بە پێچەوانەی خەڵکییەوە دەیزانی ڕەسوڵ باڵابەرز ئەگەرچی کارمەندی دەوڵەتەو خۆی زۆر بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەناسێنێ و شانازی بەمەوە دەکا، بەڵام سەری بە هیچ ناوەندێکی جاسووسییەوە نەبوو. هەربۆیە

لێی نەدەترسا و زۆر جار بە بەرچاوی دراوسێکەیەوە جنسی قاچاغ یاخود پیاوە غەریبەکانی ئەودیوی سنووری دەهێنایەوەماڵەوە. رەسوڵ پیاوێک بوو کە ژیانی خۆی دەکرد و هەمیشە خۆی لە کێشە و گرفت لە گەڵ دراوسێکان و لە گەڵ دەوروبەری دەپاراست. رەسوڵ ئەگەرچی خەونی زۆر بوو، بەڵام لەوە تێگەیشتبوو کە وەک پیاوێکی غەریب لەم شارەدا واباشە گۆشەگیر بێت و خۆی لە شت هەڵنەقورتێنێ. ئەم شارە ئەوی وەک یەکەمین کارمەندی حکوومەت لە خۆی گرتبوو و ژنی پێدابوو و لە ناو خۆیدا جێی کردبووەوە. باوکی بارام دەیزانی کە رەسوڵ لەم هاوکێشە سادەیە لە مێژە تێگەیشتووەو هەر بۆیە قەت نەیویستووە لە خۆی تێکبدا. خەونیش هیچ عەیبێکی نیە، لێگەڕێ با هەمووان خەون ببینن! تەنانەت حسێبی ئەوەیشی کرد رەنگە لە چاو ئاژەڵداری، رەسوڵ حەزی لەم کەسابەتەی ئەو بێت. ئیشێکی خاوێن بوو کە نە گەرەکی پیس دەکرد و نە مێش و مەگەز و مێشولەی لە گەڵ خۆی دەهێنا. ئەو پیاوانەیش وا لەو دیو سنوورەوە دەهاتن هەر هەموویان لە باوکی بارامیان دەکرد، هەمان شێوە و هەمان جل و بەرگ و ناوچاو و هەلس و کەوت. گەڕەک زۆر هەستی بە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە چاو جاران نەدەکرد.

بارام بەم ژیانە یەکجار دڵخۆش بوو. ئەگەرچی دایکی و خوشکەکانی هەمیشە لە ماڵەوە بوون و باوکیشی هەمیشە لە دەرەوە، بەڵام دوو شت هەبوو کە سەرنجی ئەوی لەم شتانەوە دوور دەخستەوە: ژووری پشت سەرتەنوورەکەو کەیوانی هاوڕێی. لە ماڵەوە سەرتەنوورەکە بوو کە مەشغوڵی دەکرد و، لە دەرەوە کەیوان. کەیوان ئێستا لە مێژبوو برینی خەتێنەکەی خۆش بووبووەوەو بە شتی دیکەوە سەرقاڵ بوو.

## خەستەخانە

عەلی سەیزادە تا دواكاتەكانی تەمەنی قەت دیمەنی ئەو شەوەی لە بەرچاودا ون نەدەبوو. دەڵێی بۆ هەمیشە لە بەر تابلۆیەكدا راوەستابوو، تابلۆیەک لە بەستێنێكی رەشدا، كە چەند جەستەی تاپۆئاسای سپی لێیەوە دەردەپەڕین. عەلی منداڵەكانی دیكەی لە بیرنایەت. ئەسڵەن نازانێ لەوێ مابوون یان نا. كە لە دووا كۆڵانەكە ترازان، كتوپڕ هەموو شتێک جۆرێكی دیكەی لێهاتبوو. كەس ئاگای لە كەس نەمابوو. لێرە هەركەس ئیتر بۆ خۆی بڕیاری دەدا. دۆخەكە وەها بوو كە كەس نەیدەتوانی بڕیار بە سەر ئەوی دیكەدا بدا. ئەسڵەن كەس سەری ئەوی دیكەی نەدەپرژا. لێرە هەموو شتێک بۆ خۆت دەگەڕایەوە. تەنیا خۆت و خۆت، ئەگەرچی لە گەڵ سەد كەسی دیكەش بایتایە. لە دوا كۆڵان بەولاوە دونیا شتێكی دیكە بوو. دونیا هەم تاریكتر، هەواكەیشی هەم ساردتر و ئاسمانەكەیشی بڵیندتر. عەلی

سەیزادە قەت بڕوای نەدەکرد پادگان ئاوا سامی هەبێ. ئەو تێڵدڕووەکانی نەبینیبوو، بەڵام هەستی بە ساردیی جەستەیانی کردبوو. پادگان ئەو شەوە چەند کڕ و بێدەنگ دەهاتە بەرچاو. چەند هەموو شتێکیش کتوپڕ و خێرا رووی دا. شەڕە سەگەکانی دیکە وا نەبوون. هەمیشە دەرفەتی خۆتەیارکردن هەبوو. سەگی گەڕەکەکانی دیکە جاری وابوو بە زۆریش خۆیان تێوە نەدەگلاند. زیاتر شەڕی نێوان کوڕەکان بوو کە دەبوو بە شەڕە سەگ. رقی ئەوان لە یەکتر، سەگەکانیشی تێوەدەگلاند و ئیتر یەکتریان لە بیر دەچووەوەو هەوڵیان دەدا پشتگیریی سەگەکانیان بکەن. بردنەوەی سەگەکان لە راستیدا بردنەوەی کوڕەکان بوو، بردنەوەی گەڕەکێک. کەچی قەت هیچ منداڵێکیش دوواتر سەگە بریندارەکانی تیمار نەدەکرد. تەنیا عەلی بوو کە دەیکرد. عەلی جۆرێکی دیکە بوو. سەگەکان هەمیشە جۆرێکی تر لە عەلی سەیزادەیان دەڕوانی.

بەڵام ئەو شەوەی پادگان لە هیچ کاتێکی دیکەی نەدەکرد. عەلی سەیزادە یەکەم جار بوو کە ئاوا هەستی بە خێرایی کات کردبوو. لێرە سەگەکان دەبا شەڕی مان و نەمانیان بکردایە. عەلی ئاگای لە هەموویان نەبوو. نەیدەزانی چەند کەس لە منداڵەکان لەوێ مابوون و دنەی سەگەکانیان دەدا و پشت گەرمیان دەکردن. بۆخۆیشی تێیدا مابوویەوە. سەگەکانی پادگان زلتر و بە هەیبەتتر دەیاننواند. عەلی ئاگای لە بۆربۆر بوو. ئەمجارە وەک جارەکانی دیکە نەدەهاتە بەر چاوی. بۆربۆر لەوپەڕی بێ ئومێدیدا شەڕی مانەوەی خۆی دەکرد. عەلی ویستی بە دارەکەی دەستی و بە بەرد ئەو سەگە زلە بترسێنێ کە بۆربۆری ژێر خۆی نابوو. دارێ دوو داریشی تێسرەواند. ئیتر هەر ئەوەندەی زانی کە شتێک لە دواوە پشت رانی گەست. ئێش و ژانێکی سەیر دونیای ئەو شەوەی لە بەرچاودا تاریکتر کرد. تاریکتر لە تاریکایی. سەگەکە، عەلیی لە عەرز گەوزاند. ئیتر هیچی لە بیر نایەت.

کە بەئاگا هاتەوە دیتی لە ژوورێکی سپیی خاوێندایە. دوو خانمی جل سپی بە دەوریيەوە بوون. عەلی زانی لە خەستەخانەیە. جارێکیان، چەند ساڵ لەوە پێش هاتبووە ئێرە. مامی کە لە بینا کەوتبووە خوارەوە و دواتر مردبوو، بۆ دواجار لێرە بینیبووی. تەنیا ئەو مامەی هەبوو. تا ئەو مامەی مابوو، باوکی دۆخی باشتر بوو. چ بۆ پارە و چ کاتێک باوکی لە ماڵ دەتارا، ئەوە مامی بوو کە داڵدەی دەدا. هەمیشە ریشە سپی و زبرەکانی مامی سەرنجی رادەکێشا. پیاوێکی کەم دوو کە تەنیا کاری دەکرد و کار. وەستاکارێکی بە ناوبانگ و دڵسۆز کە هەموو کەس حەزی دەکرد ئەو خانووەکەی بۆ ساز بکات. عەلی جوان لە بیری دێت باوکی نەگریا. تەنیا جگەرەی کێشا. جگەرەی بە جگەرە هەڵدەکرد.

وەک ئەو رۆژەی مردنی مامی، هەموو خزم و قەوم و ئاشنا و رۆشنا لەوێ بوون. دایکی خۆی دەڕنی و باوکی دیسان تەنیا جگەرەی دەکێشا. دایکی تا توانی جوێنی دەدا و قسەی بە باوکی عەلی گوت. بەلام دواتر کەس نەیزانی بۆ وازی لەمە هێنا. ئیتر تەنیا بەدەم خۆلێدانەوە باسی بەدبەختییەکانی خۆی دەکرد. عەلی کە خەبەری بووەوەو هاتەوە سەرهۆشی خۆی، گوێی لە هات و هاوارەکانی دایکی بوو. کتوپڕ خەمی مەرگ دایگرت. ئەوسا باوکی بینی کە لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە لە کوڕەکەی دەڕوانی. عەلی قەت وا باوکی بە کز و داماوی نەبینیبوو. فرمێسکەکانی باوکی بینی کە خزانە سەر ردێنە سپییەکەی و دواتر سەر شووشەکە. عەلی چاوی پڕبوو. هەرلەم کاتەدا سوێندی خوارد کە قەت نابێ بمرێ! نابێ ئەمڕۆ بمرێ! بەڵێنی دا کە دەبێ بمێنێ! لە کاتێکدا گریانی پەنگ خواردووی گەرووی تەقییەوە، باوەشی بە یەکێک لە پەرەستارەکاندا کرد کە خەریکی رێک و پێک کردنی جێگاکەی بوو. دەنگی بەرزی گریانی عەلی ژوورەکەی داگرت.

ڕەسوڵ باڵابەرز عەلی سەیزادەی نەدەناسی. هەروەها دایک و باوکیشی بە باشی نەدەناسی، بەڵام کە هەواڵەکەی لە دەم ژنەکەیەوە بیست، بێدەنگ بوو، یان ڕەنگە پەشۆکا. سەیری کوڕەکەی خۆی، کەیوانی کرد. جاروبار لەم کۆڵانەدا سەگە بەڕەڵاکانی دیتبوو، دەیزانی کە لە هەندێک گەڕەکی تردا بە ڕەوە، سەگ دەژین و منداڵ کایەیان لە گەڵ دەکەن. بەڵام پێی سەیر بوو بۆچی شارەبانی و شارەوانی تا ئیستا بوونی ئەم سەگانەیان وەک مانگا و مەڕ و ماڵات لە سیمای شاردا نەسڕیبووەوە. شتێکی لەمە سەیرتر بەلایەوە ئەوە بوو کە پادگان شەڕە سەگی لە گەڵ منداڵان دەکرد! بڕیاری دا کە هەرچی زووتر سەردانی شارەبانی و شارەوانی بکات و لەم ئەرکە گرینگەی خۆیان واتە خاوێنکردنەوەی شار لە سەگە بەڕەڵاکان ئاگاداریان بکاتەوە. ڕەسوڵ هەوڵیدا لە زەین و بیری خۆیدا کەمێک بە مێژووی سەگ لەم وڵاتەدا بچێتەوە. باوکی هەمیشە باسی سەگی ئاغاواتی بۆ کردبوو. ئەو سەگانەی کە دڕ باردەهێندران بۆ ئەوەی ماڵی ئاغا بپارێزن. یان بیری لە سەگی شوانەکان کردەوە، ... سەگی یەکەم، لە دژی مرۆڤ و سەگی دووهەم لە دژی مەترسییەکانی ناو سروشت. بیستبووی کە یەکەم ئاژەڵی دەستەمۆی مرۆڤ سەگ بووە. ئەوسا بیری ئەو سەگانەی کەوتەوە کە دەگوترا لە تاران لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکاندا هەن و وەک خێزان لە ماڵدا دەژین. ئەو سەگانەی کە دەیانشۆردن، جوانیان دەکردن و لە گەڵ خاوەنەکانیان دەچوون بۆ پیاسە. ڕەسوڵ بیری لە سوپای ڕەزاشا کردەوە. ئەو سوپایەی کە بۆ شەڕ، سەگی پێ نەبوو. ئەو سوپایەی کە بێگومان لە کاتی سەرکوتی دەسەڵاتە ناوچەییەکاندا بە توش سەگەکانەوە بوونە. ڕەسوڵ هەوڵیدا بیهێنێتە بەرچاوی خۆی کە ڕەزاشا چی لە گەڵ ئەم سەگانە کردووە. یاخود چ فرمانێکی بە سەرکردەکانی سوپا داوە. بەڵام بە هیچ شوێنێک نەگەیشت. لە مێژوودا شتێک لەسەر ئەمە نەنووسرابوو. بە پێچەوانەوە

بەڵام رەسوڵ یەک شتی دەزانی، ئەویش ئەوە بوو کە ناو شار نابێ سەگی تیابێت و بێگومان یەکێک لە فرمانەکانی رەزاشا دەکرا ئەمە بووبێت. ئەی بۆچی لەم شارە ئەم ئەرکە بەڕێوە نەبراوە، خوا دەیزانی! رەسوڵ هەستی بە خەیانەتێکی گەورە لە پشت پەردەوە دەکرد. ئەو خەیانەتەی کە ئەو دەبا بەری پێ بگرێ.

عەلی سەیزادە دووای چەند رۆژ لە خەستەخانە ئازادکرا و نێردرایەوە بۆ ماڵەوە. عەلی خواردنی ئەوێی زۆر پێ خۆش بوو. دوو ژەم خواردنی گەرمیان دەدا و سبحانەکەشیان کە یەکجار خۆش بوو، شیر و هێلکە و مورەبا و نان. ئەو شەوە ئەو هاتەوە، دۆخی ماڵ گوڕا. شەڕەکانی ناو ماڵ کۆتاییان هاتبوو. باوکی ئیستا نەدەڕۆیشت. عەلی زەق و کەللاکانی لە خۆی کۆکردەوە و بە رۆژ خۆی پێ سەرقاڵ دەکردن. جارێکە نەیدەتوانی هەستێتە سەرپێ. چێوشەقەکان لە ژوور سەریەوە دانرابوون، بۆئەوەی دوای کەمێک سارێژبوونەوەی برینەکەی هەستێتە سەرپێ و پێیان بڕوات. عەلی ئیستایش بە تەواوی نەیدەزانی کە ئەو شەوەی پادگان چی روویداوە و مەسەلەکە چۆن تەواو بووە. دۆخەکەش وەها بوو کە بە کەڵکی پرسیارکردن نەدەهات. جاری وابوو دایکی لە حەوشەکە دۆشەکێکی بچووکی کۆنی بۆ رادەخست و عەلیان بە باوەش دەهێنا و لە سەریان دادەنا. دۆشەکەکەیان لە بەر سێبەری دارگوێزی حەوشەکەدا رادەخست. عەلی لە گەڵ ئەم دارگوێزە، گەورە بووبوو. بەلام دارگوێزەکە ئیستا یەکجار لەو کەڵەگەتتر و بەرزتر بوو. عەلی پێش ئەم رووداوە ناخۆشە جاروبار جاران پێیدا هەڵدەگەڕا و لەوێوە هەولی دەدا سەیری ماڵی دراوسێکان بکا، یاخود لەوێوە خۆی لە چۆلەکەکان دادەگرت. بە دزییەوە گەنمی لە ژێرخانەکە دەهێنا و لە بن دارگوێزەکە رۆیدەکرد. کە چۆلەکەکان کۆدەبوونەوە، ئەوسا بە قۆچەقانی تێیدەگرتن. دوواتر چۆلەکە کوژراوەکانی هەڵدەگرت و دەچوو لە باغی تەنیشت سەگەکان لە قەراغ ئەو جۆگە ئاوە پیسەی کە

بە ناو داربییەکاندا تێدەپەڕی، ئاوری دەکردەوەو دەیبرژاندن و دەیخواردن. پەڕوپۆکانی دەم ئاوەپیسەکە دەدا و هەر بەو ئاوە دەستەکانی دەشۆرد. عەلی دەستەکانی بۆنی چۆلەکەیان دەدا، بۆنی چۆلەکە و سەگەبەڕەڵاکان. کە شەوانە دەچووە ناو جێگاوە، لە ژێر لێفەکەدا جوان هەستی بەم بۆنانە دەکرد. لە کاتێکدا خەیاڵ ئەوی بەرەو ڕۆژەکانی دیکە دەبرد، لە ناوی بۆنە ئاشناکاندا خەوی لێدەکەوت. جاروبار لەم کاتانەدا باوکی لە دایکی عەلی واتە سەیزادە رادەما و کە سەیزادە چاوی لێدەکرد، ئەویش نیگای دەدزییەوە. سەیزادە ئەم نیگایەی دەناسی. باوکی عەلی وای دەنواند کە خەریکی جگەرەکەیەتی. سەیزادە بە پرتە و بۆڵە هەڵدەستا، جێگاکەی رادەخست و گڵۆپەکەی دەکوژاندەوە. ئەوەندەی پێنەدەچوو باوکی عەلی جگەرەکەی دەکوژاندەوە و بە ئارامی دەخزایە ژێر لێفەکەی سەیزادەوە. سەیزادە لە کاتێکدا لە ژێر لێوەوە جوێنی دەدا دەیهێشت مێردەکەی لێی نزیک بێتەوە. زۆرجار چەپۆکێکی دەکێشا بە سەری باوکی عەلیدا و ئیدی بێدەنگ دەبوو. خۆی تەواو بە دەستەوە دەدا. باوکی عەلی ڕۆژی دواتر هەوڵی دەدا زووتر لە جاران لە ماڵ بچێتە دەر.

عەلی دووراودوور بارام و کەیوانی دەناسی. بەڵام بۆ ئەو، ئەوانیش کەسانێک بوون وەک منداڵەکانی دی. بارام و کەیوان لە گەڕەکەکەی تەنیشتی ئەودا دەژیان. دوو منداڵ کە زۆر لە گەڕەکەکەی خۆیان دوور نەدەکەوتنەوە. کەیوان بۆ عەلی سەیزادە نموونەی منداڵە بەختەوەرەکان بوو، بەڵام بارام جۆرێکی دیکە بوو، شتێک لە نێوان خۆی و کەیوان دا. عەلی لە ژیانیدا قەت هەستی بە بەخیلی نەکردبوو. کە سەیری منداڵە بەختەوەرکانی دەکرد، دەڵێی لە پشت تەمێکەوە لێی دەڕوانین. تەمێک کە تەنیا تەم بوو و نە هیچی دیکە. ئەم تەمە، وەک هەوا بێ رەنگ و وەک بیرکردنەوەکانی سارد بوو. ئەو، منداڵە بەختەوەرەکانی لەودیوی

تەمەکەوە دەبینی. ئەوان کایەیان دەکرد، دەچوون بۆ قوتابخانە، جیرەی رۆژانەیان وەردەگرت و هەموو جومعەیەکیش لە گەڵ باوکیان دەچوون بۆ حەمام. عەلی نە جیرەی هەبوو و نە ئیتر دەچوو بۆ قوتابخانەو نە دەچوو بۆ حەمام، لە ماڵەوە دایکی دەیشۆرد. باوکیشی زۆرجاران لە چەمەکانی دەورووبەری شار غوسڵی لە خۆی دەردەکرد. قەت نە دایکی و نە باوکی باسی ئەم منداڵانەیان بۆ ئەو نەکردبوو. پێویستیش نەبوو باسیان بکەن. ئەم لەم دیو تەمەکە و ئەوانیش لە دیو، هەرکەسەو بۆخۆی دەژیا. عەلی زۆرجار لە سەر درەختە گوێزەکەوە لە بانەکانی شاری دەڕوانی. ئەو بانانەی کە پاڵیان بە یەکترەوە دابوو و تا داوێنی کێوەکانی دەورووبەر کشابوون. بانە خۆڵینەکانی بەر هەتاو و ژێر بەفر. ئەو بانانەی کە زۆر لە یەک دەچوون. عەلی زۆر جار بە شەوانەش لە پشت پەنجەرەوە باوکی بینیبوو کە لە حەوشە لە پاڵ دارگوێزەکەدا تووتن و پەڕەی بە بادەکرد. دووکەڵە خەستەکە چەند جوان لە ناو تیشکە نادیارەکانی شەودا پێچ و لوولی دەخوارد و پەخش و بڵاو دەبوویەوە. دووکەڵەکە جاری وابوو لە دارگوێزەکە دەئاڵا و بەرەبەرە لە ناو گەڵاکانیدا بزردەبوو. لەم کاتانەدا عەلی باوکی کوورتر دەهاتە بەرچاو. پیاوێکی باریکەلەی باڵاکورت کە جاری وابوو کۆکەکانی دراوسێکانیشی جاڕزدەکرد.

ڕۆژێکیان کاتێک عەلی لە بەردەرگای خۆیانەوە سەیری بانەکانی شاری دەکرد، کتوپڕ شتێک سەرنجی راکێشا. شتێکی درێژی سپی کە لە گەڕەکی ماڵی کەیوان و بارام لە سەربانێک لە بەر هەتاودا دەدرەوشایەوە. نەیزانی چییە. تا توانی سەرنجی دا و لێی ورد بووەوە، بەڵام بێ فایدە بوو. شتی وای لەوە پێش نەدیبوو. ویستی لە دایکی بپرسێ، زانی بێ فایدەیە. یان ڕەنگە شەو لە باوکی دەپرسێ، بەڵام هەستی دەکرد تاقەت ناگرێ. سەیری قاچەکانی خۆی کرد، سەیری دارشەقەکە. لە حەوشەکەیانی ڕوانی، دایکی دیار نەبوو. بۆ یەکەم جار لە دوای بریندااربوونی بە

چێوشەقەکانییەوە لە کۆڵانەکەی خۆیانەوە خلۆربوویەوە. تا ئەو گەڕەکە ئەوەندە ڕێ نەبوو. کە سەرەوخوارییەکەی بڕی و گەیشتە کۆڵانە تەختەکەی خوارەوە، تەواو هەستی بە شەکەتی کرد. پێی وانەبوو یەکجار ئاوا دژوار بێت. دوانیوەڕۆیەکی گەرم بوو. کەمتر کەس بە دەرەوە بوو. سەرئەنجام گەیشت. هاتە کۆڵانەکەی هێلانە زەردەواڵەکان. بەڵام لێرەوە شتەکە دیار نەبوو. بە ناچار کەمێک خۆی لە ماڵی ڕەسوڵ باڵابەرز دوور خستەوە بۆ ئەوەی ئەوسەری بانەکەیان ببینێ. ئەوسا بە جوانی ئانتینەکەی بینی. زۆری بەلاوە سەیر بوو، تۆ بڵێی ئەمەیان بۆچی بێت؟ ئارام لە بن سێبەری دیوارێک دانیشت و کەوتە بیرەوە. کۆڵان چۆڵ چۆڵ بوو. بۆنی خۆشی چێشتێک هاتە لووتی. دەیزانی هی ماڵی ڕەسوڵ باڵابەرزە. سەیری ئەو سیمەی کرد کە لە شتەبەرزەکەوە بەدیوی حەوشەکەدا شۆڕ بووبووەوە. لەم کاتەدا بوو منداڵێک لە دەرگاکەی تەنیشتییەوە هاتە دەر. منداڵەکە چوو بۆ ماڵی ڕەسوڵ باڵابەرز. لە دەرگای دا. پاش کەمێکی منداڵێکی دیکە هاتە دەر. عەلی دەستبەجێ ئارام و کەیوانی ناسییەوە. ئەوسا هەردووکیان کەسێکیان بینی کە لەوسەر کۆڵانەکە لەبن سێبەرێک بە چێوشەقەکانییەوە دانیشتووە. بەرەوڕووی چوون. عەلی حەزی نەدەکرد قسەیان لە گەڵ بکا. هەوڵیدا هەستێ و بڕوات. بەڵام ئەوەندە ئاسان نەبوو. لە کاتێکدا دارشەقەکانی بە دەستەوە بوو، بۆ ئەوەی هەستێتە سەرپێ، پشتی بە دیوارەکەوە ناو هەوڵی دا بە یارمەتی هەر هەموویان رابێ. بەڵام ئاسان نەبوو. بە ناچار دانیشتەوە. لەم کاتەدا ئارام و کەیوان گەیشتنە سەری. عەلیان ناسییەوە. باوەڕیان نەدەکرد. بە ڕێز و ترسەوە لێی نزیک کەوتنەوە. بە بینینی دارشەقەکان هەموو چیرۆکەکەیان هاتەوە یاد. .عەلی لەوان گەورەتر بوو. سیمایەکی منداڵانە کە گەورە دەینواند. سیمایەکی لە خۆبایی کە چاوەکانی ئاسان دەستەمۆ نەدەکران، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند لێرە داماو دەیاننواند. عەلی،

ئەفسانەی ناو منداڵان، چەند لێرە بەو هاوینە گەرمە بە چێوشەقەکانییەوە و بەو زەحمەتەی کە دەیدا بە خۆی بۆ ئەوەی هەستێە سەرپێ، داماو و بچوک دەینواند. باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد. یەک دووجار سەیری یەکتریان کرد. بەڵام کتوپڕ وەک بڵێی بە خۆیاندا هاتبێتنەوە، هەر دووکیان بە پەلە ویستیان یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی هەستێتە سەرپێ. عەلی قەبوڵی نەکرد. بۆ ئەوەی لەو دۆخە کە سوکایەتییەکی تێدا بوو رزگاریان هەبێ، بارام و کەیوان بڕیاریان دا دانیشن. عەلی سەرەتا نەیدەویست لە گەڵیان بدوێ. بەڵام چاوی تامەزرۆ و پڕ لە رێزی بارام و کەیوان هێنایە قسە. ئەو چاوانەی کە عەلی ساڵانێک بوو لە چاوی منداڵاندا بەرامبەر بە خۆی دەیبینی. عەلی بۆ کەیوان و بارام، چەند لە زۆرۆ و کوڕەئازاکانی ناو فیلمەکانی ناو تەلەفزیۆنەکەی دەکرد. عەلی دەیزانی دەبێ چیرۆکەکەی خۆیانی بۆ بگێڕیتەوە، هەموو شتێک ئەم داوایەی نیشان دەدا. عەلی زۆر ئاسان کەوتە گێڕانەوە. کەیوان و بارامیش چەند بە لەزەت و حەزەوە گوێیان لێدەگرت. عەلی لە بەر سێبەردا و ئەوانیش لە بەر هەتاودا باسی شەوە تاریکەکەی یادگانیان کرد.

کە لە گێڕانەوە بوویەوە، عەلی و کەیوان هەروا بە کش و ماتی لێیان دەڕوانی. خەیاڵ بردبوونیەوە. لەم کاتەدا عەلی سەیزادە دەستی بۆ ئانتینەکە راکێشاو پرسی ئەوە چییە؟ کەیوان لای کردەوە. ئەوسا بۆی باس کرد. ئەو دوانیوەڕۆیە بۆ یەکەم جار عەلی هەم توانی بچێ بۆ ماڵی رەسوڵ باڵابەرز و هەم خواردنێکی بە تام و بەلەزەت بخوات و هەم سەیری تەلەفزیۆن بکا. عەلی دواتر بە یارمەتیی بارام و کەیوان گەڕایەوە ماڵەوە. بارام و کەیوانیش بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا توانیان تا ئەو رادەیە لە ماڵەوە دوور بکەونەوەو روو لەو گەڕەکەی بکەن کە بۆ منداڵی وەک ئەوان ئاسان نەبوو رووی تێکەن. هەنگاو هەڵهێنان لە تەنیشت عەلی سەیزادە،

تەواو ئەو متمانەیەی دانێ. کە گەڕانەوە، تاقە یەک منداڵی ئەو گەڕەکە چییە نەیتوانی یان نەیوێرا لەبەر عەلی بەرۆکیان پێ بگرن. رازی و متمانە بە خۆ و، دڵنیا لەو سەفەرە ناوەختەیان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. لە کاتێکدا عەلی لە بەر دەرگاکەی خۆیاندا چاوی لەوان و لە ئانتینە سیحراوییە دوورەکە دەکرد، کەیوان و بارام لە سەرپێچی کۆڵانەکە لەچاو ون بوون.

## بیری مێژوو

ئەو رۆژەی عەلی سەیزادە چوو بۆ ماڵی کەیوان، رەسوڵ باڵابەرز لە ماڵەوە بوو. لە حەوشە لە تەنیشت حەوزەکەوە لە گەڵ باوکی قسەی دەکرد کە دەنگێکی غەریبی کز لە پەنجەرەکەوە هاتە گوێی. چارەکێک دوای ئەوە چووە سەر. لەوێ مێرمنداڵێکی کشاوەی هەژاری بینی کە دەستبەجێ سەرنجی راکێشا. منداڵەکە بە رێزەوە سەیری ئەوی دەکرد، بە شەوقێکی زۆرەوە سەیری تەلەفزیۆنەکە و، بە حەزێکی بێ سنووریشەوە نانی دەخوارد (سەڵتەن خواردنی بۆ دانابوو). لە یەک کاتدا هەرسێکی ئەمانەی لە خۆی نیشان دەدا. رەسوڵ بۆ یەکەم جار لە ژوورەکە لە کاتێکدا منداڵێکی غەریبی لێبوو، دانیشت و بە دزییەوە لە عەلی سەیزادەی روانی. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت کە ئەم منداڵە لەوانی دیکە ناچێ. چاوەکانی جۆرێک سەرکێشی و بێ منەتی تێدا بوو. نیگاکانی سارد، وەک بەفری بەرهەتاو

بریسکەیان دەدا. رەسوڵ دەیبینی منداڵەکانی دیکە چەند بە رێزەوە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوون. وەک بڵێی بە شانازییەوە میواندارەتیان دەکرد. بۆ یەکەم جار رەسوڵ بینی کەیوان و بارام زۆر بە تەلەفزیۆنەکەوە سەرقاڵ نین. رەسوڵ پێی سەیربوو کە چلۆن منداڵێکی ئاوا سەقەت کە بە زەحمەت دەجولا، دەکرا بەم شێوەیە سەرنجی ئەوانی دیکە رابکێشێ. رەسوڵ نە لە بنەماڵەکەی خۆیدا و نە لە دەرەوە لە ناو شارەکەدا بە تووش کەسی ئاواوە نەهاتبوو. تەنانەت خۆیشی لە ناو بنەماڵەکەی خۆیدا وەها نەدەهاتە بەرچاو. کوڕە گەورەکەی ئەگەرچی خەڵکی حسێبیان لەسەردەکرد و گەلێک کەس لێی دەترسان و خۆیان لێدەبوارد، بەڵام لای رەسوڵ تەنیا منداڵی بوو و بەس. ئازاد ئەوەندە رەق و لەخۆڕازی نەدەهاتە بەرچاو. مەیلی لە رادەبەدەری بەلای کچان و ژناندا جۆرێکی دیکەی دەهێنایە بەرچاو. لە عەینی رەقیدا جۆرێک لە نەرمی تێدا بوو. نەرمییەک کە زۆر شیاو نەدەهاتە بەرچاو. رەسوڵ هەستی دەکرد ئازاد تەنیا بەشێکی یەکجار لاوازی کەسایەتیی رەزاشای بەرکەوتووە. ئەو دەیزانی مرۆڤەکان زۆر شتیان لە یەکتر دەچێ، بەلام لە هەمان کاتدا پێی وابوو کە لە زۆر شتیشدا لە یەکتر ناچن. جا هەر ئەمەیە جیایان دەکاتەوە و دەیانکا بە مرۆڤە جۆراوجۆرەکان. ئەو مرۆڤانەی هەریەکە بۆخۆی کەسێکە، کەسێکی جیاواز لەوی دیکە. لای رەسوڵ باڵابەرز، ئازاد ئەوەندە خۆی جیا نەکردبووەوە کە ببێ بە کەسێکی دیکە، لەو کەسانەی کە مێژوو لە بیری دەمێنێ و دەیانکا بە ئەوانەی وا هەرە لە پیشەوەن و لە بیری خەڵکیدا نامرن، جا چ بە چاک چ بە خراپ. رەسوڵ ئەو چەتانەی نەبینیبوو کە باوەگەورەیان رفاندبوو و دواتر دیقەمەرگیان پێکردبوو، بەڵام لە ناخی دڵیدا دەیزانی ئەوانیش جۆرێکی دیکە بوون، لەو جۆرانەی کە دەیانوێرا وابن. رەسوڵ سەیری خەڵکی شاری دەکرد. دەیزانی رەزاشا خەونی بە وڵاتێکی ئاوا ئارام و بێدەنگەوە بینیبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا

کاتێک کەسایەتیی رەزاشای لە گەڵ ئەمانەدا بەراورد دەکرد، هەستی بە هەڵەیەک لە گشت پرۆژەکەدا دەکرد. بۆچی دەبێ ئەم جۆرە پیاوانە کە بۆخۆیان نموونەی جورئەت و ئازایەتی بوون، کۆمەڵگایەکی ئارامیان بوێ کە تێیدا خەڵک تەنیا بە شتە ئاساییی و رۆژانەکانەوە سەرقاڵ بن؟ هەڵبەت رەسوڵ قەت باسی ئەم چەشنە بیرکردنەوانەی خۆی لای کەس نەدەکرد. ئەم بیرانە هی خۆی بوون. ئەو بیرانەی وا ئازاریان دەدا. تا جارێکیان بەو ئاکامە گەیشت کە رەنگە مرۆڤە گەورەکان بۆیە ئەوەندە گەورە بوون چوونکە زۆر بیریان نەکردووەتەوە! واتە هەموو شتێکیان لێک نەداوەتەوە، بەڵکو بە بیرێک گەیشتوون و دواتر جورئەتی پیادەکردنی ئەو بیرەیان لەخۆیاندا رسکاندووە و بەس.

هەوڵی دەدا عەلی سەیزادە زۆر ئاگای لەوە نەبێت کە لە ژێر زەرەبینداییە. بەڵام باڵای بەرز و جەستەی گەورەی، سەرنجی عەلی سەیزادەی بە تەواوی راکێشابوو. عەلی، رەسوڵی چەند جارێک لە بازار بینیبوو. هەمیشەیش باڵای رەسوڵ بۆ ئەو رازێک بوو. چەند جارێک لە ماڵەوە باوکی لە گەڵ رەسوڵ لە دەروونی خۆیدا هەڵسەنگاندبوو. دوو بوونەوەری تەواو جیاواز. عەلی بەو ئاکامەی گەیشتبوو کە یەکێک لە شەرتەکانی بەختەوەری، هەیکەلی درشت و گەورەیە. خەڵکی لە خۆوە لێت دەترسن و جێگای سەرنجیانی و بۆیە بە ناچار رووت تێدەکەن. شانسیش خۆبەخۆ رووت تێدەکا. پێی وابوو هەموو پیاوە گەورەو درشتەکان دەتوانن بەختەوەر بن، بەڵام هەموو پیاوە گچکەکان نا. لێرەوە سەرنجی بەرامبەر بە باوکی گۆڕابوو. ئیتر دەیزانی گوناهی باوکی نیە کە ئاوا بنەماڵەیەکی هەژار و داماون.

جاروبار نیگایان لە یەکتر دەگیرا. عەلی زانی جێگای سەرنجی ئەو پیاوە گەورەیە وا لەو سەر ژوورەکە دانیشتووەو ئەو یەکجار رێزێکی دەروونی و سەیر

و خۆرسکی بۆی هەیە. نەیدەزانی بۆچی رەسوڵ ئاوا سەیری دەکا و لێی ورد دەبێتەوە. رەنگە هۆکارەکەی نانەکە بێت. عەلی ئەگەرچی خواردنەکەی یەکجار بەلاوە بەلەزەت بوو، بەڵام بە ناچاری کەمێک زووتر دەستی کێشایەوە. تەلەفزیۆنەکە فیلمی "تارزان" ی پیشان دەدا. ئەو پیاوە رووتەی کە سوڵتانی دارستان بوو. بێگومان عەلی گەر ئەو شەوە لە دەوری سەربازخانەکە درەختی لێبایە، دەیتوانی وەک تارزان خۆی لە مەترسییەکە قوتاربکات. رەسوڵیش سەیری تارزانی کرد. رەسوڵ لەم جۆرە فیلمانەدا هەمیشە کەسایەتیی رەزاشای دەبینییەوە. ئەو پیاوەی وا دەیتوانی هەموو دڕندەکان دەستەمۆ بکات و دواتر بە هۆی دەسەڵاتی خۆیەوە ژیانێکی ئاسایی و پڕ لە هێمنی و ئاسایشیان پێ ببەخشێت، ئەو پیاوەی وا دەیتوانی هێزە ئەهریمەنییەکانی دەرەوەی دارستانیش دەستەمۆ بکات. کە فیلمەکە تەواو بوو، رووی لە عەلی کرد:

ـ ناوت چییە کوڕم؟

ـ عەلی، عەلی سەیزادە. بە ناوی دایکمەوە ناویان لێناوم.

ـ باوکت کێیە؟

ـ ئەحمەدی کاکە مەلا. فەعلایە.

عەلی لە وەڵامەکانیدا تەنیا ناوەکانی نەدەگوت، بەڵکو زانیاریی دیکەشی دەدا. نە لەوە شەرمی کرد کە بە ناوی دایکییەوە بانگی لێدەکەن و نە شەرم لەوەی باوکی فەعلایە. رەسوڵ بالابەرز بیری کردەوە عەلی یان تێ ناگا، یان تێ دەگا و بە ئەنقەست دەیانڵێ. رەسوڵ، ئەحمەدی کاکە مەلای چاک دەناسی. ئێستا ئیتر زانی بەرامبەر بە کێ دانیشتووە. ئەحمەدی کاکە مەلا، زۆرجار شەوانە لای مجێوری مزگەوتەکەی پادگان دەخەوت. پیاوێکی تا رادەیەکی بە تەمەنی جگەرەکێش کە کەمتر کەس بە فەعلایی دەگرت. پیاوێکی بێدەنگ کە زۆر هۆشی لای خۆی نەبوو.

کە قسەی دەکرد، ئەوەندە توند دەدوا کە دەبا ماوەیەک بۆ حاڵی بوون لێی ڕاوەستابای. پیاوێکی کۆکن. دەیانگوت پیاو نیە! دەیانگوت عەلی کوڕی خۆی نیە. دەیانگوت بۆخۆیشی ئەمە دەزانێ! ڕەسوڵ ئەگەرچی ئەم ناوەی بیستبوو، بەلام وشەی "مەلا" سەرنجی ڕاکێشا. بیری کردەوە ڕەنگە باپیرەی عەلی سەیزادە مەلا بووبێت. ڕێک وەک خۆی. بەلایەوە ڕێکەوتێکی سەیر بوو. دوای کەمێک گوتی:

ـ باوەگەورەت مەلا بووە کوڕم؟

ـ باوەگەورەم قەت نەبینیوە. لە مێژە مردووە. باوکیشم قەت باسی نەکردووە.

ڕەسوڵ لە بیری دێت باوکی هەر زۆر زوو باسی باوەگەورەی بۆ کردبوو. ڕەسوڵ تا دوو پشتی خۆی لانیکەم دەناسی، بەڵام عەلی تەنیا پشتێکی خۆی دەناسی. دەیزانی کە کوڕە مەلا هەروا لە خۆوەو بە بێ خوێندنی تایبەت ناتوانن جێگای باوکیان بگرنەوە. بۆیە نە باوکی خۆی و نە باوکی عەلی نەبووبوونە مەلا. ئەمە خاڵی هاوبەشی ئەو و عەلی سەیزادە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بیری کردەوە کە خاڵی جیاوازییان ئەوەیە کە ئەو دەزانێ لە کوێوە هاتووەو عەلی نازانێ. سەرنجێکی تری منداڵەکەی دایەوە، سەرنجی جل و بەرگی، ڕەنگی ڕوخساری، چێوشەقەکانی، ئەو منداڵەی وا تەلەفزیۆنەکە جارێکی دیکە نیگاکانی قوت دابوونەوە، دڵنیا لەوەی کە زانینی مێژوو یەکجار قازانجی هەیە لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

لە حەوشە باوکی لە ژێر دارتووەکە وەک جاران دانیشتبوو. خەریکی قورئان خوێندنەوە بوو. ڕەسوڵ لە قەراغ حەوزەکە دانیشت و ئاوێکی بە دەم و چاویدا کرد. چەند فێنک و خۆش بوو. دەنگی باوکی لە کاتی قورئان خوێندندا لە جاران بەرزتر دەهاتە گوێی. سوڕەی تەیرەن ئەبابیل بوو. باس باسی ئەوانەی وا سەرپێچیان لە ئەمری خودا کرد و لەهەمان دونیای فانیدا بە سزای خۆیان گەیشتن. لە دونیادا شتی وا کەم ڕوودەدا. مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ئاسایی تا هەن لە گەڵ هەڵەکانیان

دەژین،... تا دەمرن. ئەوکات لەو دونیایەی دیکەدا بە سزای خۆیان دەگەن. ڕەسوڵ بیری لە عەلی سەیزادە کردەوە. باشە ئەی ئەمە چ سزایەکە؟ منداڵێکی وا چی کردووە؟ ڕەسوڵ موسوڵمان بوو. نوێژی دەخوێند و ڕۆژوویشی دەگرت، بەڵام نەک وەک ئەوانی دی. ڕەسوڵ دەیزانی ڕەزاشا هەمیشە چاوێکی لە مەلاکان بووە. دەیزانی کە ئەوان پلانی دەسەلاتی کۆمارییان پێ هەڵوەشاند، وەها کە بە ناچار ئیدی بیری لە چێکردنی ڕژیمێکی پاشایەتی کردەووەتەوە. دەیزانی کە ڕەزاشا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی جێگیربکا بە ناچار زۆر شتی وەهای دەکرد کە بە دڵی مەلاکان بێت. گوێی لە کەلامی باوکی دەگرت و بیری لەوە دەکردەوە ئەم وشانە دەبێ لە ڕاستیدا چ بن کە ئاوا کەسێکی وەک ڕەزاشایشیان ناچار بە مل کەچبوون لە بەرامبەر ئەواندا کردووە. بەڵام ڕەزاشا ئازاتر و گەورەتر بوو لەوەی تەنیا مل کەچ بکا، ئەو دواتر لە زۆر شوێندا دەسەلاتیشی لە پیاوەکانی خودا سەندبووەوە. قوتابخانەی چێکردبوو و دادگای بە شێوەی ئەوڕۆیی دانابوو. ڕەزاشا خۆیشی بە موسوڵمان دەزانی. عەلی بیری ئەم هاوکێشەیە لە گەڵ خۆی بردی. ئەوسا بیری لە باوەگەورەی کردەوە، بیر لە باوەگەورەی عەلی سەیزادەیش، کە عەلی نەیدەزانی کێیە. پێی سەیربوو، ئەو مەلایانەی ئاوا دەسەڵاتیان بە سەر ڕەزاشادا هەبوو، لە دووانیان یەک چەتە لە ناوی برد و یەکیشیان کوڕەزاکەی نەیدەزانێ کێیە. ڕەسوڵ بە دەوری حەوزەکەدا کەوتە قەدەم لێدان. ئاوی حەوزەکە لە بەرهەتاودا یەکجار جوان بوو. گەش گەش دەدرەوشایەوە. بیری کردەوە، کەواتە ناوچەیەکی وەها کە مەلاکانی ئاوایان لێ بەسەردێت ناتوانێ ڕەزاشایان لەبیردا بمێنێتەوە، نەک ئەمە تەنانەت هەر ئەقڵیشیان ناتوانێ بە گەورەیی کەسێکی وەها بشکێ! ڕەسوڵ ڕاوەستا. ئەم بیرە ترساندی. هەستی بە تەنیاییەکی سەیرکرد. بیری وێنەکانی ڕەزاشا کەوتەوە

کە لەناو یەغانە کۆن و قەدیمییەکەدا راکشابوون. ئەو وێنانەی لە تاریکیدا بۆنی مێخەکیان لێ نیشتبوو.

دەنگی باوکی سۆزێکی سەیری تێدابوو. جوان لە باوکی راما. پیاوێکی نێوان هەفتا و هەشتا ساڵی کە هەموو رووداوەکانی ژیانی وەک موقەدەر و ئەمری خودا سەیردەکرد و، بۆیە بە بێ هیچ چەشنە گلەییەک وەریدەگرتن و قەبوڵی دەکردن. بۆ ئەو خودا هۆکاری هەموو رووداوێکی ورد و درشت بوو. بۆ ئەو هەموو شتێک لەم دونیایەدا حەزێکی خودای لە پشتەوە بوو، ئەو حەزەی کە نەدەکرا مرۆڤ لێکی بداتەوە، چونکە حەزی هێزێکی موتڵەق و رەها بوو، هێزێکی نەمر و هەمیشەیی. لای باوکی رەسوڵ، هیچ هێزێکی کاتیی شیاوی ئەوە نەبوو ئەم رازە بدۆزێتەوە. ئەسڵەن خۆ پێوە خەریک کردنی کارێکی هەڵە بوو. مەرگی باوکی بەوەی گەیاندبوو کە هیچ شتێک لەم دونیایەدا ناتوانێ بەر بەم حەزە رەهایە بگرێ. مەلا بیت یان دوکاندار، منداڵ بیت یان گەورە، فەرق ناکات، بۆ خودا ئەمانە لە دوا مانادا ئەو شتە بێ بایەخ یان وەک یەکانە بوو کە دەکرا هەر بەڵا یان کارەسات یان رووداوێکیان بەسەردابێت. باوکی رەسوڵ بالابەرز تەنیا باوەڕی بەم کتێبە بوو. ئەم کتێبە تەنیا شتێک بوو وەک خۆی مابوو و وەک خۆیشی دەما. هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە لە بەرگی کەلامدا بوو. ئەم کەلامانە ئادەم و حەوا نەبوون کە خودا لە شت دروستی کردبوون، بەڵکو لە وشە دروست کرابوون. وشەیش لای ئەو هەر وەک خۆی هەتاهەتایە دەمایەوە. وشە زۆر لە خودا دەچوو. کە قورئانی دەخوێندەوە دەڵێی لە گەڵ خودی خودادا دەدوا.

رەسوڵ نەیدەزانی رەزاشا تاچەند ئاوێتەی قورئان بووە. ئایا ئەم کتێبەی لە ماڵدا هەبووە یان نا، بەڵام لەوە دڵنیا بوو کە رۆژێک لە رۆژان بە دڵنیاییەوە بە دەستیەوە بووە و سەیرێکی هەر کردووە. بێگومان ئەو رۆژەی وا لە شاخەکەی

نێوان تاران و مازندەران بە باوەشی دایکییەوە پەڕیبووەوە و مەترسی ڕەقبوونەوەی لە سەر بووە، دایکی کەلامی ئەم کتێبەی بە گوێدا خوێندووە. ئەم کتێبە لەوێ بووە. ڕەنگە ئێستایش ئەو وشانە هەر لەوێ لە دۆڵ و لێڕەوار و کونج و قوژبنەکانی ناو سروشتدا مابن. لێرەدا ڕەسوڵ هەستی بە نزیکایەتییەکی سەیری ئەو کاتی لە گەڵ ئێستادا کرد. زەمەن مەودای سڕایەوە. چاوی قونجاند و جوانتر گوێی لە باوکی گرت. وێنەکان هاتن و ڕۆیشتن. نا، نەڕۆیشتن! بەردەوام لەوێ بوون. ژیان چەند سەیرە. هەستی بە سەرما و تەڕایی کلوە بەفرەکان کرد لە سەر ڕوخساری، هەستی بە باوەشی گەرمی دایکی کرد، بە وشەکان لە ناو گوێچکە و لە ناو میشکیدا. ئەوسا هەستی بە جەستەیەک کرد کە ڕۆح خەریکە جێی دەێڵێ، دواتر هەست بە گەرمای لەشی ئەسپ و ئاژەڵەکان و دواتر گەڕانەوەی ژیان... باوەشی گەرمی دایک.

# حەز

بارام بەرەبەرە حەزی وەک جاران بە ژوورە تاریکەکەی پشت تەنوورەکە نەمابوو. زۆرتر لە دەرەوە بوو، لە گەڵ کەیوان. کە لە قوتابخانە دەهاتەوە دەستبەجێ دەچووە دەر. جاری وابوو کەیوانیشی دەهێنایەوە و دواتر زۆر بەپەلە دەچوونەوە دەر. چوونە مەکتەب، سەیرکردنی رۆژانەی تەلەفزیۆنی لێ تێکدابوو. بە هەربیانوویەک خۆی دەگەیاندە بەر دەرگای ماڵی کەیوان. لە کۆڵانەوە، لەبەر دەرگاکەوە بە جوانی دەنگی تەلەفزیۆنەکە دەبیسترا. چەند دەنگێکی خۆش و سەرنج راکێش بوو! زۆر جار هەوڵی دەدا لە پەنجەرەی مۆبەقەکەوە هەرچۆنێک بێت دەرەتانێک بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆنەکە بدۆزێتەوە. لەوێوە بەشێکی دیار بوو. وێنە رەش و سپییەکانی دەبینی کە چلۆن یەک بەدوای یەکدا دەگۆڕدران. کە کەیوان پەیدا دەبوو هەوڵی دەدا دۆخەکە وا لێبکا کە بەشکم بچنە ژوورەوە. زۆرجار سەرکەوتوو

دەبوو تێیدا و زۆرجاریش نا. بارام لەوە خەنی بوو کە قەت هیچ کام لە بنەماڵەی کەیوان ناوچاویان لێ تێک نەدەدا، بگرە زۆریش رووخۆش بوون. وەک ئەندامێکی بنەماڵەی لێهاتبوو کە لەماڵی دراوسێکەیان دەژیا و دەنووست! بارام زۆر حەزی بە حاڵ و هەوای ناو ماڵی کەیوان دەکرد. پەیوەندی نێوان باوکی و منداڵەکان یەکجار جیاواز بوو لە پەیوەندی ناو بنەماڵەکەی خۆی. رەسوڵ باڵابەرز لە گەڵیان دەدوا. نیگای میهرەبان بوو. ئەشرەف لە گەڵ باوکی راحەت دەیتوانی قسە بکا و کوڕەکانیش لە گەڵ باوکیان شۆخی و گاڵتە. بارام تەنانەت بۆ جارێکیش بێت رەسوڵی بە تووڕەیی نەدیتبوو. ئەشرەف بە دەنگی بەرز لای باوکی پێدەکەنی و قسەی خۆشیشی دەکرد. دایکیان زۆرتر بە کاری ماڵەوە سەرقاڵ بوو. ئەگەرچی لە بەرامبەر رەسوڵدا هەمیشە کەمێک توند دەینواند، بەڵام یەکجار ئاگایشی لێبوو.

بارام جارێکیان بە رووتی ئەشرەفی بە رێکەوت لە ژوورەکەی خۆیدا بینیبوو، لەشێکی سپیی جوان کە رایوەستاندبوو. ئەشرەف تەنیا پێکەنیبوو و دواتر بە ئارامی درگاکەی جووت کردبوو. لەو رۆژەوە بارام کاتێک کچەکانی گەڕەکی دەبینی، بیری لە جەستەیانی دەکردەوە. لەوە تێگەیشت کە لە ژێر ئەو جل و بەرگانەدا چ جیهانێک خۆی حەشاردابوو!

ماوەیەک بوو بارام زۆر بە وردی سەرنجی ئاکار و کردەوەکانی باوکی دەدا. دەیزانی باوکی بە چییەوە خەریکە. بەرەبەرە بارودۆخی ناوماڵ و ژیانیان باشتر بووبوو. هەم خواردنیان باشتر بووبوو و هەم دەیبینی کە خوشکەکانی جل و بەرگی باشتر دەپۆشن. تەنانەت بۆخۆیشی بۆ یەکەم جار توانی پێڵاوی چینی بکڕێ. پێڵاوەکانی لەپێدەکرد و لە گەڵ کەیوان و منداڵانی دیکە لە کۆڵانە گەورەکەی ئەوبەر تا دەیانتوانی فوتباڵی دەکرد. ئیستا خۆی لە ئاوی شیلینگەکان دەپاراست. بەڵام بەردەوام چاوەڕوان بوو، چاوەڕوانی ئەوەی باوکی سەرئەنجام تەلەفزیۆنێک

بکڕێ. جارێکیان کە بە دزییەوە چووبوونە بازار، کەیوان ئەو دووکانەی پیشان دابوو کە باوکی تەلەفزیۆنەکەی لێ کڕیبوو. چ دوکانێک! پڕی تەلەفزیۆن. شتێک لە دڵییەوە پێی دەگوت باوکی ئیستا دەتوانێ بۆیان بکرێ. بەڵام کات دەگوزەرا و هیچ رووی نەدەدا. تا ئیستا چەند جار کە میوانی ئەودیو سنووریان بۆ هاتبوو، ئاگای لێبوو کە باوکی لە گەڵیان خەریکی ژماردنی پارەیەکی زۆربوو. چەند جارێک لە لای دایکی باسی تەلەفزیۆنی کرد. دایکی بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد و دواتر گوتی: "رۆڵە دەتەوێ کافرمان بکەی!" ئەگەرچی بارام نەیدەزانی کافر چییە، بەڵام پرسیاری نەکردەوە. کەواتەماڵی کەیوان کافربوون. هاتەوە بیری کە چەند جار ئەم وشەیەی لە منداڵانی گەڕەک بیستبوو، کاتێک باسی ماڵی رەسوڵ باڵابەرزیان دەکرد. خەڵکی گەڕەک ئەگەرچی لە کاتی کڕینی تەلەفزیۆنەکەدا یەکەم رۆژ بە دەعوەتی چووبوونە ماڵی رەسوڵ و ئەگەرچی بە حورمەت یاخود ترسی دراوسێیەتییەوە هیچیان نەدەگوت، بەڵام لە بوونی ئەو تەلەفزیۆنە لە گەڕەکەکەیاندا نیگەران بوون. پێیان ناخۆش بوو. ئەم نیگەرانییە رووی لە زیادبوون کرد کاتێک مەلای مزگەوت لە خوتبەی نوێژی جومعەدا خەڵکی لە مەترسیی ئەو جەعبە شەیتانیە ئاگادار کردەوە. جڵفیەتیی ئازادی کوڕی رەسوڵ، ئەوەندەی دی ئەوانی بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە ئەوە ئەو جەعبە شەیتانییەیە گەنجەکان فێری بەڕەڵایی دەکا. خانووەکانی ریزی ماڵی بارام کە شوێنەکەیان بەرزتر بوو و بەسەر ماڵی رەسوڵ باڵابەرزدا دەیانڕوانی، بە جوانی چاویان لە ئانتینەکە بوو. ئانتینەکە لە کاتی نوێژخوێندندا، بە تایبەت نوێژی ئێوارەیاندا دەیشێواندن و ترسی دەخستنە دڵەوە. ئەوانەی لەم ماڵانە نوێژیان دەکرد، لەچاو ماڵەکانی دیکە دەنگیان زیاتر بەرز دەکردەوە. جاری واش بوو پەردەکانیان دادەدایەوە.

تا ماوەیەکی زۆر تەنیا بە سەر بانی ماڵی رەسوڵەوە ئانتین دەبینرا، تا رۆژێک خەڵکی گەڕەک بینیان کە ئانتینێکی دیکە بە سەر خانوویەکی دیکەی ئەوسەری کۆڵانەوە قوت بوویەوە. خانووەکە هی حاجییەکی بەزاز بوو کە سێ ژنی هەبوو. خەڵکی گەڕەک زۆر خۆشیان لەو حاجییە نەدەهات. حاجی کە پیاوێکی خۆشپۆش بوو، هەمیشە بەدەم ژنانەوە پێدەکەنی. پیاوانی گەڕەک یەکجار رقیان لێی بوو. زۆریان هات و چۆ نەدەکرد. دەیانگوت لە ئەسڵدا خەڵکی ئەم شارە نیە و دۆمە! بەڵام حاجی گوێی بەم قسانە نەدەدا. هەموو رۆژێک بەیانی زوو دەچوو بۆ دوکان و ئێوارەیان درەنگان دەهاتەوە. کە تەلەفزیۆنەکەیشی کڕی، تاکە کەسێکیشی دەعوەت نەکرد. تا رۆژێک کتوپڕ خەڵکی گەڕەک ئانتینێکی دیکەیان بە سەر یەکێک لە بانەکانی گەڕەکەوە بینی.

بارام نەیدەزانی باوکی چۆن لەبارەی تەلەفزیۆنەوە بیردەکاتەوە. قەتیش نەیوێرا داوای تەلەفزیۆنی لێ بکات. تەنیا رێگا دایکی بوو. دایکیشی کە ئاوای بیر دەکردەوە. بەڵام کە ئانتینێکی دیکەی لە گەڕەکدا بینی، هیوایەتێک لە ناخیدا گەڕا. ئەو ئێوارە، درەنگان، کاتێک لە بەردەرگای ماڵی کەیواندا چاوەڕوانی کەیوان بووبوو، گەورەکانی دیتبوو کاتێک لە ئیش و کار دەهاتنەوە، بە حسێبی ئەوەی کۆڵان تاریکە و کەس لە پشتی پەنجەرەکانەوە نایانبینن، سەرەڕای بوونی بارام لەوێدا، لە بەر پەنجەرەی مۆبەقەکەی ماڵی رەسوڵ باڵابەرزدا راوەستابوون و هەوڵیان دابوو کە بۆ ساتێکیش بێت چاویان بەو وێنە رەش و سپیانە بکەوێ. یاخود گوێیان هەڵخستبوو و دواتر بە پەلە لە کاتێکدا دەچوونە فکرەوە، دوور دەکەوتنەوە. بارام بە جوانی هەستی بە حەزی شارەوەیانی دەکرد. تا رۆژێکیان کتوپڕ ئازاد یەکێک لەو پیاوانەی بە رێکەوت لە بەر پەنجەرەکەی خۆیاندا بینی و ئیتر ئەوەی کە نەدەبا بقەومێ، قەوما. ئازاد کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەو سەری کۆڵانەوە

پیاوەکەی بینی. پیاوەکە هەوڵی دەدا بە سەرەتاتکە شوێنی لەباری روانین ببینێتەوە، ئاگای لێنەبوو کەسێک لە پشت سەریەوەیەتی. ئازاد پشت ملی گرت. پیاوەکە کە هەستی بە تاوانێکی گەورە دەکرد تەنیا لە ئازادی روانی. ئەو شەوە هەموو خەڵکی گەڕەک رژانە کۆڵانەوە. بەزم و هەرایەکی سەیر. تا هەفتەیەک دواتریش باس باسی ئەو شەڕە قورسەی بوو کە جەعبە شەیتانییەکە نابوویەوە. ئازاد کێشەکەی لە رووی ناموسییەوە لێک دەدایەوە و رەسوڵیش پێی وابوو کە تەنیا حەزێک بووە بۆ دیتنی تەلەفزیۆن و هیچی دیکە. یان رەنگە حەزێکی شەیتانیی گچکە کە هەموو مرۆڤەکان بە جۆرێک هەیانە. رەسوڵ شوێنی تەلەفزیۆنەکەی کەمێک گۆڕی و رەنگی سپیی لە شووشەی پەنجەرەکەی ئاشپەزخانەش دا. دواتر رۆچنەیەکیشی لە بانی سەر مۆبەقەکە کرد. ئیتر گەڕەک لە بۆنی خۆشی چێشتەکانی ماڵی رەسوڵ باڵابەرز بێ بەری بوو.

ئەو شەڕە بارامی ترساند. ئیتر وەک جاران نەدەچووە ماڵی رەسوڵ. کە بیری لە جەستەی سپیی ئەشرەفیش دەکردەوە، ئەوەندەی دیکە ترسا. جارێکی تر ژوورە تاریکەکەی پشت سەرتەنوورەکە بانگی لێکردەوەو و هەوڵی دا لەوێ سەر لەنوێ شتە سیحراوییە کەشفکراوەکانی کەشف بکاتەوە. بەڵام ئیتر ژوورەکە وەک جاران نەدەهاتەوە بەرچاوی. شتەکان گۆڕابوون، یان نیگای ئەو؟ بۆخۆیشی نەیدەزانی. چەند جار چاوەکانی نوقاند و هەوڵیدا بە بۆنکردن دیسان بیاناسێتەوە و دۆخە سیحراوییەکەی جاران بژێنێتەوە. هەوڵێکی بێ سوود! ئەوجار شتەکانی زیاتر لە چاوەکانی نزیک دەکردەوە، هەوڵی دەدا لە گەمەی رووناکایی و تاریکایی ژوورەکەدا کە لە شتەکان ئاڵابوون، سنوورەکان بدۆزێتەوە، بەڵام دونیا ئیتر یەکجار گۆڕابوو. سیحرەکە، لەمێژبوو ژوورەکەی بەجێ هێشتبوو. تەنانەت ئەگەر

هەموو شتەکانیش بەرەبەرە لابدات و بگاتە ئەوسەری تەویلەکەیش، هێشتا دۆخەکە ناگۆڕدرێت. ژوورەکە بۆ هەمیشە خۆی بەدەستەوە دابوو.

**سینەما**

باقی زوربەی کاتەکانی ژیانی لە ژوورەکەی خۆی و ئازاددا تێپەڕ دەکرد. سەری لە ناو کتێبە دەرسییەکان و کتێبەکانی ناو کتێبخانە گچکەکەی بەردەمی تەختی خەوەکەیدا بوو. ئەگەرچی لە گەڵ ئازاد لە دوو جیهانی جیاوازدا دەژیان، بەڵام براکەی کاری بە سەریەوە نەبوو و موزاحیمی کارەکانی و شێوە ژیانی نەدەبوو. لەم بارەیەوە یەکجار رازی بوو و هەستی بە راحەتییەکی تەواو دەکرد. ماوەیەکیش بوو کە ئاوێتەی رۆژنامە بووبوو. رەسوڵی باوکی لە مێژبوو خۆی کردبووە ئابوونەی رۆژنامە. ئێوارەیان لە تەنیشت حەوزەکە لە سەر کورسیەکەی دادەنیشت و قاچ لە سەر قاچ هەموو بەشە گرینگەکانی رۆژنامەکەی دەخوێندەوە. هەڵبەت بۆخۆی ناوی لێنابوو "بەشە گرینگەکان". رەسوڵ هەموو هەواڵە سیاسییەکان و هەروەها راپۆرت و خەبەرەکانی سەر بنەماڵەی شای دەخوێندەوە.

ئەگەرچی ئیرادەت و ڕێزی تایبەتی بەرامبەر بە حەمەڕەزاشای کوڕی ڕەزاشا هەبوو، بەڵام لە دڵەوە زۆری پەسەند نەدەکرد. پێی وابوو حەمەڕەزاشا لە باری کەسایەتییەوە وەک باوکی قایم و بە هێز نیە. هەڵاتن لە دەست موسەدیق و دواتر گەڕانەوەی بۆ وڵات، لە بەرچاویدا وەک کارەساتێک دەهاتە بەرچاو. هەلاتنێک کە بنەماڵەی شای یەکجار لاواز نیشان دابوو. چۆڵکردنی مەیدان لە بەر ڕقەبەرێکی ناوخۆیی یەکجار جیاوازیی هەبوو لە پاشەکشەی ڕەزاشا لە بەر هێزە بێگانەکانی وەک ئینگلیز و رووسیا. ئەوان هێزی گەورە و زەبەللاح بوون بە سوپای یەکجار بە هێزەوە، بەڵام موسەدیق تەنیا سەرۆک وەزیرانێک بوو و بەس. ڕەسوڵ قەت ئەمەی بە جوانی بۆ لێک نەدەدرایەوە و سەری لێ دەرنەدەچوو. ڕووداوێک بوو کە بەهەرحاڵ ڕووی دابوو و لە مێژوودا ئیدی بۆ هەمیشە تۆمارکرابوو و نووسرابوو. پەڵەیەک کە دەمایەوە. ڕەسوڵ هەمیشە پێی وابوو دەرفەت بۆ قەرەبووکردنەوە هەبوو، بە مەرجێک شا توانیبای هێز لە خۆی نیشان بدات. کە هەڵبەت خەریک بوو لە خۆیشی نیشان دەدا. شا تا دەهات ڕەقتر دەبوو. ئەگەرچی شارنشینی تا دەهات پەرەی دەسەند و بژیوی و ژیانی خەڵکی بە گشتی ڕووی لە باشتربوون دەکرد و ژنان زۆرتر دەرفەتی کار و بوونیان لە دەرەوەی ماڵدا بۆ دەڕەخسا، بەڵام شا زیاتر لە جاران نەیارەکانی خۆی زیندانی دەکرد و زەختی دەخستنە سەر. زۆرجار ڕەسوڵ بیری دەکردەوە کە هۆکاری ئەم ڕەقیە، هەڵاتنەکەی بوو لە بەر موسەدیق. ڕەسوڵ باڵابەرز بە ئەزموونی ژیانی خۆی لەوە تێگەیشتبوو کە جاری وایە هەندێک ڕووداو لە ژیانی هەرکەسێکدا بۆ هەمیشە سریمەیەکی بەهێز بەجێ دێڵێت، وەها کە مرۆڤ تا دەمرێت بۆ قوتاربوون لەو بیرە ناخۆشە هەموو شتێک دەکات. ڕەسوڵ ئەمەی پێ باش نەبوو. لە ناخەوە هەستی دەکرد کە ئەم جۆرە هەڵس و کەوتە دووربینانە نیە و ڕەنگە دیسان کاردانەوەی

خراپی هەبێت. ئەم بیرانە هەڵبەت دیسان رەسوڵ تەنیا هی خۆی بوو و لە گەڵ کەس بەشی نەدەکردن، تەنانەت باوکیشی کە زۆربەی کاتەکان لە تەنیشتییەوە بوو. جاری وابوو کە شتێکی دەخوێندەوە بە بێ ویستی خۆی بە دەنگی بەرز چەند وشەیەکی دەدرکاند، لەم کاتانەدا باوکی سەری هەڵدەبڕی و سەیری کوڕە هەڵچووەکەی دەکرد و دەیگوت: "رۆڵە، بەس خودا لێمان تێک نەدا!" رەسوڵ ئەم دوعایەی باوکی بە حسێبی مەرگی باوەگەورەی و ژیانی ناخۆشی باوکی لە رابردوودا لێک دەدایەوە، بۆیە زۆر گوێی نەدەدایە ئەم گوتەیە. رەسوڵ پێی وابوو کە بەهێزبوون لە کاتی تەنگانە و گیرو گرفتەکاندا گرینگە، نەک لە کاتی هێمنی و ئاسایشدا.

کە خۆی ئابوونەی رۆژنامە کرد، ئەوە باقی کوڕی بوو هەموو ئێوارەیەک دەچوو و رۆژنامەکەی دەیهێنایەوە. ئەو دووکانەی باقی رووی تێدەکرد، دوکانێکی ئاسایی شتومەک فرۆشتن بوو کە رۆژنامەیشی لە شارە گەورەکانەوە بۆ دەهات و دەیفرۆشت. دوای ماوەیەک، رۆژێک باقی چاوی بە پاشکۆیەکی منداڵان کەوت کە لە گەڵ رۆژنامەکە هاتبوو. لەوە پێش ئەمەی نەدیتبوو. کەمێک سەرنجی دا، تەواو هۆگری بوو. ئیتر باوکی زۆر ئاسان و بە مەیلەوە هەموو جارێک پارەی دەدایە تا ئەم پاشکۆیەش بۆخۆی بکڕێ. پاشکۆکە ئەگەرچی هی منداڵان بوو و هەفتانە دەهات، بەڵام باقی بە زەوق و حەزێکی زۆرەوە دەیکڕێ و دەیخوێندەوە. "وێنەچیرۆکێک" سەبارەت بە "تارزان" بە تایبەت یەکجار سەرنج راکێش بوو. سروشت، ئازایەتی، مرۆڤێکی رووتی جوان و رووداوەکانی ناو ئەو "وێنەچیرۆکە" ئەو شتانە بوون کە نەدەکرا خۆی لێ ببوێرێ. کەیوان و لە رێی کەیوانیشەوە بارام، بوون بە دوو هۆگری سەرەکیی ئەم پاشکۆیە. باقی بەرەبەرە جاروبار دادەنیشت و وێنەکانی دەکێشایەوە. دوای ماوەیەک وەها لە کێشانەوەی

جەستەی تارزاندا شارەزا بووبوو کە مرۆڤ حەزی دەکرد دانیشێت و سەیریان بکا. کەیوان و بارامیش ئەو وێنانەیان دەبینی و ئەوانیش هەوڵیان دەدا کە وەک باقی بیکێشنەوە. باقی تەنیا بەمەوە سەرقاڵ نەبوو. لە گەڵ ئەمەش چیرۆک و رۆمانی دەخوێندەوەو بە هۆی ئەوەوە کە لە قوتابخانە قوتابییەکی زیرەک لە بەشی شیمی دا بوو، لە ماڵەوە تاقیگەیەکی گچکەیشی وەڕێ خستبوو و جاروبار ئێوارەیان مادەی کیمیایی بە تێکەڵ کردنی جۆرەکانی دروست دەکرد. جاری وابوو ژوورەکە دوکەڵ و بۆنێکی ناخۆش دایدەگرت و دایکی بە تەواوەتی توڕە دەکرد. باقی کە یەکجار حەزی لە فیلمە وێستێرن و کاوبۆییەکان بوو، خەونیشی بەوەوە دەبینی کە لە دەرەوەی شار لە شوێنێک ببێ بە خاوەنی خانوو و زەویی و زارێک کە تێیدا هەم ئاژەل و ئەسپ بژیەنێ و هەم ژێرزەمینییەکی تێدا ساز بکات بۆ شوێنی تاقیکردنەوەی ماددە کیمیاییەکان. لەو کاتەوە ئەم خەونانە تێکەڵ بە یەک بووبوون و لە مێشکی ئاڵابوون، ئیتر یەکجار لە دەورووبەری دابڕابوو. رەسوڵ باڵابەرزی باوکی کە بە زیرەکیی کوڕەکەی لە بواری دەرس خوێندندا یەکجار دڵخۆش و خەنی بوو، زۆر گوێی نەدەدایە دوورەپەرێزیی کوڕەکەی لە خەڵکی. رەسوڵ پێی وابوو ئەمە ئاساییە، چونکە هەموو مرۆڤە زاناکانی دونیا لەبەر ئەوە زانا و سەرکەوتوو بوونە کە کاتەکانی ژیانیان هی خۆیان بووە، نەک هی خەڵکی دیکە. دایکی باقیش لەم حاڵەتەی کورەکەی زۆر ناڕازی نەدەهاتە بەرچاو. کوڕەکەی هەمیشە یاخود زۆربەی کات لە ماڵەوە بوو و ئەمە لە دڵەراوکێیەکانی کەم دەکردەوە.

باقی کە جل و بەرگەکانی بۆنی توند و لوت ئازاردەری ئامونیاکی لێدەهات، رۆژێک بە مەبەستی هێنانەوەی رۆژنامە و پاشکۆکەی چوو بۆ بازاڕ. خاوەن دووکانەکە کە ئیتر بەرەبەرە تەحەمولی ئەم بۆنەی نەمابوو بە تەمابوو کە ئەمجارە هەر باقی چوو بۆ دووکانەکەی، راستەوخۆ پێی بڵێ کە ئاواو بەم بۆنەوە مافی

ئەوەی نیە روو لەوێ بکاتەوە. بەلام ئەو رۆژە دوو کەسی تر لە دووکانەکە دانیشتبوون و کە باقی چووە ژوور، دیتی یەکجار گەرم بە گفتوگۆیەکەوە مەشغوڵن. لە ماوەی هەڵگرتنی رۆژنامە و پاشکۆکەوە تا پارەدان و هاتنە دەری، گوێی لێبوو کە باس باسی سینەمایە. باسی ئەوە دەکرا کە قەرارە تا ماوەیەکی تر لە شار سینەمایەک بکرێتەوە. باقی بە پەلە هاتەوە ماڵ. کاتێک رۆژنامەکەی دایە دەستی باوکی، لە ژێر عەینەکە زەرەبینییەکەیەوە گوتی: "لەو دووکانە باسی ئەوە بوو کە قەرارە سینەمایەک تا ماوەیەکی تر لە شاردا بکرێتەوە." رەسوڵ بە بیستنی ئەم هەواڵە بێدەنگ بوو. ورد لە کوڕەکەی روانی. ئەوسا بزەیەک گرتی. سینەما، تەنیا لە شارە گەورەکاندا دەبینرا. لای رەسوڵ ئەم هەواڵە نیشانەی پێشکەوتنێکی یەکجار گەورە بوو. بەڵام خەمێکیش رەسوڵی داگرت، باشە بۆچی ئەو پێشتر بەم هەواڵەی نەزانیبوو؟ ئەو رۆژە رەسوڵ رۆژنامەکەی بە جوانی بۆ نەخوێنرایەوە. لە سەر کورسییەکە دانیشت و زۆرتر لە ئاوی حەوزەکەو لە ئاسمانی روانی. دڵنیا لەوەی یەکەمینی ئەو بنەماڵانەی دەبێ کە لە یەکەم رۆژی کردنەوەی سینەماکەدا دەعوەتی لێدەکەن، نیگاکانی سپاردە دەست گەمەی تیشکی ئێوارە لە ئاوی حەوزەکەدا.

ماوەیەک بوو باقی ئێوارەیان کاتێک خوشکەکەی لە گەڵ دوو کچەکەی دراوسێیان لە دەرەوە رادەوەستان و قسەیان دەکرد، لە پشت پەنجەرەی ئاشپەزخانەکە رادەوەستا و سەیری دەکردن. رەنگی سپیی سەر شووشەکەی کەمێک رووشاندبوو. خوشکە چکولەکەیان واتە فریشتە تەواو سەرنجی راکێشابوو. بۆخۆیشی نەیدەزانی چۆن ئەمەی لێ بەسەرهاتبوو. باقی کە چاوی بە جوانی مەودا کەمێک دوورەکانی نەدەبینی، کەمتر سەرنجی دەدایە دەورووبەری خۆی. هەتا رۆژێک بە رێکەوت دەرگای لە فریشتە کردبووەوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا کچێکی لەم شێوەیەی لە نزیکەوە بینیبوو. ئەوەندە نزیک کە توانی خەتی نێوان

مەمکەکانیشی کە بە ئاستەم بە دەرەوە بوون، ببینێ. فریشتە بە بزەیەکی شاراوەوە کە لە پشت لێوەکانیەوە خۆی حەشاردابوو، پرسیاری ئەشرەفی کردبوو. لەو رۆژەوە ئیتر حاڵ و هەوای گۆڕا. ئەگەر لەوە پێش لە کتێبەکاندا یاخود لە فیلمەکاندا کەمتر سەرنجی دەدایە کچ و ژنەکان و پێوەندی نێوانیان لە گەڵ پیاوان، ئەمجارە تەواو بۆی بووبوو بە بابەت. ئەوسا خەونی بەوەوە دەبینی کە لە خانووەکەی داهاتوویدا پێکەوە لە گەڵ فریشتە ژیان دەکەن. ئەوە فریشتەیە کە لە پشتی رادەوەستا و یارمەتی هەموو شتێکی دەدا. جار و بار دادەنیشت لە سەر کاغەزەکەی بەردەمی وێنەی مەزرا خەیاڵییەکەی دەکێشا: خانوویەکی گەورە بە چەند گچکەبینا بە دەورییەوە و لە گەڵ ئاژەڵ و ئەسپ و دەرگایەکی نهێنی بەرەو ژێرزەمینییە سیحراوییەکە. ئەوەندی پێ نەچوو لە یەکێک لە کێوگەڕانەکانیدا جێگاکەیشی دۆزییەوە. بێگومان چەند ساڵی تر هەر دەرس و دەوری تەواو کرد، دەستبەجێ دەست بەکار دەبێ. پێویستیش نەبوو لە گەڵ کەس باسی پلانەکانی داهاتووی بکا. وا باش بوو بە نهێنی مابانەوە. جاری وابوو دڵە راوکێیەکی سەیریش دایدەگرت کە نەکا تا ئەو کاتە ئەو شوێنەی ئەو لە بەرچاوی گرتبوو، بفرۆشری و بە توش کێشەوە ببێ. بەرە بەرە هەموو وێنە کێشراوەکانی لە دووتوێی جڵدێکی گەورەی دەستکرددا کۆکردەوەو لە سەر هەر هەمووشیان کات و شوێنی کێشانەکەیشی لە سەر نووسین. ئیستا ئیتر لە ناو رەفەکانی کتێبخانە گچکەکەیدا چەندین دەفتەر و ئەو کاغەزە کۆکراوانە دەبینران کە تێیاندا وێنەکان و فورمۆڵە شیمیایەکان و ناوی قارەمانەکانی ناو کتێبەکان هەڵگیرابوون. لە پەنایاندا ئیستا دەفتەرێکی تر دەبینرا کە پڕی شیعر و بەسەرهاتەکانی عەشق و خۆشەویستی بوو.

باقی بەرەبەرە لە وەستانی ئێوارەیانی پشت پەنجەرەی مۆبەق ماندوو بوو. بە تایبەت کە دایکیشی لێی تێگەیشتبوو. روویشی نەبوو وەدەرکەوێ. سەرئەنجام

ڕێگایەکی دۆزییەوە. کە شەو دەهات و دونیا تاریک هەڵدەگەڕا هەر زۆر زوو دەستی لە نانخواردن دەکێشایەوە و بە بیانوی ئەوەی کە دەچێتە حەوشە و لە بەر گڵۆپی سەر لقی دارتووەکە دادەنیشی و کتێب دەخوێنێتەوە لە ژوورەکە دەچووە دەر. دوای ماوەیەک بە پەیژەکەدا سەردەکەوت و دەچووە سەربان. سەرەتا زۆر بۆی زەحمەت بوو. چاوی بە جوانی ئیزنی نەدەدا. دەبا بە تەواوی ئاگای لەخۆی بایە. کە دەگەییە سەربانی، کەمێک بە هەڵتروشکانەوە خۆی مات دەدا و گویی لە دەوروبەر دەگرت و ورد سەرنجی دەدا. دواتر دڵنیا لەوەی هیچ شتێکی نامۆ لە ئارادا نیە، بەرەو ئەوسەری بانەکە دەکشا. بۆ ئەو شوێنەی وا بەرەو ماڵی فریشتە دەیڕوانی. لەو کاتانەدا ئەوانیش خەریکی نان خواردن بوون. فریشتەی دەبینی کە چلۆن خەریکی سفرەدانان و نانخواردن و دواتر سفرە کۆکردنەوە بوو. بۆنی خۆڵی سەربان، هەست کردن بە دوا گەرماییەکانی رۆژ لە سەربانی، هەڵکردنی بای فێنکی شەو و ئەو خانووانەی وا نەیاندەزانی چی لە دەرەوە دەگوزەرێ، دونیایەکی سیحراوی بوو کە هەستێکی سەیری پێدەبەخشی.

لە یەکێک لەم شەوانەدا بوو کە شتێکی سەیری لە خانووەکەدا بینی. ماڵی فریشتە دوو میوانیان هەبوو. میوانەکان وەک هەمیشە لە خەڵکی شار نەدەچوون. رەشتاڵە و قەڵەو، دانیشتبوون و لە گەڵ باوکی فریشتە قسەیان دەکرد. ئەوەندەی پێنەچوو یەکیان دەستی کرد بە بن پشتێنەکەیدا و شتێکی دەرهێنا کە لە پارچەیەکەوە پیچرابوو. لە بەردەمیدا داینا. باوکی فریشتە شتێکی گوت، دواتر پیاوەکە دەستی خستە سەر شتەکە و کەمێک گرژ و هەڵچوو وەڵامی دایەوە. دواتر پارچەکەی لە شتەکە کردەوە و ئەوسا باقی دەمانچەیەکی بینی. دەمانچەیەکی رەشی قەترانی. باقی چەند هەنگاوێک کشایەوە. فریشتەی بینی کە چایی لە بەردەمی میوانەکاندا دانا. باقی چیدی چاوی لە فریشتە نەبوو. ئارام و بێدەنگ پاشەو پاش بەرەو ئەوسەری

بانەکە کشایەوە. کە گەیشتەوە تەنیشت پەیژەکە، هەڵتروشکا. هەستی بە تاوان و ترس و گوناحێکی گەورە دەکرد. شتێکی دیتبوو کە نەدەبا بیبینێ. بیری کردەوە کە رێک لە دەمانچەی ناو فیلمەکان دەچێ. هەروەها لە دەمانچەی لاکەلەکەی پۆلیسەکانی شار. لە دەمانچەی ناو کتێبەکان، کاتێک شتەکان خەریکن روو دەدەن، یان روویان داوە. لەوێ لە ناو فیلمەکان، یان کتێبەکان یاخود بە کەمەری پۆلیسەکانەوە زۆر جۆرەیەک نەدەهاتنە بەرچاو، بەلام لەوێ لەو ماڵەدا شتێکی دیکە بوو. باقی تەواو هەستی بە ناڕاستییەک دەکرد، بەلام نەیدەزانی چییە. سەری خستە ناو ئەژنۆکانییەوە. عەینەکەکەی داگرت و نەرمە ئارەقی دەوری چاوەکانی سڕی. بیستبووی کە باوکی فریشتە قاچاقچییە، بەڵام تا ئیستا بە جوانی لەوە نەگەیشتبوو کاری قاچاق چییە. سەیر ئەوە بوو کە ئەو ئەم کارانەی لە بەردەمی ماڵ و منداڵیدا دەکرد. باقی دیتی کە بۆ خێزانەکە ئەم دیمەنە یەکجار ئاسایی بوو. بۆ ئەو خێزانەی کە نە دەیزانی فیلم چییە و نە کتێب. باقی دیتبووی دایکیان چەند ئارام لەبەر سەماوەرەکەدا دانیشتبوو و چایی تێکرد و کچەکانیش بە خزمەت و کاری دیکەی ناو ماڵەوە سەرقاڵ بوون. بۆ باقییەک کە ئەو هەمووە بە دیمەنی کتێبەوە سەرقاڵ بوو و پێی وابوو یەکجار ئەم جۆرە دیمەنانە بۆی ئاشنایە، کتوپڕ دیتی کە وانیە. بێز یاخود رقێک لە خۆی دایگرت. هەستی کرد دونیا تاریکتر داهات. سەری هەڵێنا و دیتی هەورە دوورە هاوینییەکان کە قەت بارانیان پێ نەبوو، ئاسمانیان داپۆشی. لە گەڵ ئەمەدا بایەکە کەمێک بەهێزتربوو و هەربۆیە زۆر خێرا ئارەقەی دەوری مل و ناوچاوانی وشک هەڵگەڕان. بڕیاری دا بچێتە خوار. ورد رووانی. دیتنەوەی سەری پەیژەکە زەحمەت بوو، ئیستا ئیتر یەکجار زەحمەتتر. راکشا و ئارام دەستی بە گوێی گوێسبانەکدا کێشا. هیچی بەردەست نەکەوت. سەری بە بانەکەوە نووساند و هەوڵی دا لە پانتایی تیشکی یەکجار کەم هێزی ئاسماندا سێبەری

تۆخ و رەشی نووکی پەیژەکە بدۆزێتەوە. بەڵام بێ فایدە بوو. بڵێی هەڵەی نەکردبێ! گومانێکی بەهێز دایگرت. رەنگە ئەمشەو هەر نەگاتە حەوشەکەی خۆیان کە ئەو هەمووە نزیک بوو. چی بکا، چی نەکا؟ بڕیاری دا بۆ ئەوەی بتوانی پەیژەکە بدۆزێتەوە، جارێکی دیکە بچێتەوە بەر پەنجەرەکە. بە ئارامی هەنگاوی هەڵگرت. ئەمجارە دیتی میوانەکان پاڵیان داوەتەوە و گوێ لە باوکی فریشتە دەگرن کە بەردەوام قسەی دەکرد. لەم کاتەدا کتوپڕ فریشتە هاتە بەر پەنجەرەکە بۆ ئەوەی پەڕۆیەک بتەکێنێ. فریشتە لە تاریکیی شەوی رووانی. بە دەم پەڕۆ تەکاندنەکەوە کەمێک لە دونیای دەرەوە راما. هەر لەم کاتەدا بوو لەناو تیشکی بە برشتی خانووەکەیاندا تاپۆی جەستەیەکی ئاشنای بەو چاویلکانەوە بینی کە شووشەکانیان دەدرەوشانەوە. سەرەتا ترسا. یاخود داچڵەکا، بەلام زۆر خێرا خۆی کۆکردەوە. ناسییەوە، بە جوانی ناسییەوە. ئارام بە لاچاو سەیری پشت سەری خۆی کرد. کەس ئاگای لێنەبوو. فریشتە لە کاتێکدا بە سەر ئیشارەتی دایە کە بڕوا و چیدی لەوێ رانەوەستێ، پەڕۆکەی دستی ئارام بە بزەیەکەوە چوارگۆشە کرد.

## ئانتینەکان

بەرەبەرە شار سیمای دەگۆڕدرا. ئیستا ئیتر بە سەر بەشێکی بەرچاوی بانەکانەوە ئانتین دەبینرا. ئانتینەکانی بەر با و بەر هەتاو و کووڕی ژێر بەفری تەڕ و وشک. ئەو ئانتینانەی کە هەموویان روویان لە شوێنێک کردبوو، ...گەردەنەکەی باکووری رۆژهەڵاتی شار. نوێژکەرەکانی ناو مزگەوتێکی خەیاڵی و لایەنگرە نوێیەکانی خودایەکی نوێ!

باوکی بارامیش تەلەفزیۆنێکی کڕی و لە ژووری دانیشتنی سەرکۆڵانەکەی دانا. بارام لە خۆشیان نەیدەزانی چی بکا! ئەو رۆژە سەرتاسەر بزە لە سەر لێوی بوو. بەڵام نەیدەوێرا بەرز پێبکەنێ. لە چۆنیەتی کاردانەوەی باوکی دڵنیا نەبوو. ئەزموونەکانی پێیان دەگوت بەر بەخۆی بگرێت! یەکێک لەو ماڵانەی هێشتا تەلەفزیۆنیان نەکڕیبوو، مالی ئەحمەدی کاکە مەلا بوو. عەلی سەیزادە لە گەڕەکەکەی خۆیانەوە دەیبینی سیمای شار تا دێت زیاتر دەگۆڕدرێ. ئیستا ئیتر

دارستانی ئانتینەکانی بە سەر بانەکانەوە دەبینی. دڵنیا لەوەی کە رۆژێک باوکیشی دەیکڕێ، چاوەڕوانی دەکرد. ئەو پیاوەپیرانەی وا سەیری تەلەفزیۆنیان نەدەکرد و بە کفریان دەزانی، ژوورەکانیان گواستەوە و لە ژوورێکی تر دانیشتن. بەڵام ئەوانیش بەرەبەرە خوویان دایە سەیرکردنی. سەرەتا لەبەردەرگاکاندا بە بیانوی کارێک رادەوەستان و بە لاچاو سەیرێکیان دەکرد، ئەوسا بەرەبەرە لە دوای نانخواردن خۆیان بە بیانوویەکەوە دەخافڵاند و نەدەچوونە ژوورەکەی خۆیان. ئەوجار دەمانەوە و بێ قسە و بێ سرتە تا درەنگان لە گەڵ خێزان سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد. تا راهاتن، هەر لەخۆوە بە هەر بیانوویەک لە منداڵەکان توڕە دەبوون بۆ ئەوەی لە ژوورەکە وەدەریان بنێن. یاخود بۆ ئەوەی توڕەیی خۆیان لە خۆیان دامرکێننەوە! هەموو خێزان، بگرە منداڵەکانیش دەیانزانی ئەم توڕەبوونانە هۆکارەکەی چییە، بەڵام چار نەبوو دەبا لە گەڵی راهاتبان. گەورەکان دیتیان کە دنیای تەلەفزیۆنیش یەکجار ئەوەندە خراپ نیە. کات باشتر دەگوزەرا. مۆسیقا، هەواڵ و فیلم، تەواو مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکرد. چ دونیایەکی سیحراوی! ئیستا ئیتر ئاگایان لە ژیانی شوێنەکانی دیکەی دونیا بوو. گەورەکان باش لە زمانەکەی نەدەگەیشتن، بەڵام وێنە زۆر شتی دەگوت. رەسوڵ باڵابەرز یەکجار ئەمەی بە کەیف بوو. قسە و قسەڵۆکی خەڵکیی لە کۆڵ کەوتبووەوە. ئەو کە لە داهاتووی منداڵەکان بە هۆی قوتابخانەوە دڵنیا بوو و دەیزانی لەوێ فێری مێژوو دەبن و بەرچاویان رووناکتر دەبێتەوە، ئیستا ئیتر دڵنیا لەوەی کە گەورەکانیش باشتر حکومەت و بە تایبەت رەزاشا دەناسن، بزەیەک دەنیشتە سەرلێوی و بە چاوێکی گەشەوە لە دونیا و لە داهاتووی دەڕوانی. بەڵام شتێکی خراپی تەلەفزیۆنەکە ئەوە بوو کە سەبارەت بە رەزاشا بەرنامەیەکی وەهای نەبوو. تەنها جاروبارە، ئەویش رەنگە بە چەند مانگێک جارێک یادێکی دەکردەوە. تەلەفزیۆن زۆرتر

حەمەرەزاشای کوڕی پیشان دەدا. ڕەسوڵ یەکجار کەم یادکردنەوەی ڕەزاشای پێ ناخۆش بوو. دەبا زۆرتر باسی ئەو پیاوە کرابا، ئەو پیاوەی وا وڵاتی گۆڕی! جارێکیان لە حەوشە کاتێک خەریکی ڕۆژنامە خوێندەوە بوو، بیرێک بە مێشکیدا هات: "ئەگەر کوڕەکەی خۆی بەرامبەری ئاوا بێت، ئەی خەڵکی دیکە چۆن دەبن؟" چەند جارێک دەستی بۆ قەڵەم برد نامەیەک بۆ تاران بنووسێ، تەنانەت چەند جار چەند ڕستەیەکیشی نووسی، بەڵام وازی دەهێنا و نیگەران لەوەی خراپی لێبکەوێتەوە، کاغەزەکانی دەدڕاند و لە تەنەکەی زبڵەکەی دەکرد. ئیستا ئیتر لە زۆربەی شوێنەکان وێنەی شا و ژنەکەی هەڵواسرابوون. "فەرەح" ی هاوسەری بە بزەیەکەوەو شایش بە قەدێکی کشاوەو سیمایەکی جیددییەوە لە ڕێبوارانیان دەڕوانی. ڕەسوڵ دەیبینی کە خەونەکانی ڕەزاشا خەریکن بەرەبەرە دێنە دی: خوێندن، نوێبوونەوە و ئارامیی و هێمنیی وڵات. ڕۆژنامەکان پڕی هەواڵی خۆش و باسی پێشکەوتنەکان بوون. لێرە و لەوێ سەبارەت بە دزی، کوشتن و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش دەیاننووسی، بەڵام ڕەسوڵ پێی وابوو ئەم هەواڵانە ئاساییین و زۆر جێگای دڵەراوکێ و نیگەرانی نین. "دونیا قەت نابێتە بەهەشتی بەرین!" ئەمە ئەو ڕستەیەی بوو کە لەم کاتانەدا دەیگوتەوە. بەڵام لە دەروونەوە تەواو لە هەموو شتێک ڕازی نەبوو. نەیدەزانی بۆچی. ڕەنگە هەر بە هۆی ئەو چارەنووسەی بە تووش ڕەزاشاوە هاتبوو. یان ڕەنگە بە هۆی چارەنووسی باوەگەورەیەوە. مەلایەکی بێدەنگی ئاواییەک کە تەنیا نوێژی دەکرد و خوتبەی خۆی دەدا و بە دەم کێشەکانی خەڵکی ئاواییشەوە هاتبوو، کەچێ ڕۆژێک ڕووداوێک بەری پێگرت کە کەس بە زەینیدا نەدەهات. کێ چووزانێ چارەنووس چی دەبێ و چی بە دەستەوەیە. ڕۆژێک لە پشت کێوەکانەوە چەند کەس دێن بە نییەت و مەبەستێکی دیکەوە. ئەوانەی وا نازانن لە ئاوایی چ خەبەرە. ئەوانەی وا تەنیا لە گەڵ خۆیان دەژین، لە گەڵ خۆیان

و خەونەکانیان. بەڵام لە راستیدا ئەوانە دەیانزانی لە ئاوایی چ خەبەرە، بۆیە روویان تێدەکرد. لە کاتێکدا رەسوڵ بەم بیرە ئاڵۆزانەوە خەریک بوو، گوێی لە باوکی بوو کە قورئانی دەخوێند و دیسان دوعای ئەوەی دەکرد خودا دونیایان لێ تێک نەدا! رسوڵ چاوی لە ئاوی حەوزەکە هەڵدەگرت و سەیری ئاسمانی دەکرد. گوێی لە قریوەو دەنگ و هەرای منداڵان بوو کە لە کۆڵانەوە دەهات. لەو دیو پەنجەرەکەوە ئاگای لە باقی بوو کە بە شتێکەوە خەریک بوو. کتوپڕ هەستی کرد ئەم حەوزە جوانەی شتێکی کەمە: ماسی! پێی سەیر بوو بۆچی لەم هەموو ساڵانەدا بیری لێ نەکردبووەوە. بە مەبەستی بانگ لێکردنی باقی دەستی هەڵبڕی، بەڵام راوەستا. بیری کردەوە کە واچاکە بۆ خۆی بیکڕێ. بەڵام لە کوێ؟ ئەم شارە ماسی فرۆشی تێدا نەبوو. ئەم شارە نە دووکانی فرۆشتنی ماسی مردووی تێدا بوو و نە ماسی زیندوو! باشە بۆچی تا ئیستا بیری لەم شتە نەکردووەتەوە! پێی سەیربوو. لێرە تەنیا هاوینان، ئەویش جارەجارە چەند ماسیگرێک ماسیەکانی خۆیان لە قەراغ جادە لە ژێر گەڵای سەوز و تەڕدا بۆ فرۆشتن پێشکەش دەکرد و بەس. تامەزرۆییەکی سەیری هەبوونی ماسی لە حەوزەکەدا دایگرت. ماسییە رەنگاورەنگەکانی مەلە و خولدانەوە لە حەوزێکی بچوک. رەسوڵ نازانێ داخۆ رەزاشا ماسی یاخود ئاژەڵی دیکەی لە ماڵدا هەبووە یان نا، بەڵام دڵنیایە لەوەی کە رەزاشا دەکرا یەکەمینی ئەو کەسانە بێت کە لەم وڵاتەدا خاوەنی شتی وا لە ماڵەکەیدا بێت. هەبوونی ماسی نە تەنیا لە کاتی نەورۆزدا، بەڵکوو لە هەموو کاتەکانی تری ساڵدا. ئەوسا کتوپڕ بیری حەوزە گەورەکانی قەسری پاشایەتی کەوتەوە. پێکەنینی بە گەوجیەتی خۆی هات. دڵنیا لەوەی ئەو حەوزانە پڕی ماسی بوونە، وازی لەم بیرکردنەوانە هێنا. هەستی دەکرد جاری وایە یەکجار خۆی لە کاروبارەکانی رەزاشا هەڵدەقورتێنێ! مێژوو، ئەوەی بوو کە نووسرابوو، نەک ئەوەی بیرت لێدەکردەوە. بەڵام رەسوڵ پێی وابوو

غەدر لەو مێژووە کراوە. دەبا مێژوویەکی تریش هەبا، کە ئەویش مێژووی چۆنیەتیی ژیانی رۆژانەی رەزاشا بووە. بۆ خەڵکی ئەمە لە هەموو شتێک پێویستتر بوو. خەڵکی دوای ماوەیەک بە بەرهەم و ئاکامی کارە گەورەکان رادەهاتن و ئیتر بۆیان زۆر گرینگ نەبوو کێ سەرچاوەی ئەمانە بووە، بەڵام ژیاننامەیەکی باش دەیتوانی وێنەکە زیندووتر نیشان بدات. باشە ئەم وڵاتە کەسی وەهای تێدا نیە؟ پێی سەیر بوو بۆچی تا ئیستا بیر لە شتی ئاوا نەکراوەتەوە.

بزەیەک نیشتە سەرلێوی. بیری کردەوە بیر و رووداوەکان لە ژیاندا چەند سەیر دێن و دەڕۆن. چ دەبا ژیان ئاوی حەوزێکی گچکە بایە، نەک دەریایەکی بێ بن و بێ سنوور! حەوزێک کە هەم بنی دیارە و هەم ئەو سەری. لە حەوزێکی وادا نە هیچ شتێک شاراوەیە و نە کەسیشی تێدا دەخنکێ. حەوزێک کە دەکرێ ماسی تێدا بێت و تێشیدا نەبێت! رەسوڵ لە راستیدا ژیانی ناو بنەماڵەکەی خۆی وەک ئەم حەوزە دەبینی و ژیانی دەرەوەی وەک دەریا. تەنانەت ژیانی رەزاشایشی سەرەڕای گەورە بوونی وەک ئەم حەوزە دەبینی. حەوزێک کە دەیویست دەریایەک وەک خۆی لێبکات: بن دیار و سنوور لە بەردەست. رەسوڵ کە بە توندی باوەڕیشی بە "رێکەوت" بوو، بەڵام ئەم باوەڕەی بەری بەوە نەدەگرت سەری بە رێکەوتی بیری ماسی لە مێشکیدا سووڕنەمێنێ! رێکەوت هەمیشە رێکەوت دەمێنێتەوە و هەمیشە دەبێتە هۆی سەرسوڕمان. بێ هۆ نیە کە ناویان لێناوە رێکەوت. رێکەوتی لە دایکبوونی رەزاشا، رێکەوتی هاتنی ئەو بۆ پایتەخت، رێکەوتی ژنهێنانەکەی و رێکەوتی ماسییەکان. رەسوڵ قەت بەتەمای ئەوە نەهاتبووە ئێرە کە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە. بەڵام مابوویەوە: "رێکەوتی مانەوە لەم شارە!" بەشێکی ترسی رەسوڵ لە داهاتوو و لە ژیان. سەرەڕای باوەڕی زۆری بە رێکەوت، بڕوایشی بە ئیستا بوو. رێکەوت لە "ئیستا" دا رووی دەدا. دەیزانی ئەوانەی پێش رەزاشا ژیابوون، قەت

بیریان لە پیاوێکی وا و ڕووداوێکی وەک پەڕینەوە لە مازندەرانەوە بەرەو تاران نەکردووەتەوە. کەچی رویشی دابوو! بەڵام کێشەی بڕوا بە ڕێکەوت لەوەدا بوو کە ئەگەرچی مرۆڤ دەیزانی چییە، بەڵام نەیدەزانی چی دەبێ! ڕەسوڵ دەیتوانی دانیشێ و بە جوانی وشەی ڕێکەوت شیبکاتەوە، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە نەدەبووە هۆی ئەوەی بزانێ سبەی یاخود مانگ یان ساڵێکی تر چی ڕوویدەدا. کێشەی "ڕێکەوت" لەمەدابوو! بوونێکی دژبەخۆی.

ڕەسوڵ پێی وابوو ڕێکەوت تایبەت بە ژیانێکی دەریاییە، نەک تایبەت بە ژیانێکی کە وەک حەوز وایە. هەربۆیە زۆر باوەڕی بەوە بوو کە بنەماڵەکەی ژیانێکی بەدوور لە ڕێکەوت تێدەپەڕێنێ، ژیانێک کە عەقڵ و پلان ڕێگای بۆ دیاری دەکا و بەدوورە لە لێڵاییەکان و ئەو سنوورانەی وا تەنیا عەقڵ یاخود خەیاڵ دەزانێ سنوورن، نەک چاو. بیری لە ژنەکەی کردەوە، هەموو ساتەکانی لە ماڵدا یان جاروبار لە گەڵ ماڵی باوکی. هەموو کار و خەسڵەت و کاتەکانی وەک بنی ئەم حەوزە و سنوورەکەی دەوری، دیار و بەرچاو بوو. نە شتی شاراوەی تێدابوو و نە لەو دیو سنوورەکەیشیەوە پانتاییەکی دی. بیری لە کوڕەکانی کردەوە. ئەوانیش هەمان شێوە. ئازاد ئەگەرچی ئێوارەیان وەدەر دەکەوت و کەس نەیدەزانی لە کام کۆڵانەوە گوزەر دەکا، بەڵام ڕەسوڵ بەهەرحاڵ دەیزانی کە لە ناو کۆڵانەکانی شاردایە، تەنانەت دەیشیزانی ئیستا کە هەنگاو هەڵدێنێ، چی لە مێشکیدا دەگوزەرێ. باقی کوڕیشی ئیتر یەکجار ڕوون بوو! ئەگەرچی کەم دەدوا، بەڵام زۆربەی کات لە ماڵەوە بوونی ئەو دەرفەتەی دابوو ڕەسوڵ سنووری کار و هەڵس و کەوت و کردەکانی لەبەرچاودا بێت. کچەکەیشی هەروەها. ئەشرەف زیرەک و لەڕوو و دەم بەپێکەنین بوو. کچێک کە هەموو گەنجێک خوازیاری بوو، بەڵام خاتونێک کە خۆی بە دەستەوە نەدەدا. ڕەسوڵ دڵنیا بوو لەوەی ئەشرەفی کچی بە ئابڕو و ناوو

ناوبانگی باوکی یاری ناکات و سەری لە ناو خەڵکیدا شۆڕناکات. باوکیشی ئیتر دیاربوو بە چییەوە خەریک بوو: رابردوو و قورئان، قورئانەکەی مەلای باوکی. ئەو کە لە رابردوو ترسابوو هەوڵی دەدا بە یارمەتی قورئان ئەم ترسە سەبارەت بە داهاتوو لە خۆی بڕەوێنێتەوە. حەزیشی دەکرد تا بۆی دەکرێ و تا هەوا خۆش بێت ئەم کتێبە لەبەر درەختی حەوشەکەدا بخوێنێتەوە. لەبەر ئەوەی لە قورئاندا باسی درەخت کرابوو، درەخت وەک هەبوونێک کە گوناحی بەخشی و، گەڵایشی بەخشی بۆ ئەوەی ئادەم و حەوا لەشی خۆیانی پێ داپۆشن. درەخت هەمیشە ئەوی بیری سەرەتای خڵقەت دەخستەوە. ئەو سەرەتایەی کە هێشتا وشە لە دایک نەبووبوو، بۆ ئەوەی خودا لێی جیهان بخوڵقێنێ. رەسوڵ رابردووی وەک ئاوی حەوزەکە دەهاتە بەرچاو و قورئانیشی وەک سنووری دەوری حەوزەکە. باوکی بوونەوەرێکی سادە بوو کە بەختی ژیانی ئەوڕۆیشی پێدرابوو. شەش کەس لە ماڵێکدا بە هەموو هەبوون و بوونەکانیانەوە. بەڵام رەسوڵ لەوەیش دەترسا کە ئەم حەوزە تەنیا بۆ ئەوان روون بێت و بۆ ئەوانەی دەرەوەی سنووری ماڵەکەی روون نەبێت. دەیزانی کە بۆ دەریایەکی لێڵ گەلێک ئاسانە کە حەوزێکی روونی گچکە لە خۆیدا نوقم بکات و داپپۆشێنێ. چ بکا بەر بە ئەگەری کارەساتێکی لەم چەشنە بگرێ؟ عەقڵی بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشت. لەم کاتانەدا دادەنیشت و هەوڵی دەدا جارێکی تر بیر لە ژیان و بەسەرهاتی رەزاشا بکاتەوە. بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە خۆدەربازکردن لەم تەقدیرە مەحاڵە. رەزاشایش خۆی ئەم بەڵایەی بەسەردا هاتبوو! رەسوڵ یەکجار ترسا. هەستی کرد خەریکە لە خۆوە دەرگا بە رووی هەندێک بیر و بیرۆکەی یەکجار زل و گەورەدا دەکاتەوە. ئیستا ئیتر لە چاو زەمانی رەزاشا دونیا زۆر فەرقی کردبوو، وەها کە پێویستی نەدەکرد چیتر هەمان ئەو دڵەراوکێیانە مرۆڤ بەخۆیانەوە سەرقاڵبکەن. ژیان کەمێک شەهامەت و ئازایەتیشی پێویستە، هەر ئەوە

نیە کە دانیشیت و خۆت بدەیتە دەست بیر و خولیا بێ سنوورەکان. کەیوانیش هێشتا تولّە نەمامێک بوو کە دەبا بەس سەیری هەڵکشانی بکەی.

هەستی کرد زیاد لە پێویست دەخوێنێتەوەو بیردەکاتەوە. بیری لە باوکی بارام کردەوە. ئەو مرۆڤەی کە زۆربەی کات بە پێوەیە و بەرەو شوێنێک دەڕوا. مرۆڤێکی وا بێگومان وەک ئەم ئەوەندە لە خۆیدا مەشغوڵ نیە. هەمیشە شتێک لە دەرەوەی خۆی سەرنجی رادەکێشێ و ئیتر تەنیا ئاگای لەو شتەیە. لێرەدا رەسول سکی بە خۆی سووتا. هەستی بە قورساییەکی سەیرکرد. چی بکا؟ ئا، کەمێک زیاتر لە ماڵ بچێتە دەر. یان بچێ بۆ سەفەر. یان شەوانە هەوڵ بدات لەم لاو لا بمێنێتەوە. پیاو کە لە ماڵ زۆر دوورکەوتەوە، ئیتر یادی دەکا و بەم شێوەیە کەمتر دەسخەڕۆی بیرە سەیر و سەمەرەکان دەبێت. رەسوڵ هەستی کرد یەکجار زۆر عادەتی بەم ژیانەی ئیستای گرتووە. دەبێ بیجوڵێنێ. بەڵام چۆن؟ ژیانی ناو ئیدارە هەموو رۆژێک هەشت سەعاتی دەبرد. هەشت سەعات لە گەڵ ئەو کارمەندانەی کە دەیانزانی کە ئیتر دەبێ کار بکەن! کار و بەس. ئەو کارمەندانەی کە یەکجار بە کارەکەیان دڵخۆش بوون. رەسوڵ لە بیری نایەت قەت دڵی هیچ کارمەندێکی ئێشاندبێ. بە پێچەوانەوە، هەموو خۆشیان دەوێ. کە باسی رەزاشایان بۆ دەکا، هەموو بە رێزەوە گوێی لێدەگرن، بەڵام کە باسەکەش تەواو دەبێ، یەکجار زوو دەڕۆن! رەسوڵ نازانێ بۆ؟ رەنگە لەبەر ئەوەی کە تێگەیشتن لە ژیانێکی ئاوا گەورەو پڕ مانا بۆیان زەحمەتە. رەسوڵ سەبارەت بەمە گلەییان لێناکات. هەر کەسە و عادەت و خووی خۆی. کارمەندەکان لە دەرەوەیش بە جوانی رێزی دەگرن. رەسوڵ مورتاحە، دڵنیایە، لەمە باشتر نابێ! ژیانێکی بنەماڵەیی باش، ئیداریەکی باش و شارێک کە هەتاوەکەی لە هەموو شتێکی دیکەی رەنگە جوانتر بێت.

لە سەر کورسییەکەی دادەنیشێ. پاڵ دەداتەوە و سەیری ئاسمان دەکات. چ ئاسمانێکی ساف و ساماڵ و بێ پەڵە. ئاسمانی عەسری هاوینێکی ساڵ. ئەوسا لە قەراغەکانەوە هەورەکان دەبینێ. هەورە دوورەکانی ئاسمانی هاوین. شتێکی بچوکیش دەبینێ کە دووردوور دەفڕێ. لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا. رەسول باڵابەرز لە مێژە لە رۆژنامەکانیدا لە سەر ئەم شتەی خوێندووەتەوە. رەنگە کەسی دیکە وەک ئەم لە رۆژنامەکاندا سەرنجی ئەم شتەیان نەدابێ. بیر دەکاتەوە کە داخۆ ئەو فڕۆکەیە چەند کەسی تێدا بێت و بۆ کوێ دەچێ؟ بێگومان بەرەو ئەورووپا. خەنی لەوەی کە تەیارەکە بێگومان بە سەلامەتی دەگاتە ئەوێ، چاوەکانی دەقونجێنێ. لەم کاتەدا باوکی خەریکی خوێندنەوەی ئەو سورەیە کە باسی تەیرەن ئەبابیل دەکاتەوە.

## داڵغە

عەلی سەیزادە کە گەڕایەوە ماڵ، سەرەتا لە بەر تاقەدارەکەی حەوشەدا وچانێکی دا. دایکی لە ژوورەوە بوو. حەوشەیەکی بێدەنگ بە چۆلەکە پاسارییەکان بە گوێسبانەکانیەوە. سێبەرە تەنیاکان. ئەو مێشانەی کە بە هەموو شتێکەوە دەنیشتن. حەوشەیەکی عەسراوی! دڵتەنگ. لە دوورەوە دەنگی بانگی مەلا لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە دەهات، ئەو مەلایەی وا تەلەفزیۆنی حەرام کردبوو. مەلاکە ئیستا بە دەنگێکی بەرزتر بانگی دەدا. ئەوەندە بەرز کە خانووەکانی نزیک بە مزگەوتی تەواو جاڕزکردبوو. بەڵام کێ دەیوێرا گلەیی بکا؟ لای کێ؟ کێ حەزی دەکرد ناوی بە کافر دەربچێت؟ مەلا، جگە لەوە کە بەرزتر هاواری دەکرد، کەمێک دەنگی میکرۆفۆنەکەیشی زیاد کردبوو! هەرکە دەستی بە بانگکردن دەکرد، بە وتنی یەکەم وشە یاخود بیستنی دەنگی یەکەم هەناسەی، کۆترەکان و چۆلەکەکانی بانی مزگەوت

و دەرووروبەرەکەی لە ترسا هەڵدەفڕین. عەلی گوێی لەم دەنگە بوو کە ئێوارەی حەوشەکەی خۆیانی لێ دڵتەنگتر دەکرد. هەستی کرد قەت ئەوەندە لە ژیانیدا هەستی بە بێهوودەیی نەکردووە. سەیرێکی قاچەکانی خۆی کرد. ئەو قاچەی کە هێشتا بە دووی خۆیدا رایدەکێشا. ئەو دارشەقانەی کە بێدەنگ یارمەتیان دەدا. بیری کردەوە کە ماڵی رەسوڵ باڵابەرز چەندە خۆش بوو. خانوویەکی گەورە، ژوورە فێنکەکان بە شت و مەکە جوانەکانیانەوە، خواردنە خۆشەکەیان، ئەو گەورە کچەی کە ساتێک بزە لە سەر لێوەکانی دوور نەدەکەوتەوە، ئەو دایکەی کە چەند ئاگای لە مێردەکەی بوو، سەرئەنجام رەسوڵ باڵابەرز، کە چەند بوونێکی سیحراوی لەو ماڵەدا هەبوو. ئەو پیاوەی هەستت دەکرد ماڵەکە هی ئەوەو ئەویش هی ماڵەکەیە. ئەو پیاوەی لە گەورەییدا لە ماڵەکە دەچوو یان ماڵەکە لەو. عەلی قەت لە ژیانیدا ئەوەندە هەستی بە دڵنیای و متمانەیی نەکردبوو. ئەو ماڵە جۆریەک بوو. ماسولکەکانی لەش تێیدا دەکرانەوە، عەسەبەکان خۆیان دەکێشایەوە، جەستە هەستی بە خۆی دەکرد و رۆحیش دەکەوتە خەیاڵکردن تێیدا. ئەی تەلەفزیۆنەکە! عەلی قەت بڕوای نەدەکرد کە ئاوا کتوپڕ و بە بێ هیچ چەشنە چاوەڕوانییەک بە توشیەوە بێت. بە تووشبوونەوەیەکی بەلەزەت و خۆش! چێژ و خۆشیەک کە هەتاهەتایە دەمێنێ. عەلی بیری لە تارزان کردەوە. نەیدەزانی چۆن وەسفی ئەو فیلمە بکا، فیلمی ئەو پیاوەی کە تەنیا دەبا سەیرت کردبا و بەس! هەموو شتێک چەند جیاواز بوو! عەلی بڕوای نەدەکرد دونیایەکی وا دەکرا هەبێ، بەڵام ئەوەندە خۆشیش بوو کە نەدەکرا نەبێ! دونیایەکی وا هەیە چونکە مرۆڤ پێی خۆشە و پێی وایە دەبێ ببێ! جگە لەوە، ئەی ئەوە نیە لە فیلمەکەدا هەبوو! تۆ بڵێی لە کوێ بێت؟ عەلی دەیزانی ئەوانە لە شوێنێک لە سەر ئەم زەوییەدا دەژین، بەڵام کوێ، خوا دەیزانی! کتوپڕ بایەکی هەڵکرد و تۆزی ناو حەوشەکەیانی راماڵی و بە حەوایدا کرد. ئەو تۆزەی کە لە ناو

گەمەی تیشکی عەسردا دنکەکانی بێ ئەژمار دەینواند. ئەوسا دارستانە سەرسەوزەکەی ناو فیلمەکەی هاتەوە خەیاڵ. ئەو ژنە جوانە نیوە رووتەی کە تەنیا خەیاڵ دەیگەیشتێ. عەلی بیری لە دایکی کردەوە، لە ژنەکانی گەڕەک، لە ژنەکانی شارەکەیان. تاڵییەکی سەیر لە دەمییەوە داگەڕا و هەموو جەستە و رۆحی داگرت. ناو دەمی خۆی مژی. تفێکی رۆکرد. ئەوسا گوێی لە دەنگی کەڵەبابێک بوو کە لە کۆڵانەکەی ئەوبەریانەوە دەیخوێند. عەلی دڵی خەریک بوو دەتەقی. دەبا کارێکی کردبا! کارێک کە کەمێک ئەم دونیایەی وەک دونیای ناو فیلمەکە لێکردبا. بەڵام چۆن؟ چلۆن ئەم کارەی پێدەکرا؟ لەم کاتەدا دایکی هاتەدەر. تەشتێکی بە دەستەوە بوو و کووڕەکووڕ دەڕۆیشت. عەلی نەیزانی چی لە تەشتەکەدایە. دایکی سەیرێکی کرد و لێی پرسی تا ئیستا لە کوێ بووە. عەلی وەڵامی نەدایەوە. دایکیشی هەڵبەت بۆ وەڵام رانەوەستا. یەکەوراست بەرەو سەرتەنوورەکە رۆیشت. عەلی، ئارام دارشەقەکانی هەڵگرت و چووە ژوورەوە. لێوانێک ئاوی خواردەوە و دانیشت. پشتی و قاچەکانی دەیشان. سەیرێکی ناو ژوورە بێدەنگەکەی کرد. ئێرە یەکجار جیاوازبوو. هەر لەوێی نەدەکرد. دیسان وێنەی تارزان هاتەوە بەرچاوی، بە مەیموون و ئاژەڵەکانی دەورووبەرییەوە. عەلی کتوپڕ راچەنی. ئا، ئەویش لێرە، لەم شارە بچوکە لەو دەچوو، لە تارزان! ئەی ئەوە نیە خاوەن سەگە. ئەو سەگانەی کە لە زمان و کردەوەکانی عەلی حاڵی دەبوون و عەلی دەیتوانی هەموو فرمانێکیان پێبدات. خۆشییەکی سەیر رژایە ناو دەروونییەوە. باوەڕی نەدەکرد ئەمە راستە. کەواتە ئەو بێ ئەوەی بۆخۆیشی بزانێ ژیانی لەو فیلمە دەچێ، لە تارزان! بێ هۆ نیە منداڵەکان و هاوتەمەنەکانی، ئەو هەمووە رێزەیان هەیە بۆی. تارزانە گچکەی شارێکی دووری سەر سنوور! تارزانی سنوورە ـ شار. عەلی یەکجار تاسەی سەگەکانی کرد. بۆربۆر. ئەو دەبا هەر ئیستا هەستابا و چووبا بۆ ئەوێ! هەستی

کرد غەدرێکی گەورەی کردووە کە ئەم ماوەیە سەردانی سەگەکانی نەکردووە. باشە بۆ ئاوا بێ غەم لێی دانیشتبوو؟ بۆ خۆیشی پێی سەیرە. باوەڕناکا. بێزی لە خۆی دەبێتەوە. دەبێ ئەم ئێوارەیە هەرچۆنێک بێت بچێت و سەردانیکیان بکا. هەست بە بێ تاقەتی تا دێت باڵادەکا. وەک دارێک بەرز بەرز، بەرزتر لە درەختی حەوشەکەیان. دارشەقەکانی هەڵدگرێت و دەچێتە حەوشێ. دایکی هەر لە سەر تەنوورە. بێگومان سبەی، رۆژی نانکردنە. کەواتە عەلی دەتوانی سبەی بە دزییەوە نانی گەرم بۆ سەگەکانیشی ببات. کە ئەو دیو درگاکە دەکەوێ، بیر لە قەسابخانەکەی قەراغ شار دەکاتەوە، ئەو قەسابخانەیەی تێیدا ئێسکی بۆ سەگەکان کۆدەکردەوە. بەڵام ناکرێ، دەزانێ ناتوانێ بگاتە ئەوێ. رێ و راست بەرەو گەڕەکی سەگەکان وەڕێ دەکەوێ. بۆ یەکەم جار چاوی بەو شوێنانە دەکەوێتەوە کە ماوەیەکی زۆرە نەیبینیون. کە دەگاتە تاقە شەقامی سەرەکیی شار، رۆژ مەیلی ئێوارە دایگرتووە. شەقام حاڵ و هەوایەکی خۆشی هەیە. عەلی سەیری دووکانەکان دەکا، سەیری خەڵکی، سەیری ئەو فەعلا و دەستفرۆش و کاسبکارانەی کە کۆمەڵ کۆمەڵ لێرەو لەوێ لە دەوری یەک کۆبووبوونەوەو قسەیان دەکرد. عەلی لە شەقامەکە پەڕییەوە. ئەگەرچی مەودایەکی زۆر بەسەر شەوەکەی پادگاندا تێنەدەپەڕی، بەڵام عەلی هەستی دەکرد کە لە مێژە. رۆژێک لە مێژوودا. هەموو شتێک جۆرێکی تر دەهاتە بەرچاوی. دونیا تازەتر دەینواند. لە دڵەوە هەستی بە سوپاسێک دەکرد، سوپاس بۆ ئەوەی هێشتا دەژیا. ئەو شەوەی سەربازخانەکە، دەکرا ئاخرشەوی ژیان بێت. فرمێسکەکانی دایکی و باوکی هاتەوە بەرچاو. بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا هەستی بە مانای راستەقینەی فرمێسک کردبوو. بۆ یەکەمجار، لە ترسی دایک و باوکی گەیشتبوو. بۆ یەکەمجار هەم بەزەیی بە دایکیدا هاتبوو و هەم بە باوکیدا. ئیتر زانیبووی بوونی خۆیشی مانای هەیە. بزەیەکی تاڵ نیشتە سەر

لێوەکانی. دەستەکانی ماندوو بووبوون و بن باڵەکانی دەیشان. بەڵام ئەوەندەی نەمابوو. گەیشتە ئەو کۆڵانەی کە ئەوسەری دەگەیشتە مەیدانی سەگەکان. هەست و هەڵچوونێکی سەیر دایگرت. بای ئێوارە لە باغەکەوە لەو سەری کۆڵانەکەوە دەهات و دەم و چاو و جەستەی فێنک دەکردەوە. بۆنە ئاشناکەی ناو داربییەکان و جۆبارە پیسەکە و زبڵە رزیوەکان. بۆنی سەگەکان. کە بگات بێگومان دێن بەرەو پیرییەوە. ئەمیش بە زمانی چاو داوای لێبوردنیان لێدەکا. دادەنیشێ و لاقە برینداره‌کەی رادەکێشێ و لێدەگەڕێ بۆنی پێوە بکەن و لەسەری دانیشن. ئەو تیکە نانەیش کە پێیەتی دەیانداتێ. گەرچی بەشیان ناکا، بەڵام بۆ کردنەوەی سەری گفتوگۆیەک خراپ نیە! هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو سەری کۆڵان کە بە توش یەکێک لە منداڵە ئاشناکانییەوە دەبێ. بە تامەزرۆییەوە بەرەو رووی دێت. عەلی بە گەرمی وەریدەگرێ. ئەمیش ئەو شەوە لە گەڵدابوو، بەڵام لە نیوەی رێگادا ون بووبوو. عەلی بە ئەزموونی خۆی دەیزانی کە نابێ لەم کاتانەدا زۆر سەختگیر بێت. دەبێ لێگەڕێی کەسەکە بۆخۆی بێت، بە قەناعەتی خۆی. کەس ناتوانی بە زۆر کەسی دیکە پەلکێشی ئەو شوێنانە بکات، گەر بیشیکەی کارێکی باشت نەکردووە. کەسەکە خێرناداتەوە. عەلی لەم کاتانەدا تەنیا پێش دەکەوت و دەڕۆیشت. رۆیشتنێکی بێ لاکردنەوەو بڕیاردەرانە، وەها کە ئەوانەی دوواوە ئەسیر و عەوداڵت بن و بە ناچار لە گەڵتا بێن. عەلی لەم کاتانەدا هەستی بە گەرمای نیگاکان لە سەر شان و باهۆی خۆی دەکرد. ئەگەرچی نەیدەنواند، بەڵام یەکجار دڵ و دەروونی پێدەدا. عەلی دڵنیا لەوەی کە هاوڕێکەی لەلای سەگەکانەوە دێت، پرسیاری ئەوانی لێکردن، بەڵام ئەو بە سەرسوڕماوییەوە تەنیا سەیری عەلی کرد. دواتر سەیری چێوشەقەکان و لاقە برینداره‌کەی. سەرەتا، بیستبووی عەلی دەمرێ، کەچی نەمردبوو. تا چەند هەفتە دواتریش هەر باس باسی شەڕەسەگەکەی ئەو شەوەی سەربازخانەکە بوو.

ئەو شەوە خەڵکی گەڕەکەکەی تەنیشت سەربازخانەکە وەڕە وەڕی سەیری سەگەکان سەرنجیان رادەکێشت. سەرەتا پێیان وایە ساتێکە و تەواو دەبێت، بەڵام هەتا دێت زیاتر پەرە دەستێنێ. یەکێک لە پیاوەکان کە رەنگە یەکەم کەس بووبێت هاتبووە دەرەوە، گوتبووی:

ـ "تا چاوم بە تاریکی راهات، پێی چوو. ئەوسا لە ناو تاریکاییەکدا کە لە تیشکی گڵۆپە دوورەکانی بیناکانی سەربازخانەکەدا دەکاڵایەوە، چاوم بەو سەگانەی کەوت لە یەکتر بەربووبوون. دوو منداڵم بینی کە لە کۆڵانەکەدا لە ترسا خۆیان بە دیوارەکەی ماڵی دراوسێکەمانەوە نووساندبوو و بێ سرتە و چرتە راوەستابوون. وەک بڵێی هێزی ئەژنۆیان بڕابێ. تەپ و تۆزێکی سەیر هەستابوو. بەڵام تۆزەکە تیشکی گڵۆپە دوورەکانی لە خۆدەگرت و هەربۆیە مەیدانەکە روونتر دەهاتە بەچاو. لە ناو ئەو تۆزەدا منداڵێکم بینی کە بەگژسەگێکدا چووەوە. کتوپڕ منداڵەکەم لەبەر چاودا ون بوو. ئەوسا دەنگی تەقەی تفەنگ. سەگەکان بڵاوەیان لێکرد. دواتر ئەو سەربازانەی کە لاشەی کەسێکیان بەرزکردەوەو لە گەڵ خۆیان دەیانبرد. باوەڕبکەن بە چاوی خۆم بینیم!"

لاشەکە، عەلی بوو کە بە سەیارەیەکی سەربازخانەکە گەیاندبوویانە خەستەخانە. خەستەخانەی شار.

لە بەرامبەر عەلیدا هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. بەلام عەلی بە چاویدا نەدایەوە. دیسان پرسیارەکەی دووپات کردەوە. هاوڕێیەکەی تەنیا سەرێکی بزواند. عەلی نەیزانی کە مانای ئەرێیە یان نا. توڕە لەم شێوە وەڵامدانەوەیە، بە بێ گوتنی هیچ وشەیەک وەڕێکەوتەوە. کە گەیشتە کۆتایی کۆڵانەکە، بەو ئێوارە درەنگانە مەیدانەکەی بینییەوە کە ئەوسەری دەگەیشتەوە باغەکەی جاران. بە دەستی راستیشیدا بە تەنیشت باغەکەوە کەلاوەیەک بوو کە هەمیشە سەگەکان لەوێ بوون.

لەوێ دەحەوانەوە، ...دەحەسانەوە، لەوێ تووتکیان دەبوو و لەوێش بەخێویان دەکردن. عەلی هەستی بە بوونی هیچ سەگێک نەکرد. نەیبینین. بەو خەیاڵەوە کە رەنگە لەوێن و ناجوڵێن و لە ناو کەلاوەکەدا لە پشت داروپەردووە رووخاوەکاندا لمیان داوەتەوە، بەرەو ئەوێ وەڕێکەوت. فێنکاییەکی خۆش لە باغەکەوە دەم و چاوی نەوازش دەدا. تێکەڵێک لە بۆنێکی ئاشنا و لەمێژینە، گیانی بزواند: بۆنی سەگ، بۆنی باغ، بۆشێ و سەرئەنجام بۆنی تۆز. عەلی هەستی کرد کە "ئەو تەنیا هی ئێرەیەو بەس. ئەو دەبێ لێرە بێت، بۆ هەمیشە!"

کە گەیشت، سەرسوڕماو تێیدامایەوە، ...هیچ بوونەوەرێکی نەدیت. کەلاوەکە چۆڵی چۆڵ بوو. ترسێکی سەیر سەراپای داگرت. جەستەی بۆ ناو کەلاوەکە بەکێش کرد، بەڵام دیسان هیچی نەدیت. ئەوسا جەستەی رەقەوەبووی سەگێکی بینی کە لە پشت کەلاوەکە لە ناو زبڵ و خۆڵدا بە زەحمەت دەبینرایەوە. عەلی دەیناسی. ئەو شەوە ئەمیش لە گەڵابوو. ئەم سەگە هەمیشە لە کاتی لەشکرکێشییەکاندا لە ناوەڕاستدا دەڕۆیشت. دێڵێکی سپیی و خۆڵەمێشی کە لەم کەلاوەدا لە دایک بووبوو و هەڵیدابوو و ئیستاش هەر لێرە تۆپابوو. ئارەقێکی سارد بە پشتی عەلیدا هاتە خوارێ. باوەڕی نەدەکرد. هەستی بەوە کرد کە دەبێ شتێک روویدابێ. قەت ئەم کەلاوەیە لەم کاتانەدا بێ سەگ نەبووە. ئەم سەگانە شوێنێکی دیکەیان لەم دونیایەدا نەبوو کە تێیدا بحەوێنەوە. باشە ئەوانی دیکە لە کوێن. بۆنی لاشەی سەگەکە لە گەڵ زبڵەکان لە لووتی ئاڵا، بەڵام عەلی هەستی بە بۆنێکی دیکەش دەکرد. بۆنێک کە تا ئیستا بە لوتیدا نەهاتبوو. بۆنێکی نامۆ. عەلی بیری کردەوە رەنگە بۆنی تەنیایی کەلاوەکە بێت. بۆنی دووریی سەگەبەڕەڵڵاکان! بۆنی تاسەی کەلاوەکە بۆ ئاشناکانی چەند و چەندین ساڵەی. ئەو سەگانەی کە دراوسێکان دەیانژیاندن. ئەو سەگانەی کە دەیانزانی عەلی حەتمەن یەک دووجار لە هەفتەدا بە ئێسکەکانی قەسابخانەوە دەگاتە

لایان. ئەوسا عەلی پەڵە رەشەکانی سەر خۆڵی بینی، ئەو پەڵانەی مەیلەوسووریش بوون. خوێن! عەلی ناسییەوە، چونکە لەوە پێش خوێنی پشیلەکانی لێرە بینیبوو. پشیلە راوکراوەکانی سەگەبەڕەڵڵاکان. نازانێ چەندە راوەستا. هەوا خەریک بوو تەواو تاریک دەبوو. فێنکایی بای باغەکە، پشت ملی ختوکە دەدا. ئارام هەنگاوی هەڵێنا. دەبا لە کەسێک پرسیاری کردبا. کەسێک لە منداڵەکانی گەڕەک، لەوانەی ئەو شەوە، لەوانەی وا لەم مەیدانەدا بە عەشقی ئەم کەلاوەوە لە قوتابخانە دەگەڕانەوە. لە کەلاوەکە نەترازابوو کە سێبەری جەستەیەک لە سەر رێگا سەرنجی قۆستەوە. راوەستا، جوان سەیری کرد. ناسییەوە. یەکێک لەوانە بوو کە ئەو شەوە خۆی بە دیوارەکەوە نووساندبوو. ئەو، ئەو شەوە عەلی بینیبوو. کەس نەیدەتوانی وەک عەلی بێت. عەلی لەودیو سنووری ترسەوە بوو. عەلی تەنیا بیری لە کارەکەی خۆی دەکردەوەو بەس. شتەکانی دیکە لێی بزربوون. عەلی سەیزادە لێی چووە پێش. ئەو، هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە. هەفتەیەک دوای ئەو شەوە لە شارەداری و شارەبانییەوە هاتبون. شارەداری گۆشتی دەرماناوی هێنابوو و دواتریش شارەبانی ئەوانەی بە دەمانچە کوشتبوو کە گۆشتەکەیان نەخواردبوو، ئیستا بە هەر هۆکارێک. دەربازبووەکانی بە تەڵەوەبووی مەرگ! دواتر کەلاکەکانیان لە گەڵ خۆیان بردبوو. عەلی باوەڕی نەدەکرد. باشە ئەی خەڵکی گەڕەک؟ کەس هیچی نەکردبوو، ...هیچی نەگوتبوو! عەلی وەها بێدەنگ بوو کە هاوڕێکەی ئارام بەجێی هێشت. تەحەمولی نەکرد. هەستی تەنیاییەکی سەیر عەلی سەیزادەی داگرت. بیری حەوشەکەیان کەوتەوە، بیری کووڕەکووڕی دایکی، بیری تاپۆی پەیکەری کووڕی باوکی کە لە ژێر درەختی حەوشەکەیاندا جگەرەی دەکێشا. بیری دڵتەنگیی وزەوزی مێشەکانی دیوارەکانی هاوین. لای کردەوەو سەیریکی تری کەلاوەکەی کردەوە. ئەوسا ئارام هەنگاوی هەڵگرت.

كە درگاكەی كردەوە باوكی لە ژێر درەختەكەدا بینی. بۆ یەكەمجار لە ژیانیدا هەستی كرد یەكجار پێویستی بە باوكیەتی! ئارام بە دارشەقەكانی لێی نزیك كەوتەوە. باوكی دوامژی لە جگەرەكەدا و قونچكەكەی فڕێدا. كۆكی. لە چاوە گەشەكانی كوڕەكەی روانی كە لەو تاریكیەدا زیت زیت دەیانڕوانی و لێی دەگەڕان. كۆكی. لە خانووەكەی تەنیشتیانەوە دەنگی تەلەفزیۆن دەهات. ئەحمەدی كاكە مەلا فرمێسكەكانی كوڕەكەی بینی، شانی چەماوەی سەر چێوشەقەكانی بینی، هەستی بە هەناسەی توندی كرد. هەنگاوێك لێی چووە پێش. دەستی خستە سەر شانەكانی و روخساری لێ نزیك كردەوە. عەلی، رەنگی روخساری هەڵبزركابوو، سپیی سپی. عەلی دەیزانی كە ئەمشەو لەو شەوانەیە كە باوكی دەڕوا. بە پێڵاوەكانی دەیزانی كە تەواو هەڵیكێشابوون. بە كیسە توونتەكەی بەر پشتێنەكەی. بە جامانەكەی كە لەم كاتانەدا بە جوانی دەیپێچایەوە. ئەحمەد ویستی لە كوڕەكەی پرسیار بكا كە چی روویداوە، بەڵام هیچی نەگوت. هیچی نەپرسی. عەلی لەبەر فرمێسكە قەتیس ماوەكانی، باوكی جوان نابینێ، بەڵام هەست بە لەرەیەكی بە ئاستەم لە دەستەكانیدا دەكا كە لە سەر شانە گچكەكانی لەنگەریان خستووە. دەستە قورس و رەق و ئالوودەكانی جگەرە و توونتن. دەستەكانی ژێرسەری شەوانەی مزگەوتەكەی تەنیشتی سەربازخانەكەی شار. ئەحمەدی كاكە مەلا بە تەواوی لەش و رۆحیەوە، هەستی بە جەستەی ناسك و بچكۆلانەی كوڕەكەی دەكا، ... كوڕەكەی خۆی. فرمێسكەكانی عەلی چەند شەوقیان دەدایەوە و چەند دەستەمۆبوون. ئەحمەدی كاكە مەلا بوغز و قوڵپێكی سەیر گەرووی داگرت. لە گەڵ كورەكەی باوەشیان بە یەكتردا كرد و فرمێسكەكانیان سەر شان و سینگی یەكتریان تەڕكرد. ئەو شەوە بۆ یەكەمجار ئەوەتەی عەلی سەیزادە لەبیری دێت، باوكی هات و لە تەنیشتیدا خەوت!

## حەز و شەڕ

ئازاد کە لە قوتابخانە دێتەوە، سەرەتا دەچێتە ژوورەکەی خۆی. دوای ئەوەی کتێبەکانی لەوێ دادەنێ سەرێکی حەوشەکە و حەوزەکەی ناوی دەدا. بۆ ئەو، حەوزەکە و باوەگەورەی دوو بوونەوەرن کە زۆر لە یەکتر دەچن. باوەگەورەی وەک حەوزەکە بچوک و روون و سنووردارە و حەوزەکەش وەک باوەگەورەی هەمیشە لەوێیە، لەبەر درەختەکەدا. باوەگەورە وەک ئاوی حەوزەکە وردەشەپۆلی رابردوو دەیهێنێ و دەیبا و، حەوزەکەیش وەک باوەگەورە زوو دەگاتە قەراغەکانی خۆی و حەزناکا ئەودیوی کەوێ. ئازاد پێی وایە هەموو شتێک لە سەر باوەگەورەی دەزانێ، رێک وەک چۆن هەموو شوێنێکی ئەم حەوزە دەبینێ. سەرەتا تا بچوکتر بوو هەمیشە لە تەنیشت باوەگەورەی دادەنیشت و پرسیاری ژیانی لێدەکرد. پرسیاری رابوردوو و ئێستا و هەمیشە. باوەگەورەیشی بۆی دەگێڕایەوە، بۆی باس دەکرد. باسی گوند، باسی سروشت، باسی چەتە و باوکی و مەرگ، باسی

ئەو رۆژانەی ئەو جۆرێکی دیکە دەیڕوانیە ژیان. باسی ئاغاواتەکان کە یەکجار دەسەڵاتداربوون. باسی ئەوەی دونیا دوو رۆژە، رۆژی یەکەم لە دایک دەبیت و رۆژی دووهەم تێیدا دەمری! جارێکیان باوەگەورەی باسی کابرایەکی خەڵکی گوندی بۆ کرد کە رۆژێک بە دەست یەکێک لە ئاغاکانی گوند دەکوژرێ. هۆکارەکەیشی ئەوە دەبێ کە مانگایەکی ئەو کابرایە خۆدەکا بە زەوی و زاری ئاغادا و زەرەری لێدەدا. یەکێک لە ئاغاکان کە بە رێکەوت لەوێ دەبێ، لە گەڵ نۆکەرەکانی هەم مانگاکە دەکوژێ و هەم خاوەنەکەی. خەڵکی گوند تا ساڵانی ساڵ باسی ئەم رووداوەیان گێڕابووەوە. ئازاد، دەزانێ ئاغا چییە، بەڵام شێوەی ژیانی ئەو کاتانەی زۆر نایەتە بەرچاو. دەیزانی رەسوڵی باوکی، زۆری رق لێیانە. رەسوڵ باسی ئەوەی بۆ کوڕەکەی کردبوو کە "شا" ئێستا خەریکە بە تەواوەتی دەسەڵاتی وان کەم دەکاتەوە، ئەسڵەن خەریکی لەناوبردنیانە. حەمەرەزا پرۆگرامێکی گەورەی بەدەستەوەیە کە وڵات بەرەو شوێنێکی دیکە دەبا. ئاغا بۆ ئازاد تەنیا ناو یاخود ناسناوێک بوو کە ئێستا هەندێک کەس لە شاردا هەیانبوو. ئەو ئاغایانە خەلکێکی ئاسایی بوون وەک ئەوانی دی. دەهاتن و دەچوون و کەسیشیان نەدەکوشت. ئەو ئاغا و بەگانەی گەر ئازاد کەمێک سەرنجی دابان دەیبینی کە کەمێک لەخۆڕازیترێکن لە خەڵکی دیکە. بەڵام ئەو چ کاری بەمە داوە. هەموو لەم شارەدا خەریکن پێکەوە دەژین و لە ژێر ئاسمانەکەیدا هەر هەموویان جێیان بووەتەوە.

لە گەڕەکەکەی ئەوان لەوسەری کۆڵان بە دەستی راستدا، ماڵە ئاغایەک دەژیان کە بە تازەیی هاتبوونە شار. خانوویەکی گەورەی دووقات کە لە خانووەکانی ئاغاکان یاخود بەگ و بەگزادەکانی ناو گوندەکانی دەکرد. ماڵی ئاغا یەکجار خێزانداربوون. لانیکەم دە پیاوت دەتوانی بژمێری کە لەو ماڵە دەهاتنە دەر و

دەچوونەوە ژوور. ژنەکانیشیان بێگومان لەم ژمارەیە کەمتر نەبوون، بەڵام مەگەر کەس دەیتوانی بیانبینێ. تەنیا منداڵەکانیان بە دەرەوە بوون. ئەو منداڵانەی کە لەچاو منداڵانی گەڕەک جیاوازتر دەیاننواند. ئەوان سەرەتا زۆر نەیاندەتوانی لە دەرەوە بن، هەر زوو و زۆر بە پەلە گەورەکان دەیانبردنەوە ژوورەوە. ئەم ماڵە هەمیشە میوانیان هەبوو. پیاوەکانیان قیت تر و بەدەمارتر دەیاننواند. لە گەڵ خەڵکی گەڕەک زۆر تێکەڵ نەدەبوون. ئازاد زۆر حەزی بەوە بوو کچەکانی ئەم ماڵە ببینێ. هەرجارێک لەوێوە گوزەری دەکرد بە تاسەوە لە هەموو پەنجەرەکانی دەڕوانی. هەمیشەش بە ئەنقەست لەوێوە دەڕۆیشت. جارێکیان ژنێکی قەڵەوی سپیکەلەی هەیکەل درشتی لە پشت یەکێک لە پەنجەرەکانەوە بینی. ئازاد هەرلەخۆوە هەستی کرد کە روانینی، جل و بەرگ و پێستی فەرقی هەیە. دواتر کە لە باوەگەورەی پرسی, باوەگەورەی گوتی:

ـ "ئەو ساڵانە ژنەکانی ئەوان هەمیشە لە گەڵ ژنەکانی ئاوایی فەرقیان هەبوو. جوانتر، کەڵەگەتتر، سپیکەڵەتر و خرپن بوون! هەموو کەس بە تەمای کچە ئاغا بوو، ئەگەرچی قەتیش بۆ رەعییەت دەستی نەدا!"

ئازاد کە هەموو کچانی گەڕەکەکانی شارەکەی دەناسی، تەواو لە دڵیدا بینینی کچە ئاغاکانی دراوسێی لێ بووبووە مەراق. دەبا کارێکی کردبا! چۆن؟ نازانێ. یەکەم کار ئەوە بوو دەبا بەردەوام ئەو کۆڵانە ببێ بە رێگای هاتوچۆی سەرەکی. هەر بۆیە ئەگەرچی رێگای قوتابخانەکەی لەوێوە تێنەدەپەڕی، بەڵام بە ئەنقەست کەمێک رێگاکەی دوور دەکردەوەو لەوێوە دەڕۆیشت. ئەمە زۆر ئاکامی لێنەکەوتەوە. بەردەرگا هەروا چۆڵ و پەنجەرەکان هەروا لێڵ و نادیار بوون. جارێکیان بە رێکەوت بینینی، بەڵام ئەوەندەیان پیاو لە گەڵدا بوو کە بێ سوود بوو.

دەبا بەس خۆی و ئەوان بان، نەک کەسی دیکە! ئازاد لە سیحری جوانی و لە کاریگەریی قەدوباڵای خۆی تەواو دڵنیا بوو. بەس دەبا دەرفەتیك گیر بکەوتایە!

بەناچار بیری لە شەو کردەوە. ماڵە ئاغا بەرامبەر بە مەکتەبی مندالان بوو و هەربۆیە جگە لە حەسارێکی دوور و درێژی باڵاکورت چیدی بەرامبەر بە خانووەکەیان نەبوو. بەڵام با، راوەستە، دۆزییەوە! ئەی خانووەکەی ماڵی پیاوە شەلەکەی گەڕەک، ماڵی رەحیمی تەنەکەساز. خانووەکەی رەحیمی تەنەکەساز ئەگەرچی رێک بەرامبەری خانووەکەی ماڵی ئاغا نەبوو، بەڵام دەگونجا. خانوویەکی لەبار بۆ روانین و چاوەدێری کردن! شەوێک ئازاد بە سەر بانەکەدا هەڵگەڕا و خۆی مات ک رد. بەختی ئەو بانگردێنەکە رێک لەو شوێنەدا بوو کە دەبا ببێ! ئەوسا ماڵە ئاغای بۆ یەکەم جار لە ناوەوە بینی. ئافرەتەکانی قاتی سەرەوەی بینی. زۆر لەوەی دەچوون کە باوەگەورە باسی لێدەکردن. بە تایبەت یەکیان یەکجار جوان بوو. نێزیک تەمەنی خۆی و بەرز و شووش. ئازاد دڵی داخورپا.

لە بیری نایەت ئەو شەوە تا کەی و چەند بە سەر بانی رەحیمی تەنەکەسازەوە مایەوە. لە بیری دێ رەحیم جارێک هاتە دەر و لە سەر محاجەرەی بەر ژووری دانیشتنەکەی دانیشت و تەنیا لەوبەری رووانی. بۆ رەحیمێک کە لە بەیانی زووەوە تا ئێوارە لە دووکان بوو و تەنیا ئیشی دەکرد، دانیشتنێکی لەم چەشنە دەکرا بۆ هەموو کەس سەیر و سەرنج راکێش بێت. ئازاد ئیدی بە تەواوی لەوە دڵنیا بوو کە ماڵەکەی بەرامبەر شتێکی ئاسایی نیە و ئەو شوێنەیە کە ئەو دەتوانێ خۆی لێ بدۆزێتەوە. ئەوەی لەم ساڵانەدا لە کۆلان گەڕییەکانیدا نەیتوانیبوو بیدۆزێتەوە، لێرە دەدۆزرایەوە، ... دۆزیبوویەوە! زۆربەی ئەو کچانە راحەت بەدەمییەوە دەهاتن. نە دیتنیان زەحمەت بوو و نە پەیوەندیگرتن لە گەڵیاندا. کچەکانی کۆڵان و راوەستانەکانی بەر دەرگای گەڕەک لە کاتی ئێوارەدا. ئازاد هەستی دەکرد لێیان

تێرنابێ، لە بینینیان، لە جێژوانیان و لە نیگاکانیان و بزە و ئیشارەتەکانیان، بەڵام ماوەیەک بوو هەستی بە ماندوویەتیەک دەکرد. هەستی بە دووپاتبوونەوەیەک دەکرد. ئەوەی لە فیلمەکانی ناو تەلەفزیۆنەکەدا پیشان دەدران، جۆرێکی دیکە بوون. هەموو شتێک زۆر رۆمانسی و حەماسی بوو. ئەو رووداوانەی کە مانایان هەبوو. ئەو رووداوانەی کە سەرەتا و نێوەڕۆک و کۆتاییان هەبوو. ئازاد لە کۆڵان گەڕییەکانیدا ئەمەی نەدەبینی. شتێک کەمی هێنابوو. چی بوو، نەیدەزانی. هەربۆیە لەم دواییانەدا زۆرتر بە پێی عادەت دەچووەوە. عادەتێک کە ئەویش کۆتایی پێهات.

رەسوڵ باڵابەرز دەستبەجێ هەستی بە گۆڕانی عادەت لە ئازاددا کرد. رووداوەکەی ناسییەوە. کە لە ئیدارە دەهاتەوە دەیبینی ئازاد زیاتر لە گەڵ باوەگەورەی دادەنیشێ و پاشان کە ئێوارەی لێدەهات و دەچووە دەرێ، زۆر زووتر دەگەڕایەوە بۆ ماڵ. رەسوڵ قەت گوێی لێنەبوو کە ئازاد و باوکی باسی چی دەکەن. نەیدەزانی چ پەیوەندێک لە نێوان زووهاتنەوە ماڵ و ئەم قسانەدا هەیە. تەنیا دەیزانی کە ئازاد ئارامتر بووەتەوە. رەسوڵ نەیدەزانی نیگەران بێت یان نا. ئەم عادەتە نوێیەی ئازاد زیاتر بە قازانجی بوو، چونکە لانیکەم زیاتر لە ژێر چاوەدێریی دایک و باوکیدا بوو. بەلام دانیشتنەکان و هیچ نەکردنەکانی لە گەڵ خۆیان دڵەراوکێیان دەهێنا. ئازاد وەک "باقی" لێهاتبوو، بەڵام باقی لە ماڵدا یەکجار سەرقاڵ بوو. کەچی ئازاد دادەنیشت و بە چەندین سەعات بەس لە دەورووبەری خۆی دەڕوانی. نەک تەنیا رەسوڵ، بەڵکوو جەمیلە و فریشتە و تەنانەت کچانی گەڕەکەکانی دیکە کە بە کۆڵان گەڕییەکانی راهاتبوون، بە کەم دەرکەوتنەکانی ئازاد سەریان سوڕمابوو. زۆرکەس پێیان وابوو کە چووە بۆ سەربازی!

ئازاد ئیستا زۆر زیاتر لە جاران سەبارەت بە ژیانی جاران و گوند لە باوەگەورەی پرسیاردەکرد. باوەگەورەی کە تەنیا سەری بە سەر قورئان و یادەوەرییەکانی خۆیەوە لە بێدەنگیدا گرتبوو، بە حەز و تامەزرۆییەکی سەیرەوە هەموو شتێکی بۆ دەگێڕایەوە. زۆرجار پێکەنینێکی سەیر دایدەگرت، زۆر جار ناوچاوی تێکدەناو و زۆرجاریش تەنیا دەیگێڕایەوە. ئازاد کە حەزی بە گۆرانییەکانی ناو تەلەفزیۆنەکە بوو و وێنەی زۆربەی گۆرانیبێژەکانی لای خۆی هەڵگرتبوو، ئیستا ئەو گۆرانیانەی بە رابردووەوە گرێ دەدا. ئەشقی لە کۆڵانەکان و ناو جادەکانەوە گواستبووەوە بۆ ناو باوەشی سروشت. ماڵەکەی ئاغا لەو سەر کۆڵانەکەوە بە جوانی، ئیستا و ئەو کاتی پێکەوە گرێدەدا. شتێک لەو کچەدا بوو کە لە کچەکانی دیکەی ناو شاردا نەبوو. ئازاد نەیدەزانی چییە. زۆرجار بیری لێدەکردەوە. راکشانەکانی شەوانەی سەربانی رەحیمی تەنەکەساز بەو ئەنجامەی گەیاندبوو کە چارەنووسی ئەو لێرەیە، لەم ماڵە، لە لای ئەو کچەی کە ئەو تەنیا لە پشت پەنجەرەکانەوە بە شەودا بینیبووی. باشە نەدەکرا مرۆڤ هەروەک جاران ژیابا، لە گوند و لە باوەشی سروشتدا؟ لە گەڵ بۆنی ئەوانەی وا سروشت بەر هەمیان دێنێ؟ چی دەبوو گەر ئەم باڵکۆنەی رەحیمی تەنەکەساز هی ئەو بایە؟

رۆژەکان دەهاتن و دەڕۆیشتن بە بێ ئەوەی ئازاد بە ئەنجام و دەسکەوتێک بگات. رووی کردە خوشکەکەی و داوای لێکرد کە ببێ بە هاوڕێی کچی ئەو ماڵە. ئەشرەف تەنیا بە سەرسوڕماوییەوە سەیری کرد. ئەشرەفێک کە بۆ ساتێک بزە لە سەر لێوەکانی ون نەدەبوو، روخساری سارد هەڵگەڕا. ئەو بە ئەزموونی ژنانەی خۆی دەیزانی کە ئەوان شتێکی دیکەن. جۆرێکی دیکەن. خانوویەک کە ئەو هەمووە پیاوەی تێدا بێت، یەکجار جێگای مەترسییە. گەڕایەوەو بە براکەی گوت:

- "دەزانی خەریکە شێت دەبی!"

ئازاد بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت. کچەکە نە دەهاتە دەر، نە دەچوو بۆ مەکتەب، نە لەگەڵ کچانی گەڕەکیش هاوڕێیەتی دەکرد. ئەو تەنیا لە ماڵەوە بوو. ئازاد بیری کردەوە: "لەخۆوە نیە کە لە خانووی ئاوا گەورەدا دەژین، چ لە گوند چ لە شار!" بەڵام شتێک ئەم خانوویەی لە خانووی گوند جیادەکردەوە، ئەوە بوو کە لەسەر کۆڵان حەوشەی نەبوو. هەشت پەنجەرەی گەورە لەسەر کۆڵانەکە بوون. ئەمە بۆ ماڵە ئاغا ئاسان نەبوو. بۆیە بەر پەنجەرەکان هەمیشە چۆڵبوون. ئەم خانووە لەوەپێش ئیدارەی پۆستی تێدابوو، بەڵام چەند مانگ لەوەپێش رایانگواستبوو و چووبوونە بینایەکی نوێی ئەوڕۆییەوە.

جارێکیان باوەگەورەی پێی گوت:

- "بەگزادە تەنیا بۆ بەگزادەیە!"

ئازاد بیری لە باوکی کردبووەوە، رەنگە بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا. بیر لەوەی کە باوکی چییە و چی بووەو بۆچی جۆرێکی تر نەبووە! رەسوڵ، کوڕەزای مەلایەک بووە کە دەستی رۆژگار لە رێگای چەند چەتەوە زۆر زوو کۆتایی بە ژیانی هێنابوو. ئازاد لە باوکی بیستبوو کە ئەو سەردەمە مەلا چی کەمتری لە ئاغا و بەگ و بەگزادە لە باری دەسەڵات و سەروەت و سامانەوە نەبووە، بەڵام بە هۆی نەمانی مەلای گوندەوە، ئاغاکان فێڵ دەکەن و لەرێگای دزینی قەباڵەکانەوە زەوی و زارەکان بۆ خۆیان هەڵدەگرن. کە دەگەیشتە ئێرە، رەسوڵ باڵابەرز یەکجار بە رقەوە باسی لە ئاغاکان دەکرد.

رەسوڵ دەیگوت بۆیە حەزی لە کارکردن لە ئیدارەی سەبت و ئەحواڵە، چونکە ئەم ئیدارەیە کە دەستکردی رەزاشایە، بۆ یەکەمجار لە وڵاتدا ناسنامەی دا بە هاووڵاتیان و بۆ یەکەمجار خەڵکی وەک خۆیان بوون بە خاوەن ناو. ئەو دەیگوت:

ـ "پێش ئەمە خەڵکی بە ناوی گوند و خێڵ و ئاغاواتەکانیانەوە پێناسەدەکران، بەڵام دوای ئەمە ئیتر تەنیا بە ناوی خۆیانەوە. ئەمە ئاغاکانی یەکجار تورەکرد! پێناسەکان، کەسایەتیان بە خەڵکی دا. لە ولاتێکدا کە ئەو هەموو میر و ئاغا بچوک و گەورەی تێدابوو، رەزاشا دەبا بە ناچار ببێ بە شا، چونکە خەڵک بە هەبوونی گەورە راهاتبوون، ... گەورەیەکی زۆر گەورە!"

ئازاد زۆر حەزی بەم قسانە نەبوو. دەردی ئەوی چارەسەر نەدەکرد. بەتایبەت ئەم رستانەی دووایی، کە هەر تێیاننەدەگیشت. ئازاد بیری کردەوە گەر باوکی باوەگەورەی نەکوژرابا، ئیستا ئەمانیش بنەماڵەیەک بوون وەک بنەماڵەی ناو بینای پۆستخانەکەی پێشوو. باشە گەر ئەو چەتانە نەهاتبان، چ دەبوو؟ ئەسڵەن ئەو چەتانە چ کارێکیان بەسەر ئەو مەلا بێچارەوە بوو؟ ئازاد لەبیری دێت جارێکیان باوەگەورەی باسی پوڵ و پارەی کرد. جەردەکان پارەیان دەویست، باوکی نەیدابوو. نەک لەبەرئەوەی دڵی نەدەهات، بەڵکو لەبەرئەوەی پێی حەرام بوو. مەلا، چۆکدادانی لە بەرامبەر زاڵمدا بە کردەیەکی حەرام و دژی یاسای خودا دەزانی و هەربۆیە سەریشی لەپێناودا دانا. بەو تەمەنەوە هەتا لەپێ کەوتبوو لە گەڵ جەردەکان شاخە و شاخی کردبوو.

ئازاد لێرەدا بێزی لە مەلای باوەگەورەی باوکی دەبووەوە. رقێک کە تەواو توورەی دەکرد. باشە نەدەکرا بڕێک پارەی دابا و خۆی و خەڵکێکی راحەت کردبا؟ نە خۆی دەفەوتا و نە زەوی و زار و موڵکەکانیشی لە لایەن ئاغاواتە فێڵکەرەکانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. ئازاد بە ئەزموونی خۆی دەیزانی بۆئەوەی کچێک بەلای خۆیدا راکێشێ دەبێ کاتی بۆ دابنێ. دەبێ خۆی ماندووکا، دەبێ زەرەربکا. دواتر دەیگەیشتێ. بەڵام وەی لەم مەلا کەلەسەر و کەلەرەقە! ئازاد نە باوەگەورەی وادێتە بەرچاو و نە باوکیشی. بەڵام نا، راوەستە! باوکی زۆر لەو دەچێ. خوێندەوار و

قسەزان. دەزانێ چی دەڵێ و چی دەکا. بەڵام بە بارێکی دیکەدا. لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ "ئەم بۆ خۆی لە بەری مەلایە، نەک باوکی!"

ئازاد رقیشی لە باوەگەورەی هەڵگرت. بە ترسنۆکی دەزانی. کەمێک غیرەتی هەبا بێگومان دەیتوانی زەوی و زارەکان بستێنێتەوە. باوکی، کردە و لێهاتوو بوو، زیرەک و دۆخ خوێنەر و کات لێکدەرەوە، بەڵام درەنگ لە دایک بووبوو، یان رەنگە زۆر زوو! کاتی ژیانی کەمێک ناوەخت بوو. ئازاد سەیری پیرەمێردی ژێر درەختەکەی حەوشەی کرد. هەستی کرد دەبا باوکی لەوێ بێت و ئەویش لێرە. جێگاگۆڕینەوەیەک پێویست بوو. زەمانە غەدرێکی گەورەی لە هەمووان کردبوو. هەم خوێنی مەلا بەهۆی ئەم غەدرەوە بەفیڕۆچووبوو، هەم کتوپڕ وەک رەعیەتیان لێهاتبوو و هەم ئیستا ئازاد نەیدەتوانی بگاتە ئەو کچەی کە تەنیا لە ئەفسانەکاندا باسیان لێدەکرا. ئازاد لێرەوە بە سەرنجێکی زیاترەوە سەیری ئەو فیلمانەی دەکرد کە باسی ژیانی پاشا و بنەماڵەکەی بوو. باسی عەشقی کچەکان یاخود کچەکەی پاشا. لەم فیلمانەدا وانەبوو کە کچی پاشا تەنیا بۆ کوڕی پاشا بێت. جاری وابوو عەشق دیوارەبەرزەکانی کۆشکەکانی دەبەزاند و ئاودیو دەبوو. بەڵام ئەمەش لە کاتی رووداو، یاخود کارەساتەکاندا پێش دەهات. ژیانی ئەم شارە لەوە ئارامتر و بێدەنگتر بوو کە ئازاد بیر لە رووداو یان کارەساتێک بکاتەوە. رۆژێک کە هەروا سەیری حەوزەکەی دەکرد، چیلکەیەکی هەڵگرت و تێی وەردا. توند و بە پەلە لە ئاوەکەدا رایوەشاند. ئەوسا بە دارێک. ئاوەکە جوڵا. جۆرێکی دیکەی لێهات. شەپۆلەکان بە قەراغەکاندا هەڵگەڕان، بەڵام زۆر خێرایش نیشتنەوە. ئازاد دارەکەی فڕیداو بە پەلە چووە ژوورەوە. باقی برای بینی کە خەریکی کێشانی وێنەیەکە. وێنەکە مەزرایەک بوو کە روخساری کچێک وەک هەتاوێک رووناکی کردبووەوە. ئازاد بە

سەرسوڕماوییەوە سەیری براکەی کرد. گەنجیەتی بە تەواوی ڕووی لە ماڵەکە کردبوو.

## رۆژەکانی بێ تاقەتی

تا کات زیاتر تێدەپەڕی، دایکی بارام زیاتر هەستی بە بێ تاقەتی دەکرد. کڕینی تەلەفزیۆنیش چارەسەری ئەم بێ تاقەتییەی نەدەکرد. کاری ناوماڵ ئەوەندە نەبوو کە تەواوی رۆژی پێ بەسەربەرێ. دایکی بارام کە بێ تاقەت دەبوو لەبەرپەنجەرەکە دادەنیشت، کە ئێوارەشی لێدەهات گوڵەبەڕۆژەکەی هەڵدەگرت و لەبەردەرگا لە گەڵ ژنەدراوسێکان دەکەوتنە تروو‌کاندنی. جگە لەوە، تەشی دەڕست و بە چنینی دەستکێش و گۆرەویی زستانەوە خۆیشی سەرقاڵ و مەشغوڵ دەکرد. جاری وایش بوو لێی دەفرۆشت. گۆرەوییە بەنەکانی قسەی تێدانەبوو، مشتەری باشی هەبوو. ئەو پارەیەی لەمە دەستی دەکەوت نەیدەدایە دەست مێردەکەی. هی خۆی بوو. هەربەم پارەیە بوو کە جارجارە نەزریشی دەکرد. لەوکاتەوە مێردەکەی دەستی کردبوو بە هاتوچۆکردن بۆ ئەودیوی سنوور، نەزرەکانیشی زیادی کردبوو.

کچەکان یەکتریان هەبوو، سەریان بە سەری یەکترەوە دەنا و بە قسەی رۆژانەو حیلکە و پێکەنین و وردەکاری ناوماڵەوە رۆژەکانیان تێپەڕدەکرد. دایکی بارام لەم بێکارییەی خۆی و کچەکانی نەدەگەیشت. جارجارە بەیادی جارانەوە سەردانی تەویلەکانی دەکرد. ئیستاش بۆنی مانگا و ئاژەڵەکانی دیکە لەوێ مابوون. هەر دەرگاکەت دەکردەوە، هاڵاوی بۆنەکەت بەسەردا دەهات. پڕ بە سییەکانی هەڵیدەمژی. ساڵان لەوە خۆشتر نەبوو زستانان کاتێک بەفر لە سەرعەرز دەنیشت و هەموو دونیای سپی دەکرد، لە لای مانگاکان بایتایە. دایکی بارام جاری وابوو فرمێسک لە سەرگۆناگانی دەهاتە خوارەوەو بە دڵ دوعای لەوانە دەکرد کە ژیانیان لێ سەندبوو. ئاخر ئەو مانگا بەستەزمانانە گوناحیان چی بوو؟ باشە ئەی ئیستا خەڵکی نەخۆش نەدەکەوتن؟ باوەڕی بەوە بوو کە بەخیلیی خەڵکی، ئەم نەهامەتییەی بەسەردا هێنابوون. کەس بەقەدەر ئەوان خێر و بێری ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانەیان بەسەردا نەڕژابوو! خودا لە قورئاندا باسی خەڵکی بەخیلی کردبوو. دراوسێکەیان جارێک گوتبووی کە مەلای مزگەوت وتوویەتی قەومی لووت لەسەر بەخیلی بوو خوا غەزەبی لێگرتن! ئیستاش خودا غەزەبی لە دونیا گرتبوو. کافری رووی کردبووە وڵات. خەڵکی چاویان بە یەکتر هەڵنەدەهات. جارێکە لە دڵەوە یەکجار رقی لە رەسوڵ باڵابەرز بوو. بەو جل و بەرگانەیەوە ئەگەرچی ساڵانی ساڵ بوو دراوسێیان بوو، بەڵام گەلێک غەریب دەینواند. دایکی بارام پەیوەندییەکی راستەوخۆ و حاشاهەڵنەگری لە نێوان کۆت و شەڵواری رەسوڵ باڵابەرز و قەدەغەبوونی مانگا لە ناو شاردا دەبینی. هەموو شتێک لەو کاتانەوە دەستی پێکرد. بەس نەبوو جاران بەهۆی حەیوانداریيەوە سەریان قاڵ بوو و شتێکیان دەکرد. خەمی کچەکانی دەخوارد. تازە نە بەکەڵکی قوتابخانە دەهاتن و نە بە کەڵکی ئاژەڵداری. باشە کێ کچی بێکار و حەتاڵ و بەتاڵی دەوێ؟ لەو کاتەوە مانگا و

ئاژەڵداری قەدەغە کرابوو، ئەرکی مێردەکەی چەندقات بووبوو. دایکی بارام ئەگەرچی عێراقی نەبینیبوو، بەڵام ئەوەتەی دەژی و بیستوویەتی لەوێ هەر شەڕو شۆڕ بووە. دەڵێن وڵاتیکە خەڵک قەت تێیدا ناحەسێتەوە. وڵاتێکی پڕ لە خێر و بێر، بەڵام نەحەساوە. دەگێڕنەوە کاتێک ئێران و ئێراق لە نێوان خۆیاندا سنووریان دابەش کردووە، گوندێکی مابووەوە کە نەیاندەتوانی بڕیاری لەسەر بدەن، یاخود کێشەیان لەسەری هەبووە. سەرئەنجام رایان دایە دەست خەڵکی خودی گوندەکە. خەڵکەکەش ئەم دیویان هەڵبژارد! لە کاتی تەنیاییەکان و داڵغەکانیدا زیاتر نیگەران دەبێ. بێچارە پیاوەکەی! ئیستا ئیتر عادەتیان بە رۆیشتنی گرتبوو. چەند خێرا شتەکان ئاسایی دەبنەوە!

لەوکاتەوە مێردەکەی فێری کەسابەتی ئەودیو بووبوو، زیاتر دڵی دەدایە بارامی کوڕی. رەنگە هی ئەوە بێت کە لەم کاتانەدا دەبوو بە تاقەپیاوی ماڵ! پیاوە گچکەکەی ناو ژێرخان و هەڵاتنەکانی کۆڵان و بەر تەلەفزیۆن! ئیستا لەو کاتەوە تەلەفزیۆنیان کڕیوە، بارام، کەیوانیش لە گەڵ خۆی دێنێتەوە. دایکی بارام دەیبینی کە کەیوان یەکجار لە باوکی دەچوو. لە چاو تەمەنی، درێژتر و وەک باوکیشی دەیڕوانیە شتەکان و دەوروبەر، نیگاکانی کەمێک قورس و درەنگ تێپەڕ. ئەو حەزی لەم شێوە نیگاکردنانە نەبوو. دەڵێی دەیەویست شتێکی شاراوە بدۆزێتەوە. نیگایەکی پرسیارکەر، بەڵام بێ وشە و بێ کەلام. کەمیش دەدوا. دایکی بارام دەیگوت:

ـ "هەروان، بە بنەماڵە وان. هەموو پیاوەکانیان کەم دەدوێن!"

بەڵام ژنەکانیان وانەبوون. کوڕەکان چووبوونەوە سەرباوکیان و "ئەشرەف" یش سەر دایکی. ئاگای لێبوو کاتێک کچەکانی لە گەڵ ئەشرەف قسەیان دەکرد، ئەو بە قەدەر هەردووکیان دەدوا. رەنگە زیاتریش! لە بەرخۆیەوە دەیگوت:

- "بەری مەلان، هەروا دەبێ!"

بەلام توانای قسەکردنیش خۆی بەهرەیەک بوو. ئەو ئەمەی دەزانی. ئەمەیشی بۆ ئەوە دەگێڕایەوە کە ئەشرەف دەچووە قوتابخانە. ئەو نەیدەزانی دواتر ئەشرەف دەبێ بە چ کارە، بەڵام شتێک لە ناخیەوە پێی دەگوت کە داهاتوویەکی باشی دەبێ، لانیکەم باشتر لە کچەکانی خۆی. ئەمە یەکجار تورەی دەکرد. ئەم تورەییە وای دەکرد کە جاری وابوو بە بێ هیچ هۆیەک تەلەفزیۆنەکەی لە بارام و کەیوان دەکوژاندەوەو نەیدەهێشت سەیری بکەن. دەیگوت باشترە بچن لە کۆڵان کایە بکەن. وەها بە توورەیی و ناوچاوێکی گرژەوە ئەمەی ئەنجام دەدا کە بارام نەیدەوێرا هیچ بڵێ. بارام دەیزانی دایکی حەزناکا کەیوان بچێتە ماڵیان، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی یەکجار بە قەرزداری کەیوان دەبینی، گوێی نەدەدایە. کە دایکی نەیدەهێشت سەیری تەلەفزیۆن بکەن، لە جیاتی ئەوەی بچنە کۆڵان، دەچوونە حەوشەی پشتەوە، لەوێ خۆیان سەرقاڵ دەکرد. یاری لاساییکردنەوەی زۆرۆ و تازران و یاخود فیلمە کاوبۆیی و شمشێربازییەکان. لەم کاتانەدا ژێرخانەکەی پشت سەرتەنوورەکە دەبوو بەو شوێنە ئەفسانەییەی کە یارییەکەی دەکرد بە فیلمێکی تەواو. سیحری ئەو ژوورە واتە ژووری پشت سەرتەنوورەکە کە تێکەڵ بە جۆرێک لە ترسێکی خۆش بوو، کەیوانیشی گرتبووە خۆی. کەیوان لە ماڵی خۆیان خاوەنی وەها شوێنگەلێک نەبوو. باوکی زۆربەی کات ژوورەکانی ئەوبەر حەوشەکەی رێک و پێک دەکرد و تەنانەت سالی جارێک یان دوو ساڵ جارێک حەتمەن تەڕاوێکیشی دەدان. هەموو ژوورەکان لە خانووەکەی ئەواندا روون و پڕتیشک و خاوێن بوون. گەش وەک دەرەوە. کەیوان بە دیتنی ژوورەکانی خۆیان زۆرجار بیری پێلاوە چینییەکانی خۆی دەکەوتەوە: سپی و سووکەڵە و راحەت. ئەو پێلاوانەی کە دەکرا تا بێ سنوور پێیانەوە رابکەی! جارێکیان کاتێک رەسوڵ بالابەرز لە حەوشێ دانیشتبوو و

خەریکی رۆژنامە خوێندنەوەبوو، کەیوان باسی ژوورەکەی ماڵی بارامی بۆ کرد. رەسوڵ قەدەرێک بە بێدەنگی مایەوە. لە دەروونی خۆیدا بیری لە حەوزێک کردبووەوە بە ئاوێکی رەشەوە. ئاوێکی لێڵی پیس کە دەبێ هەرچی خێراتر بیگۆڕی. بەڵام ئەمەی لای کوڕەکەی نەدرکاندبوو. تەنیا گوتبووی کە کاتێک لەوێ یاری دەکا، دەبێ زۆر ئاگای لەخۆی بێت! دواتر کە کەیوان دوور کەوتبووەوە و رۆیشتبوو، رۆژنامەکەی لابردبوو و هەستابووە سەرپێ. بیری کردبووەوە کە ئەگەرچی مانگا و ئاژەڵەکان نەمابوون، بەڵام تەویلەکان هەر لەوێ بوون! ئەو تەویلانەی کە هەردەم دەکرا دیسان ببنەوە بە شوێنی بەخێوکردنی مانگاکان. کەواتە تەنیا قەدەغەکردنی ئاژەڵ بەس نەبوو، دەبا خانووەکانیش گۆڕدرابان. بەڵام چۆن؟ نازانێ! رەسوڵ قەت بە کوڕەکەی نەگوت کە مافی ئەوەی نیە لەو ژوورەدا کایە بکات، بەڵام نیگەران بوو لەو حەز و شەوقەی لە سیمایدا بەدی دەکرا. تەلەفزیۆنەکەش نەیتوانیبوو ئەو حەزە بمرێنێ.

رۆژێکیان کە خەریکی یاریکردن بوون لە ماڵی بارام، لە ژێرخانەکە بەسەر شتێکدا کەوتن کە لە پەڕۆیەکی پیس پێچرابوو و لە پشت هەندێک چیلکە و چەوێڵ لەبن کۆتەرەیەکی یەکجار کۆندا کەتبوو. بارام بە هەمان عەشقی شت دۆزینەوەی جارانیەوە دەستی دایە. هەڵیگرت. رووی کردە کەیوان گوتی:

- "ئەگەرچی تا ئیستاکە سەدجار زیاتر ئێرەم بەسەرکردووەتەوە، بەڵام وەک دەبینی هەمیشە بە تووش شتی تازەوە دەبی. یەکەمجارە ئەمە دەبینم!"

پەڕۆ چڵکنەکەیان کە بە جوانی لە دەوری شتە قورسەکە پێچرابوو، بە ئارامی کردەوە. دەمانچەیەک دەرکەوت. ئەگەرچی باوکی بارام لە ماڵەوە لای خێزانی بە ئاشکرا ئەم دەمانچانەی مامەلە دەکرد، بەڵام هەمیشە ئەم کارەی لەوکاتەدا دەکرد کە بارام یان خەوتبوو یان لە ژوورەکەدا نەبوو. منداڵ بوو و هێشتا نەدەکرا باوەڕی

پێی هەبێ. منداڵەکان بە دیتنی دەمانچەکە سەیری یەکتریان کرد، بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون. دەمانچەکە قورس بوو. بارام جارێکیان لە کاتی مامەڵەدا بەسەردا کەوتبوو و دیتبووی باوکی بە پەلە شتێک دەپێچێتەوە. دەمانچەکەی بۆ چرکەیەک بینیبوو. ئیستا بیری ئەو شەوە کەوتەوە. کەیوان دڵنیا لەوەی کە ئەم دەمانچەیە هەر هەمان ئەو دەمانچانەن کە لە تاقە دووکانی کەرەسە یارییەکانی شاردا دەفرۆشرا، داوای لە بارام کرد کە بەم دەمانچەوە درێژە بە کایەکەیان بدەن. بەڵام بارام زانی کە شتێکی نائاسایی لە هەبوونی ئەم شتە رەش و قورسەدا لەم ژووورە تاریک و فەرامۆشکراوەدا هەیە، هەر بۆیە نەیهێشت. دەمانچەکەیان لە شوێنی خۆی دانایەوە و، وەدەرکەوتن. کەیوان لە سیمای گرژ و تێفکراوی بارام سەری سووڕما.

بارام چەند جارێک لە گەڵ کەیوان دەستی لە دەمانچە پلاستیکییەکانی ئەو دووکانە دابوو. ئەوان سووک و نەرم بوون. بۆنی پلاستیکیان لێوە دەهات. بەڵام ئەمەی ئێرە، هی ژێرخانەکە جۆرێکی تر بوو، قورس و سارد و رەشێکی قەترانی کە بۆنێکی ساردیشی لێوە دەهات. بارام لە ناو بۆنەکانی تردا ئەو بۆنە غەریبەی ناسییەوە. بۆنێکی تر کە بە بۆنەکانی تری ناو ژوورەکە زیاد بووبوو. باوکی چەند هەفتەیەک بوو لە ماڵەوە نەبوو. بارام زانی کە دەمانچەکە لەوێ دەبێ تا باوکی دەگەڕێتەوە. کەواتە دەرفەتی ئەوەی هەبوو بچێت و سەیری بکاتەوە، بەڵام شتێک پێی دەگوت ئەم کارە نەکات. نەدەبا کەس بزانێ کە ئەو چاوی پێی کەوتووە! لەو رۆژەوە ئیتر بارام گۆڕا. ئیستا خاوەنی رازێک بوو، رازێکی ترسناک. تێگەیشت کە باوکی بە شتی ترسناکەوە مەشغوڵە. بیری فیلمەکانی ناو تەلەفزیۆنەکە کەوتەوە، پیاوە ناوچاوگرژەکانی ژیانێکی پڕمەترسی و خەتەر. ئەو پیاوانەی کەم پێدەکەنین و کەم دەدوان و کەم لە شوێنێک دەمانەوە. باوکیشی زۆر لەوانی دەکرد. بارام هەستی کرد کە بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا خەریکە بیر لە باوکی دەکاتەوە. خەریکە دەیەوێ

باوکی بناسێ. کاتێک کەیوان رۆیشت، شوێنی دەمانچەکەی گۆڕی. دوو هەنگاو بەرەو پشتەوە بەدەستی چەپدا. گەرچی کەمێک زەحمەت بوو، بەڵام توانی. بۆ چەند رۆژ دوواتر کاتێک کەیوان لە کاتی یاریکردندا حەزی بە سەیرکردنەوەی دەمانچەکە کردەوە، نەیانتوانی بیدۆزنەوە! بارام گوتی:

ـ "ئێرە ئاوایە، دۆزراوەکان دووبارە ون دەبنەوە! سەیر نیە؟"

کەیوان بە سەرسوڕماوییەوە سەیری کردبوو. بۆ سبەی کاتێک باوکی لە تەنیشت حەوزەکە دانیشتبوو و رۆژنامەی دەخوێندەوە، باسی دەمانچەکەی بۆکرد. رەسوڵ باڵابەرز لە سەر کورسییەکەی راست بووەوە. تیژ سەیری کوڕەکەی کرد. هەر ئەوەندەی گوت کە چیدی حەزناکا بچێ بۆ ماڵی بارام و لەو حەوش و ژوورە ترسناکانەدا کایە بکات. کە کەیوان رۆیشت، هەستی بە ترسێکی عەجیب کرد. یەکەمجار بوو لە ژیانیدا بەم شێوەیە هەستی بە بوونی چەک دەکرد لە نزیک خۆیەوە. تەنیا کۆڵانێك. رەسوڵ نەچووبووە خزمەتی سەربازی، هەربۆیە چەکی لە نزیکەوە وەها کە لە گەڵیدا بژیت نەدیتبوو. ئەو چەکی پۆلیس و سەربازەکانی بینیبوو، بەڵام چەک بە شان و قەد و باڵای ئەوانەوە جۆرێکی دیکە بوو. هەستت بە مەترسی نەدەکرد. ئەو چەکانە لای ئەوان پیاو لە جێیان دڵنیابوو. رەسوڵ بیری وێنەکانی رەزاشا کەوتەوە، بە دەمانچەیەک بە کەمەرەوە. ئەگەرچی دەمانچەکەی رەزاشا سەرنجی بینەری رادەکێشا، بەڵام دەستبەجێ بیر و زەینی بۆ شوێنێکی تر راپێچ دەکرد. رەسوڵ تەنانەت جاری وابوو بەو ئەنجامە دەگەیشت کە رەزاشا لەخۆوە ئەم دەمانچەی بە لاقەدەوەیە. ئەوەی لە دونیادا دەکرا زۆر بێت تفەنگ بەدەست بوو، ئەوەیشی دەکرا یەکجار کەم بێت پیاوی عاقڵ و ژیر و تێگەیشتوو. رەسوڵ بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەوسەردەمە جیاواز بووە. جگە لەوە زۆربەی ئەو

وێنانەی وا ڕەزاشا بە چەکەوە پیشان دەدەن، هی ئەوسەردەمەیە کە بەرپرسی "سوپای قەزاق" بووە.

ڕەسوڵ هەستا سەرپێ. باوکی لە ژێر درەختەکەدا خەوی لێکەوتبوو. بیری چەتە تفەنگچییەکان کەوتەوە کە باوەگەورەیان ساڵانی ساڵ لەوەپێش لە ماڵی خۆی، بە بەردەم ماڵ و منداڵەوە دزیبوو. باوەگەورەی لە چەک نەترسابوو. ئەو چەکانەی هاتە بەرچاو لە دوورەوە لە ناو چیاو و لێڕەوارەکاندا لە بەرهەتاودا دەبریسکانەوە، بە پیرەمێردێک لە گەڵدا، ڕەنگە لە ناوەڕاستی ریزەکەدا. عەسرێکی بەهاریی یەکجار دڵڕفێن بوو. ئەوسا بیر لەو دەمانچانەی وا ئیستاکە لە جیاتی مانگاکان لە تەویلە و ژێرخانەکاندا جێگایان خۆش کردبوو و دەژیان. ڕەسوڵ ئەمڕۆ دیسان بۆ جارێکی تر بەو ئەنجامە گەیشت کە دەبێ هەرچی زووتر لە شێوەی بینا و خانووەکانی شاردا گۆڕانێک بکرێ. ڕەزاشا کارەکەی دەست پێکردبوو و ئیستا دەبا کوڕەکەی تەواوی بکا. ڕەسوڵ بزەیەکی تاڵ نیشتە سەرلێوی. ئەوە ساڵانی ساڵە زۆربەی هەرەزۆری خانووەکان هەروەک خۆیانن. شار لە رواڵەتدا هەر ئەوەی جارانە، هەڵبەت کەمێک گەورەتر، ... کشاوەتر، بە هێندێک بینای حکومەتییەوە کە یەکجار لەوانی دیکە جیاوازن. ڕەسوڵ دەیزانی باوکی بارام بە قاچاغچیەتیەوە خەریکە، دەیزانی قاچاغچی چەکیش هەیە، بەڵام نەیدەتوانی لێکی بداتەوە کە سەرئەنجام مەترسیی بوونی ئەو دەمانچەیە لەو ژێرخانە قەدیمییەدا چییە. ئەو ئەوەندەی دەزانی ڕەزاشا هەوڵی ئەوە بووە چەک بە دەست خەڵکەوە نەهێڵێ و ئەوە تەنیا هێزە چەکدارەکان و پۆلیس بن کە خاوەن چەک بن. کەواتە بوونی ئەو دەمانچەیە شکانی ئەم یاسایەیە و بە ئاشکرا بەفیڕۆدانی هەموو زەحمەتەکانی ئەو پیاوە مەزنە بوو. ڕەسوڵ ئەمەی یەکجار لە لا نەک تەنیا یاساشکێنانە، بەڵکوو خائینانەش دەهاتە بەرچاو. خوا دەیزانی ئەو چەکانە بۆ کوێ بەڕێ دەکران و

بەردەستی کێ دەکەوتن، رەنگە بەردەستی ئەو کەسانە بکەونەوە کە ساڵانی ساڵ لەوەپێش ئەم چەکانەیان لێ ئەستێندرابووەوە. مەترسیی گەڕانەوە بۆ ساڵانی رابردوو! رەسوڵ بە تەواوەتی لە خۆیدا هەڵچووبوو. توڕە توڕە. چی بکا؟ بیری بارام کەوتەوە. ئەو منداڵە مەعسوومەی ساڵانی ساڵە روو لە ماڵی دەکا. چار نیە دەبێ لە گەڵ باوکی بارام قسە بکا، بەڵام چۆن؟ ئەوان خۆ هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نیە. رەسوڵ نائومێدییەک دایگرت. داهێزرا. سەیری دەورووبەری خۆی کرد. چاوەکانی چەند غەمگین بوون. ئەوەندەی نەخایاند کتوپڕ ئارامییەکی سەیر پاشەکشەی بەم هەمووە بیر و هەستە ناخۆشە کرد. بێگومان گەڕانەوە بۆ رابردوو مەحاڵە! بیری سەربازخانەی شار کەوتەوە کە هەموو رۆژێک هەتاوی بەڕێ دەکرد و سەرسنووریشی دەپاراست. بیری شارەبانی و دەزگای پاراستنی وڵات کەوتەوە کە هەر دووکیان بە دوو بینای گەورەوە لە ناوەڕاستی شاردا خۆیان دەنواند! بیری قوتابخانەکان، بیری ئەو ئیدارە و قوتابخانانەی یەک بە دوای یەک دامەزرابوون و تەژی لە منداڵ و خەڵکی شار بوون. رەسوڵ، دەمانچەکەی یەکجار بچووک هاتە بەرچاو. ئەوەندە بچوک وەک دەشاییەکانی قەدیم. شتێکی وابچووک تازە ناتوانێ ئەو هەموو شتە گەورەیە بخاتەوە بەر مەترسی. بێگومان ئەوانەی ئەم دەمانچەیەیان دەوێ تەنیا بۆ پارە دەرهێنانە. دەمانچەش بەهەرحاڵ جنسێکەو قیمەتی هەیە و پارەدەکا. رەسوڵ بزەیەک گەڕایە سەرلێوی: "ئای پارە!"

## هاوڕێ

لە قوتابخانە زۆربەی هاوکلاسییەکان بە بەخیلییەوە چاویان لە باقی دەکرد. کوڕێکی کەم دوو و ورد کە زۆر بە ئاسانی لە وانەکان دەگەیشت و هەمیشەیش نمرەی باش باشی دەهێنایەوە. بەڵام رواڵەت و ئاکارێکی وەهایشی هەیە کە ناکرێ ئەوەندە ئاسان ئەزیەت و ئازاری بدەی. بەتایبەت کە ئازاد برایەتی و ئەویش لە هەمان قوتابخانەدایە. پەیداکردنی هاودەم و هاوڕێ بۆ باقی ئاسان نەبوو. زۆربەی قوتابییەکان جۆرێکی دیکە بوون، ...گەڕان و قسە و، ...باسی کچان. زۆربەیان بە زەحمەت تاقیکارییەکانی کۆتایی ساڵیان پێ تەواودەکرا. باقی، ئەوانی زۆر سەرسەری دەهاتە بەرچاو. پێی سەیر بوو کە بۆچی زۆر ئاگایان لە کتێب و لە "کەیهانی منداڵان" نیە. ئازاد پێکەنینی دەهاتێ: "منداڵان!" بەڵام گرینگ نەبوو، گرینگ وێنەکان و رووداوەکان بوو، ...وێنە رۆمانسیەکانی ناو گۆڤارەکە بوو و

ژیانکردن. هەڵبەت ئەوانیش وەک ئەم هەرهەموویان ئەوانەی وا تەلەفزیۆنیان هەبوو بە فیلمەکانەوە سەرقاڵبوون. بەشێکی گفتوگۆکانی رۆژانەی سەرکلاس و حەوشەی قوتابخانە سەبارەت بەم فیلم و گۆرانیانە بوون. لە خانووەکاندا ئیستا ئیتر زۆربەی کات دەنگی ئەو گۆرانیبێژانە دەبیستران کە بە زمانێکی جیا لە زمانی دایک و باوکەکان گۆرانیان دەگوت. بەڵام زۆر نائاسایش نەدەهاتە بەرچاو. بەتایبەت کە بەشێکی گرینگیان ژن بوون و لە کاتی گۆرانی وتندا سەمایان دەکرد و بە جل و بەرگی جوان و روخساری ئارایشکراوەوە دەهاتنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە.

ماوەیەک بوو بنەماڵەیەکی تر هاتبوونە ئەم شارەو کوڕەکەیان دەهاتە ئەم قوتابخانەیە. لە هەمان کلاسی باقیش دا بوو. ئەو کوڕە هەر زۆر زوو سەرنجی باقی راکێشا. لە شارەگەورەکانەوە هاتبوو و یەکجار بە هەستی متمانەبەخۆوە دەدوا. باقی زۆر خێرا لە گەڵی بوو بە هاوڕێ. زیرەکیی باقی لە دەرس و دەوردا شتێک نەبوو کە بکرێ راحەت لێی بگوزەرێی. جگە لەوە باقی خاوەنی خەون بوو. کە قسەی دەکرد، دەیبردی بۆ شوێنێکی دی. ئەو شوێنەی یان شوێنانەی تەنیا خەیاڵ دەیانگەیشتێ. ناوی کوڕەکە پەیمان بوو.

باقی لە ماڵی پەیمان کتێبەکانی بینیبوو. کتێبخانەیەکی گەورە کە هی باوکی بوو. لەوێ بوو بۆ یەکەمجار کتێبی لە سەر شەڕی ڤیتنام بینی. هەڵبەت لەوە پێش لە رۆژنامەکانی باوکی لەسەر ئەم شەڕەی خوێندبووەوە، بەڵام بۆ ئەو ئەم شەڕە شەڕێک بوو دوور، لە شوێنێک لە سەر زەوی کە دیسان تەنیا خەیاڵ دەیتوانی بیگاتێ. وێنەکانی شەڕەکە ترسناک دەهاتنە بەرچاو. سەرباز و ژن و منداڵ و ئەو دارستان و گوندانەی کە دەسووتان. زۆرجار باقی ئەمانەی وەک فیلمەکانی تەلەفزیۆنەکە دەهاتەبەرچاو. ئەو فیلمانەی کە ئەوپەڕەکەی دوو سەعاتی دەخایاند و

ئیتر دواتر هەموو شتێک تەواودەبوو. بەڵام کە بۆ یەکەمجار ئەو کتێبەی لە پەیمان قەرزکردوو و لە ماڵەوە دەستی بە خوێندنەوەی کرد، دنیای گۆڕا. شەڕی ڤیتنام بۆ ئەو فیلمێک بوو کە ساڵانی ساڵ بوو نمایش دەدرا و ئیستاکەش هەر بەردەوام بوو، فیلمێکی بێکۆتایی. هەر لەڕێی ئەم کتێبەوە بۆ یەکەمجار لەسەر بیرە سیاسییەکانی خوێندەوە. لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم شارە بچکۆلەیە کە بە ئارامی رۆژەکانی خۆی تێپەڕدەکرد، غەوغایەک بوو! هەرا و هەڵایەک کە زۆر ئاسان دەکرا لە گەڵ خۆی بتبات. بیری قسەکانی باوکی کەوتەوە لە سەر رەزاشا. باسی زەمانی کۆن، ئەو سەردەمانەی وا وڵات کەس لە کەس بووە. باقی هەستی کرد ئیستا دەتوانێ ئیتر لە قسەکانی باوکی بگا. باوکی باسی لە سیاسەت کردبوو، بەڵام ئەو وەک چیرۆک گوێی لێگرتبوو. چیرۆکێک کە هەمیشە بە کۆتاییەکی خۆش دەگەیشت! باقی کە کتێبەکەی سەر ڤیتنامی تەواو کرد، سەرەڕای کارەساتەکان، دەیبینی هەر ئەم ئومێدە و ئەم کۆتاییە خۆشەی کە باوکی لە چیرۆکەکانیدا باسی لێدەکرد، لەوێشدا هەیە. مردووەکان بە بزەوە دەمردن و بە چاوێکی گەشی بێ جووڵەوە سەیری داهاتوویان دەکرد. باقی بیری خەونەکانی خۆی دەکەوتەوە. بیری مەزرا و سروشت و فریشتەی دراوسێیان. بیری تاقیگە ژێرزەمینییەکەی خۆی. وێنەکانی کە هەموو دیوارەکانی ناو ماڵەخەیاڵییەکەی داپۆشیبوو. خۆرەی پرسیارێک ئیستا مێشکی باقی دەخوارد: ئەم ئارەزووانە ئیستا چ مانایەکیان هەبوو؟ تا کوێ بریان دەکرد؟ کتێبەکە و هەروەها دوواتر پەیمان باسیان لە ژیانێکی باشتردەکرد. ژیانێک کە پێویست نەبوو بچیتە دەرەوەی شار و لەوێ خانوو و ماڵ چێبکەی. پەیمان دەستی بۆ خانووە گڵینە و کۆنەکانی شاری رادەداشت و دەیگوت:

ـ "ئەمەیە ئەوەی کە ئەو هەمووە بانگەشەی پێوەدەکەن؟"

بۆ باقی خانووە گڵینەکان گەلێک ئاسایی بوون، بەلام ئیستا ئیتر بەرەبەرە سیمایەکی تریان پەیداکردبوو. بۆ ئەوێک کە خەونی بە مەزرایەکی دەرەوەی شاردەبینی کە خانووەکەی نێوی جیاواز بوو لەوانەی شار، ئیستاکە شار و خانووەکانی ئەوەندەی تر قێزەوەنتر دەیاننواند. ساڵانی ساڵ خەونی بینیبوو، بەڵام بۆ ئەو دنیا هەر لەجێی خۆی بوو. گۆڕانێک بەدی نەدەکرا. نە رەسوڵ باڵابەرزی باوکی دەیویست کارێکی بۆ بکا و، نە ژیان رووداوی دیکەی لە گەڵ خۆی دەهێنا. کەواتە عەیب و کەمایەسییەک لە جیهاندا هەبوو. دەبا هەموو شتێک بگۆڕی! ئەم شارە گڵینەی ژێر هەتاو دەبا خۆی راتڵەکاندبا! خۆ ڕاوەشاندنێکی وەها کە چی تۆز و خۆڵی دەیان و سەدان ساڵەیە لە پەیکەری خۆڵینە و گڵینەی بێتەوە!

باوکی پەیمان بە پیشە کۆنە مامۆستا، دوورخراوەیەک بوو لە تەمەنی تارادەیەک پیریدا کە لەوە پێش لە ناوەند ژیابوو. پیاوێک کە هەنووکە زۆرتر بە ژیانی خۆیەوە خەریک بوو. باقی، کە سەیری دەکرد بیری باوکی خۆی دەکەوتەوە. جل و بەرگ و شێوەی ژیان هەمان، بەڵام بە پێچەوانەوە، قەت باسی رەزاشای نەدەکرد. ماندوویی و بێزارییەکی سەیر لە دەم و چاویدا خۆی دەنواند. باقی دەیبینی کە دەبا ئەم پیاوە جارجارە بچێ بۆ شارەبانی. دواتر زانی کە دەبێ بۆخۆناساندن ئەم کارە بکا. خۆناساندنێکی بەردەوام بە پۆلیسی شار.

ئیستا ئیتر زۆربەی کات پێکەوە بوون. دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی. کاتێک رەسوڵ بالابەرز لە ماڵدا وەک جاران باسی رەزاشای دەکرد، دەیبینی روبەرووی هەڵوێست و قسەکانی باقی کوڕی دەبێتەوە. رەسوڵ سەرەتا باوەڕی نەدەکرد. پێی وابوو لە قوتابخانە هەڵەیەک لە دەرسی مێژوودا هەیە. جارێکیان بە دزییەوە کاتێک باقی و ئازاد لە ماڵ نەبوون، چوو لە ژوورەکەیان کتێبی مێژووی باقی هێناو بە پەلە چاوێکی پیاخشاند. بە شوێن ئەگەری گۆڕانێک بە کۆڵانی لاپەڕەکاندا

پیاسەیەکی کرد. لە پاژی سەبارەت بە رەزاشادا هیچ شتێکی نائاسایی نەدەبینرا. هەر هەمان ئەو شتانەی بوون کە بۆخۆی دەیزانین. باقی باسی لە بێروحمی رەزاشا دەکرد، باسی زیندانەکانی، باسی ئەوەی چەند ژنی هەبووە و لە بەرامبەر ئاخووندەکاندا پیاوێکی دوو ڕوو بووە. باسی ئەوەی بە فێڵی ئینگلیزییەکان هاتووەتە سەرکار و دواتر بە هۆی ئەوەی ویستوویەتی ببێ بە پیاوی ئاڵمانییەکان، ئینگلیزییەکان لە سەرکار لایانبردووە. رەسوڵ باڵابەرز باوەڕی نەدەکرد. سەرەتا بە حسێبی گەنجیەتی داینا، دواتر وتی رەنگە هۆکاری تەنیاییەکانی بێت. تەنیاییەکانی ناو ژوورەکەی. بەڵام زۆر خێرا بەو ئەنجامە گەیشت کە هەموو شتێک بۆ بنەماڵە تازەکەی ناو شار دەگەڕێتەوە. ئۆقرەی نەگرت، رۆژێک چوو بۆ شارەبانی و بە هۆی ئەو دۆستایەتییەی لەگەڵ بەرپرسی ئەوێ هەیبوو، لە رابردووی ئەو پیاوەی پرسی. تێگەیشت باوکیان لەسەردەمی موسەدیق دا چالاکێکی سیاسی گەورەبووە و ئێستایش بە هۆی ترس و بڕیاری کوڕی رەزاشا، دیسان لە ناوەند رایانگواستووە.

رەسوڵ باوەڕی نەدەکرد کەسێک لە ناوەند بژیت و رقی لە حکومەت بێت. خۆ ئەوێ نە تەویلەی لێ ماوەو نە خانووە گڵێنەکان و نە لەسەر سنوور ئەوەندە نزیکن کە پیاو دەرفەتی ئەوەی هەبێ بیر لە شت و کردەی نایاسایی بکاتەوە. بیری کردەوە چەند منداڵانە بیری کردووەتەوە لەوەی کە منداڵەکانی بۆ ژیان و خوێندنی باشتر بنێریێ بۆ شارەگەورەکان. کەواتە لەوێش هیچ گارانتییەک نەبوو. دڵنیاییەکان فڕیبوون! رەسوڵ دڵنیا لەوەی کە هۆکاری سەرەکیی ئەم کارەساتە لەوەدایە کە کوڕی رەزاشا لە کەسایەتیدا وەک باوکی نیە و هەر ئەمە دەتوانێ سەرچاوەی کێشەی گەورە بێت، دووا وەڵامی دۆزییەوە. گوتی:

ـ "رەزاشا وڵاتی بە جێهێشت، بەلام خۆ لانیکەم چەند رۆژ سوپاکەی تەقەی کرد و خۆیان راگرت، بەڵام ئەمەیان تەنیا دەرچوو!"

ڕەسوڵ هەستێکی یەکجار ناخۆش تێیدا دروست بووبوو. هێشتا ئەوەندە بە سەر هەواڵی دەمانچەکەی ماڵە دراوسێکەیان تێنەدەپەڕی کە ئەمەی بەشوێندا هاتبوو. سەیری حەوزە بچکۆلەکەی کرد. ئەو حەوزەی هەمیشە ئارامی و دڵنیایی پێدەبەخشی، حەوزەکە وەک دەریایەکی توڕە دەهاتە بەرچاوی. دەبا هەرچی خێرا کارێکی کردبا. بەڵام چی بکا؟ ڕەنگە قسە و باسێکی دوورودرێژ لە گەڵ باقی بتوانێ دۆخەکە وەک جاران لێبکاتەوە. بەڵام چۆن؟ تا ئیستا چەند جار هەوڵی ئەمەی دابوو و کەچی ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتبووەوە. هەستی کرد وشەکان چیدی توانای خۆیان لەدەست داوە و کاریگەریی پێویستیان نەماوە. بیری ڕەزاشا کەوتەوە کە بە زەبری هێز پلانەکان و خەونەکانی خۆی بردبووە پێش. ڕەزاشای هاتە بەرچاو بە جل و بەرگە سەربازی و دەمانچەکەی لاکەلەکەیەوە. هەستی کرد کە ئیستاکە توانی ڕەمزێکی دیکەی ژیانی ئەو پیاوە بکاتەوە و باشتر لێی تێبگا. بەڵام ڕەسوڵ پیاوی تووڕە بوون و هەڵچوون نەبوو. سەرەڕای ئەوەی بڕیاری توورەبوونی دابوو، بەڵام نەیدەتوانی. هەمیشە لە گەڵ باقی ئارام دەدوا و ئارامیش کۆتایی بە باسەکەی دەهێنا. بە پێچەوانەوە ئەوە باقی بوو کە لە شوێنێکدا زۆر خراپ هەڵدەچوو و بەرامبەر بە گوتەکانی باوکی هەڵوێستی دەگرت. چاوە زەعیفەکانی کۆدەکردەوەو ڕێک لە ناوچاوی باوکی دەڕوانی. ڕەسوڵ شەوێک کاتێک لە حەوشێ لە ئاوی تاریکی حەوزەکەی دەڕوانی، بیری لە زەمەن کردەوە. باقی هێشتا یەکجار گەنج بوو، زۆر نەژیابوو. ڕەسوڵ بەو بیرەوە کە گەنجیەتی هەڵچوونە و بەڵام دواتر ئارامی و عەقڵی بە شوێندا دێت، خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لە بیرە ئاڵۆزەکانی دەروونی ڕزگارکرد. بیری کردەوە وەک چۆن ئاوی ئەم حەوزە بە شەودا تاریکە و دەبێ لێگەڕێی تا ڕۆژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی ڕووناک بێتەوە، بە لەش و ڕۆحێکی سووکەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و چووە ژوورەوە. کەواتە ئەوە

باقی نەبوو کە تاریک بوو، بەڵکوو ئەوە خەتای شەو بوو! گوناهی تیشکە ونەکان بوو!

جاران رەسول، کەمێک بە پەلە هەواڵەکانی شەڕی ڤیتنامی دەخوێندەوە. حەزی لێی نەبوو. بۆ ئەو شەڕ، تەنیا دەکرا هی زەمانی رەزاشا بێت و بەس. شەڕەکانی دیکە هەر هەموویان هەڵە بوون، هەڵەیەکی یەکجار گەورە! بەلام ئیستاکە زۆر بە سەرنج و دیقەتەوە دەیانخوێنێتەوە. وشە چیە جێی ناهێڵێ، هەروەها وێنەکان. تائیستا هیچ بۆچوونێکی تایبەتی لەسەر ئەم شەڕە نەبوو. هەستی دەکرد هیچ پێوەندییەکی بە وڵاتەوە نیە. لە شوێنێک لەو دونیایەدا شەڕ بوو و دەشکرا بەردەوام بێت یان نەبێت. هەنووکە شەڕەکە هاتبووە ناو ماڵەکەی. ماڵەکەی خۆی. باقی وێنەکانی بە دیوارەکەدا هەڵدەواسی و بەردەوامیش گۆڕانی تێدا پێک دەهێنان. رەسوڵ تاقەتی ئەوەی نەبوو کە بۆ دواوە بگەڕێتەوە و بە تەواوی لەوە بگا کە هۆکاری هەڵگیرسانی ئەو شەڕە چی بووە. پێی سەیربوو کە بۆچی دەبێ وڵاتێک ئەو هەموو مەودایە بپێوێ بۆ ئەوەی دوژمنەکەی لە شوێنێکی دیکە لەناو ببات. رەسوڵ کە هۆکاری کەوتنی رەزاشای لە داگیرکردنی وڵات لە لایەن ئینگیز و رووسەوە دەزانی، دەیزانی وڵات داگیرکردن مانای چییە. بۆیە شتێکی ناخۆش لە دەروونیدا هێلانەی کردبوو، شتێک کە نەدەکرا بیدرکێنێ. ئەمە سوورتری دەکرد لە سەر بیروباوەڕەکانی. بۆیە ئیتر بە یەکجاری وازی هێنا و چارەسەری کێشەکەی دایە دەست کات و زەمەن. دڵخۆش بەوەی کە زەمەنی شەڕەگەورەکان بەسەرچووە و ئیتر هیچ وڵاتێک ئەوی دی ناتوانێ داگیربگا، ترسی لە شەڕێکی تر لە وڵاتدا رەوییەوە. ئیستا تەنانەت جاروبار گەر هەواڵێکی تازەی سەبارەت بە شەڕی ڤیتنام هەبایە، بۆ خۆی باقی ئاگادار دەکردەوە. باقی سەرەتا بە سەرسووڕمانەوە سەیری باوکی دەکرد، ... دواتر راهات.

باقی بە بێ گرفت و بە بێ هیچ چەشنە دەست هێنانە سەر ڕێگایەک لە لایەن بنەماڵەکەیەوە، درێژەی بە هاوڕێیەتی خۆی لە گەڵ پەیمان دا. زۆرجاران یان ئەم دەچوو بۆ ماڵی پەیمان یان ئەو دەهات بۆ لای باقی. دایکی باقی بە پێچەوانەی ڕەسوڵ باڵابەرزەوە، هەر لە سەرەتاوە بەم هاوڕێیەتییە دڵخۆش بوو. "ئەشرەف" یش یەکجار خۆشی لە پەیمان دەهات. ئەمە ئەوەندەی تر ڕەسوڵی هاندا ئاسانتر مەسەلەکە وەربگرێ. باوکی پەیمان لە ژێر چاوەدێریدا بوو و بۆیە ئیدی هیچ مەترسییەکی وا هەڕەشەی لە باقی و لە بنەماڵەکە نەدەکرد. ڕۆژەکان و هەفتەکان دیسان تێپەڕین و تێدەپەڕین و دیسان ڕەسوڵ هەروەک جاران دەچوو بۆ کار، ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، گوێی لە قورئان خوێندنەکانی باوکی دەگرت و لە ئاوی حەوزە بچووکەی دەڕوانی. ڕەسوڵ دڵنیا لەوەی کە لەم ئارامی و بێدەنگییەی ژیانی ڕۆژانەی وڵاتدا دەکرا هەر کەسێک خاوەن بیروڕای خۆی بێ و لە گەڵی بژیەت، بە بێ ئەوەی بۆ ئەوی دی گرفتێک بنێتەوە، بەرەبەرە کێشەکەی لەبیرچووەوە.

باقی یەکجار بە هاوڕێیەتییەکەی لە گەڵ پەیمان خەنی بوو. هاودەمێکی پەیدا کردبوو کە دەیتوانی هەموو خەونەکانی خۆی لە گەڵ دابەشکات. هێشتا لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستپێکی ئەم دۆستایەتییەدا بوون کە باسی خەونە دێرینەکانی خۆی بۆ پەیمان کرد. پەیمان زۆر ورد گوێی لێگرت. لە هێزی خەیاڵی باقی سەری سووڕمابوو. ئەویش لەمێژبوو سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد و ئەو فیلمانەی دەبینی، ڕەنگە گەلێک زووتریش لە باقی، بەڵام قەت بەم خەیاڵانە نەگەیشتبوو. هەوڵیدا هۆکارەکەی لێکبداتەوە. لێکی بداتەوە کە بۆچی باقی بەم خەونانە گەیشتبوو: "هۆکار، چاو و جەستە لاوازەکەی باقی بوو؟ بە هۆی تەنیاییەکانییەوە بوو؟ یاخود شتی دیکە؟" ئەوسا پەیمان بیری لە سروشتی دەورووبەری ئەم شارە گچکەیە کردەوە کە سەرەتا زۆری لێ بێزار بوو و ئیستا بەرەبەرە خەریک بوو پێی

رادەهات و خۆشی دەویست. سروشتی ئەم شارە گەلێک لە سروشتی ناو ئەو فیلمانەی دەکرد کە لە تەلەفزیۆنەوە پەخش و بڵاو دەکرانەوە. پەیمان لە گەڵ باقی ئێوارەیان چووبووە دەرەوەی شار و لە سیحری جوانیی ئەم سروشتە کە هەروا بە کچیەتی مابووەوە، گەیشتبوو. بەلام سەیر ئەوەبوو بۆ "باقی" یەک کە ئاوا شەیدای سروشت و جوانییەکەی بوو، زۆریش ئاسان بوو بە چەند رۆژ لە ژوورەکەی نەیەتە دەرەوەو تەنیا بیر لە خەونەکانی بکاتەوە. ئەو چاوانەی وا بە جوانی چاوەکانی پەیمان نەیاندەتوانی دەورووبەر ببینن، سروشت تلیسمی کردبوون. باقی باسی فریشتەی بۆ کرد، باسی ئەو شەوەی کە چووبووە سەربان و لەوێوە سەیری ناوماڵەکەیانی کردبوو، ئەو شەوەی وا دووا شەو بوو. کتوپڕ باسی دەمانچەکەیشی کرد. لێرەدا پەیمان راوەستا و تیژتر لە باقی روانی، بەڵام هیچی نەگوت. باسی دەمانچەکە دواتر لە باسەکانی دیکەی باقی دا ون بوو، بەڵام لە بیری پەیمان دا بزر نەبوو.

پەیمان زانی لە گەڵ کەسێک بووە بە دۆست کە فەنتازیاکانی بەشی هەموو شتێک و هەموو کەسێک و هەموو شوێنێک دەکەن. بۆ پەیمانێک کە لە باوکییەوە فێر بووبوو خەونەکانی لە شوێنێک زۆرتر کۆبکاتەوەو بەر بە پڕش و بڵاوبوونەوەیان بگرێ، باقی کەسایەتییەک بوو کە دەکرا ئەویش خەونەکانی خۆی لە گەڵ باس بکا و بەشیان بکا. پەیمان تەنیا بۆ کاتێکی لەبار دەگەڕا. زەمەن ئەوەندە خێرا و بەپەلە دەگوزەرا کە پەیمان زۆر خەمی ئەو رۆژەی نەدەخوارد.

## هەواڵ

ڕۆژێکی پاییزی بوو. جارێکی دی هوا بەرەبەرە بەرەو ساردی بای دەدایەوە. سروشت ئارام ئارام و بە کاوەخۆ ڕەنگەکانی دەکاڵایەوەو هەڵدەبزرکا. ڕەسوڵ لەو کاتەوەی هاتبوو بۆ ئەم شارە، سەرسامی سروشتەکەی بووبوو. کێوەکان و دارستانەکان ئەوەندە جوان بوون کە جاری وابوو ڕەسوڵ لە دڵەوە سوپاسی ژیانی دەکرد. سوپاسی ئەوەی ئەوەندە لە کات و سەردەمێکی خۆش دا دەژی. ئەگەرچی بەردەوام سەرسامی ڕەزاشا و سەردەمی ژیانی ئەو پیاوە بوو، بەڵام لە دەروونەوە دەیزانی کە لەو کاتانەدا ژیان یەکجار دژوار بووەو لە ڕاستیدا ئیستایە کە بەرهەمی کارەکانی ئەو پیاوە مەزنەی تێدا دەرکەوتووە. ئەو دەم ڕەنگە ژیان تەنیا بۆ کەسێکی سەڵت خۆش با، کەسێک کە خەونی دەبینی و هەموو ژیانی بۆ گۆڕانەکانی داهاتوو تەرخان کردبوو. لەم سەردەمەی ساڵدا حەوشەکەش وەک سروشتی دەرەوە تۆزی

زەردی پاییزی بەرەبەرە لەسەردەنیشت. دارتووەکەی حەوشە رەنگەکەی دەگۆڕدرا و لە داوێنیدا، گەڵاکانی وەک دایکێکی میهرەبان لە باوەش دەگرت. شوێنی دانیشتنی باوکی رەسوڵ بە گەڵاکان دادەپۆشرا، باوکی رەسوڵ نە تەنیا گلەیی نەدەکرد، بەڵکو بە حەزێکەوە شوێنەکەی خۆی بە دەست لە گەڵاکان خاوێن دەکردەوە و ئارام بە قورئانەکەیەوە لە سەری دادەنیشت. ئیستا لەوێ لە بەر ساردی هەوا خەو نەیدەبردەوە. کە ماندوو دەبوو دەچووە ژوورەوە، لەوێ لە بەر پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکاندا رادەکشاو خەونوچکە دەیبردەوە. سەڵتەن کە لەم عادەت و حەزەی مێردەکەی و خەزووری ساڵانی ساڵ بوو تێگەیشتبوو، نە تەنیا حەوشەکەی خاوێن نەدەکردەوە، بەڵکوو لێدەگەڕا بە کەیفی ئەوان پاییز تەواو لە باوەشی بگرێ. ئەوپەڕەکەی مانگێکی دەخایاند، ئەوجار کتوپڕ هەوا ئەوەندە سارد هەڵدەگەڕا کە هەردووکیان بە پەلە حەوشەکەیان بە جێ دەهێشت. تا ساڵیکی تر، خەزووری لە ژوورەوە خەریکی قورئان خوێندن دەبوو و مێردەکەیشی لە پشت پەنجەرەکەوە خەونی بە بەهار و هاوینێکی دیکەوە دەبینی. کە بۆ یەکەم جار هەورەکان لە رۆژئاوای شاردا کۆدەبوونەوە و بە لێشاو دەهاتن و لە گەڵیان بایەکی سارد هەڵیدەکرد، رەسوڵ لە ئیدارە بایە یان لە ماڵ، خۆی دەگەیاندە بەر پەنجەرەکەو بە حەزەوە سەیری یەکەم بارانە پاییزییەکانی دەکرد کە بە شەوقەوە گەرما و تۆز و هەناسەی گەرمی هاوینی ئەوساڵیان رادەماڵی. دوای باران هەوا ئەوەندە ساف و بێگەرد و جوان هەڵدەگەڕا کە دەڵێی سروشت سەرلەنوێ بە دەستێکی غەیبی و نادیار رەنگ کرابوویەوە. ئەوسا لە دوورەوە رەسوڵ گوێی لە غەڵبە غەڵب و دەنگی تاقە شەقامی سەرەکی شار بوو، دەنگی ئاسنگەرەکان، دەنگی دەستفرۆشەکان و دەنگی ئەو سەیارە تاق و تەرایانەی کە تێدەپەڕین. جاری واشبوو دەنگی مندالانی ناو قوتابخانەکان لە کاتێکدا لە حەوشەبوون. رەسوڵ لە دڵەوە

سوپاسی هەموو شتێکی دەکرد. ژیان کەوتبووە سەر رەورەوەی خۆی. سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم ژیانەیان دروست کرد و دەرفەتی هێمنی و ئارامییان بە خەڵکی بەخشیبوو! رەسوڵ کە بیری وێنەکانی رەزاشا دەکەوتەوە کە ئیستاکە لە بنی یەغانە قەدیمییەکەدا بوون، ئەسەف و نارەحەتییەکی سەیر دایدەگرت. ئەو وێنانە دەبا بە سەر دیوارەکانەوە بان، نەک لەوێ لەو بنە تاریک و بێ هەستەدا! خۆی بە سپڵە دەهاتە بەرچاو، وەک کەسێک کە نەیتوانیبوو رێزی ئەو پیاوە گەورەیە بگرێ. بێگومان گەر ئەمشەو بچێتەوە بە بیانوویەکەوە یاخود بە دزیشەوە بێت سەردانێکی یەغانەکە هەر دەکات. تا ئیستا چەند جار ئەمەی کردووەو ژنەکەی بەرهەڵستی نەبووەتەوە. ژنەکەی دژی رەزاشا نەبوو، بەڵام تەنیا ئەوە بوو کە حەزی نەدەکرد وێنەکان لەوێ بە سەر دیوارەکانەوە بن. قەتیش نەیگوتبوو بۆ. لەو کاتەوە ئیستا دیوارەکان شوێنی هەڵواسینی ئەو پارچانەی بوون کە وێنەی دەستچنیان لە سەر چێکرابوو. پارچەکان لەبەرچاوی رەسوڵ گەلێک لادەییانە دەیاننواند، ئەو وێنانەی کە یان گوڵ بوون یان رسمی پیاوە ئایینییە موقەددەس و پیرۆزەکان. ژووری منداڵەکانیش کە تەواو جیاواز. تەنیا ئەم بوو کە مافی هەڵواسینی حەزەکانی خۆی نەبوو!

لە یەکێک لەم رۆژە پاییزیانەدا بوو کە رەسوڵ کاتێک بەرەو ماڵ بووەوە، دوای نان و چای خواردن و حەسانەوەیەکی کورتی دوانیوەرۆیان لە رۆژنامەکەیدا چاوی بە هەواڵێکی سەیرکەوت. هەواڵێک کە تەواو رایچڵەکاند و ترسێکی سەیری خستە دڵ و دەروونیەوە.

لەسەر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە وێنەی لاوێکی کەمێک سەر رووتاوە و تاس دەبینرا کە بە پێوە لە وێنەیەکی رەش و سپی دا لە هۆڵی دادگایەک راوەستابوو. لە لاسەرووی وێنەکەدا بە خەتی گەورە نووسرابوو "تیرۆریستەکان ئیعدام کران!"

ڕەسوڵ بە پەلە هەواڵەکەی خوێندەوە. حکومەت توانیبووی گرووپێکی پێنج کەسی کە بەتەمابوون ژنی شا بکوژن، دەسگیربکەن و دووای دادگایی کردنیان ئیستا سیانیان ئیعدام دەکران و دووانەکەی دیکەش چەندین ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێنرابوو. سێ نەفەرەکە ئیعدام کرابوون. ڕەسوڵ تەواو بەم هەواڵە پەشۆکا. جوان سەیری وێنەکەی کرد. لاوێک بە جل و بەرگێکی سادەی زیندانەوە کە کۆمەڵێک کەس لە تەنیشت و لە پشتی سەرییەوە دەبینران. وێنەکە تەنیا ئەوی بەرجەستەکردبوو. بێگومان کەسی سەرەکی و یەکەمی گرووپەکە بووە. باشە چۆن دەکرا شتی وا بقەومێ؟ مەگەر شا و ژنەکەی چیان کردبوو؟ دەکرا لە وڵاتێکدا کە ئەم هەموو ئارامی و ئەمنییەتەی تێدابوو، کەسانێک لە بیری کردەوەی وەهادا بن؟ ڕەسوڵ بیری سەردەمی پیاوە گەورەکە کەوتەوە. ئەو سەردەمەی وا دژەکان و نەیارەکان لە هەموو شوێنێکدا بوون، بەڵام گەر ئەو سەردەمە هەندێک کەس نەیاندەزانی کە مانای حکومەت و هێمنایەتی چیە، خۆ ئیستاکە دەزانن. ئەی بۆ وادەکەن؟ ڕەسوڵ کتوپڕ بیری پەیمان و کوڕەکەی خۆی باقی کەوتەوە. بیری قسەکانیان. بیری گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەوان. کسپەیەکی سەیر بە ناو دڵیدا گوزەری کرد. نەک ئەوانیش؟ بیری دەمانچەکەی ناو ژێرخانەکەی ماڵە دراوسێکەیان کەوتەوە. ئای شتەکان چۆن یەکتر دەدۆزنەوە! ڕاستە، هەموو شتەکان دەکرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان چاویان بە یەکتر بکەوێ، ...یەکتر بدۆزنەوە! دونیا چەند سەیرە! ڕەسوڵ پاش ماوەیەک ڕامان لەو کێوەی کە ئیستا تەڕ و خوساو دەینواند، دیسان سەیری ڕۆژنامەکەی کردەوە. لە هەواڵەکەدا هیچ شتێک سەبارەت بەم گرووپە نەنووسرابوو، نە قسەکانیان و نە ڕابردوویان و نە بیروبۆچوونیان! ڕەسوڵ حەزی دەکرد ئەمانە بزانێ، حەزی دەکرد لێیان بپرسێ بۆ، بەڵام زەمەن گوزەرابوو. ئەوان چیدی لە ژیاندا نەمابوون و لە ژێرخاکدا بوون. بە تەمای ئەوەی

کە لە کۆتایی هەواڵەکەدا شتێک لە سەر درێژەی رووداوەکە لە رۆژانی داهاتوودا ببینێتەوە، سەرلەنوێ بەسەری کردەوە، بەڵام بێ سوود بوو. هەموو شتێک یەکسەر تەواو بووبوو. سەرەتا و کۆتایی پێکەوە! ئەمەی زۆر پێ سەیربوو. نەدەبا وابێت! بیری سەردەمی رەزاشا کەوتەوە. شەڕەکان و کوشتنەکان لەو کاتەدا گەلێک ئاسایی دەهاتنە بەرچاو. ئەو سەردەمە جیاوازبوو، بەڵام ئیستا ئیتر بۆ؟ روخساری ئەو کوڕەی ناو وێنەکە زۆر جیددی دەینواند. شتێکی لە پەشیمانی تێیدا نەدەبینرا. رەسوڵ دیسان بیری روخساری پەیمان و کوڕەکەی خۆی کەوتەوە. ئەوانیش لە کاتی قسەکردندا هەر ئاوا دەهاتنە بەرچاو. ئەمە چ شتێکە کە ترسیان دەڕەوێنێەوە؟ لە کتێبە مێژووییەکاندا نووسراوە کاتێک لەشکری رەزاشا دەگەیشت، بەرهەڵستکاران خۆیان نەدەگرت و دەستبەجێ رایان دەکرد. ئەو شەڕکەرانەی کە ئەگەرچی بە رواڵەت شەڕکەربوون، بەڵام لە دەروونەوە ترسنۆک! سەیرە ئەوان ئەو هەموو خەڵک و سوپایەشیان بوو و کە چی ئەمان تەنیا پێنج نەفەر بوون.

رەسوڵ رۆژنامەکەی وەلانا. هەستایە سەرپێ. باوکی خەوی لێکەوتبوو. سەیری قوڕئانەکەی بەردەمی کرد. بیری دوعاکانی باوکی کەوتەوە. ئەو باوکەی وا یەکجار زوو مەرگی باوکی بەسەردا هاتبوو. تەرمێکی بە فیشەک کون کون کراو. بۆ یەکەمجار بە جوانی هەستی کرد کە دەبێ باوکی چی چەشتبێ. ئەو جەستە گرمۆڵەیەی بەردەمی بە ریشی سپی و گنج و چرچە قوڵەکانی قەراغ چاوی و دەوری گەردنییەوە، یەکجار داماو و گوناح هاتەبەرچاو. رۆژگار چەند بێروحم و نامەردە!

## بڕوانەکردن

عەلی سەیزادە نەیدەتوانی باوەڕبکا. لەو شەوەی پادگانەوە دونیا یەکجار گۆرابوو، ئانتینەکان، تەلەفزیۆن، ناو ماڵەکەی رەسوڵ باڵابەرز و ئیستایش نەمانی سەگەکان. لەو کاتانەدا ئەو بە ئازارەوە تلی دەدا و لە ماڵەوە لە ژووره گچکە و نیوە تاریکەکەدا ساتەکانی لە بێهودەیی و چاوەڕووانیدا تێپەڕدەکرد، لە دەرەوە چی روویدابوو؟ عەلی رووداوەکانی دەبینی، بەڵام نەیدەتوانی پێکەوە گرێیان بدات. لە دەروونەوە هەستی بەوە دەکرد شتێک هەموو ئەمانە پێکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ئەو شتە چی بوو؟ کێ بوو بڕیاری دەدا؟ عەلی لەبەردەرگای خۆیانەوە سەیری شاری دەکرد. ئەو شارەی کە ئیدی بەرەبەرە لە جارانی خۆی ماڵئاوایی دەکرد. عەلی هەستی بە دڵتەنگییەکی سەیرکرد. دڵە بچکۆلەکەی هێشتا بۆ خەمێکی وا یەکجار بچووک بوو. وەک چۆلەکەیەکی لەداوکەوتووی بن دارگوێزەکەی حەوشەکەیان.

لەبەر دەرگاکەیان بە دارشەقەکانییەوە دادەنیشت. ئیستا تەنانەت منداڵەکانیش وەک جاران بەدەرەوە نەبوون. کاتی ئێوارە ئەوانەیان وا تەلەفزیۆنیان هەبوو، سەیری کارتۆنیان دەکرد. عەلی لە دەرەوە گوێی لە دەنگەکان بوو. دەنگە قەرەباڵغەکان و مۆسیقا خۆشەکان. چەند دنیایەکی سەیر! عەلی لەم کاتانەدا هەستی بە تەنیاییەکی سەیردەکرد. ئومێدی لەوە بڕابوو باوکی بتوانێ تەلەفزیۆن بکڕێ. لەو شەوەی حەوشەکەوە کە باوەشی بە باوکیدا کردبوو و لە باوەشیدا تێرو پڕ گریابوو، هەستی نامۆییەکەی جارانی بەرامبەر بە باوکی سڕابووەوە. ئیتر باوکی بە تاوانبار نەدەزانی. رقە شاراوەکان پاشەکشەیان کردبوو. عەلی قبوڵی کردبوو باوکی ئەو وەک رەسوڵ باڵابەرز نیە و دوو دونیای جیاوازن. باشە یانی ئەوەندە جیاواز و ئەوەندە دژوار کە نەتوانێ ئانتینێک لە سەر بانەکە بچەقێنی؟ عەلی سەیرێکی ئانتینی دراوسێکەی لاخوارووی خۆیانی کرد. مەودا چەند کورت بوو! بەڵام... .

ئیستا مەیدانی تەنیشت باغی داربییەکان چۆڵ بوو، چۆڵ چۆڵ! نە وەڕینێک، نە باوێشکی ئەو سەگانەی وا لە بن سێبەرەکاندا دەحەسانەوەو نە ئەو تووتکانەی بە سەرسوڕمانەوە لە رێبوارانیان دەڕوانی. عەلی بۆنی کەلاوەکە بە لووتیدا دەهات، بۆنی ئێسکەکان، پاشماوەی چێشتی خەڵکی و بۆنی لەشی ئارەقاوی و چڵکنی سەگەکان. چەند غەریبیی ئەو بۆنانەی دەکرد. ئەو شەوەی سەربازخانەکە هەموو شتێکی قووت دابوو. رابردوو لە تاریکایی پشت تێڵ دڕووەکاندا ون بووبوو. عەلی خۆی بە تاوانبار دەزانی. گەر ئەو شەوە سەگەکان و منداڵانی گەڕەکی پەلکێش نەکردایە، سەگەکان ئیستا دەیانتوانی لە ژیاندا بمێنن. بێگومان لەمەبەدوا قەت ئیتر رووناکاتەوە ئەو گەڕەکە. تەنانەت باغەکەیش. ئەو باغەی وا زۆر جاران دوای ئەوەی لە سەگەکان وەڕەز دەبوو، رووی تێدەکرد. عەلی قەت لە ژیانیدا سەگی ئاوا دڕی نەدیبوو. لە شەڕەسەگەکاندا، سەگەکان بە یەکترەوە سەرقاڵ دەبوون.

مرۆڤەکان بۆ ئەوان لە دەرەوەی بازنەی کێشەکەی نێوان خۆیاندا بوو. کەچی ئەم جارە یەکجار فەرقی هەبوو. عەلی بیری کردەوە رەنگە هی تاریکییەکە بووبێت. سەگەکان مرۆڤ و سەگیان لە یەک جیا نەدەکردەوە. لەو شەوە تاریکە سەلاتەدا تەنیا دەبا شەڕبکەی بۆ ئەوەی بمێنیتەوە. بگەزە، تەنیا بگەزە، گرینگ نیە کێ و چۆن، گرینگ مانەوەیە! تەنانەت ئەو تیشکە لاوازانەی لە دوواخانووەکانی قەراغ شارەوە بە ئاستەم، گەلێک بە ئاستەم دەشتەکەی روون دەکردەوە، هیچ یارمەتییەکی گۆڕینی ئەم دۆخەی نەدەدا. عەلی ئێستا زانی ئەو شەوە هەڵەیەکی گەورەی کردووە. هەموو شتێکی لەسەر غیرەت و ئازایەتی و جورئەتی خۆی لێکدابوویەوە. نە حسێبێکی ئەوتۆی بۆ سەگەکان کردبوو و نە بۆ هاوڕێکانی. ئەو شەوە کاتێک تاپۆی سەگەکانی پادگان لە تاریکاییەوە وەدەرکەوتبوو، منداڵەکان کشابوونەوە ناو کۆڵانەکان و ئەمیش بە دوو هەنگاوێک لە پێش سەگەکانەوە بوو. بیری کردەوە ئەگەر ئەم لە پێش پێشەوە نەبا رەنگە سەگەکانیش هەڵدەهاتن. سەگەکان بۆنیان کردبوو و تەواو گرژ و ئامادە بوون، بەڵام عەلی دەیبینی کە مەیلی بەرەوپێشچوونیان نیە.

چاکبوونەوەی قاچەکەی زۆری خایاندبوو و بەرەبەرە وەڕەزی کردبوو. دەیزانی دووای ئەو شەوە ئێستا لە ناو منداڵانی شاردا وەک قارەمانێک سەیردەکرێ، بەڵام هەستی دەکرد بەرەبەرە ئەو سام و ترسەی کە جاران دەیخستە دڵی نەیاران و منداڵانی دیکەوە، لە روخسار و هەیکەلی دا نەماوە. هەڵبەت کەس ئەزیەت و ئازاری نەدەدا، بەڵام حسێبی جارانیشیان بۆ نەدەکرد. عەلی سەیزادە بە تەنیا مابوویەوە. تەنیا خۆی و چێوشەقەکانی و ...چاوە غەمگینەکانی. تۆ بڵێی چاک بێتەوە؟ دکتۆر گوتبووی ئەرێ، بەڵام دڕدۆنگییەک نیشتبووە دڵ و دەروونی عەلی. رەنگە دکتۆر ئەمەی لەبەر دڵخۆشی دانەوە گوتبێ. یانی عەلی تا دەژی لە گەڵ ئەم

دارشەقانە دەژی؟ سەیرێکی دارەکانی کرد، ...هاودەمەکانی ئەبەدی. گوتبوویان گەر دارشەقەکانیش لاببات تازە شەل دەبێ. عەلی قاچەکانی تاقی کردەوە. هیچ کامیان لەوی دی کورتتر نەبوو. بەڵام لە ران و سمتی راستیدا هەستی بە شتێک نەدەکرد. شتێک کەم بوو. نەیدەزانی ئەو شتە چییە، بەڵام راست بوو. جەستەی لەوێدا خۆی نەدەناسییەوە. سەگەکانی ئەو شەوەی سەربازخانەکە لە گەڵ خۆیان بردبوویان. شتێک کە تازە نەدەسێندرایەوە. عەلی لە دەروونی خۆیدا هەستی بە پەشیمانییەکی قوڵ دەکرد. گەر ئەو شەوە نەچووبا، چ دەبوو؟ هەمیشە لە قسەوباسی خەڵکی شاردا سەبارەت بە پادگان هەستی بە ترس و نامۆییەک کردبوو. خەڵکی، سەربازخانەکەیان خۆش نەدەویست، بەڵام زۆریش قسەیان لە سەرنەدەکرد. سەربازخانە بەرەبەرە بووبوو بە بەشیك لە شار، بەشێک لە زەین و دەروونیان، بەڵام لە کونجە تاریکەکانیدا. دەکرا مرۆڤ لە گەڵی بژی، بە بێ ئەوەی بیری لێبکاتەوە.

لە یەکێک لە دانیشتنە تەنیاکانی عەسرانی گەڕەک بوو کە عەلی هەستی کرد چیدی منداڵ نەماوە. ماوەیەک بوو دەنگی گڕبووبوو و هەندێک بەشی لەشی موویان لێهاتبوو. ئیستا سەرنجی کچەکانی گەڕەکی دەدا، بەڵام رووی نەبوو خۆی زۆر دەرخا. شەرمی لە چێوشەقەکان و لاقی خۆی دەکردەوە. کە کچانی گەڕەک وەدەردەکەوتن ئارام خۆی دەکێشایە پشت درگاکەیان، یاخود هەر بە تەواوی وازی لە کۆڵان دەهێنا و دەهاتە حەوشەکە و لە ژێر درەختە گوێزەکەدا دادەنیشت. عەلی هەستی دەکرد تا دێت زیاتر ئەم خانووە دەبێ بە شوێنی مانەوەو ژیانی. کۆکەکانی باوکی زیادی کردبوو. باوکی دەکۆکا و لە ژێر چاوەوە سەیری کوڕەکەی دەکرد. دەیانزانی عەلی تازە چاک نابێتەوە. لەو کاتەوە ئەمەیان زانیبوو، نێوانیان ئارامتر بووبوو. دایکی عەلی وەک جاران بیانووی بە ئەحمەدی کاکە مەلا نەدەگرت و

ئەزیەتی نەدەدا. ئەحمەد زیاتر لە مالەوە دەمایەوە. دایکی عەلی، ترس و خەمێکی سەیر دایگرتبوو. ئەویش وەک کوڕەکەی باوەڕی نەدەکرد دونیا کتوپڕ یەکجار ئەوەندە بگۆڕدرێ. ئەو کوڕەی ئەو هیوای پێ هەبوو و وەک بەرهەم هێنەری ژیانێکی باشتر سەیر دەکرد، کەوتبوو، ... لە سەرەتای رێگای ژیانیدا کەوتبوو. عەلی بووبووە سەرباریان. داهاتووی نەبوو. ئیستا ئیتر بە بێ دایک و باوکی هیچی پێنەدەکرا. سەیزادە سەیری مێردەکەی دەکرد و بیری لە کۆکەکان و لەشی تێکشاوی ئەویش دەکردەوە. لە یەک دوو ساڵی داهاتوودا دەکرا دیسان شتەکان ئەوەندەی تر گۆڕانیان بەسەردا بێت. خودایە روحم کە! خزمێکی ئەوتۆشیان لەبەردەستدا نەبوو. دایکی عەلی کە خەڵکی ناوچەیەکی دیکە بوو، هەڵگیرابوو و هەربۆیە خزم و کەس و کارەکەی پشتیان تێکردبوو. باوکی عەلیش بە هۆی ئەوەی ژنی هەڵگرتبوو، بەر نفرینی کەس و کاری کەوتبوو. لە ناوچەی ئەوان ژن هەڵگرتن باوی نەبوو و شەرمێکی گەورە بوو. باوکی عەلی کە بەم شەرمەوە دەژیا، بەرەبەرە لە خەڵکی شار دوور کەوتبووەوە و هاتوچۆیەکی وای لە گەڵ کەسدا نەبوو. سەیزادە کە لەچاو ئەحمەدی کاکە مەلا دووربینتر بوو، بە کەسێکی ناسیاودا لە کەس و کاری خۆی سەبارەت بە عەلی و وەزعی و داهاتوو و چارەنووسی گێڕابووەوە. تەنیا پەیامی دابوو، گەر هات و شتێک قەوما فریای ئەو گەنجە بەستەزمانە سەقەتە بکەون! سەیزادە وەڵامی بۆ نەهاتبووەوە، بەڵام دڵنیا لەوەی کەس و کارەکەی پشت لە عەلی ناکەن و لە تەنگانەدا فریای دەکەون، نەفەسێکی ئاسوودەی هەڵکێشابوو.

ئەحمەدی کاکە مەلایش لەو کاتەوە کوڕەکەی وای لێهاتبوو، زیاتر هەوڵی کارپەیداکردنی دەدا. بەڵام بێ فایدە بوو، دۆخ بۆ ئەو نەگۆڕدرابوو. تەنانەت بگرە خراپتریش بووبوو. کۆکەکانی زۆر خێرا هەموو شتێکیان ئاشکرا دەکرد. ئەحمەد ئیستا خەڵکی خێریان پێدەکرد. مجێوری مزگەوتەکەی پەنای سەربازخانەکەش

یەکجار بۆی باش بوو. کە هەواش خۆش دەبوو رووی دەکردە دەشت و دەر و کێوەکانی دەورووبەری شار بۆ چنینەوەی سەوزە و میوە. ئیستا ناو بنجۆکانی شاریش دەگەڕا. بە دەم پیاسەوە بەسەری دەکردنەوە و زۆر جار هەڵدەکەوت کە شتی کەمێک بایەخدار یاخود پارە و پوڵێک بدۆزێتەوە.

عەلی بیستبووی کە کوشتنی سەگەکان، کاری شارەبانی و شارەداریی شار بووە. شوێنی هەردووکیانیشی دەزانی. یەکیان لە گەڕەکی خواروو و ئەی تریان لە گەڕەکی سەروو هەلکەوتبوون. شارەبانی لە ناو کۆلانێکدا بوو و شارەداری لە سەر شەقامی سەرەکی. ئەوانە چ مرۆڤگەلێکن لەوێ دەژین؟ ئەوانە کێن سەگەکان بە ژەهر و بە تفەنگ دەکوژن؟ بیستبووی کە ئەو رۆژە ماشینێکی گەورەیان هێنابوو و ئەو مرۆڤانەی دەم و چاویان بەستبوو و بەو هاوینە دەستکێشیان لە دەستدابووە، کەلاکەکانیان یەک یەک فڕێ دابووە پشتی سەیارەکەوە. خەڵک لە ماڵەکانەوە سەیریان کردبوون. منداڵ لە باوەش، تەنیا یاخود بە کۆ. حەسەن دەیزانی خەڵکی ئەو گەڕەکە زۆر شاییان بەو هەموو منداڵ و سەگە نەدەهات، بە تایبەت کاتێک لە مەیدانەکەدا لە عەسر بەدوواوە کۆدەبوونەوە. بەڵام مەرگ شتێکی دیکە بوو. ئەو رۆژە هەندێک کەس گریابوون. هەندێک کەسیش هەوڵیان دابوو بیر لە رۆژانی داهاتوو بکەنەوە، رۆژانی خاوێنی و ئارامی و بێدەنگیی مەیدانی تەنیشت باغەکە.

دووای قەدەغەبوونی مانگا و ئاژەڵەکان لە شار نۆرەی سەگەکان هاتبوو، بەڵام سەگەکان بە کەس قەدەغە نەدەکران. کەس خاوەنیان نەبوو. دەڕۆیشتن و دەهاتنەوە. وێڵ وێڵ. عەلی ئەو رۆژەی لە ماڵی رەسوڵ باڵابەرز بوو، لە سەر پەڕەیەکی رۆژنامەکە بە رێکەوت وێنەی ژنێکی بینیبوو کە پەت لە ملی سەگەکەی بە شەقامێکدا دەڕۆیشت. دادەگەڕا یان سەردەکەوت؟ عەلی نازانێ، بەڵام ئەوە کوێ

بوو کە دەکرا ئاوا بژیت؟ ئەو وێنەیە تەواو عەلی ورووژاند. چەند جارێک هەوڵیدا ڕۆژنامەکە لە نزیکترەوە ببینێ، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوو. ئەسڵەن هیچ هەوڵێکی نەدا! نە دەیزانی ناوی ئەو کاغەزانە چییە و نە لە دۆخێکی وادابوو کە خۆی بەرەولایان بکشێنێ. عەلی لەبیری دێت سەرەتا چەند جارێک هەوڵی دابوو یەکێک لە سەگەکان بباتەوە ماڵەوە. بەڵام مەگەر دەکرا؟ چ حەشرێک بەرپابوو! قەت دایکی ئاوا نەدیتبوو. یەکەم جار بوو وشەی "گڵاو" ی دەبیست. هەڵبەت قەت نەیزانی کە گڵاو چییە، کەس بۆی باس نەکردبوو، بەڵام بە کردە و ڕەفتار و ناوچاوانی گەورەکاندا دەیزانی کە یەکجار خراپە. ئەوەندە خراپ کە دایکی وەک شێتەکان لێبکات! وێنەی لاشەی سەگە تۆپاوەکەی ناو کەلاوەکەو وێنەی سەگی ناو ڕۆژنامەکە هاتەوە بەرچاوی. زەین و بیری منداڵانەی تەواو ئاڵۆزکابوو. گەر چاکبێتەوە، یەکەمین کار دەیکا ئەوەیە کە شووشەکانی شارەبانی و شارەداری بشکێنێ. لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا لە گەڵ هاوڕێکانی، لە گەڵ ئەوانەی وا داغداری سەگە بەستەزمانەکانن. ئێوارەیەک پێکەوە، بە گیرفانی پڕ لە بەرد، بەردی گچکە و گەورە. ڕەنگە بە ئاگریشەوە. عەلی دەیزانی شارەبانی هەمیشە لە بەردەرگاکەیدا نیگابانی چەک بە دەستی تێدایە، بەڵام گرینگ نەبوو. تا ئەو دەهاتە خۆی، ئەمان کاری خۆیان دەکرد. بگرە بە ڕووی پشتەوەی بیناکەدا کە پڕی پەنجەرەیە و نیگابانی لێ نییە. کەواتە تەنیا دەبێ لەوێ بن و بەس. شکاندنی پەنجەرەکانی شارەداری یەکجار لەمەش ڕاحەتترە. عەلی خۆشییەک بە دڵ و دەروونیدا گەڕا. دەبا هەرچی زووتر کارێ بکا، کارێ بۆ سەگەکان. دەبێ منداڵەکان کۆبکاتەوە، ڕێک وەک ئەو شەوەی سەربازخانەکە. ئەمجارە بە بێ سەگەکان، بەڵام بۆ سەگەکان. سەیری لاقەکانی خۆی کرد. سەیری دارشەقەکانی. بزەیەکی تاڵ نیشتە سەرلێوی. کێ تازە شوێنی دەکەوێ. ئەو هەر دەبێ ئەمڕۆ ئەم

کارە بکا! چاکبوونەوە، خەونێک لەو دیو کۆڵانەکانەوە، ئەو کۆڵانانەی کە ئیستاکە بۆ عەلی یەکجار زەحمەتە بیانگاتێ. کۆڵانەکانی نەگەیشتن.

ماوەیەک بوو منداڵێکی دراوسێیان کە کەمێک لە عەلی بچووکتر بوو، دەهاتە لای و لە گەڵی دادەنیشت. منداڵێکی لێوبەبزە. عەلی دەیناسی. لەو منداڵانەی کە لە ماڵەوە دوور نەدەکەوتنەوە. رێک بە پێچەوانەی خۆی. دادەنیشتن، یاری سێ خەتیان دەکرد، قسەیان دەکرد، داویان بە بێژنگ و پەتێکی درێژەوە بۆ چۆلەکەکان دەنایەوە. جاری وایش بوو ئەم منداڵە لە ماڵەوە لە گەڵ خۆی میوەی دەهێنا. عەلی ئیستا کەمێک هەستی بە ئارامییەکی زیاتر دەکرد. بیرەکان وەک جاران هوروژمیان نەدەهێنا. دادەنیشت و باسی سەگەکانی دەکرد بۆ هاورێ تازەکەی. ئەویش لە رابردووی عەلی سەیزادە ئاگادار بوو، بەڵام نەک ئاوا بە وردی. قسەکان و بەسەرهاتەکانی عەلی یەکجار بۆی سەرنج راکێش بوون. ئەو قەت لە بەسەرهاتی شەوەکەی پادگان تێر نەدەبوو، هەر جارێک دەستی دابا، داوای لە عەلی دەکرد کە دیسان بۆی بگێرێتەوە. عەلیش دیسان دەیگێرایەوە. گێرانەوەی نیوەرۆیان تامێکی هەبوو، گێرانەوەی ئێوارەیان تامێکی دیکە و هی شەوانەیش لەزەت و خۆشییەکی دیکە. عەلی تا دەهات زیاتر لە رابردووی خۆیدا نوقم دەبوو. بێدەنگییەکانی، جۆری نیگای چاوەکانی و دانیشتنەکانی بەر کۆڵان و ژێر درەختی حەوشەکەیان شتێکی غەریبیان تیابوو، غەریب وەک ئەو رابردووەی کە ناگەرێتەوە.

عەلی جاروبار بیری ئەشرەف دەکەوێتەوە، تەنیا بیرێک کە بە جۆرێکی تر دایدەچڵەکاند. کچە شۆخ و لێو بەبزەکەی رۆژی سەیرکردنی تەلەفزیۆنەکە. ئەو بیرەی کە ئەگەرچی هی رابردوو بوو بەڵام ئەوی زۆرتر بۆ رۆژەکانی داهاتوو هاندەدا. عەلی چەند جارێکی تر بە دارشەقەکانییەوە رووی کردە ئەو گەرەکە، رێک هەر لە کاتی جارەکەی پێشوودا، بەڵام بە تووش بارام و کەیوانەوە

نەبوویەوە. تا رۆژێکیان. ئەو رۆژە، ماوەیەکی درێژ لە گەرمای کۆڵانەکەدا دانیشت. بێ سوود بوو. بێزار لەو گەرمایەی دەروانی کە ئیستا لەزەتێک بوو بۆ قاچەکانی. کتوپڕ ئەشرەفی بینی کە لە ماڵ هاتە دەرەوە و بە پەلە چوو بۆ ماڵی بارام. ئەشرەف کوڕە تەنیاکەی ناو کۆڵانی بینی، بەڵام نەیناسییەوە. بە بزەیەکەوە لە کاتێکدا سەیری دەکرد خۆی کرد بە ماڵی جەمیلە و فریشتەدا. عەلی ویستی پرسیاری بارام و کەیوانی لێبکات، کات لەوە تیژتێپەڕتر بوو کە بتوانێ. ئەوەندەی پێنەچوو بارام و کەیوان لە ماڵی رەسوڵەوە وەدەرکەوتن. سەرەتا ئەمیان نەبینی، بەڵام هەر کە دیتیان بە پەلە چوونە لای. یارمەتی عەلیان دا هەستێتە سەرپێ. پاشان لە بەشێکی رووخاوی حەساری حەوشی قوتابخانەکەوە، خۆیان کرد بە حەوشەکەدا و لەوێوە بەرەو باغەکە هەنگاویان هەڵگرت. ئەو رۆژە تا ئێوارە لەوێ یاریان کرد، کایەی تارزان و زۆرۆ. عەلی نەیدەزانی چۆن، بەلام زۆر خێرا فێربوو. دارشەقەکانی تفەنگی چاک بوون!

## کوشتن

باوکی پەیمان کە لە تەمەنی پیریدا بوو، لەم شارە غەریبەدا زۆربەی کاتەکانی لە ماڵەوە تێدەپەڕاند. ئەم شارە چکولە مەرزییە بۆ ئەو دەکرا دوا شوێن و دووا وێستگەی قەتاری ژیانی بێت. ئەمەی دەزانی. جگە لەوەی تەمەنی لەسەرەوە بوو، نەخۆشیش بوو. دڵی تەواو نەبوو و بە دەست فشارخوێن و ئازاری لەڕادەبەدەری قاچەکانیشیەوە دەیناڵاند، بەڵام سەبوور و بە تەحەمول بوو. قەت گلەیی و گازندەی نەدەکرد. بۆ ئەو ژیان بە ئازار و مەینەت و ناخۆشییەکانییەوە مانای هەبوو. ژنەکەی کە چەندین ساڵ لەوەپێش مردبوو، لەو ژنانەی بوو کە بە هەموو چارەنووسێک رازی بوو، بە مەرجێک بەس لە گەڵ مێردەکەی بوایە! تا لە گەڵ مێردەکەی بایە گلەیی نەدەکرد. ژیان بۆ ئەو تەنیا بریتی نەبوو لە خۆشی، بگرە رەنگە ناخۆشیەکانی مەودایەکی زیاتریان داگیردەکرد. کە مردیش، زۆر ئاسان

مرد، ڕەنگە لەبەر ئەوەی لەوە پێش ئاسان مەرگی لای خۆی قبوڵ کردبوو. تەنیا نیگەرانی پەیمان بوو. پەیمانی لەتەمەنی چل ساڵ بەرەوسەر بووبوو و هەربۆیە نیگەرانی چارەنووسی بوو. باوکی پەیمان لەم ساڵانەی ئاخری تەمەنیدا بە پارەی ئەو موڵک و ماڵەی دەژیا کە بۆی بەجێ مابوو. ژیان ئەوەندە لەم شارە بە خۆشییەوە گران نەبوو، پەیمانیش لەو کوڕانە نەبوو کە چاوی لە ماڵی دنیا بێت.

باوکی پەیمان ئاگای لە هەواڵی ڕۆژنامەکان بوو. ئەویش وەک ڕەسوڵ باڵابەرز هەموویانی دەخوێندەوە. لەم دوواییانەدا ئاگای لە هەواڵی کوشتنەکانی ناو شارە گەورەکان بوو. لە ئەزموونی ژیانی دوورو درێژی خۆیدا لەم چەشنە کردەوانەی بینیبوو، یاخود بیستبووی و خوێندبوویەوە. ئەوەی لە سەردەمی ئەودا ژیابێت قەت ساڵەکانی بیست فەرامۆش ناکات. هەربۆیە بۆی نامۆ نەبوو، بەڵام بەلایەوە سەیربوو. چلۆن دەکرا هێندێک گەنج دەست بدەنە ئەم کارە؟ ئەویش گەنجی خوێندکار و لەم زەمانەدا کە شارەکان تا دەهات زیاتر پەرەیان دەستاند! زەمانە شتێکی گۆڕیبوو کە ئەو نەیدەتوانی تێی بگا. بێگومان لەمەبەدوا پۆلیس دۆخەکەی زیاتر دەخستە ژێرچاوەدێرییەوە. ئەو، ئەمەی یەکجار بە زەرەر دەبینی. بەڵام کێ گوێی دەدایە! دڵنیا لەوەی پەیمان زۆرتر لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی خۆیدایە، زۆر ترسی ئەوی نەبوو. پەیمان کوڕێکی دەرس خوێن بوو و لە گەڵ کوڕێکی دەرس خوێنیشدا بووبووە هەڤاڵ کە ئەوەندەی تر دەبووە مایەی دڵخۆشیی باوکی. لە نزیکەوە لە کردار و ئاکار و شێوەی ئاخافتنی باقی ڕامابوو. کوڕێکی شارستانی کە خەونی گەورەی هەبوو، بەڵام شوێنەکەی یەکجار بچووک بوو! باوکی پەیمان دەیزانی ئەمە ئاکامی هەم خوێندن و هەم سەیرکردنی ئەو فیلمانەیە کە ئەمڕۆکە یەکجار لە تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاو دەکرایەوە. ئەو نەسڵەی خەریکی خوێندن بوو و خوێندەوار بارهاتبوو، زۆر لە ئیستادا نەدەژیا. شا، تەمەحی زۆری خستبوونە

بەردەم، بە بێ ئەوەی بتوانێ بۆیان دابین بکات! ئەو نەسڵە یان زۆر لە رابردوودا دەژیا یان زۆر لە داهاتوودا!

لەم شارەدا چەند بنەماڵە دەژیان کە لە شارەکانی ترەوە هاتبوون، جا چ ئەوەی زۆر لەوە پێش روویان کردبێتە ئەم شارە، یان لەم دواییانەدا. باوکی پەیمان لە زمانی باقییەوە لە رابردووی ماڵی رەسوڵ باڵابەرز ئاگادار بوو، بەڵام حەزی بە پەیوەندییانی نەدەکرد. ئەسڵەن نەک ئەوان، بەڵکو حەزی بە هاتوچۆیەکی ئەوتۆی لە گەڵ کەسدا نەدەکرد. تەمەنێک ژیانی سیاسی و دوورخستنەوەی لە لایەن حکوومەتەوە بۆ ناوچە دوورەکان، فێری دوورەپەرێزی کردبوو. باوەڕدارێک بە خەڵکی، کە حەزی نەدەکرد چیدی لە گەڵ خەڵکیدا لە پەیوەندیدا بێت! بۆ ئەو رەسوڵ باڵابەرز نموونەی ئەو جۆرە خەڵکانەی بوو کە تەنیا لە بەری دارەکە دەخۆن و خۆیان ماندوو ناکەن. ئەو سەربازانەی تەنیا چاویان لە سەرۆکەکەیانەو بە بیستنی یەکەم تەقە، خۆیان لە سەنگەرەکەیان تۆند دەکەن و تەنیا لە خوا دەپاڕێنەوە و دەقیژێنن. یان ئەو سەربازانەی کە حەز دەکەن تەنیا خواردن بۆ سەربازەکانی دی چێبکەن! ئەو دەیزانی کەسی وەک رەسوڵ تەنانەت ناتوانێ ببێ بە سیخوڕیش. مرۆڤەکانی شەیدای رابردوو، ... ئەو مرۆڤانەن کە تەنیا بیریان لە ژیانێکی ئارام دەکردەوە!

لەم کاتانەدا کە ئەو بەم بیرانەوە خەریک بوو، پەیمانی کوڕی و باقی خەریکی داڕشتنی نەقشەیەک بوون. پەیمان هەموو وێنە و دەقی ئەو هەواڵانەی لەسەر ئەو کەسانەی لە رۆژنامەکانەوە دەرهێنابوو کە لەم رۆژانەدا بە گەرمی باسیان لێ دەکرا. جگە لەمە هەندێک هەواڵی بە باقی دەدا کە لە رۆژنامەکاندا نەبوو. پەیمان باسی لە جموجۆڵێکی گەورە دەکرد، جموجۆڵێک کە سەرتاسەری وڵاتی گرتبووەوە، وەها کە ئەوانیش بۆ سەرکەوتنی دەبا لێرە لەم شارە بچوکە

کارێکیان کردبا. باقی بێدەنگ و بە حەزێکی لەرادەبەدەرەوە گوێی بۆ شل دەکرد. بێگومان ئەم رووداوانە خەونەکانی دیکەی نزیکتر دەکەنەوە. باقی زووتر دەیتوانی مەزرا خەیاڵییەکەی خۆی لە دەرەوەی شار چێبکا.

سەرۆکی شارەبانی کە ئەویش پیاوێکی بێگانەبوو لەم شارەدا، لە گەڕەکێک لە خوار شارەبانییەوە دەژیا. هەندێ شەو درەنگان بە سەیارەی شارەبانییەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ. لەو شوێنەی لە سەیارەکە دایاندەبەزاند، سەرکۆڵانێک بوو کە تا ماڵەکەی سەد مەترێک دەبوو. رێک لە ناوەندی رێگاکەدا لەمێژبوو چاڵێک هەڵکەندرابوو کە هێشتا پڕنەکرابووەوە. کۆڵانەکە بەشی ئەوەندە تاریک بوو کە ئەوەی بە پەنای چاڵەکەدا تێدەپەڕێ ناو چاڵەکە نەبینێ. باقی قەرار بوو لە سەر کۆڵانی سەرجادەکە راوەستێ و بە نزیک کەوتنەوەی سەیارەکە، ئیشارەتێک بە پەیمان بدات و دواتر لەولاترەوە چاوەڕوانی کۆتایی کارەکە بە دەست پەیمان بێت. قەراریان ئەوە بوو دوواتر لە مزگەوتی یەکێک لە گەڕەکە نزیکەکان یەک بگرنەوەو دەمانچەکە لە کەلاوەکەی مەیدانی سەگەکان بشارنەوە و دواتر هەرکامەیان بچنەوە ماڵی خۆیان. بەرنامەکە وەک خۆی بەڕێوەچوو. دەورووبەری سەعاتی دە بوو کە سەیارەکەی شارەبانی هات. بەڵام بە پێچەوانەی جاران کە سەرۆک بە تەنیایی سەد مەترەکەی تێپەڕ دەکرد تا دەچووە ژوورەوە، ئەمجارە پاسبانێکی لە گەڵدا بوو، پاسبانێک بە چەکەوە. باقی ئەمەی بینی. ترسێکی قورس دایگرت. گەر پێی کرابا بە پەیمانی دەگوت دەست راگرێ. بەڵام درەنگتر بوو لەوەی بتوانێ کارێک بکا. دووای ئیشارەت دان بە پەیمان (ئیشارەتەکە پەڕینەوە بە بەردەم کۆڵانەکەدا بوو) لە کۆڵانەکە ئەوەندە دوورنەکەوتبووەوە کە پاسبانەکەی هاوڕێی سەرۆک بانگی لێکرد. باقی کە چاوەکانی لەو شەوەدا جوان نەیاندەتوانی ببینن، وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە. رەیس شارەبانی کە باوکی باقی جوان دەناسی،

بە پاسبانەکەی گوت واز لە پرسیارکردن بێنێ. جەستەی لاواز و درێژی باقی و چاوەکز و چاویلکە ئەستوورەکانی هەرچەشنە گومانێکی دەسڕییەوە. بە باقی گوت کە واچاکە شەودرەنگان بەدەرەوە نەبێت و لە ماڵەوە بێت. باقی چەند هەنگاوێک دوورنەکەوتبووەوە کە سەرۆک هاواری لێکرد:

ـ "سڵاوی باوکت بگەیەنە، پێی بڵێ بۆچی ماوەیەکە سەردانمان ناکا؟"

باقی بە بیستنی ئەم قسانە رانەوەستا، تەنیا رۆیشت، بەڵام لە دەروونییەوە بەتاڵ بوویەوە. دەنگی سەرۆک ئەوەندە گەرم و رفیقانە بوو کە دەڵێی لە مێژبوو دەیناسی. چاوەڕوانی ئەم جۆرە دەنگەی نەدەکرد. شتێک لێرەدا هەڵە بوو. پەیمان لە ناو چاڵەکەدا چاوەڕوان بوو و نەیدەزانی کە لە جیاتی یەک کەس، دوو کەسن. باقی دەبا شتێکی بکردایە. لای کردەوە. سەیارەکە ماوەیەک بوو دوورکەوتبووەوە و سەرۆک و پاسبانەکەیش لە کۆڵانەکەدا ون. باقی بە پەلە گەڕایەوە. کە گەیشتە سەر کۆڵانەکە، تاپۆی جەستەی هەردووکیانی بینی کە خەریک بوو لە تاریکایی ناو کۆڵانەکەدا ون دەبوون. تەواو دەستەپاچە بووبوو، چ بکا چ نەکا؟ ئارام خۆی کرد بە ناو کۆڵانەکەدا. ترس و دڵەراوکێیەکی سەیر دایگرتبوو. دەمانچەکە لای پەیمان بوو، بە مەخزەنێکی زیادییەوە. بەلایەوە سەیربوو سەیارەکە رۆیشتبوو. ئەی پۆلیسەکە چۆن دەگەڕێتەوە؟ کەواتە سەیارەی شارەبانی ئەوەندەی پێ نەدەچوو کە دەگەڕایەوە. دەگەڕایەوەو لە گەڵ خۆیان دەیانبردەوە. بە کارێکی بە پەلە رۆیشتبوون. کات یەکجار تەنگ بوو.

پەیمان کە لەناو چاڵەکەدا خۆی مەڵاس دابوو، لە جیاتی یەک نەفەر دوو نەفەری بینیبوو. بەو بیرەوەی کە رەنگە ئەوی تریان خەڵکی گەڕەکە، دڵخۆشیی خۆی دابوویەوە. بەڵام دوو زەلامەکە ئەوەندە بە پاڵ یەکترەوە دەڕۆیشتن کە بەلایەوە سەیربوو. حسێبی نەفەرێکیان کردبوو نەک دوو. تا چەندە ئامادەی کوشتنی

دووان بوو، بۆ خۆیشی نەیدەزانیّ! دەمانچەکەی بە هەردوودەستی گرت. جوان گووشی. گوێی لە دەنگی ترپەی پێیەکان بوو کە نزیک دەکەوتنەوە. قسەیان نەدەکرد. تەواو بێدەنگ. پەیمان هەوڵی دا بە سەر هەناسەی سواریدا زاڵ بێت، ئەگەرچی زۆر زەحمەت بوو. پلان ئەوەبوو هەر سەرۆک لە چاڵەکە تێپەڕیّ، پەیمان دەرپەڕیّ و تەقەی لێبکا. لە بن چاڵەکەوە لەو شەوە تاریکەدا پەیمان هەستی بە سێبەری ئەوان کرد کە بۆ چەند چرکەیەک چاڵەکەی داپۆشی. هەر کە تێپەڕین پەیمان دەرپەڕییە دەرەوە. لەم کاتەشدا باقی لە دوواوە هاواری کرد:

ـ "دووانن، ئاگات لیّ بێت دووانن!"

پەیمان کە تەواو ئامادەی تەقەکردن بوو، راوەستا. دەنگەکە سەرنجی قۆستەوە. سەرۆکی شارەبانی و پۆلیسەکەی هاوڕێی کە چەند مەترێکیان بۆ بەردەرگای ماڵەوە مابوو، بە بیستنی ئەم هاوارە راوەستان و لایان کردەوە. رێک لەم کاتەدا بوو جەستەیەکی رەشیان بینی کە لە تاریکایی ئەو شەوە درەنگانەدا لە پشتیانەوە بەرامبەریان راوەستابوو. سێبەرێک کە نەدەجولا. پەیمان کە دەنگی باقی ناسیبووەوە، زانی چ خەبەرە. سەرۆک و پاسبانەکەش کە هەر ئێستاکە لە وەزعەکە گەیشتبوون، هەوڵیان دا شتێک بکەن. کەس نازانیّ چی لە مێشکیان دا گوزەرا. چونکە پێش ئەوەی بجوڵێن پەیمان تەقەی کرد. پەیمان کە لەو تاریکاییەدا نەیدەزانی کامەیان رەیس شارەبانییە، کوێرانە تەقەی کرد. سێبەری یەکەم کەوت و سێبەری دووهەم خۆی بە لاداخست و دواتر هەوڵی هەڵاتنی دا، لەم کاتەدا فیشەکەکان روویان لەویش کرد و کەوت. هێشتا دەنگی بەسامی فیشەکەکان لە کۆڵانەکەدا پەنگی دەخواردەوە کە سەیارەکە گەیشتەوە سەر کۆڵانەکە. باقی بەرەو پەیمان دەستی کرد بە راکردن. هاواری لێکرد کە راکەن. لەم کاتەدا ماشینەکە تیشکی گڵۆپەکانی گرتە ناو کۆڵانەکەو هاوکات چەند پۆلیس بە پەلە دابەزین. کۆڵانەکە

وەک رۆژ رووناک بوویەوە. بەو کۆڵانە درێژەدا باقی و پەیمان دەستیان دایە راکردن. هێشتا چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبوونەوە کە لە دوواوە گوێیان لە دەنگی تەقە بوو. پەیمان کەوت. باقی بە هۆی تیشکی بەهێزی گڵۆپەکان و ئەو سێبەرانەی کە بە درێژایی کۆڵانەکەدا بڵاو بووبوونەوە و گەمەیەکی ترسناکیان دەکرد، نەیدەتوانی مەودای نێوان شتەکان جوان لێک بکاتەوە، قاچەکانی لە یەکتر یاخود لە شتێک هەڵکەوتن و لەپەڕوو کەوت. سەیارەکە لە بنجۆکە پەڕییەوەو خۆی بە کۆڵانەکەدا کرد. نەڕەنەڕ و هاوارهاوارێکی سەیر. باقی کە عەینەکەکانی کەوتبوون، نەیدەتوانی هیچ لێکبداتەوە. تەنیا ئەو قاچ و پۆستاڵانەی بینی کە بە دەورییەوە بوون. یەکێک لە پۆتینەکان بە توندی لە لاکەلەکەی سرەواند. ئازارەکە ئەوەندە بە هێزبوو کە باقی وەک مار لە خۆی ئاڵا و کەف بە دەمیدا هاتە خوارەوە.

## هەوڵ

ئازاد بەرەبەرە ماندوو بووبوو. شتێک لە دەروونیەوە پێی دەگوت کە شوێن کڵاوی بابردوو کەوتووە! ئەو پارووە پارووی ئەو نەبوو. ئەو پارووە بەو قوت نەدەچوو. بیری لەوە کردەوە باوکی بنێرێ بۆ خوازبێنی. بەلام بۆ گەنجێکی عەتاڵ و بەتاڵی وەک ئەو خوازبێنی چی و شتی چی! بۆ خۆی پێکەنینی هاتێ. ئاە، ئەو تەنیا پێویستی بە قسەکردنێک هەبوو لە گەڵیدا. دەبا هەرچۆنێک بێت بیدوێنێ، چاو لە ناو چاوی بکا و هەست بە دەست و هەناسەی گەرمی. بەڵام چۆن؟ ئەگەر چەند ساڵی تریش لەو کۆڵانەوە گوزەری کردبا و خۆی لە سەر بانی ماڵی رەحیمی تەنەکەسازیش حەشاربدات، هیچ نەدەگۆڕا. خانووەکە و ئەوانەی ناوی وەک جاران وابوون. هەمیشە وەک جاران وابوون! هەوەڵ رۆژ و ئیستا جیاوازییەکیان نەبوو. داهاتوو و ئیستایش جیاوازی نەدەبوو! بە دڵنیاییەوە! ناهومێدییەکی سەیر. قەت بڕوای نەدەکرد بە ئێرە بگات.

ئازاد لە خۆی نەدەگەیشت. باشە چلۆن دەکرا کەسێکی وەک ئەو کە پەکی لە سەر کچان نەدەکەوت و لە هەموو کۆڵانێکی شاردا دنکێکی خۆی هەبوو، ئیستا ئاوا دۆش داماوی کچێک بێت کە تەنیا لە دوورەوە و ئەویش لە پشت پەنجەرەوە بینیبووی؟ جاری وابوو هەوڵی دەدا بگەڕێتەوە دۆخی جاران. کە عەسری لێدەهات، جل و بەرگی نوێی لە بەر دەکرد و دەچووە بەر ئاوێنە هەمیشەییەکە و خۆی جوان دەکرد. هەوڵی دەدا تەنیا بیر لە کۆڵانەکانی دی بکاتەوە. ئەوجار دەچووە دەر. بەڵام هێشتا چەند کۆڵانی تێپەڕنەدەکرد کە هەنگاوەکانی شل دەبوونەوە. هەنگاوەکان داوای شوێنێکی دیکەیان دەکرد. چاوەکانی بۆ خانووە دووقاتە گەورەکە دەگەڕان. ئەوجا رێچکەی دەگۆڕی. بە حەز و خولیایەکی گەورەوە رووی دەکردەوە ئەوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بە رۆحێکی یەکجار غەمگینیشەوە. لەوێ جۆرێکی دیکە بوو. ئەو ئازادە نەبوو کە جەمیلە و فریشتە دەیانناسی. لەوێ تەنیایەک بوو کە هەستی تەنیا بە یەکێکی تر لە دەرەوەی خۆی دەکرد. ئەوانی دی هەموو بزربوون! ئیستا تەنانەت زۆریشی سەیری پەنجەرەکان نەدەکرد. گرینگ ئەوە بوو کە خانووەکە لەوێ بوو و، ئەویش لەوێ لەناویدا دەژیا.

رەسوڵ باڵابەرز کە هەستی بە چاوە غەمگینەکانی کوڕەکەی کردبوو، دەیزانی شتێکی لێ قەوماوە. چەند جار هەوڵیدا خۆی لێ نزیک کاتەوە و لێی بپرسێ، بەلام ئاسان نەبوو. دواتر لێگەڕا ئازاد بۆخۆی ئەم دەورانە تێپەڕکات. هەندێک شت هەیە کە دەبێ مرۆڤ بە تەنیایی ئەزموونی کا، دەبێ بۆخۆی تێپەڕی کا. کەس لەم کاتانەدا ناتوانێ دادی کەس بدات! رەسوڵ چاوە غەمگینەکانی گەنجیەتی دەناسییەوە. ئەم نیگایانە هی ئەو کاتانە بوون کە خۆت ئیتر هی خۆت نەبوو. خۆیەکی وێڵ! دوورەدەست و پچڕ و نادەستەمۆ. رەسوڵ ئەم جۆرە نیگایەی لە وێنەکانی رەزاشادا دیتبووەوە. بە تایبەت وێنە تەنیاکانی رەزاشا شتێکی دیکە

بوون. جاری وابوو رەسوڵ هەوڵی دەدا تەنیا سەیری چاوەکانی بکا، هەڵدەستا و هەوڵی دەدا بە شتی دیکە سەرتاسەری وێنەکە داپۆشێ و تەنیا چاوەکان بهێڵێتەوە. چاوەکان لەم کاتەدا شتێکی دیکە بوون. چاوە تەنیاکانی نیگاکردن و گەڕان و پرسیار. ئەو چاوانەی کە تەنیا دەیانڕوانی. زۆر جار رەسوڵ هەستی دەکرد کە ئەم چاوانە هی رەزاشا نین. ئەم چاوانە دەکرا هی هەموو کەس بن و هی هیچ کەسیش نەبن. رەسوڵ لەم بیرەی خۆی دەترسا. کەواتە لە ئەزەلەوە چاوەکان بەش نەکرابوون. چاوەکان موڵکی هیچ کەس نەبوون. رەسوڵ لێرەدا دیسان بەو بیرەی دەگەیشتەوە کە لەناخییەوە بڕوای پێ هەبوو: رێکەوت. چاوەکان بە رێکەوت دەبەخشێنرە مرۆڤەکان! ئاە لەو بیرە ترسناکە!

لەو کاتەوەی سینماکەی شار کرابوویەوە، ئازاد زۆربەی کات دەچوو بۆ سەیرکردنی فیلم. لەوێ فیلمەکان لە چاو تەلەفزیۆن شتێکی دیکە بوون. وێنەگەورەکان و دەنگی پڕ بە هۆڵەکە و فەزای تاریک، تامێکی دیکەیان بە فیلمەکان دەدا. چ دونیایەکی سیحراوی! ئازاد دەچوو دادەنیشت. زۆربەی کات سەیری فیلمە رۆمانسی و ئاشقانەکانی دەکرد. لە سەما و گۆرانییەکاندا نوقم دەبوو و باڵندەی خەیاڵەکانی بە ئاسمانی هۆڵەکەدا دەکەوتە فڕین. کە فیلمەکە تەواو دەبوو، ئازاد بە زەحمەت دەبزواو هەڵدەستا و دەچووەوە بۆ ماڵ. دووای کرانەوەی سینەماکە، تا ماوەیەکی زۆر لە بیری دێ کە باوکی باسی گرنگیی ئەم دیاردەیەی کردبوو. یەکێک لەو کەسانەی کە لەناو بنەماڵەکەیاندا یەکجار بە سینەما سەرسام بووبوو، دایکی ئازاد بوو (شەوی یەکەم هەموو بنەماڵە بەناوبانگەکانی شار بۆ سینەما دەعوەت کرابوون. ئەو شەوە سەڵتەنیش لە گەڵ رەسوڵ چووبوو). سەڵتەن کە زۆر تاقەتی سەیرکردنی تەلەفزیۆنی نەبوو، تەواو سینەما دڵی گرتبوو. وەها کە رەسوڵ ناچاربوو جاروبار بیبات، یاخود لە گەڵی بچێت. ناوی سەڵتەن زڕاو خەڵک

بە خراپە باسیان دەکرد. ئەو ژنەی کە لە گەڵ گەنجەکانی دیکە دادەنیشت و سەیری لەش و لاری رووتی ئەکتەرەکانی دەکرد! بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ رەسوڵ. رەسوڵ هەوڵی دەدا بە ناساندنی رەزاشا وەک ئەو کەسایەتییە مەزنەی کە پێکهێنەری سەرەکی ئەم پێشکەوتنانە لە وڵاتدا بوو، دڵی ژنەکەی نەرم کا بۆ ئەوەی وێنەکانی رەزاشا لە بن یەغانە قەدیمییەکەدا دەربێنێتەوە و سەرلەنوێ لە دیواری ژوورەکەی بداتەوە. شتێک کە قەت تێیدا سەرکەوتوو نەبوو. هەوڵەکانی رەسوڵ بێ سوود مانەوە. سەڵتەن بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لەو وێنە ترسناکانە کردبوو کە لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیدا لە گەڵ مێردەکەی بۆ چەند مانگێک دیواری ژوورەکانی داگیرکردبوو.

ئازاد ئیستا زۆرجار لە ژوورەکەی خۆی و باقی دادەنیشت و سەیری حەوشەکەی دەکرد. سەیری باوکی و باوەگەورەی. لە بێدەنگی و ئارامی و بێ خەمیی ئەوان سەری سووڕدەما. باوکی دەیتوانی تەواوی تەمەنی، خۆی بە حەوزی ئاوێکەوە خەریک کا و باوەگەورەیشی بە قورئانێکەوە. ئازاد ئاگای لێبوو، نە قەت قورئانەکە بە رێکەوت کەوتە حەوزەکەوەو نە دڵۆپێکی ئاوی حەوزەکەش بە رێکەوت بە دەم باوە لە قورئانەکە کەوت. کە کاتی گۆڕینی ئاوەکە دەهات، باوکی بە تەنەکە، ئاوەکەی دەکردە بنی دارەکە و سەوزەو گیاکانی دیکەی ناوحەوشەکەوە. قەت ئاوەکەی بە خەسار نەدەدا. باوەگەورەی هەمیشە دەیگوت جێی رەسوڵ بەهەشتە. دەیگوت ئەمە لەبەر ئەوە ناڵێم کە کوڕمە، لەبەر ئەوە دەیڵێم کە حورمەتی ئاو رادەگرێ کە خاوێنکەرەوەی هەموو پیسییەکانە. پیاو بۆ نوێژ سەرەتا دەبێ بە ئاو خۆی خاوێن کاتەوە!

ئازاد نەیدەزانی رێک کەی و لە چ تەمەنێکدا مرۆڤ بەو ئارامی و داسەکنانە دەگەیشت کە لە حەوشەکەدا لە سیما و کرداری ئەو دوو پیاوەدا دەیبینی. کە لە

باوکی پرسیبوو، رەسوڵ سەرەتا سەیری کردبوو، وەک بڵێی یەکجار وەڵامدانەوە بۆی دژوارە. رەسوڵ لە راستیدا هەستی بە هیچ چەشنە ئارامییەک لە دەروونی خۆیدا نەدەکرد، بەلام حەزیشی نەدەکرد کە بە پێچەوانەی خەیاڵی کوڕەکەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. تەنیا گوتبووی:

- "خۆی دێت. نازانم کەی و چۆن، بەس دێت. رەنگە لە تەمەنێک لە نێوان چل و پەنجادا، رەنگە نزیکتر لە پەنجا تا لە چل. ئا بۆخۆی دێت!"

بەڵام رەسوڵ دەیزانی کە لە راستیدا ئەو داسەکنانە نایەت، بەڵکو مرۆڤ تەنیا عادەت بە غەم و ئازار و داڵغەکانی دەگرێ و ئیتر فێردەبێ لە گەڵیاندا بژی و هیچی تر. ئەمانە ئەو شتانەی بوون کە نەدەکرا راستەوخۆ بە ئازادیان بڵێ. دەیزانی ئیستا ئازاد ئەوەندە غەمگینە کە پێویستی بە شوێنێک یاخود کاتێک هەیە کە پێی وایە لەوێ غەم و کەسەری تێدا نیە. بەهەشت! ئازاد پێی وابوو لە شوێنێک حەز و ئارەزووەکان تەواو دەبێ و ئیتر هەر لەو شوێن و کاتەیشدا حەسرەت و دڵەڕاوکی و غەمەکانیش کۆتاییان دێت. بۆ ئازاد ئیتر گرینگ ئەوە نەبوو کە بە ئارەزووەکان بگات یان نا، گرینگ گەیشتن بەو تەمەن و کاتەی بوو کە تێیدا لەش و رۆح دادەمرکا، جا چ خەونەکان بەدی هاتبێتن یان نا.

ئازاد بەخیلیشی بە باقی برایدا دەهاتەوە. ئەوەتەی پێکەوە لەم خانووەدا دەژیان و لەم ژوورەدا پێکەوە بوون، قەت لە زاری باقییەوە باسی کچانی نەبیستبوو. خۆزگەم بە دڵ و دەروونی! هەڵبەت ئەو شەوە باقی بینیبوو کە بە سەر پەیژەکەدا بۆ سەر بانی سەرکەوتبوو، شتێک هەر لەخۆوە پێی گوتبوو کە شوێن باقی بکەوێ. کەوتبوو. لە پەنجەرەی ژوورەکەی باوەگەورەوە کە بە قەراخ پەیژەکەوە بوو، سەیری کردبوو. باقی وەک شەبەحێکی چاویلکە لەچاو ئارام و بە لەرزەلەرز بەسەر پەیژە دارینەکەدا هەڵگەڕابوو، بەڵام پێی وابوو هەر هەمان خەونەکانی

جارانن کە لە گەڵ خۆیان باقی ئەمجارەیش دەبەن بۆ شوێنێکی دیکە. دڵی بەلای کچاندا نەدەچوو. بێگومان باقی ئەو شەوە لەو سەربانە تاریکەوە خەونی بەو خانووەوە دەبینی کە رۆژێک دەبا لە لاپاڵی یەکێک لە شاخەکانی دەورووبەری شاردا دروستی بکات. باقی دەبا هەر لە ئیستاوە بیزانیبا کە بە شەودا لە دوورەوە خانووەکەی چۆن دێتە بەرچاو. ئای لەو گەوجە! بەو چاوانەوە! ئازاد بیری کردەوە: "گەر جارێک لە جاران دەستی لە جەستەی کچێک کەوتبا، ئەوەندە سەرقاڵی خەون نەدەبوو!" پێکەنینی هاتێ. لە بیری دێت کە جارێکیان لە کونی درگای حەمامەوە سەیری باقی کردبوو. باقی یەکجار درەنگ لە حەمام دەهاتە دەرەوەو ئازاد دەیەویست بزانێ کە لەو ژوورە بچووک و تەڕ و هەڵماوییەدا خەریکی چییە. ئەو رۆژە بە رێکەوت دایک و باوکی لە ماڵ نەبوون، باوەگەورەی لە ژوورەکەی خۆی راکشابوو و "ئەشرەف" یش بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە سەرقاڵ بوو. زۆر ئاسان نەبوو. سەرئەنجام چاو شوێنی خۆی بینیەوەو نیگا وێنەکانی لە یەکتر جیا کردەوە. باقی بینی، بە چاویلکەکانییەوە دانیشتبوو و لە شتێکی نادیار رامابوو. باقی نەدەجوڵا، تەنیا دانیشتبوو و جاربەجاریش شانێکی بە ئاستەم دەجوڵا. کە هەڵمی ژوورەکە رووی لە کەمی دەکرد، دەستی دەبرد و ئاوە گەرمەکەی بەردەدایەوە. دووای کەمێک دەیگرتەوە و ئەوسا شانەکەی بە ئاستەم دەکەوتەوە جوڵە. ئازاد نازانێ چەندەی خایاند، بەڵام وەڕەز بوو و وازی هێنا. بەزەیی بە براکەیدا دەهاتەوە. دەبا رۆژێک لەگەڵ خۆی بیبات بۆ کۆڵانگەڕی و بە جەستەی کچانی ئاشنا بکات. بزەیەکی تاڵ نیشتە سەرلێوەکانی. باشە سەرئەنجامی خۆی بە کوێ گەیشت تا باقی رێگاکەی بگرێتە بەر؟ بیری کردەوە کە بە پێچەوانەوە، ئەوە خۆیەتی خەریکە وەک باقی برای لێ دێت! لە ژوورەکەشیانەوە تا ئەم حەمامە

مەودایەکی وەها نەبوو! ئازاد رقی لە خۆی دەبووەوە. داماوییەکی سەیر ژیانی داگرتبوو. دەبا شتێکی بکردایە، بەڵام چی و چۆن؟

بیری فیلمە کارتۆنییەکان کەوتەوە، قەسرێک بە بەرزاییەکەوە کە تێیدا شازادە دەژیت و مرۆڤێکی گچکەی بێ دەسەڵاتیش لەبەر دەروازە و دیوارە بڵیندەکانیدا راوەستاوە. بەڵام هەر لەم فیلمانەدا مرۆڤە گچکەکە سەرئەنجام رێگایەکی بەرەو قەسرەکە دەبینییەوە و بەوەی دەگەیشت کە دەبا بگات! بەڵام چۆن؟ باوەگەورەی باسی نامووس پەرەستیی ئاغاوات و بەگزادەکانی بۆ کردبوو. ئازاد کە تووشی پیاوەکانیان دەبوو، بە پێچەوانەی سیمای ئارام و نەشڵەژاویان، بە جوانی هەستی بەوەی دەکرد کە باوەگەورەی باسی لێکردبوو. چۆنە رۆژێک لە سەعاتی دەورووبەری دەی بەیانی لەوکاتەدا کە پیاوەکانیان لە ماڵ نین بە بیانوویەک لە دەرگابدات. رەنگە ئەو بیکاتەوەو ئیتر ئازاد دەتوانێ هەموو شتێکی پێ بڵێ! بەڵام خێرا پەشیمان بووەوە. هاتوو وادەرنەچوو کە لە بیریدا بوو. ئازاد نەیدەویست کارەکە خراپ بکات. رێگایەکی ژێرزەمینی مرۆڤی دەبردەوە ئەو قەسرە گڵینە. ئازاد لەخۆڕا دەچوو لە سەربانی رەحیمی تەنەکەسازەوە سەیری دەکرد. رەنگە لە باغی قوتابخانەکەوە چاڵێک هەبێ کە ئەو بەرەو ئەو تونێلە دەبا کە لە پشتی خانووکەوە سەردەردێنێ! لە ناو فیلمەکانیشدا هەروابوو. یاخود جادووگەرەکان. ئازاد دێتەوە بیری لە گەڕەکی پشت ئەم خانووەدا پیرێژنێک دەژی کە دوعا و نوشتەنووسە. رووالەت و سیمای هەر لە جادووگەرەکان دەچێ. خەڵکی یەکجار باوەڕیان پێی هەیە. ئازاد بڕیار دەدا بچێتە لای.

سەعاتی پێنجی ئێوارە بوو رووی کردە ئەو خانووە. درگایەکی تەنەکەی ژەنگاوی کە بەرۆژ قەت دادەنەخرا. ئازاد ئارام درگاکەی کردبووەوە. بەسەر

دالانێکی نیوه تاریکدا کەوتبوو کە بۆنی سێبەر و گڵە سوور و کا و غەریبیی دەدا. هێشتا چەند هەنگاوی هەڵنەهێنابوو کە دەنگیان دا:

ـ "میوان ئەزیزی خودایە، کچی، کوڕی، پیاو یان ژن فەرق ناکا، دە هەنگاو وەرە پێش و دەرگای دەستی ڕاستت بکەرەوە! خودا لە گوناحی هەموومان خۆش دەبێت!"

ئازاد وای کرد. کە دەرگای کردەوە پیرێژنێکی یەکجار بە ساڵاچووی بینی تەسبێح بەدەست لە سەر دۆشەکێک دانیشتبوو و کووڕکووڕ لە ژێر لێوەوە دوعای دەخوێند. ئازاد تاڵ تاڵ ئەو مووە درێژانەی بینی کە بە روخساری پیرێژنەکەوە لێرە و لەوێ خۆیان دەنواند. دانیشت. پێرێژنەکە لێی پرسی کوڕی کێیە. ڕەسوڵ باڵابەرزی دەناسی. سەڵتەنی ژنی رەسوڵ لەو ژنانەی بوو کە بە جەژنان خێری بۆ دەنارد. لە دڵی خۆیدا گوتی دەبا بمزانیبایە کە منداڵی ئەو پیاوەی! ئازاد بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەویش جوان جوان گوێی لێگرت. ئازاد کە قەت حەزی نەکردبوو ئەم رازەی خۆی لای کەس بدرکێنێ، لێرە بە بێ هیچ چەشنە دژوارییەک باسی هەموو شتێکی کرد. ژنەی نووشتەنووس جوان جوان گوێی لێگرت. ئازاد کە تەواو بوو، راوەستا. پیرێژنەکە ماوەیەک بە بێدەنگی مایەوە. ئەوسا گوتی:

ـ "کوڕە جوان و ژیکەڵەکەم! بەر کەلامی حەسوود و زمانی پیسی خەڵکی کەوتووی. نفرینیان کردووی کوڕم. من دوعایەکت بۆ دەنووسم کە چاوی ئەوان لە ئاستی تۆدا کوێردەکات، بەڵام دەبێ تۆیش شتێک بکەی. کە دەچیتە دەر زۆر دەست بەخۆتدا مەهێنە. ئارام بە رێگادا بڕۆ و بە هێواشی نان بخۆ و بە پەلەش قسە مەکە! ... بەرۆژ با ئەم نووشتەیە لە گیرفانتدا بێت و بە شەویشدا لە بن سەرینەکەت!"

ئەوسا دەستی بە کیسەیەکدا کرد و بە نووکی پەنجەکانی شتێکی دەرهێنا کە نەدەبینرا. هەرلەم کاتەدا ئازاد چاوی بە مەنگەڵییەکەی تەنیشتی پیرەژنەکە کەوت.

بۆن و دووکەڵی ئەسپەندەر بە ژوورەکەدا بڵاو بوویەوە. ئیستا ئازاد ئەو بۆنەی ناسییەوە کە لەکاتی هاتنە ژوورەوەیدا بۆنی کردبوو و بەڵام نەیناسیبووەوە. پارەکەی دانا و هاتەدەر. کتوپڕ زانیبووی کە هەم بە پەلە دەڕوا و هەم بە پەلە نان دەخوا و هەم بە پەلەش قسە دەکا. بە لایەوە سەیربوو. باشە ئەم پیرەژنە چۆنی دەزانی؟ هاتەوە بیری کە نەیپرسیبوو کەی تلیسمی بەدبەختییەکەی دەشکێ و ژیان وەک جارانی لێ دێتەوە، نەیپرسیبوو کەی و چۆن سەرئەنجام دەروازەی ئەو قەڵایە بەروویدا دەکرێتەوە. بەلام نەگەڕایەوە. دەبا راوەستابا. هەموو شتێک دەهاتە دی، بەس ئارام بێت و زۆریش خۆی دەرنەخا!

سەرەڕای ئەوەی نوشتەکەی پێ بوو، بەو کۆڵانەدا نەڕۆیشت. دەبا رێزی کات بگرێ. هەروەها دەبا کەسیش بەم نووشتەی نەزانیبا. ئازاد کە ماوەیەک بوو بەرەو خۆی و بەرەو ژیانی ناو ماڵ گەڕابوویەوە، بەم نووشتەیەدا زانی کە دەبێ هێشتا زیاتر خۆی بپێچێتەوە،... زیاتر خۆی سنووردار بکات. دیسان بیری باوکی و باوەگەورەی کەوتەوە. بیری حەوزەکە و قورئانەکە. کەواتە گەر مرۆڤ بتوانێ تەنیا ئاوێتەی شتێک بێت، ئاسوودەترە، بەڵام بە مەرجێک پێی وانەبێ ئەو شتە تەنیا هی ئەوە، یان ئەو شتە بۆ هەمیشە لە گەڵ ئەو دەمێنێتەوە. ئازاد ئیستا دەزانێ کە دوو پیاوەکەی ناو حەوشێ رەنگە نائارامترین پیاوەکانی دونیا بن. هەوڵ دەدا ببێ بەو نیگایانەی کە رستەکانی قورئان دەخوێننەوە، یاوەکوو خەریکی سەیرکردنی ئاوێکی روونی ناو حەوزێکی گچکەن. لە کۆڵانی نیگاکانەوە وەک مەلێک بە ئارامی گوزەردەکا و دەگاتە خودی وشەکان و ئاوەکە. لێرە ئیدی تەنیا وشەیە و ئاو. باوەگەورە و باوکی لە دووای چی وێڵن؟

## شەوی تەقەکە

ئەو شەوە تەقەکە کرا، باوکی پەیمان خەریکی خوێندنەوەی کتێب بوو، دایکی بارام خەریک بوو جارێکی تر هەر لەو هەفتەیەدا تەویلەکەی خاوێن دەکردەوە، باوەگەورەی ئەشرەف جارێکی دی خەریکی خویندنەوەی دووا لاپەڕەکانی قورئان بوو، باوکی بارام لە سەر سنوور خەریک بوو دەپەڕییەوە، عەلی سەیزادە لە بن دارەکەی حەوشەیان راوەستابوو و بیری لە سەگەکان دەکردەوە، ئەحمەدی کاکە مەلایش لە مزگەوتەکەی نزیکی پادگان لە گەڵ مجێورەکە سەرقاڵی قسەکردن، رەسوڵ باڵابەرز خەریکی گۆڕینی ئاوی حەوزەکە بوو و ئازادیش ئەگەرچی بەڵێنی بە خۆی دابوو کە جارێکە زۆر بە دەوری قەسرەکەوە نەبێ، بەڵام لە سەر بانی ماڵی رەحیمی تەنەکەساز خۆی مەڵاس دابوو. ئەو شەوە شار ئەوەندە بێدەنگ بوو کە هەموو کەس دەنگی تەقەکانیان بیست. سەرەتا چەند تەقە، ... بێدەنگی، ... ئەوجار تەقەکانی دی. لەمێژبوو خەڵکی ئەم شارە گوێیان لە شتی وانەبووبوو. هەندێک دەڵێن لە زەمانی حەمەرەشید خانەوەو هەندێکی دی بەمە پێدەکەنن و دەڵێن:

"پێمان سەیرە، ئەی لەبیرتان نایەت کە باوکێک دوو کوڕی خۆی کوشت و ژنەکەی بریندارکرد و هەڵات؟"

راست دەکەن! بەڵام ئەو شەوە باوکەکە لەناو ماڵەکەدا و لە ژوورێکدا کە هەموویان دانیشتبوون تەقەی کردبوو، هەربۆیە خەڵکی گەڕەک، ئەویش تەنیا دراوسێکانیان دەنگە سامناکەکەیان بیستبوو. شەوێکی سەیر بوو. چەند ناخۆش! خەڵکی شار کە بەم کارەساتە هەڵچووبوون، بە شوێن پاسەبانەکاندا تا قەراغ شار چووبوون، بەڵکو بتوانن بکوژەکە بگرن. بەڵام کێ دەیوێرا خۆ بە تاریکی ئەو دەشتە پان و بەرینەی پشت شاردا بکا کە لە دوورەوە لە داوێنی کێوێکی بەرزبەرزدا ون دەبوو. یەکێک لە پۆلیسەکان کە دەمانچەکەی خستبووە سەرپێ و بە دەستییەوە بوو، رێک لە سەر سنووری نێوان تاریکی دەشت و رۆشنایی شاردا داوای لە خەڵکی کردبوو بگەڕێنەوە! هەموو گەڕابوونەوە. لەشکەرێکی سەیربوو، لە پێشی پێشەوە پۆلیسەکان، دووای ئەوان پیاو و گەنجەکان و لە دووای دوواوە مندالەکان. هەموو وەک جەستەیەک دەڕۆیشتن، کەس هەڵنەدەبڕا. ئەو شەوە کەمتر منداڵ بەدەرەوەبوون. ئەگەریش لە دەرەوەبوون، ئەوا بە دەوری یەکتردا کۆمەڵیان دەبەست و لە بەردەرگا دوور نەدەکەوتنەوەو و باسی ئەو رووداوەیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. بە هەر وردە دەنگێک رادەبوون. شار تا هەفتەیەکیش لە سەر هۆش نەبوو.

رەسوڵ باڵابەرز بە بیستنی ئەم هەواڵە یکجار تێکچووبوو. لای ئەو ئەم کارانە لە مێژبوو کە کۆتاییان پێهاتبوو. رەزاشا ساڵانی ساڵ لە دژی جەنگابوو و وڵاتێکی هێمنی لە دووای خۆی بەجێ هێشتبوو. "لەعنەتتان لێ بێت شارە سەر سنوورییەکان!" رەسوڵ ئەمەی بە ئەسپایی لە ژێر لێوی خۆی دەگوتەوەو لەبەردەمی خۆی دەڕوانی و بە لاچاو سەیرێکی ئاشپەزخانەکەیشی دەکرد. بیری

ئەوەی کە پیاو بە دەستی خۆی ژن و منداڵەکانی خۆی بکوژێ، شێتی دەکرد. لێرەدا بیری حەمەرەزاشای کوڕی رەزاشا دەکەوتەوە و دیسان وەک مرۆڤێکی نەشیاو لە بەرچاویدا قوت بووەوە. "بەس نەبوو لەو سەردەمەدا ئەم پاشا نەبوو! بەس نەبوو ئەم رەزاشا نەبوو و رەزاشا ئەم!" لەمە زیاتر، هەڵاتن و دەرچوونی قاتڵەکە تێکی دابوو. کەس نەیتوانیبوو بیگرێ. قاتڵ وەک دراوسێکەیان ئاودیوی سنوور بووبوو. رەسوڵ کەسانی وەک دراوسێکەشیانی بە تاوانبار دەزانی. دەیگوت: "ئەوانن فێرە رێگایان دەکەن!" کەواتە دەبا حکوومەت هەرچی زووتر شتێکی بەرامبەر بەم جۆرە کەسانە بکردایە. "هەموو خەڵکی شار دەزانن کە قاچاخچییە، قابیلە حکوومەت نەزانێ!"

باوکی رەسوڵ هەر ئەو شەوە بەسەرهاتێکی بۆ کوڕەکەی گێڕابووەوە کە لەوە پێش نەیگێڕابووەوە! دیسان باسی باوکی بوو، باسی باوەگەورە، بەڵام بە شێوەیەکی تر. گوتی: "ئەو شەوەی چەتەکان هاتن، درەنگان بوو، سەعات دەی شەو. باوکم ئامادەی خەوتن دەبوو و دایکیشم بە قاپ و قاچاخەوە سەرقاڵ بوو. منداڵەکانی دی هەموو خەوتبوون. لە حەوشە بووم کە کتوپڕ سێ کەسم لە سەر بانەکەمان بینی. زۆر خێرا دووانیان لە بانیژەکەوە هاتنە خوار. لە باوکمیان پرسی. ریشن و بە جلی گەرمەوەو جامانە لە دەوری ملدا. بەو بڕنۆ قەدیمییانەوە کە دڵیان دادەخوریان. باوکم دەستبەجێ کە بینینی، ناسینییەوە. زۆر بە توڕەییەوە بەرهەڵستیان بووەوە. یەکیان منی گرت و هەڕەشەی لە باوکم کرد گەر دەنگ بەرز بکاتەوە و چیدی بەردەوام بێت لە هەڕەشە لێکردنیان و بە قسەیان نەکات، ئەوا من دەکوژن. باوکم بێدەنگبوو. هەموو مالەکەیان پشکنی. ئەوەی سووک و بەردەست و بەکەڵک بوو، هەڵیانگرت. ئەوسا داوای پارەی زیاتریان کرد. دڵنیا لەوەی کە باوکم هەیەتی و لە شوێنێکدا شاردویەتیەوەو نایانداتێ، پێش خۆیاندا."

ڕەسوڵ باڵابەرز پێی سەیربوو. باوکی قەت ئەم بەشەی نەگێڕابووەوە. قەت قەت. بۆ؟ نازانێ. ڕەنگە لەبەر ئەوەی ڕفاندنی پیاو لە ماڵی خۆی عەیبە و لە سەری دەکەوێ. بەڵام خۆ ئەوانە تفەنگیان پێ بووە. باوکی تەنیا باسی پێش ئەم ڕووداوەو پاشی کردبوو. ڕەسوڵ ئیستا دەزانێ کە ئەو شەوە چۆن بووە. ئیستا، کە دوو مەیت لە مزگەوتێکی شاردا کەوتووەو دایکیشیان بەدەم برینەکەیەوە هاواری منداڵە کوژراوەکانی دەکا. باوکی ڕەسوڵ قەت نەیویستبوو ترسی ئەو شەوەی بردنی باوکی بۆ منداڵەکانی ڕاگوێزێ.

بە سەربانی ڕەحیمی تەنەکەسازەوە، ئازاد کە تەقەکەی بیست، تەواو داچڵەکا. ڕەنگە لە هەرکەسێکی دی باشتری بیستبێ. وەک بڵێی لە تەنیشتی خۆیدا بووبێت. سەرەتا وایزانی لە قەسرەکەوە تەقە لەو دەکەن. سەری خۆی دزییەوە. کە دەنگی تەقەکانی دیکە بیست، ئیتر تەواو دڵنیا لەوەی مەبەستیان ئەوە، ویستی هەستێ و ڕاکا. بەڵام نەدەکرا. ڕەحیمی تەنەکەساز هاتە باڵکۆنەکەی و لە چاوتروکانێکدا کۆلان و گەڕەک پڕبوو لە خەڵک. ماڵەکەی بەرامبەریش هاتن. ئەوسا بۆ یەکەم جار جوان جوان ئەوی بینی. خوایە چی بکەم! لە بەر تیشکی گڵۆپی ناو داڵانەکەی خوارەوەو لەو کراسە سەوزەدا و بەو لەچکە ڕەشەوەی کە خزابووە سە شانەکانی، ئازاد تەواو لەخۆ بێ خۆ بوو. لە گەمەی نێوان قەرەباڵغی و ترس و تاریکی و جوانی و ئەشقدا، ئەوە تەنیا جوانی و خۆشەویستی بوون کە گەمەیان دەکرد. ئازاد لە دڵی خۆیدا گوتی: "سوپاس بۆ ئەم تەقانە، سوپاس بۆ ئەوەی ئەمەی کرد!" ڕەحیمی تەنەکەساز کە بە ژێرکراسییەوە هاتبووە سەر مەحەجەرەکەی، بە بینینی دراوسێکانی کە هاتبوونە دەرەوە بە پەلە کراسی لە بەرکرد و بە شەلە شەل چووە کۆلان و لە گەڵ پیاوەکانی قەسرەکە کەوتە گفتوگۆ. ئازاد قەت ئەوانی لە گفتوگۆ لە گەڵ خەڵکی گەڕەکدا نەبینیبوو.

دایکی بارام کە تەقەکەی بیست، ماوەیەک راوەستا. گوێی هەڵخست. دەنگەکان لێرەوە جوان نەدەبیستران. بە پەلە چووە بەردەرگا. ئەوسا بە بیستنی دەنگی گوشەکانی دیکە قیژاندی، بە سەری خۆیدا کێشا، روومەتی رنی و هەڵاتە سەر بۆ لای منداڵەکانی. لە خەیاڵی ئەوەی مێردەکەیەتی، منداڵەکانی کۆکردەوە. بە هاوار هاوار پێی گوتن کە نەخەڵەتابێتن لە هیچ شوێنێ باسی ئەوە بکەن کە باوکیان لە ماڵدا دەمانچەی هەبووە. کچەکان گریان و بارام کە تا ئەو کاتە هەستێکی هەڵچووی وەک ناو فیلمەکان دایگرتبوو، گێژو وێژی ناو دوو هەست نەیدەزانی چیبکات. لەم کاتەدا پیویستی بە کەیوان هەبوو. گریان و قیژەکانی ئێرە بێزاری دەکرد. هەستێکی تاڵی بێزاری لەو ژنانەی کە تەنیا دەترسن. دەبا لە گەڵ کەیوان قسە بکا و ... رەنگە ژیانیش بەرەبەرە وەک ناو فیلمەکانی لێهاتبێ. بارام خۆشییەکی سەیر دەروونی داگرت. ئەوەی کە لەدەرەوە لە کۆلانە تاریکەکانی ناو شاردا لەم کاتەی شەودا کەسانێک هەن وەک فیلمەکان دەژین و بیردەکەنەوە، کەیوانی وروژاند. سەرەڕای ئەوەی دایکی دەیقیژاند و داوای لێدەکرد کە بگەڕێتەوە، کەیوان چووە کۆڵان. لە ناو خەڵکی گەڕەک کەیوانی بینیەوە کە لە تەنیشت خوشکەکەیەوە راوەستابوو. بارام گوێی لە سەڵتەن بوو کە بەردەوام پرسیاری باقی دەکرد. لەو شەوەدا کەس وەڵامی نەدەدایەوە.

هەواڵ هات. سەرۆکی شارەبانی لە گەڵ پێنج کەسی دیکە کوژرابوون، بکوژەکانیش کە سێ کەس بوون کوژرابوون. سەرۆکی شارەبانی؟ رەسوڵ باڵابەرز ئەم پرسیارە لە مێشکیدا چەکەرەی کرد. ئەو بۆ؟ رەسوڵ ئەژنۆی شل بوو. ناو دەمی تاڵ هەڵگەڕا. بیری هەواڵی رۆژنامەکان کەوتەوە. بیری قسەکانی لە گەڵ پەیمان و باقی کوڕی. هەواڵی تر هات. نا سییان کوژراون و یەکیش گیراوە. رەسوڵ ئیتر گوێی لە هیچ نەبوو. ئارام خەڵکەکەی بەجێ هێشت و چووەوە

ژووروە. لە داڵانەکەدا راوەستا. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. جەستەی داوای هەوای دەکرد. هەوای زیاتر. بیری کردەوە کە دواجار کەی باقی کوڕی بینیوە. دێتەوە بیری دوێ شەو لە ماڵی پەیمان خەوتبوو. دوێکە بە دایکی گوتبوو. ئەمڕۆ ئیتر سەردانی ماڵەوەی نەکردبووەوە. بەڵام رەسوڵ هەڵەی دەکرد. باقی هاتبووەوە و دوای ئەوەی بە دایکی گوتبوو کە شەو درەنگان دێتەوە، دیسان رۆیشتبوو. رەسوڵ ئارام بەرەو ژووری کوڕەکانی هەنگاوی هەڵێنا. ئازادی لە دەرەوە نەبینیبوو، دڵنیا لەوەی لە ژوورەوەیە، درگاکەی کردەوە. نە ئازاد لەوێ بوو و نە باقی. چاوێکی بە وێنەکانی دیوارەکاندا خشاند. بە قەفەسەی کتێبەکاندا. چاوی بەو گۆڤارە کەوت کە لەسەر بەرگەکەی وێنەی شەڕێکی ڤیتنامی تێدابوو. ژوورەکە چەند خاڵی و بەتاڵ بوو لەوان. رەسوڵ کتوپڕ هەستی بە بێ تاقەتییەکی سەیرکرد. بێ تاقەتی کوڕەکانی بوو. تاسەی دەکردن. لە کاتێکدا دەستەکانی دەلەرزی، دەرگاکەی داخست. چی بکا؟ دەرگای حەوشەی کردەوە و ئارام بەرەو حەوزەکە هەنگاوی هەڵگرت. لەو شەوە سەیرەدا رەسوڵ تیشکە نادیارەکانی بینی کە لە ناو ئاوی حەوزەکەدا دەبریسکانەوە، ... ون دەبوون و دەهاتنەوە. رەسوڵ دانیشت. شتێک لە دەرونیەوە لەوەی دڵنیا دەکرد کە ئەوەی ئەم شەو رووی دابوو بە جۆرێک پەیوەندی بە پەیمان و باقییەوە هەبوو. باشە بۆ تائیستا بیری لەمە نەکردبووەوە؟ رەسوڵ پێی وابوو کە ئەو هەواڵانە تەنیا هی ناو رۆژنامەکانن، هی شارەگەورەکان. باوەڕی نەدەکرد لەم شارە گچکە سەرسنوورییەدا کە هاوینانێکی ئەوەندە ئارامی هەبوو و تا چاو و گوێ کاری دەکرد و دەرفەتی دەدا ئاسمانەکەی و کۆڵانەکانی بێ چرپە و بێدەنگ و روون بوون، رووداوێکی لەم چەشنە بقەومێ. کۆڵان هەروا قەرەباڵغ بوو. دەبا شتێکی بکردایە. هەستایە سەرپێ. چووە ژوور. جل و بەرگەکەی لەبەرکرد و وەدەرکەوت. سەڵتەن بینی. هیچی نەگوت. رەسوڵ لەناو خەڵک و تاریکیی کۆڵاندا ون بوو.

شەقامە سەرەکییەکەی شار پڕی پۆلیس بوو. خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر کۆڵانەکان راوەستابوون و لە پۆلیسەکانیان دەڕوانی. پۆلیس داوای لێدەکردن کە بچنەوە ماڵەوە، بەڵام بێ سوود بوو. لە سەر شەقام لە رەسوڵیان پرسی. ناسیانەوە و رەسوڵ توانی درێژە بە رۆیشتنی خۆی بدات. شارەبانی یەکجار شڵەژابوو. گوێی لێبوو کە باسی یارمەتی وەرگرتنیان لە سەربازخانەکە دەکرد. رەسوڵ سەرئەنجام توانی لە گەڵ یەکێک لە ئەفسەرەکان قسەبکات کە دەیناسی. ئەفسەرەکە هەر کە رەسوڵی بینی، شڵەژا. یەک دوو هەنگاو پاشە و پاش گەڕایەوە. دەستی بۆ دەمانچەکەی برد و زۆر ورد سەیری رەسوڵی کرد.

هەر ئەو شەوە پۆلیس رژانە ماڵی رەسوڵ و ماڵی باوکی پەیمان و هەموو شوێنێکیان پشکنی. کتێبەکان و گۆڤارەکانیان برد. رەسوڵیان نەگرت، بەڵام باوکی پەیمانیان وەپێش خۆیان دا. لە ئازادیان پرسی. پرسیارێکی بێ وەڵام. ئازاد تا کۆڵان چۆڵ نەبوو نەگەڕایەوە ماڵ. ئەوسا لە دوورەوە سەیارەی پۆلیسی بینیبوو. راوەستابوو تا بڕۆن. بۆخۆیشی نازانێ بۆ. پۆلیس گوتبووی دواتر دەبێ ئازاد بچێ خۆی بناسێنێ. هەموو کەس هەموو شتێکیان زانی، بەڵام کەس لە هۆکاری ئەم کوشتنانە تێنەدەگەیشت. بە تایبەت کاتێ دەگەیشتە سەر باقی. رەسوڵ لە گەڵ سەرۆکی شارەبانی هات و چۆی هەبوو و شارەبانیش قەت هیچ زەرەرێکی بۆ رەسوڵ و بنەماڵەکەی نەبوو. جگە لەمە خۆ سەرۆک بەرپرسی دوورخستنەوەی باوکی پەیمان بۆ ئەم شارە نەبوو. رەنگە تەنیا رەسوڵ و باوکی پەیمان بوون کە لە هۆکاری ئەم رووداوەیان دەزانی و دەیانتوانی لێکی بدەنەوە.

باقی ئیستا لە پشت دیوارە بەرزەکانی شارەبانییەوە بوو. رەسوڵ دەیزانی کە رەنگە هەر ئیستاکە بۆ "ساواک" راگوێزرابێت. مەرگ لە دوو هەنگاوی کوڕەکەیدا بوو. دەبا شتێک بکا. بەڵام چی؟ تەنیا ئومێدی، سەرۆکی شارەبانی بوو

کە ئەویش کوژرابوو! پەیمان دووای هەفتەیەک لە گۆرستانی شاردا لە گۆشەیەکی کەناردا نێژراو دوو تەرمەکەی دیکە بۆ شارەکانی خۆیان بەڕێ کرانەوە. باقیش نێردرا بۆ شارە گەورەکان. بنەماڵەی رەسوڵ تەواو دۆخی گۆڕا. ئەشرەف لە پیکەنینەکانی کەوت و ئازادیش چیدی لەبیری کچی قەسرەکەدا نەما. سەڵتەن کە بە دزییەوە جگەرەی دەکێشا، جگەرە کێشانەکەی ئاشکرا کرد و باوەگەورەش تا ماوەیەک وازی لە دوعا و نزاکردن هێنا. رەسوڵ پێی وابوو کە رۆحی باوەگەورەی گەڕاوەتەوەو هەموو شەوێک لە شوێنێکەوە چاوەدێریی ماڵەکەی دەکا. زۆرجار باوەگەورەی لە گەڵ ئەو سێ چەتەیە دەبینی کە خەریک بوو بە سەر بانی ماڵەکەیانەوە ئاودیو دەبوون.

دوای ماوەیەک رۆژێک رەسوڵ جل و بەرگی لەبەرکرد و وەدەرکەوت. یەکەوراست بۆ کۆڵانی رووداوەکە، کۆڵانی تەقەکەی ئەو شەوە. چاڵەکەی بینی. هەستی کرد هێشتا لە سەر خۆڵەکەی تەنیشتی چاڵەکە رەشایی خوێن بەدی دەکرێ. چەند جار ئەمسەراوسەری کۆڵانەکەی کرد. هەوڵی دەدا جوان وێنەکان لە مێشکی خۆیدا بژیەنێتەوە. بە غیرەتیان سەرسام بوو. دەرگای ماڵەکان هەموویان داخرابوون. رەسوڵ لەم گەڕەکە کەسی وای نەدەناسێ. حەزی دەکرد لە دەرگای یەکێک لە ماڵەکان بدات و بچێتە ژوورەوەو داوایان لێ بکات کە بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕنەوە. کۆڵانێکی تەنگەبەر بە دەرگا قەدیمی و کۆنەکانییەوە. پێی سەیربوو کە چۆن سەرۆکی شارەبانی لێرە لەم گەڕەک و کۆڵانەدا ژیاوە. ژنەکەی کە ئافرەتێکی چارشێولەسەری خەڵکی شارەکانی دی بوو، دووای کوژرانی مێردەکەی دەستی منداڵەکەی گرتبوو و بۆ شارەکەی خۆی گەڕابوویەوە. رەسوڵ لە دەرگای یەکێک لە ماڵەکانی دا. دوای کەمێک منداڵێك درگاکەی کردەوە. حەوشێکی خۆڵین و خاوێن کە تێیدا بەو عەسرە گەرمەی هاوین مریشک و کەڵەشێرەکان تێیدا لە هات و چۆدا

بوون. ئەوسا ژنێک بە پانتۆڵ و لەچکەوە. رەسوڵ پەشیمان لەوەی لە دەرگاکەی دابوو، داوای لێبوردنی کرد و دوور کەوتەوە. بڕیاری دا بچێ سەردانی باوکی پەیمان بکات. ئەمە یەکەم جاری بوو. باوکی پەیمان، پیاوێکی پیری نەخۆش کە ئیستاکە پیرتر و نەخۆشتر دەینواند. سڵاویان لە یەکتر کرد. رەسوڵ ورد لێی روانی. ئەویش هەروەها. شتێک بەربینگی هەردووکیانی گرت، باوەشیان بە یەکتردا کرد و دەستیان کرد بە گریان. ئەوسا دانیشتن و باسی کوڕەکانیان کرد. باسی خەونەکانیان. باسی ژیانی خۆیان و بەسەرهاتیان. باوکی پەیمان وێنەکانی پەیمانی هێناو پیشانی رەسوڵی دان. دوواتر وێنەکانی خۆی و ژنەکەی. باسی ئەوەی کرد کە دەیەوێ بۆ هەمیشە و تا دووا کاتەکانی ژیانی لەم شارە بژیت. گوتی تەنیا هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کوڕەکەی لێرە نێژراوە، بەڵکو حەزی لە ئاسمانی هاوینانی ئەم شارەیە. حەزی لە هاوینەکانیەتی. باسی پەیمانیشی بۆکرد کە ئەویش هەر ئەم حەزەی هەبووە. باسی ژنەکەی کرد کە هەمیشە حەزی بە ژیانکردن لە شارەگچکەکاندا بووە، ئاواتێک کە قەت بۆی بەدینەهاتبوو. رەسوڵ سەیری دەستە لەرزۆکەکانی کرد، سەیری جەستە وەڕەز و رۆحە بێهوودەکەی. رەسوڵ کە پێی وابوو گەر رۆژێک لە رۆژان بە توش ئەم پیاوەوە بێت باسی سەردەمی رەزاشای بۆ دەکات، بە پێچەوانەوە تەنانەت بیری رەزاشایشی بە مێشکدا نەهات. نە ئەو باسی پیاوەگەورەکانی کرد و نە باوکی پەیمانیش باسی رووداوە گەورەکان.

## سەفەر

رەسوڵ باڵابەرز لەوەتەی هاتووەتە ئەم شارە تەنیا چەند جارێک بە سەفەر چووەتە دەر. زۆر حەزی بە سەفەر نیە. یەکێک لەو سەفەرانەی ئەو جارە بوو کە باوکی هێنا بۆ لای خۆی. باوکی نەدەهات. حەزی نەدەکرد ئەو خانووەی بە جێ بێڵێ کە ساڵانی ساڵ تێیدا ژیابوو. بۆخۆی دەیگوت دوای کارەساتەکەی باوکی، دووای ساڵانی ساڵ تەنیا توانیبووی لەم خانووەدا بحەسێتەوەو هەست بە ئاسوودەیی بکا. لە دەرەوەی ئەم ماڵە، هەستی بە بوونی کارەسات دەکرد، بەڵام رەسوڵ توانی قەناعەتی پێ بێنێ. ژیانی تەنیایی، سنوورێکی کەمی لەگەڵ ئاسوودەییدا هەیە. باوکی رەسوڵ ئەم شارەی دەناسی. چەند جارێک زەمانی کۆن رێگای کەوتبووە ئێرە. کە وەڕێ کەوتبوون بە رەسوڵی گوتبوو:

ـ "شاری سەرسنوور بچوکن، هەر بۆیە ئارامن، بەڵام خودا نەکا شتی تیا رووبدا، کە رووبدا ئیتر خراپ روودەدا!"

رەسوڵ زۆر گوێی نەدایە ئەم قسە. مەزاجی باوکی لە گەڵ سەیارەدا نەدەهاتەوە، حاڵی تێکچووبوو. رێگا ئەوەندە نزیک نەبوو.

ئیستا گەلێک لەو ساڵانە تێدەپەڕێ. باوکی یەکجار پیرتر بووە، رەسوڵ بۆخۆیشی زۆر گۆڕاوە. لەمێژە ئاگای لەو تاڵە سپییانەیە کە بەرەبەرە هەموو روخسار و قژیان تەنیوەتەوە. بەڵام گرینگ نیە. رەسوڵ بە گشتی لە ژیانی رازییە، یان بڵێین رازیبوو. بۆ ئەو هەمیشە هارمۆنیایەک لەنێوان ئاسمان، شار، سروشتی دەورووبەر و بنەماڵەکەیدا هەبوو. خەنی لە ژیانی، تەنیا لە بیری ئەو ساتانەیدا بوو کە تێیدا دەژیا. هەمیشەیش شوکورگوزاری رەزاشا بوو. بۆ ئەو ئیدی مێژوو تەنیا لەم پیاوەدا خۆی دەبینییەوە. لە ژیانیدا یەکجار لەوە پێش ئەم قسەیەی بە رێکەوت لە کەسێک بیستبوو کە مێژوو پیاوەگەورەکان دروستی دەکەن، لەو کاتەوە بە تەواوی دڵی دابووە ئەم گوتەیە. لای ئەو هەر پیاوێکی گەورەش لانیکەم سەد ساڵی لە مێژوو داگیردەکرد، تازە ئەم سەدساڵەیش لەو کاتەوە دەستی پێدەکرد کە بۆخۆی دەمرد و کۆچی دوایی دەکرد. کەواتە رەزاشا هێشتا زۆری بەبەرەوە مابوو. لای ئەو تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیست و یەکەمیش، سەدە هەر سەدەی رەزاشا بوو. کە بیری لەمە دەکردەوە، بزەیەک لە سەر لێوەکانی دەنیشت. هێشتا کارێکی زۆرمابوو کە دەبا ئەنجامدرابان، بەڵام لەم دوواییانەدا هەندێک شت روویدابوو کە لە دەروونەوەی بڕوای پۆڵایینی ئەوی بەم بیرە لەمێژینەیەی خۆی لاوازدەکرد. هەوڵی دەدا هەرچۆنێک بێت خۆی بەم رووداوانەوە خەریک نەکا. دەیگوت:

ـ "رووداو کە روویدا هی رابردوویە و ئیتر فڕی بە سەر ئیستاوە نیە، کەواتە بۆ مرۆڤ دەبێ خۆی پێوە سەقاڵ کا و زەینی خۆی پێیەوە ماندوو بکا؟"

جگە لەمە شتی دیکە هەبوو کە جێگای ڕووداوەکان بگرنەوە. ڕەسوڵ حەزی لە بۆنی ڕۆژنامەکەی بوو، لە بۆنی کتێبی منداڵەکانی، کاتێک لە قوتابخانە دەهاتنەوە. حەزی لە بۆنی ساردی ئانتینەکەیان بوو. تەلەفزیۆنەکە گەرمایی دەبەخشیە ناو ماڵەکەی. بەڵام دنیا تازە گۆڕابوو، چەند خێرایش گۆرابوو. زانی کە هێندێ ڕووداو نە فەرامۆش دەکرێن و نەدەکرێ مرۆڤ خۆی لێ نەبان بکا. هەندێ ڕووداو تەنیا نابێ ڕووبدەن و بەس، بەڵام ڕوودەدەن! ڕەسوڵ لەمە سەری سووڕمابوو. بێگومان ڕۆژێ لە ڕۆژان باوکیشی هەر ئاوا هەستی بە کامەرانی کردووەو پێی وابووە کە دونیا هەر ئاوا دەبێت، تا باوکیان ڕفاندووەو دواتر... ڕەسوڵ باڵابەرز ئاهێکی هەڵکێشا.

باقی کوڕی چەند ڕۆژ دووای ئەو شەوە بۆ ناوەند ڕاگوێزرابوو، کە یەکجار لەم شارە گچکەیە دوور بوو. ڕەسوڵ دەبا جارجارە بۆ ئەوێ سەفەربکا. ژنەکەی و خۆی ئارام جانتاکەیان دەپێچایەوە. ئەگەرچی جانتاکە گەورە نەبوو و ڕەسوڵ زۆر شتی لەگەڵ خۆی نەدەبرد، بەڵام هەرەستێکی دەخایاند تا پێکەوە شت و مەکەکانیان کۆدەکردەوە. ڕەسوڵ ئیستا بنەردێنێکی دەهێشتەوە. ڕیشی سپی سپی بووبوو. کە سەیری خۆی دەکرد لە ئاوێنەدا، بە بینینی، بیری سمێڵە سپییەکانی ڕەزاشا دەکەوتەوە. سپییەکانی دونیا چەند لەیەک دەچن! کە بە گەنجیەتی ئەم سمێڵە سپییانەی بینیبوو، پێی وابوو زەمەنێکی یەکجاری لەبەرە بۆ گەیشتن پێی. بیری لە تەمەنی مرۆڤ کردەوە. کە لە سەرەتایدا ڕاوەستاوی، چەند دوورو درێژ دەنوێنێ و کە لە ناوەند و کۆتاییەکانیشیدای، چەند کورت دەنوێنێ. ڕەسوڵ هەست دەکا کە ئەو کاتە تەمەن یەکجار کورت دەنوێنێ کە مرۆڤ بۆخۆی لە چلەکاندایە. لەو تەمەنەدا منداڵی و پیری یەکجار لەیەکتر دەچن، یەکجار لەیەک نزیک. ئەوەندە کە ڕەسوڵ جاری وایە بۆی جیانەدەکرانەوە!

رووی لە زۆر کەس نابوو. کوڕەکەی حوکمی ئیعدامی هەبوو. فریا نەکەوتایە، دەیانکوشت. لە دەستی دەردەچوو. لە هەواڵەکانی ناو رۆژنامەکەوە بەمە گەیشتبوو. دەرکەوتن لە رۆژنامە مانای وەگەڕکەوتنی رەوڕەوەیەک بوو کە یەکجار کەمی دەخایاند. وێنەی ناو رۆژنامە یانی دەستپێکی مەرگ! یان خودی مەرگ. رەسوڵ کە بیری لەمە دەکردەوە، نیگاکانی وێڵ و سەرگەردان دەبوون. چاوەکانی تیل رادەوەستان و بێدەنگ تەنیا لەبەردەمی خۆی دەڕوانی. لە سەفەر کاتێک لە حەوزەکەی دوور بوو، لەبەردەمی خۆی دەڕوانی. کەس نازانێ بۆ ئەو، حەوزەکە لەوێ بوو یان نا. سەرئەنجام واسیتەیەکی پەیداکرد. دوای پارە و بەرتیل دانێکی زۆر و هاتووچۆیەکی تاقەت پڕوکێن، حوکمی باقیان کرد بە دە ساڵ زیندان. باوەڕی نەدەکرد. گەرچی دە ساڵ بۆ خۆی تەمەنێک بوو، بەڵام گرینگ مانەوە لە ژیاندا بوو. گرینگ ئەوە بوو کە رەسوڵ دووای دەساڵ دەیتوانی جارێکی دیکە لە حەوشەکەیەوە لە تەنیشت ئاوی حەوزەکەوە دیسان لە باقی بڕوانێتەوە کە لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووەو خەریکە خەون دەبینێ. دڵخۆش بەوەی کە تەرمی کوڕەکەی نابینێ، سوپاسی خودای کرد. سوپاسی ژیان و سوپاسی ئاسمانی شارەکەی کە ئەوەندە روون و جوان بوو.

هەر کە گەیشتەوە شارەکەی خۆی، قوربانییەکی گەورەی کرد و لە گۆشتی قوربانییەکە ئەحمەدی کاکە مەلا لە حەوشەکەیاندا بۆ یەکەمجار دووای ساڵانی ساڵ کەبابێکی بۆ عەلی کوڕی کە ئیستا ئیدی تەواو لە شەلبوونە ئەبەدییەکەی دڵنیابووبوون، سازکرد، شەلبوونێکی یەکجار دژوار. عەلی سەیزادە کەبابەکەی لە ژێر دارەکەدا خوارد و بیری ئەو رۆژانە دەکەوتەوە کە جاری وابوو لە گەڵ هاورێکانی ئاوریان دەکردەوە و ئەمیش هەندێک لەو ئێسکانەی کە بۆ سەگەکانی هێنابوون، دەبرژاند و پێکەوە دەیانکڕاندنەوە.

ڕێگای سەفەرەکانی ڕەسوڵ دووربوو و تاقەت پڕوکێن. ڕەسوڵ لە بیرکردنەوە و خەیاڵدا ڕێگای تەواو دەکرد. پاڵی دەدایەوە و چاوەکانی دەقونجاند و بە جەستە لە خۆی بزر دەبوو. هەر لەم سەفەرانەدا بوو کە زانی مەودای نێوان حەوزەکەی ئەو و ژوورەکەی باقی چەندە دوور و بێ کۆتایی بووە! ئەوێک کە خۆی یەکجار لە باوکی بەدوور دەزانی، ئیستا زانی کە لە منداڵەکانیشی هەرئاوا دووربووە. مەوداکان بۆ ڕابردوو و بۆ داهاتوو هەر هەمان بوون! بەوە نیە کە تۆ دەتوانی بیانبینی، ئەو شوێنەی ئەوان لێیەوە دێن و تێیدا دانیشتوون، هەر هی خۆیانە و بەس. تۆ ناتوانی لەوێ دانیشی! ڕەسوڵ بیر لە منداڵەکانی دیکەی دەکاتەوە، بیر لە هاوسەرەکەی. کۆترەکان چەند زوو دەتوانن هەڵفڕن و لەچاو ون بن! جاری وایە هەوا بۆنێکی سەیردەدا. ڕەسوڵ وەک ئاژەڵە کێویە سرک و ترساوەکان، پەڕەکانی لووتی دەلەرێنەوەو بە شوێن ئەو بۆنەدا دەگەڕێن. دەبێ بزانێ چییە! لەمێژە کۆڵانەکانی ئەم شارە چیدی بۆنی شیاکە و تەپاڵە و تەرسیان لێ نایەت، بەڵام بۆنێکی دیکەیان گرتووە. ڕەسوڵ هەرچیدەکا بۆی نادۆزرێتەوە. وەرڕەزە، وەڕەز. ڕەنگە بۆنی هەتاو بێت کە کۆڵانەکان بە هاوین دەبرژێنێ، ڕەنگە بۆنی ژنە وەڕەزەکانی ناو ماڵە گڵێنەکان بێت، یان بۆنی تامەزرۆیی و حەسرەتەکانی باقی بۆ ژوورەکەی و دوو پەیکەرەکەی ناو حەوشە، یان ڕەنگە بۆنی دەمانچەکەی ناو تەویلەکەیە! ڕەسوڵ نازانێ کامیانە، ناشیەوێ بزانێ. چ فەرق دەکا! جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە. ژیان بە بێ ئەم زانیاریانەش هەر دەڕوا و دەگوزەرێ.

لە گەڕانەوەی ئەمجارەدا بیری چەندین و چەندین ساڵ لەمەبەر کەوتەوە، ئەو ڕۆژەی وا دەهات کە لێرە بژیت. ڕێگاوبان زۆر نەگۆڕابوو، نەیتوانیبوو دایرەی ڕێگاوبان ناچار بە ئیسفاڵت کردنی ئەم ڕێگا دوورو درێژە بکا. سروشت هەرلەجێی خۆی بوو، کێوەکان وەک جاران لە دوورەدەستەکان لە ناو تەمی ئاسمان

و زەویدا بزردەبوون. رەسوڵ حەزی دەکرد ئەو رۆژە تەواو بێنێتەوە بەرچاوی خۆی. پیاوێکی گەنجی دڵ پڕ لە ئارەزوو کە دەیتوانی خەون بە هەموو شتێکی ئەم دونیایەوە ببینێ. سەرەڕای ئەوەی کە ئیستا پاییزە و ئەوکات بەهار بوو، رەسوڵ هەموو شتەکانی دەرەوەی دەناسێتەوە، لە بیری دێ کەسی نەدەدواند و موسافیرەکان بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەڕوانی، بەڵام هەرچی دەکا هەستەکەی ئەو رۆژە نایبینێتەوە،... نایناسێتەوە. لێرە بە جێماوە. ئەو رۆژە باروبنەکەی بە سەر مینی بووسەکەوە بوو. وێنەکانیش لەوێدابوون، ئەو وێنانەی کە رەسوڵ ئیستاکە چیدی تاقەتی بینین و بیرلێکردنەوەی نەماون. کە گەیشتبوونە سەر گەردەنەکە، شۆفیرەکە وەعدەکەی خۆی بە جێ هێنابوو و سەیارەکەی راگرتبوو. راستی دەکرد، لێرەوە دونیا یەکجار جوان بوو. کانیاوێکی وەها خۆشیش کە مێشک بە بیریدا نەدەهات. رەسوڵ لە بیری دێت چەند بێ منەتانە لە ئاوەکەی خواردبووەوە، تەنیا قومێک! رەسوڵ هەموو ئەمانەی لەبیرە، بەڵام ئەوەی کە دەبێ لەبیری بێت لەبیریدا نیە! رەنگە هی ئەوە بێت کە هەر گۆڕانێک لە ژیاندا ئەمە لە گەڵ خۆی دێنێ و دوای ئەوەی کە بە ژیانی نوێت رادێی، ئیتر چیدی هەست و دۆخی ئەو رۆژەت لە بیردا نامێنێ. تازە لێرە لە شوێنێک بەجێماوە، نابینرێتەوە. زەڕنەقووتەکە لە مێژە هەڵفڕیوە! ئارام شوشەی لای خۆی دەکاتەوە. بایەکی سارد بۆ چەند ساتێک روومەتی دەگەزێ. موسافیرەکانی دوواوە گرژدەبن، بەڵام هیچ ناڵێن. دەزانن رەسوڵ چی لێ بەسەرهاتووە. پەنجەرەکە دادەخا. پاییز بە تەواوی رووی لە وڵات کردووە.

بۆ رۆژی دوواتر رەسوڵ تەواو خۆی بە حەوشەکەیەوە خەریک دەکا. ئەگەرچی پاییزە، بەڵام هەوڵ دەدا درەخت و گیاکان هەر بە سەرسەوزی راگرێ. چلە سیس و گەڵا زەردەکان بە مقەست دەقرتێنێ. گیاهەرزەکان بژاردەکا، دەست

دەکا بە سێبەری چاوی و لە ترۆپکی دارتووەکە دەڕوانێ و حەسرەتی ئەوە دەخوا کە دەستی ناگاتە گەڵا و لقە سیسەکانی. بە سەعات لەو مێرولانەی دەڕوانێ کە شێتانە دوواکاتەکانی ئەوساڵە بۆ کۆکردنەوەی بژیوی تەرخان دەکەن. چاو لەو مێشە سەوزە زلانە دەبڕێ کە تەنیا چەند رۆژی تر دەژین.

سەڵتەن لەسەر خۆی، بەزەیی بە مێردەکەیدا دێتەوە. لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری دەکا و خەفەت لەو باڵایەی دەخوا کە ئیستا مەیلەوکوڕە. تەکانە بە ئاستەمەکانی شانی رەسوڵ زیادیان کردووە. سەڵتەن دەبێ یەکجار ئاگای لێ بێت. ئاوا بڕواتە پێش، شتێکی لێ بەسەر دێت. بەڵام چ بکا؟ سەڵتەن هەموو شتێک دەکا. ئیستا رەسوڵ زوو زوو روخساری ژنەکەی لە ئاوێنەی حەوزەکەدا دەبینێ. دێت لە لای دادەنیشێ. کە ئەم روخسارە دەردەکەوێ، لە گەڵیا گوێی بۆ بینینی قورئان خوێندەکانی باوکی دەکرێنەوە. بۆ خۆیشی نازانێ بۆ. تەنیا دەکرێنەوە. سەڵتەن دووای ساڵەهای ساڵ دەچێت یەغانە قەدیمییەکە دەکاتەوە. لەژێر کراسە بووکێنییەکەی و کۆمەڵێک جل و بەرگی قەدیمیی دی، وێنەکان دەبینێتەوە. وێنەکان هەر وەک ئەو سالانەن. دانە دانە دەریان دێنێ و دەچێ لە ژوورەکەی خۆیان هەڵیاندەواسێتەوە. رەسوڵی ئالوودەی باغ کە ئێوارە دەچێتە ژوور، چاوی پێیان دەکەوێ. ماوەیەک رادەوستێ، سەیریان دەکا. ژنەکەی ئاگای لێیە رەسوڵ بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوی. بە تایبەت لەو وێنەیەی دەڕوانێ کە سمێڵە قینجەکان خەریکن قاپی عەکسەکە دەبەزێنن. رەسوڵ دادەنیشێ و سەیری دەرەوە دەکا. سەڵتەن دەچێت بۆ ئەوەی نانی شەو سازبکا. کە هاتەوە، دیتی وێنەکان بە دیوارەکانەوە نەمابوون. شەو کە خەوتن بە دزییەوە و بە بێدەنگی چوو سەیری یەغانەکەی کرد. وێنەکان لەوێدا بوون.

بەیانییەكی یەكێک لە ڕۆژە پاییزەكانی ژیانە. سەرەتای هەڵوەرینی گەڵاكانە. ڕەسوڵ لەخەو هەڵدەستێ. دووای ناشتا دەچێتە حەوشێ. جێگاكەی باوكی لەبن دارتووە پیرەكەدا ڕادەخا و بە یارمەتی سەڵتەن باوكی دەیهێنن و لەوێ دایدەنێن. ئەوسا قورئانەكە بۆ باوكی دەكاتەوە و عەینەكەكانی بۆ لەچاودەكا. بۆ خۆی وەک هەمیشە لەسەر كورسییەكەی دادەنیشێ و لە ئاوی حەوزەكە دەڕوانێ. حەوزەكە، وەک جاران ڕوون نیە. چیمەنتۆی بن و قەراخ و لێوارەكانی بە ئاستەم قەوزەیان گرتووە. دوو ژوورەكەی ئەوبەر حەوشەكە لەمێژە تەڕاو نەدراون و كەپری دارمێوەكەش لقەكان لێرەو لەوێ بە شێواوی پێیدا شۆڕبوونەتەوە. ڕەسوڵ بە لاچاو سەیری باوكی دەكا. قورئان دەخوێنێ. تەنیا بەچاو. ئیستا تەنیا بە چاویش دوعا دەكا. ڕەسوڵ نازانێ ئیستا دوعاكان چین، هەر ئەوانەی ساڵانی پێشوو، یان شتی دی؟ چاوەكانی باوكی یەكجارغەمگینترن. باوكی لەمە ترسابوو، لەوەی مەرگی بە كوشتن ببێ بە میرات لە بنەماڵەكەیاندا. لەم غەزەبەی خوا دەترسا. هەموو ڕۆژێک قورئانەكەی باوكی دەخوێندەوە بۆ ئەوەی بەو قورئانەی كە لە سەر تەرمی باوكی بە جێ مابوو، سوێندی چارەنووس بدات كە كوشتن نەكا بە سێبەر بە سەر بنەماڵەكەیدا. ئیستا دووای سێ نەوە گەڕابوویەوە. لەوێ لە شوێنێک لەو شارە گەورانە خۆی لە كوڕەزاكەی حەشاردابوو.

ڕەسوڵ بینی باوكی خەونووچكە دەیباتەوە. هەستاو باڵینجەكەی بۆ ڕێک كردو ئارام باوكی ڕاكشاند و پەتووەكەی پێدادا. بە دەم ڕاكشانەوە، چاوی هەڵێنا و سەیری ڕەسوڵی كوڕی كرد. سەیری چاوە غەمگینەكانی. چاوی ڕەسوڵ لە چاوەكانی باوەگەورەی دەكرد. تا ئیستا ئەمەی بە ڕەسوڵ نەگوتبوو. نەفرەتی لەم لێكچوونە هەبوو. لەناو كوڕەكانیشدا چاوی باقی لە چاوی باوكی دەكرد. خوایە ڕەحم كە! خۆی لە ژێر بەتانییەكەدا كۆكردەوە. ئەگەرچی دەرەوە سارد نەبوو، بەڵام

ئێرە لەم ژێرەدا گەرمتر بوو! باوکی بێگومان لە کوێستان لە دوواشەوەکانی تەمەنیدا یەکجار سەرمای بووە. خۆی زیاتر کۆکردەوە. لەمێژە دەژی، بۆ خۆیشی نازانێ بۆ. هاوتەمەنەکانی ئەو لە مێژە مردوون. ئەم ماوە بۆ ئەوەی باوکی لەودا بژی. باوکی زۆر نەژیا. تێربووە. درەختی توو و قورئان و بیرەوەرییەکان، ... ترسەکان. خودایە بەسە! خۆی زیاتر کۆدەکاتەوە. هەست دەکا جەستەی سووکە. لەمێژە ئەم هەستەی نەبووە. گەنج گەنج. وەک مێرمنداڵێک. کۆلان بانگی دەگا. باوکی لەوێ راوەستاوە تا بزن و مەڕەکان بداتە دەستی و بیانبا بۆ لەوەڕ، بۆ دەشت و بەندەن. راوەستە بابە ئیستا دێم. کەمێک ماندووم، دوێ شەو درەنگ خەوتم. بەڵام مەگەر دەوێرێ باسی بکا. دەبێ هەستێ. هەڵدەستێ. باوکی گۆچانی شوانییەکە دەداتە دەستی. دایکی خواردنی ئەو رۆژە. پریاسکەی شوانی. منداڵەکانی دی گچکەن خەریکن یارمەتی کاروباری ناو ماڵ دەدەن.

کە گۆچانەکە وەردەگرێ، ئاگای لێیە چاوەکانی باوکی پێدەکەنن. ئەوسا باوکی دەست هەڵدەبڕێ و رێگاکەی نیشان دەدا، ئەو رێگایەی کە لە کێوە بڵیندە دوورە دەستەکاندا ون دەبێ. ئەمیش زەردەخەنەیەک دەنیشێتە سەر لێوی. مەڕو ماڵات پێش خۆی دەدا. لادەکاتەوە. باوکی دەستی هەڵبڕیوەو ماڵئاوایی لێدەکا. ماڵئاوا باوکە، ماڵئاوا...!

رەسوڵ هەست دەکا باوکی لە مێژە راکشاوە، بە بێ ئەوەی ببزوێ. خەوی ئەم دەورانەی تەمەن کورت و پچڕپچڕە. رەسوڵ هەڵدەستێ. پێش ئەوەی پەتووەکە لە سەر باوکی لاببات، مشتێ ئاوی لێڵ لە حەوزەکە لە دەم و چاوی دەدا. کە لێفەکە لادەدات، چاوەکانی باوکی دەبینێ. ئەو چاوانەی لایان کردبووەو لە شتێکیان بە بزەوە دەڕوانی. رەسوڵ چۆکی دادا.

## وەڕەزی

ئیستا لە مێژە ماڵە ئاغاکە لەم گەڕەکە گوێزاویانەتەوەو ڕۆیشتوون. کەس نازانێ بۆ کوێ. ئازاد زۆر حەز دەکا بزانێ، بەڵام ناپرسێ. بە شتی دیکەوە سەرقاڵە. وێنە و تابلۆکانی خۆی لە ژوورەکە کۆکردووەتەوەو هەر ئەوانەی باقی هێشتووەتەوە. لە گەڵ وێنەیەکی ڕەش و سپی گەورە لە باقی کە دەڵێی لە سەر بانییەوە لە شوێنێکی دوور، هەرە دوور لە قەراغەکانی شارە دەڕوانێ. ئازاد تەواو ڕواڵەتی پیاوی پەیدا کردووە. یەکجار چووەتەوە سەر ڕەسوڵ باڵابەرز. لە پەنجەرەکەوە ئاگای لێیە کە ڕەسوڵ جاروبار لە سەر کوورسییەکەی تەنیشت حەوزەکە هەڵدەستێ و دەچێ لە ناو جێگاکەی بن دارتووەکە پاڵ دەکەوی. ئازاد پەلەیەتی، دەبێ خۆی بگەیەنێتە هاوڕێکانی. کاریان یەکجار زۆرە.

لاپەڕەکان پڕی هەواڵی خۆپیشاندانە نایاسایییەکانن. کە رەسوڵ رۆژنامەکەی دەکاتەوە، ئەو وێنانە دەبینێ کە تێیاندا یان بانکەکان دەسووتێن، یان سەیارەو شوێنی دیکە. ئەشرەف دەڵێ درۆ دەکەن قەت ئەو وێنانە پیشان نادەن کە بۆخۆیان خەڵکی تێدا دەکوژن! رەسوڵ ئاگای لێیە منداڵەکانی وێنەی باقیان گەورە کردووەتەوەو لەگەڵ خۆیان دەیبەنە دەرەوە. رەسوڵ بیردەکاتەوە: "پیاوەگەورەکانی ئەم سەردەمە، ئەوانەی دووای مردن گەورەن!" ئەوسا دڵی کسپەیەکی لێدێت. ژوورەکەی باقی هەر وەک خۆیەتی، بەڵام بۆ هەمیشە بە بێ باقی. کە ئێوارەی لێ دێت، مەنقەڵی و بافوورەکەی دێنێ و لە تەنیشت حەوزە لێڵەکەدا دادەنیشێ. لە مێژوودا خوێندوویەتییەوە کە "تاج الملوک" ی هاوسەری رەزاشا سەبارەت بە مێردەکەی گوتبووی:

- "رەزاشا هەموو رۆژێک پێش رۆیشتنی بۆ کۆشک، تریاکێکی باشی دەکێشا. دکتۆرەکان پێیان گوتبوو بۆ نەخۆشی قەند باشە و یارمەتی سووتاندنی لە خوێندا دەدات. دووای نانی نیوەڕۆ و شەویش پێکێک کۆنیاکی دەخواردەوە."

بەڵام رەسوڵ باڵابەرز حەزی لێیە کە ئێوارەیان بیکێشێ. ئێوارەیانی ئەم شارەو ئەم حەوشەیە شتێکی دیکەن، رەزاشایش بایە هەروای دەکرد. ئیدارەی سەبتی ئەحواڵ ئێستا چەند ساڵێکە کەسێکی دی سەرپەرستیەتی و کاروبارەکانی دەگێرێ. رەسوڵ، کات تەواو هی خۆیەتی.

رۆژێک کە ماڵەوە چۆڵ بوو، سەردانی کتێبخانەکەی کرد. سەیری ئەو کتێبانەی ساڵانی ساڵ پێیانەوە خەریک بوو. سەیری وێنە مێژووییەکان و ئەو یادداشتانەی لێرەو لەوێ لە ناو لاپەڕەکاندا دەیبینێنەوە. ئەو کتێبانەی شوێن شوێن لاپەڕەکانیان زەردهەڵگەڕابوون. رووبەرگە کۆنەکان و رەنگە هەڵبزرکاوەکان. ئەوسا ئارام بە دەستە پێچانیەوە. سەری یەغانە قەدیمییەکەی هەڵدایەوە و هەموویانی

خستنە پاڵ وێنەکانەوە. یەغانەکەی بە کلیل داخست و هاتە حەوشێ. قەوزەکان لێرە و لەوێ سەر ئاوەکە کەوتبوون. قەوزەکان چەند رەمزاوی خۆیان دەنواند. رەسوڵ دەستی برد، کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و خستیە ناو حەوزەکەوە.

کە یەکەم مژی لە بافوورەکە دا، دەنگی دروشمدانەکانی خەڵکی لە سەر شەقامی شارەوە هاتە گوێی. ئیستا وێنەی باقی کوڕی لەوێ بوو. بە سەر شەپۆلی سەر و دەستەکانەوە. هەوڵی دا وێنەی خۆپیشاندانەکە بهێنێتە بەرچاوی خۆی. وێنەی ئەو سیمایانەی شار کە ئەو لەمێژ بوو دەیناسین. دەیزانی زۆربەیان لەوێن: ئازاد و ئەشرەف، بارام و کەیوان، دایکی بارام، عەلی سەیزادە و سەرئەنجام باوکی پەیمان. بێگومان خەڵکی گەڕەکیش.

لە کتێبە مێژوویەکاندا خوێندبوویەوە کە رەزاشا لە دەرزی لیدان یەکجار دەترسا، هەربۆیە کاتێک دەرزیان لێدەدا، رووی وەردەگێڕا. دەیانگوت کە رەزاشا حەزی لە شتێک نەبایە رووی لێ وەردەگێڕا. دەنگی سەرشەقام تادەهات زیادی دەکرد، بەرز و بەرزتر، وەها کە رەسول هەستی دەکرد دەتوانی دەنگەکان بناسێتەوە. رەسوڵ لە بن دارتووە کۆنەکەی حەوشەدا دووا مژی ئەو رۆژەی لە بافوورەکەی دا و سەری بەلای خانووەکەدا وەرگێڕا. لەوێ لە قوژبنێکی حەوشەکەدا، لەو شوێنەی دووا تیشکەکانی هەتاو خەریکی لستنەوەی بوون، مێروولەکان لە بیری زستاندا بوون.

15.05.2010 تا 26.06.2010